کارەساتێک بە ناوی "هاوسەرگیری منداڵان"!.. حەمید تەقوایی

وەگێڕانی بۆ کوردی: کاوە عومەر

لە کەماری ئیسلامیدا، هاوسەرگیریی منداڵان، یان وردتر بڵێین، دەستدرێژیکردنە سەر کچان، کارەساتێکی فرەهەندییە. کارەساتێک کە بە تەواوی لە یاساکانی شەریعەت و ئەخلاقی زیوی ئیسلامی و تەوانینی ئیسلام و حکومەتی ئیسلامی بە ژن وەک کاڵای سێکسی و ئامرازێک بۆ چێژوەرگرتن بە پیاوان دەتە ئاراوە.
بۆپەی ئامارکانی حکومەت، لە چەند مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، هاوسەرگیری کچان بە بڕاورد بە هەمان ماوەی ساڵی رابردوو بڕێژەی ١٩٪ زیادی کردووە و گەیشتووەتە ٦٧٤ حاڵەت. واتە ٦٧٤ کچی بچووک بە شێوەیەکی یاسایی دەستدرێژیان کراوەتە سەر. ئەمە تەنها ئاماری فەرمی حکومەتە؛ ئامارە ڕاستەقینەکان بە گومان زۆر لەوە بەرزترن.
کاربەدەستان و "شارەزایان"ی حکومەت ئەم کێشەیە بە هەکاری هەژاری و کلتوری خێڵەکی گوندەکان و تەنانەت "پەدانی دەرماڵەی حکومەت بە هاوسەرگیری" دەزانن، بەڵام هەموو ئەمانە بیانوو گرەدراون تا ئەو کاتەی حکومەت ڕاستەوخۆ بەرپرسیار دەبێت لە کارەساتەکە لە دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و منداڵان بە شێوەیەکی ئیسلامی ڕزگارت بێت لە شەرمەزاری کەمەگایەک کە هەرگیز ئەم دەندەیەی قبوڵ نەکردووە. هاوسەرگیری منداڵان لە ئێران تاوانێکی دەوڵەتییە.
لە یاساکانی کەماری ئیسلامیدا کەمترین تەمەنی هاوسەرگیری بە کچان ١٣ ساڵ و بە کوڕان ١٥ ساڵە. ئەم سنووردارکردنی تەمەنە نموونەیەکی ڕوونە لە دەستدرێژی یاسایی بە سەر کچان، بەڵام ئەمە تەواوی کارەساتەکە نییە. بۆپەی یاساکانی حکومەت، هاوسەرگیری لە خوار ئەم تەمەنەوە، تەنانەت لە خوار تەمەنی باڵغبوونی شەرعیشەوە کە بە کچان ٩ ساڵە، تەنها بەو مەرجە ڕێگەپێدراوە کە باوک یان باوکی باوک مەحکەمەی پێدابێت. بۆپەی یاسا شەرعیەکان "بەڵام [باوک یان باپیر] دەتوانێت ژنێک بە منداڵەکە دابنێت بۆپەی پێویست".
دانپێدانانی پابەندبوون بەم "بەرژەوەندییە" بە دادگا دەسپەردرێت! سەرپەرشتی بەرژەوەندی؟! نازانرێت کام "بەرژەوەندی" دەتوانێت پاساو بە دەستدرێژیکردنە سەر کچانی خوار ١٣ ساڵ بهێنێتەوە و کام دادگای ستەمکاری ئیسلامی کە هیچ دووديیەکی نییە لە دەرکردنی سزای لەسێدارەدان بە منداڵان، بیارە بەرگری لە منداڵان بکات!

لە دادگاستەم کارەکانی کەماری ئیسلامیدا یاسا ئیسلامییەکان جێبەجێ دەکەن. ئەو یاسایانەی کە تەنانەت هاوسەرگیری لەگەڵ کچانی کەرپێ و هەر جۆرە چۆڵکی سێکسی لەیان لەبەرچاو دەگرن تەنها بەو مەرجەی "چونەناوەوە ئونەدات" بە تەواوی ڕێگەپێدراوە و ڕەوایە. ئەم مەرجە هەندەوشتەوە دوای ئەوەی کچەکە دەگاتە ۹ ساڵ. واتە هەر پیاوێك دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەرپێیەک بکات کە مەتەنی باوکی وەرگرتبێت و بیخاتە ژێر هەموو جۆرە دەستدرێژییەکی سێکسی و چۆڵوهۆرگرتنەوە و دوای تەمەنی ۹ ساڵی دەستدرێژییەکی تەواو بە ئەم دەستدرێژییە سێکسییانە زیاد بکات. ئەو کچە بچوکە کە قوربانی ئەم ڕەفتارە نەوان باوکی و مەردی سەپێنراوی بێت، تەنانەت دوای گەیشتن بە تەمەنی باڵغبوون، مافی ئەوەی نییە سەرپێچی بکات و پابەند نەبێت.
ئەم ڕەفتارە سێکسییە لەگەڵ کچان لە هەر سیستەم و کەمەڵگایەکدا کە بەنی شارستانیەت و مرۆڤایەتی لە بێت، بە تاوانێکی گەورە دادەنرێت و تاوانبارانیشەوبەووی لێپرسینەوە دەکرێن و دادگایی دەکرێن. بەڵام لە ئێران خودی حکومەت هەکاری ئەم دەندەییەیە.
لە ئاستێکی بنەڕەتیتردا، کارەساتی هاوسەرگیری منداڵان بەشێکە لە سیستەمێکی فەلسەفی-ئەخلاقی پێش سەدەکانی ناوەڕاست کە لە لەدایکبوونەوە ژن بە کەیڵەی سێکسی پیاوان دەزانێت. ئەم مێشک وشکیە فیکرییەیان لەخەرمانەیەک لە پیرەزی و فەرمانە ئیلاهییەکاندا پێچایەوە بە ناوی ئیسلام و نەوە لە دوای نەوە بەسەر ژیانی مرۆڤەکانی ناو کەمەگە ئیسلامیەکانیاندا سەپاند.
ژن لە بیرکردنەوەی ئیسلامیدا بوونەوەرێکی سەربەخۆ نییە کە ئارەزوو و پێویستی مرۆڤی هەبێت، بەڵکو کاڵایەکی سێکسییە کە بە چۆڵوهۆرگرتن و چێژی پیاوان دروستکراوە. داپۆشینی ژنان لە منداڵییەوە پێچانیان لە چادر و حیجاب، ئاپارتایدی سێکسی و جیاکردنەوەی کچان و کوڕان و پیاوان و ژنان لە شوێنی کار و پەروەردە و شوێنە گشتییەکان، بەاوبوونەوەی کوشتنی لەژێر ناوی شەرەفدا، کە لە جیاتی پەروەردەی سێکسی لە قوتابخانەکاندا، دوور و دابڕان لە ڕێگەزی بەرامبەر و ئەوان کچان فێر دەکەن کە شەرم لە جەستەیان و هەستەکانیان بکەن، کە کێچ مافی ئەوەی نییە بە ئازادی لەگەڵ کوڕانی تەمەنی خۆی پێبکەنێت و دەخۆش بێت و یاری بکات و وەرزش بکات، کە مافی ئەوەی نییە پێش زەواجکردن سێکس بکات، ئەو هیچ مافێکی نییە کە بە بەڕەزامەندی باوک هاوسەرگیری بکات ومافی ئەوەی نیە کە بە بەڕەزامەندی هاوسەرەکەی جیابێتەوە، مافی سەفەری نییە بە بەڕەتی مەردەکە، هەروەها دیان قەدەغە و سنووردارکردنی دیکە هەمووی لەسەر بنەمای سێیرکردنی ژنانە وەک کاڵای سێکسی.

دیاردەی هاوسەرگیری منداڵان دژ بە ئەنجامی ئەو سنووردارکردن و ناعەدالەتیانەیە. هەرچەندە هەژاری و نەهامەتی ئەو بنەماڵانەی کە لە ئاستیدا کچەکانیان دەفرۆشن، و نەریتی پیاوسالاری و سێکسیستی، بە کاریگەر نین لە بڵاوبوونەوەی دیاردەی هاوسەرگیری منداڵان، بەڵکو تەنانەت هۆکاری دروستبوون و بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە و هەژاری و نەهامەتییە و پیاوسالاری سەروو کۆنەپەرستی، خێزان کۆماری ئیسلامی و ئەو یاسا و کولتوور و ئەخلاقە زیوانەیە کە بەسەر کۆمەڵگەیاندا سەپاندووە.
کۆمەڵگا هەرگیز ئەم یاسا و پەیوەندییە زیوانەی چاخی بەردینیان قبوڵ نەکردووە. سەدان دامەزراوە و ڕێکخراوی ناحکومی و گروپی بەرگری لە مافی منداڵان لە هەموو شارەکانی سەرتاسەری وڵاتدا تەحەدای ئەو سیاسەت و یاسا زیوانە دەکەن کە حکومەت ڕێژانە دەیسەپێنێت، جموجۆڵی منداڵانی کار و سەرشەقام بزووتنەوەیەکی بەربڵاو لە کۆمەڵگادا، کچان و ژنانی ئازادیخواز لە بەرکردنی حیجابی ئیجباریان بەکردەوە هەڵوەشاندەوە و دیاردەی پشکۆتنخوازی هاوسەرگیری سپی بەردەوام لە کۆمەڵگادا فراوانتر دەبێت. مرۆڤکان ژیانکی مەدەرن و مرۆڤدۆستانیان دەوێت، کۆمەڵگایەکیان دەوێت کە پەیوەندی سێکسی گۆڕساڵان لەگەڵ یەکتردا بابەتی تایبەتی خێزان بێت و هیچ مەرجێک جگە لە ڕازامەندی لایەنەکان حوکمی نەکات. ئەوان دەیانەوێت سێکسی نەوان گۆڕکان و منداڵان بە تاوان هەژمار بکرێت بە هەر شێوە و شێوازێک بێت، دەیانەوێت تازەپێگەیشتوان لە قوتابخانەکان پەروەردەی سێکس وەربگرن و ئازاد بن لە سێکسکردن لەگەڵ یەکتردا. خێک لە ناوبردنی ئاپارتایدی سێکسی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو پیرەزی و تابۆ و نەریت وکلتورەکانی ئیسلام دەوێت.
کۆمەڵگای ئێران سەد و هەشتا پلە دژی حکوومەتە لە پەوەندی لەگەڵ مافی منداڵان، هەروەک بوارەکانی دیکە. دەتوانین و پێویستە لە بەرنگاربوونەوەی تاوانی هاوسەرگیری منداڵان هەنگاوی زیاتر بنێین و بەرفیکی ئوبڕووو بونەوەی چالاکتر و هەرش بەرانتر بکەینەوە. ئوبڕووبونەوەیەک کە دەتوانێت ڕێکی کاریگەر لە پشخستنی بزووتنەوەی وسەرنگوم خوازی تەواوی کۆمەڵگادا بگێڕێت. تاوانی هاوسەرگیری منداڵان لە ئێران دیاردەیەکی دەوڵەتییە. وەگای مامەڵەکردن لەگەڵیدا زگاربوونە لە حکوومەتی دژە منداڵ و دژە ژنی کۆماری ئیسلامی.

٣٠ی ئابی ٢٠٢٢

خەنجەری خوێن.. بەشـــی یەك(١)... شەماڵ بارەوانی

ئەو چارەنووسی تایە هەڵا،
کە خەنجەرێک شاخ و شاخ، شار و شار و وڵات و وڵات شوێنت بکەوێ،
تا لەرە لە ستەکهەم، لە گەڵکی فلۆمینسبرگ، نهەمی چوارەمی
باڵخانەی ژمارە هەژدە لە سنگت بچەقێ.. کە دەزانیە ئەو خەنجەرە
لە کەڵانی ئێستای ونبوونیدا قەفی پشتێنی چەند نەوە لە پیاوانی
وڵاتی بەردی پشکنیوە؟ سنگی چەند نەوە لە ژنانی وڵاتی بارانی
هەڵدێوە؟"(١)
ئاری گیان زەر دەترسم بەختی تە چارەنووسی منیش، هەمان شێوەی هی
هەڵاڵە بێت و خەنجەری نەریت شارێ شار و وڵات بە وڵات و کیشوەر
بە کیشوەر شوێنمان بکەوێت و سنگمان بپشکنێت.

تکایە ڕەندك گیان، واز لەو بیرکردنەوە نەرێنی و ئەهریمەنیانە
بێنە.
ئەمدەدەین لەشەقی باڵ و دەفەین بە کەشکەڵانی ئاسمان، دەڕوینە
ژێر سێبەری عەرشی خوداوەند، لەرە ون دەبین بە دوورگەیەکی خاڵی لە
کێبڕکێی نەریت و خەنجەری خوێن، دەڕوین بە کیشوەرێکی هەمن، شوێنک،
نە کولتووری نەرسالاری تیابێت و نەیش دەستی عەشیرەتی وێ بگات.
هەرەمك، مەزهەبی تیایدا یاساخ بێت و عیشق دەستوور بێت.
ئاری گیان، تە مرۆڤکی زیاد لە حەد خەیاڵیت و زەر ڕەمانتیکیانە
بیردەکەیتەوە.
ئەمە هەرگیز لە کێبڕکێی نەرین و خەنجەری خوێن ڕزگارمان نابێت.

ئاخ لەدەست ئەو ڕەشبینیە بە تامەی تە ڕەندک گیان، ئاخ.

ئاری گیان:"
کورد هەمو ئامراز و ئامڕاز هاوچەرخ و تازەکان بەکار ئەهێنێت کەچی
کە قسەی لەگەڵ ئەکەیت بزمانی خوێ ئەدوێ !
ئەمە شوناس و پێناسەی هەڵگرمان هەیە بە شارستانیەت و مەدەنیەت و
پێشکەوتن و ، مامەڵەیکی تەقلیدی لەتەک فەرم و لەکەوتەکانی دنیای
هاوچەرخ و نوێ ئەکەین بە جۆرێک نەدەستبەرداری کلتور و نەریتی

دواکەوتوی خەمان ئەبین و نە برواو قبوڵی عەقڵانیەت و شارستانیەتی پێشکەوتوی مرۆڤایەتی ئەکەین .”(٢)
هەندک گیان، ئەمە، دەبێت شەشک لە مینتاڵێنت و ئەقڵیەتی خەک بکەین و هەوڵدەین دەستاتی دڕندەگ و ئاغا و شت لاواز کەین و لە هەگای چەکی مەعریفە و هەزی هەشیاریەوە، مرۆڤکان لە ئافاتکانی ئەقڵیەتی عەشیرەگەرێتی و لە دەست خەنجەری نەریت و کولتووری نەرسالاری و دەوزمەی مەزهەب قورتارکەین.
ئاریەکەم، کتێبی(مینتاڵێتی خەڵ)ت خوێندووەتەوە؟
نەخێر،
هیوادارم بیخوێنیتەوە، من چوار ساڵ بەر لە ئێستا خوێندمەوە
دەی هەندک گیان، تەزەک واز لە خەڵ و مەڵ بێنە.
خەشم دەوێیت بە قەد هەموو دنیا
زەر منت خەش دەوێت ئاریەکەم؟
بەڵێ گیانەکەم زیاتر لەخەم و لەهەموو شتەک، تەنها دایکم نەبێت.
ئاری دەزانت ئیشق جەنگەکی بێ ئامانە و یان دەتکوژێت یان شێتت دەکات، یاخود کەرت دەکات.
بەڵێ گیانەکەم، ئەی ئەوە نیێە ئیشقی تۆ، تا سنووری شێت بوون و کەربوون بردووەمی!
گیانەکەم، من ئامادەم لە پێناوت کۆی بەستون هەکەەم و لەگەڵ دەو بجەنگم و ئێستڕێت بێ لە ئاسمان داگرمەخوارەوە.
نا، زور سوپاس ئاریەکەم، من ئەوانەم هیچ ناوێت.
ئەی؟
تەنها پاک و دەسەز و بێ وەفاو ەاستگەبێ، لەگەڵ من و ئیشقەکەت.
چییە، متمانەت بەمن نییە گیانە؟
بەا، بەڵەام پیاوەک دەناسم دوو هەزی بەردا یەکتری لە پێناو خەشەویستی کچەك،
کچی دواتر و دوای دەمەك، لەگەڵ ژنەکی تر دەستی تەکەڵ کرد و هاوسەرەکەی خەی بەسەرگەردانی جێ هەشتووو هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنەیتر پێکهێنا.
بەو چەشنە، ئەو مەعشوقەی جارانی، کە سوێندی بەسەرەوە دەخوارد و دەیگووت: هەموو دنیا لەچاوی تەوە دەبینم و لە پێناوتدا ئاینەکەشم دەگەڵم و دەسبەرداری هەموو پەڵەنسیپەکانم دەبم و هەر هەنراوەی هەمانسی بەسەردا دەخوێندەوە، لە پڕ بێ تەنیایی و دەتەنگی و دەشکان و حەسرەت و ئازارەوە سپارد.

ئاری گیان:
گیان، رەندکی چاوەکانم، قلەکەم، هەناسەکەم، دیدەم، هەموو دنیام،

ئیمپراتۆری هەرەمی دەم، ئەمرکۆ و کێلەکەت لە خزمەتدایە.

ئاریەکەم:
"وا دابنێ تۆ حەزت لە ژنەکە، زۆر شێدای ئەویت، گەر ببێتە هاوسەرت دەتوانیت بەهەشتەکی بۆ دروست بکەیت، ژیانی بۆ بەرزنیتەوە، بەڵام ئەو کەسەی خەشتەوەت گوێی لە دەنگی تۆ نییە، هەست بە هیچ هەستەکت ناکات، دەڵوات و فەرامۆشت دەکات...
تۆ لە تەنیایی و تاریکی خۆتدا نوقم دەبیت، ئەوە دەتخنکێنێت کە دەبینی ئەو کەسەی خەشتەوەت نرخی دەنگی تەی نەزانی، فەرامۆشی کردووویت.
بەڵام ئەو خەشوێستە دەڵوات و پاش ماوەیەکی درێژ دەگەڕێتەوە، هەست دەکات ژیانی شتێکی گرنگی کەم، هەست دەکات بەهەڵەدا ڕۆشتووە، هەست دەکات بۆ جارێک لە جارەکان لە جێگایەکدا هەڵەیەکی کوشندەی کردبێت کە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، دەگاتەوە بەردەمی تۆ، تۆ کەسێکی نەخۆش و تێکشکاوی، ئەو کەسەی تەی تێکشکاندووە ئێستا لە بەردەمتدایە، بەڵام زەمەن ناگەڕێتەوە."(٣).
تۆ ئاوام بەسەر بێنیت، دواتر من هەرگیز قبووڵت ناکەمەوە . من خاوەنی دەڵکی هێندە گەورە و لەبوردەییەکی لەو شێوە نیم. هاهاها دنیا بە ڕەندک گیان، تەش جەم بەڵێت، منیش ئەوکات هەرگیز دوایی شیعری وات بۆ ناهونمەوە و پێت ناڵێم"
دەترسم لە دووریت
گەرانییەکانم
پێبن لە دە شکان
و
زمانی حەرفەکانم
هەشووە ترەی لاڵی بگرێت

دەترسم
گەپی چاوەوانیم بکوژێتەوە
و
شکان لەباڵی چەکەی شیعرم بووێت

دەترسم
پەسڵکەی شێوی تەنیاییم
بگەڕێتەوە
و
قەڵەمی مەراقم
مان بگرێت

دەترسم
کەمانچەی دەم
بە ناز بکەوێت
و
کەس نەبێ
هەناوەکانم بژەنێت

کەس نەبێت
فوو لە ئاگری تامەزرۆیم
بکات
و
مۆمی خەوت لەمیحرابی ڕەحم
داگیرسێنێت

لە چاوەڕوانی تۆ
لەچی پیری
لەسەرتابڵی تەمەنم
ڕوا
و
پشتی ئاواتم چەماوەتەوە

قەسیدەم
گۆچانی حەسرەتی گرتۆ دەست
و
سەمای خۆنەکانم کوژاوەتەوە

لە چاوەڕوانی تۆ
پەرۆزی ڕەحم
بوو بە خەڵەمۆش
و
پەرداخی مەستیم
پەبوو لەفیراق

لەچاوەڕوانی تۆ
کەس نییە
کەوچکەک ماچ
و
کولەرۆیەکی خۆشویستیم

بداتێ

کەس نییە
قاوەی عەشقم
بێ بگرێتەوە
و
لانکی مەراقم
هاژێنێ

کەس نییە
ببێتە مۆسیقای حەرفەکانم
و
دەستی خەیاڵم پڕکات لە ئیلهام

کەس نییە
تنوێتی شیعرم بشکێنێت
و
چاوی خامەم تەڕکات

کەس نییە
سوراحی گریانم لەوان لەوکات
لە خەندە
و
کراسی پڕکەنینم
لە بەرکات"(٤).

١-گرەوی بەختی هەناڤە، عەتا نەهایی، ئەمان، چاپی سێیەم٢٠١٨، چاپخانەی: ئەندێشە، لاپەڕە(٧).

٢-کـــــورد؛ بێ ئەقڵـــــی خۆ تێنـــــاپەڕنێ !؟، عەلـــــی حەمە، ڕۆژنامەی(زەمەن)، ٢٣/٦/٢٠٢١.

٣- کۆشتی فریشتەکان، بەختیار عەلی، ئەمان.

٤-پارچە شکاوەکانی دڵم، شەماڵ بارەوانی، شیعر(پەرەسێلکەی شەوی تەنیایی)، چاپی یەکەم٢٠٢٢، چاپخانەی: کار، لاپەڕە(٧٣-٧٤).

ئەرز و حاڵێک.. شیعری / نەوزاد بەندی

دەریشـــــــــــکەوی دەرناکەوی وەک جاران
تەیش لەمـــــان بووی بە بەفر و تاوە باران
وشکەســـــاڵیی ، لە زەر شتا ڕوویـــــداوە
ڕوویندابوو پشـــــــــــــتر خەزانی یاران
ئەوا ڕووی دا ، ڕوو لە کوێ کەی ،ڕوو نیە
لە بەزاریی دێتە دەر ناو بەـــــــــــزاران
کە شەو دادێ ، مات و ماندوو ..تەکشکاو خەو قاتیە و .. ئەچێتە ناو بەـــــــــــداران
یەک بست نەما ، شاخ و پەدەشت وەوبار بوو بە موێکی ئاغا و نەخوێنـــــــــدەواران
هەموو شتێ ژەنگی پارە پیســـــــــی کرد
لە گشت لا دە بەگەنـــــــــــی پارەداران
لە لاکەی تر ، کە ئـــــــەوانی بە ووردیی
ملکچییـــــــــــــە و کۆیلایەتیی هەژاران
دەسا خوایە ، ئەوانەی نوغرەت کـــــردن
لەگەڵ ئەمەش لە یـــــەک تەرازوو ، (بار)ان
چ سەنگێ ، ئەمەی ئەســـــــــــتا ئەیبینین
تا بە ئەستوورترە مـــــــــــــلی بەدکاران؟

باسێک لەسەر مەرجەعبوون؟... زانا ئیزاق

سەرەتا مەرجەعیەت چەمکێکە پەناسەی وایە کە زانین و ئەزموون زەر شتی لەسەر ئەو بنەمایەی کە دینیە یان سیاسیە یان نەتەوەیی دەبە

هەبە یانی کەسانی تر کە ئەویان کردۆتە مەرجەع دەبە لەو شتانە شارەزا نین و زانیاریان لەسەری نیە بە ئەو دگ[illegible]نەوە ئەو قسەی لەسەر دەکات وەک هەقیقەتێک و زانینێک و ئابڕوەک.

سەرەتا مەرجەعیەت بوون واتە هی هەموان هەموان بەهی خەیان بزانن چۆنیش بەهی خەیان دەزانن ؟ یەکەم دەبە بەیەکسانی سەیری هەمومان بکات دووەمیش ئەگەر لەناو گ[illegible]پانەکە لایەنی تریش هەبوون ئەوا دەبە ئەوانیش [illegible]وایەتی بە مەرجەعیەتبوونی بدەن یانی ئەوانیش بیکەنە هی خەیان چونکە ئەوانیش لایەنگریان هەیە کاتەکیش لایەنگریان دەبە لایەنگرەکانیان لەسەر قسەی خەیان دە[illegible]ن نەک ئەوەی خەی کردۆتە مەرجەع چونکە وەکو ئایدەلۆژیاکان وان لەسەر [illegible]چکەی خەیان دە[illegible]ن هەقیقەت لای خەیانە.

هەر بەیە کەسێک کاتێک لەناو سیاسەتە دواتر لە سیاسەت دووردەکەوێتەوە ئەگەر بووە مەرجەع و خەی بە ئاشکرا باسی کرد ئەوا هەر وەکو ئەوە وایە کە پێشتر چەن لایەنگری هەبووە ئاواش کە واز لە سیاسەت دەهێنێت هەر ئەو لایەنگرانە بەهی خەیانی دەزانن نەک هەموان.

یەک شتی گرنگیش هەیە لەسەر مەرجەعیەتبوون ئەویش ئەویە کە سەرەتا ئەو ووشە دروست بووە بەکارهاتووە کەسێک بۆتە مەرجەع ئەوا دوای ئەو وورد وورد کەسانی تر بوونەتە مەرجەع زۆر بوونە مەرجەعیەت فراوان بووە ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەو کەسەی مەرجەعبووە نەیتوانیوە کەسانی پاش خەی وا پەروەردە بکەن کە یەکێک ببێتە مەرجەع نەک بەهۆی هەندێک شتەوە ئاوا فراوان بن

دواتر خ[illegible]کانێک پاش ئەوەی یەکەم کەس کە [illegible]وایەتیان پەداوە ئاوا پاش ئەو [illegible]وایەتی بەکەسی تریان نەداوە هەروەها هەندێکیش بەهۆی پێش ئەوەی کەسی یەکەم بمرێت دابێش بوون بەسەر کەسەکاندا ئاوا پاش ناکەکی هەر لەگ[illegible] ئەو کەسانە ماونەتەوە کە بە خەی بە[illegible]وا زانیوە [illegible]وا زانینیشی بەهۆی ئەو کەسانە و جەماوەرەکەی بووە …

ئەوە بەکورتی و پوختی

تێبینی نەویستوە لەسەر لایەنی مێژوویی و زانیاری لەسەر مەرجەعەکان بنوسم

2022 8 31

ڕۆمانی (گۆشەگیری) خوێندنەوەیەک لە بن تریفەی مانگە شەو و شێلانە نەرمەکانی زنە-4-... سەردار جاف

{ بەشی چوارەم }

سیاسەت یان ئایدیالۆژیا

نەماندەویست تووخنی ئەم لایەنەی ڕۆمانەکە بکەوین، جگە لەوەی پانتاییەکی فراوانی هەیە، لە نەو کوردیشدا بە پەی پەتی تەی کەوتووین و ئیدی بۆتە هەموو ساتەکی ژیانمان، نووسەریش بە خەی پالکەشمان دەکات، ناکرێ ئەمەیش لەی بەدەنگ بین، نەجیب مەحفوز هەرچەندە لە خەزانەکی ئینتیمای سیاسی پەروەردە و گەشکراوە، کاتە مناڵ بووە لە ماڵی ئەواندا باسی سەعد زەغلول کراوە و لە سەر ئەو ڕووتە ژیانی هەناوە، کەچی کاتەک لە بارەی ڕۆمانی " میرامار" پرسیاری کەسایەتییەکانیان لە دەکەن، دەڵێ ' بە هیچ مەبەستی سیاسی ئەو کەسایەتیانەم دەستنیشان نەکردووە، کەچی خزایە نەو سیاسەتەوە"، وەڵێ نووسەری گەشگیر باس لە دیدەکی دەکات و سیاسەتی تێدا چی کردەتەوە، ئەمە نامانەوێ بڕاورد کارییەکی ناپەویست بکەین، تەنها دەین شرۆڤەیەکی سەرپیانە لەو دونیا قووە و بەرفراوانەی ئایدیالۆژیا لە ناو ڕۆمانەکە دەکەین، هەبەتە ئاشکرایە کە ڕۆمان خەی لە خەیدا ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی مرۆقایەتییە، وەڵێ ئەم واقیعە لە ناو ڕۆمان و بە ئینتیمای ئایدیالۆژی، لە ڕووی ئەندێشەییەوە نووسەر دەتوانێ بە ڕووداوە ڕاستییەکانی کۆمەڵی خەیەوە گرێی بدات، دەنا وەک خەی گواستنەوەی ئەوا دەبەتە وتارەکی ئایدیالۆژی و لە ڕەی ڕۆمانەوە نووسەرەکە ناخی خەی دەردەبڕێت.

ئاخە نووسەر چۆن دەتوانێ واقیع بگوازێتەوە بە نەو ڕۆمان، بە ڕای ئەمە نووسەر ناکرێ واقیع وەک خەی بە ڕۆمان بگوازێتەوە هەر کات ئەوەی کرد ئەو کات دەبەتە دەمسپی لایەنەک دژ بە لایەنەکی دیکە، مەرجیش نییە لایەنداری بکات یان بەنی لایەنداری پەوە دیار بێت،

ئەم لە حاڵەتێک ئاگەر نووسەر بە ئەنقەست و دەستی مەبەستەوە پەنا ببا بە بواری سیاسی و ئایدیۆلۆژی، وەک ئیسماعیل حەمە ئەمین لەردا ئەو کارەی بە مەبەستێک کردووە، ئەو مەبەستەیش دەشە روون بێت، ئاگەر زێتر بە وردی لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت، هەموو نووسەرێکیش کاتێک دێتە سەر باری سیاسی و ئایدیۆلۆژیەتی حزبی، هیچی کەمتر نییە لەو دەزگا رۆژنامەوانییانەی لە خانەی بەرهەستکارین و ئامانجیان راستکردنەوەی هەڵەکانی حوکمەتان نییە. ئەمە لەرەوە پەویستمان بەوەیە بزانین چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەدەب و کەمەنگا هەیە، کاتێک لە رەمانی سیاسی دەنووسن، ((ئەدەب بە یەکێک لەو هونەرانە دەژمەردرێت کە پەیوەستە بە کەمەنگاوە، دیدگایان دیدگای ئەدیب بە کەمەنگا لە رەگای ئاوێتەکردنی واقیع و خەیاڵەوەیە، دیدگایەک یان چەند بیروبۆچوونێک بە شێوازێکی تواناداری دەخاتەوو، کە کاریگەری بە جۆرێک لە جۆرەکان لە سەر خوێنەر دابنێت))١٧. ئەمە باسکەمان رەچوون نییە بە شرۆڤەکردنی ئایدیۆلۆژیا ئاخە ئینتیمابوونی سیاسیش ئایدیۆلۆژیایە یان نا، کە ئەمە مشتومەکی زەر زەر هەڵدەگرێت و وا بەسانایی لە بن هەنگڵی دەرناچین، لە کاتێکدا ئەم دەستواژە جاڕجاڕەکەیە دیدگای جیاوازی لای بیرمەندانی وەک هێگڵ و مارکس و ئنگڵس و نیچە و فرۆید و هایدگەر و ..... تاد خوێقاندووە، کە هەر یەکە و بە تێگەیشتنی خۆی و بە پێی سەردەم و جوگرافیا و سنووری خۆی دیدگای خۆی خستەتەوو، زەرجار لە رووی ئالۆسکاویەوە بە بیری کەمەنایەتی و سیاسی و فەلسەفی و ئابووری قووبڵتەوە، ئەمە ئایدیۆلۆژیا وەک ئەو بیرە سیاسییە دیقەت دەدەین و قسەی لە سەر دەکەین بە ئەم رەمانە. رەمانی سیاسی بەچی دەنووسرێت، هەروەک گوتمان بە ئاشنابوون و بەرچاوراستی رووداوەکان لای خوێنەر، ئاگەر درزێک هەبێت رەمانی سیاسی ببێتە بەشێکی گرنگ لە ئەدەب، وەلە جگە لەوە خزاندنی لایەنی سیاسی بە ناو رەمانیش ئاماژەمان پێدا، ((رەمانی سیاسی زەرجار سەرنج دەخاتە سەر پرسە سیاسییە ناوخۆیی و نیشتیمانی و نێتەوەییەکان تاوەکو لە چوارچێوەی ئاراستە جوایزەکان و چەندین میحوەرەوەچارسەریان بکات، جگای ئەو قەناغە جوایزانە دەگرێتەوە کە پرسەکە پێیدا تێپەیوە))١٨. نووسەر لەم رەمانەدا تەنها لە سەر پرسە نەوخۆیی و نیشتیمانی و نێتەوەییەکان هەوەستەی نەکردووە، بگرە پەلی بە زەر لایەن کوتاوە و رەنگە بە خۆیشی لە خۆی تەنگات بە ئەم هەموو پرسەی ئالۆسکاندووە لەو پێی چەپاوە بە پرسی شۆشگێڕیی نێتەوەیی و دواتر ئیسلامی سیاسی، نووسەر کاتێک بە خۆی تەنانەت ئینتیمایەکی سیاسیشی هەبێت دەبێت ملکەچی داوا و خواستی حزبەکەی نەبێت بە ئەوەی دیدگای حزبەکەی بسەپێنێت،

لە گۆشەگیری ئەم نەکراوە وەلە ئەم پرسە دیوکی دیکەی هەیە و لەرە باسی ناکەین، ((لە نووسین و دیدگاکانی رەمانووسی پورتوگالی " خەزیە ساراماگۆ " ئەوەمان بۆ ساغ دەبتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٩ تا مردنی سەر بە حزبی شیوعی پورتوگالی بوو، مەرج و یاساکانی جۆبەجۆ نەکردوون، رەمانکانیشی رەنگدانەوەی دیدگا و ئاراستەی حزبي نەبوون، بەکو بە فەلسەفەیکی جیاوازەوە دەینووسی هەموو جارێک خوێنەری سەرسام کردووە، لە کاتی نووسیندا گەدراوە بە کەسکی داهێنەر بە ئەندێشەیکی ناوازەوە، ئەویە مەبەستم لە پەویستی جیاکردنەوەی کاریگەری تەواو لە نەوان پگەی هەزری و ئینتیمای ئایدیولەژییەکانی نووسەرو دەقە رەمانە داهێنەرکانیدا)) ١٩. ئەمە نەهاتووین بەیەن نووسەر لە گۆشگیریدا لاگیری ئینتیمای سیاسی کردووە، یان بە پرسی حزبی رەمانکەی داشتووە ئەمە دەیەین لە پشت خستنە رووی دیدگای سیاسییەوە نە بەرژەوەندی گروپی خودان ئایدیولەژی لە بەرچاو بگرە نە بەرژەوەندی تاکە کەسی، خوێنەر لە خوێندنەوەی رەمانکەدا هەست بە مەبەستداری نووسەر دەکات بە هەر یەکک لەو دوو بەرژەوەندییانە بێت.
ئینتیمابوون بە چەپ و هەگیانەوە، لە نەو رەمانکەدا هەست دەکرە ئەو کەسکی چەپی سەر بە بزاڤکی" مارکسی – لەنینیزم " بزانین پاشان چۆن دێت و دەهری دەبێت و چ دەبێ ؛ ((دەهری و بەزار بوو لەم گیرخواردنەی لەو وەاتە تاریک و سارد و پڕ مافیا و جەردە و نەخۆشی سفلس و گۆنەریایەی کە ناوی سۆڤیەت بوو، سۆڤیەت و بلکی سوسیالیستی جگە لە مرۆڤی سەرخۆش و دز و قەبە و تلیاکخۆر و لەشفرۆشی هەرزان و مافیا نەبێت، هیچی لە دووی خۆی بەجێنەهێشووە،ل ١٤١)) پەمان وایە ئەمە رەخۆشکردنەکە لە رەمانکەدا بە زێتر شێبوونەوە بە لایەنی نەرێنی بلکی سۆسیالیستی، هەر لە هەمان لاپەیە و دوای چەند دێرێک دەڵێ ؛ ((گولاک ئەو سەربازگە تاریک و ترسناکانەی هەواگیری سۆڤیەت بوو، کە مرۆڤی تێدا لەتوپەت دەکرا و بە ئەبەد تامردن لەو بەند دەکران و کاری قورسیان پێدەکرا، سۆڤیەت رای وەها بوو، گەرانی دەبێت هەر بە شێش و لینین و ستالین و سۆڤیەت و کرێکار بێت، گەرانی دیکە دەچنە خانەی چەپی سەرمایەدارێتی و دژە کرێکاری و کۆمنیستەوە، لە دوای ئەوەی کەی سۆڤیەت و کەی بلکی سۆسیالیستی رووخا، خەڵکی هەناسەی ئازادییان هەکەشا، بەنام هەناسە هەلکێشانکی ژەهراوی، ل ١٤١ و ١٤٢)).
مرۆڤ لە شەوازی دەربینەکە هەست بە رک و کینەی نووسەر دەکات، نەک لەرە ئاگەر نەبەین لە تەواوی رەمانکەدا ئەوا لە زەربەی هەرە زەری رەمانکەدا نە بەو جۆرە دەدوە کە زمانکی زبرئامێز نە بە سۆڤیەت دەڵێ یەکێتی سۆڤیەت، نووسەر پەویستە لە ناو کەسایەتییەکان

و گرێ و رووداوەکانی ڕەمانەکەی نێکاتە پاڵەوان لێگەڕێت با پاڵەوانەکان خۆیان ڕێ بگرن، وەک گوتمان ڕەمانەکە پێت بڵێ وەرە بمنووسە با پێشکەشی خوێنەرت بکەم، ((تەنها بیری لێوە دەکردەوە چۆن لەم پەرستگایەی دێنیزەسە سەما بکات، لێوەدا وەک خەی مەزندەی دەکرد بە دووی جێگەی پێیە ئاوریشمینەکانی جاکەمە کازانۆڤادا دەڵێوات و دەیوت پشت بکاتە جێتەکانی ڕێشنگەری... ل ١٥١)). نووسەر نەک لەرەدا بەڵایەنی پێیەوە دیارە بگرێ لە تاو حەزی بە سەما چۆن دەدوێ بەڵکو بەرائێتیشی پێوە دیارە، تا دێگاتەی ئێوەی " دەیوت پشت بکاتە جێتەکانی ڕێشنگەری" لەرەدا هەڵچوون و ئاوێتەبوونەوەی نووسەر بە ڕەمانەکەوە دەردەکەوێتەوە. خەی پێدا دەکاتەوە، ئەمجارەیان قەزلە ڕێشنگەری دەکاتەوە، کە نووسەر تاکەکەی بوارەکەیە. لە دونیای چێپەوە بەرەو خەباتی باشوور دەچین((جونێت دوورا و دوور ئێوی وەک کوردە لات و بێپارەکانی ڕووسیا و سڤیەتی کۆن دەناسی، بەنام دوای ئێوەی جارەکیان پێکەوە ڤێدکایان خواردەوە و زانی ئێو لە " شەشکەرە" دەرینەکانە، ئێوی خۆشویست و هەستی دەکرد هەڤاڵەکی ونبووە. جونێت هەشتا خەی بە مرۆڤەکی شەشگەڵەی مارکسی لینینی تێدەگەیشت و یارمەتی پێکەکەی دەدا لە ئاودیووکردنی کەسە تایبەتەکانیان بە ئێوروپا و تورکیا و بە پێچەوانەیشەوە، هەر بەیە سومپاتی هەبوو لە گەڵ رابوردووی ئێو وەک شەشگەڵەکی هەشتاکانی کوردستان، هەموو کاتێک کە جونێت باسی بەرخودانی کوردانی بە دەکرد ئێو بەزار دەبوو و دەیگوت؛ تکایە جونێت شەش لە دونیادا کەرکان پەهەدەستن و دەڵاو و قەحپە و گەوادەکان لە بەرکەی دەخۆن.ل ١٦٣)). هەبەتە وشەی کوردستان بە چەمکە ئاوروپاییەکەی مەبەست لەی کوردستانی باشورە، کاتێکیش هەر دوای ئێوە دێ ؛ ((ڕاوەستە با شەشکەی تەیش بێتە دەسەاتەوە تامی پارە بکەن ئێوسا تێدەگەیت بۆچی لینین کتێبی " دەوڵەت و شەشی نووسیوە.ل ١٦٣))، لەرەدا نووسەر دوای قسەی عەوامی خەڵک کەوتووە، کە دەسەاتدارانی کوردستان پارەیان بینيە بێت، بە ەای ئەمە دەبووایە بەڵک لەو دیدە نەودەوەتیانەیشی باسکردبا، واتا ئێودیوی رووداوەکانیشی ببينيە بایە، نەک یەک ئاراستە بەوات، ئێوە وا دەکات خوێنەر تێبگات کە نووسەریش بووە بە یەکە لە پاڵەوانەکانی پێکەوە لە ناو ڕەمانەکەن.

نووسەر کە باسی مەلا مستەفا بارزانی دەکات ناوی مامە عەزە دێنێتە ئاراوە و دێ؛ ((ئێو زەمانە هەشتا مەلا موستەفا بارزانی لە مەنفای ئەمریکیی خۆیدا لە ژێر ئازاری دەشکاندا دەیناناند، کەچی مامە عەزە لە مەنفای باشوری ئێراقدا لە ژێر ..... ل ١٢٤)). ئەمە

بەراوردکردنکی ساغلەم نییە، راستە هەم مامە عەزە و هەمیش مەلا مستەفا لە روانگەی مرۆڤبوونەوە مرۆڤن، لە مرۆڤکان هەمیشە جیاوازیان هەیە. دیقەت بدەن لە ماڵکدا دوو برا لە خەسڵەتکانیان جودان، لای دایک و باوکیش هەمیشە نەرم نیان و خودان ئاکارە بەرزەکە خۆشویستنرە. چ جای بگاتە مرۆڤکان هەر لە کردار و رەفتار و بۆها ئاکاریەکان و دونیایەک خەسڵەتی دیکەی مرۆڤایەتی، لە بەزەیی و سۆز و ئەویندارەی تا بە دڵفراوانی و بەرگەگرتنی ئازار و زەحمەتی و ماندووبوون و نەهامەتی دەگات، جا ئەمە لە ئاستی تاکی مرۆڤدا بێت، ئاخە لە سەر ئاستی سەرکردەوە دەبە چی راگوزەر بکات، کە تراژیدیای یەک گەل و نەتەوەی دەکەوێتە ئەستەوە و بەرگەی دەگرە و پێیەوە دەناڵێ و لە تەکەشانیش کێنادات و بۆچان بەردەوام دەبێت، نەدەبووا ئەم حاڵەتە لەردا ببا. سیاسەت پانتاییەکی زەر لە ژیانی مرۆڤکان داگیر دەکات، ئیدی هەندە جار تاکەکان بەدەر لە خواستی خۆیان دەخزێنە نێو دەمودوو و گفتوگۆی سیاسییەوە، ئەدیبانیش لەم حاڵە بە دەر نین لە نووسینەکانیان وەلە گەرەکە ئەدیب هۆشیارانە تر مامەڵە لە تەک ئەم لایەنەدا بکات، جونکە ئەدیب بە چارەسەر دەکەوێتە نێو باسکەوە وەک تاکی ئاسایی نییە نەک بە وروژاندن و جەهشتنی بە بە چارەسەرکردن، ((بیرمەند و رەخنەگری ئینگلیزی تیری ئیگلتون وای دەبینێتەوە کە زانایان و فەیلەسوف و تیەریستەکان بارگرانی ئەو وتارە یەکشەوازیانە لە ئەستەدەگرن، لە بەرامبەردا ئەدیبان پانتایی هەست و ئەزمونی باڵای بۆها و رەزلەنان داگیر دەکەن)) ٢٠. کەواتە ناکرە ئەدیب وەک سیاسییەک بیر بکاتەوە. لەردا لەم دوو نمونەی دیهێنینەوە نووسەر وەک سیاسییەک دەدوی ؛ ((ئەمایش جیرەکەکی ترە، بەوەی هەشتا شازدە ساڵی تەواو نەکردبوو کە شەشی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٤ دا هەڵگیرسا، ل ١٢١)). ئەمە پەمان وایە شەش شەشی نەتەوەیەک بووە لە کوردستانی باشوور بە سەرکردایەتی مەلا مستافای بارزانی نەک شەشی مەلا مستەفا بارزانی، ئەو کات هەموو کورد لەم پارچەیە یەکدەنگ و یەکەنگ بوو، ((بەڵام کە شۆشی نوە دەستیپێکردەوە، مامە عەزەی گەنج یەکەم کەس بوو رایکردەوە شاخ، بەگومان ئەو شانسی هەبوو کە لە کارەساتی هەکاری ١٩٧٨ رزگاری بوو. ل ١٢٤)). کە دەڵێ شەشی نوە واتا شەشی نوەی گەڵەک یان نەتەوە و میللەتەک، کە لە کاتکدا شەشی ئایدیولۆژیایکی تایبەت بووە، هەر خۆیشی نووسەر ئەو یایدیولۆأیایە ساغ دەکاتەوە کە باس لە شەی هەکاری دەکات، لەرە وەک سیاسییەک دوواوە کە پەیستە وەک ئەدیبەک بدوە، کە شەشی مەلا مستەفا بارزانی شەشی ئەیلول و گەڵەک بووە، شەشی نوێیش شەرشی ئایدیولۆژیایکی تایبەت بووە دەبووا نووسەر لەو ئینتیما سیاسییە

خەی دەرباز بکردبا، کە رەنگدانەوەی مۆزوو و رابردووی کەنی پەوە دیارە لە رەمانکەدا، لێرەدا باسوخواس لەمە دیدی ئایدیولۆژی لە رەمانکەدا کورت دەکەینەوە و نامانەوە درێژدادەی تەدا بکەین . لە ئەوەی کە ئەمە دەمانەوێت لە رووی سیاسییەوە کەتایی پێ بهێنین، ئەوەیە ؛ ((کە مەزندەی ئەوە دەکات خەکانێک هەبن ئەوەندە گەل بن لە حەوشەی پشتەوەی مەخفەری پەلیس شەچەقە بکەن و یەکتر شەالی خوەن بکەن، کە مەزندەی کەرێتی کوردیی دەکات، جگە لە کورد نەبێت. ل٤٥٦)). هەندە دەهێین ئەگەر نووسەرێکی " عارەب یان تورک یاخو فارس " کوردی بە کەر لە قەەم بدابایە چ فەوزایەک دەخوەقا، دەبووە هەرایەک ئەوسەری دیار نەبووایە، ئەم تەوزیفکردنە دەستەو گروپ و کەسانێک ناگرێتەوە وەلە بە شمولی باسی کەرێتی کورد دەکات، کە کورد کەر بێت ئەی نووسەر بە زمانی کوردی بە کە دەنووسێت.

پەتەکە " الحبكة "

چەند کەیفساز و زێتر ئاوەدان دەبووین ئەو دەمانەی بە نەو دونیای مەجاز و ریتم و هارمەنییەت و پانتایی و فەزایەکی ناوازە و بە سەلیقەدا تەیمان بکردبا و ترەپکی ئەستاتیکامان لە نەو گەشەگیردا شەن و کەوی بکردبا و نەوەی نوەمان وەئاگا بهێنابایەتەوە کە دەتوانن جواننناسی و دیقەتەدانی فەزای رەمان لە گەشەگیرەوە فەربان، چەندە ئەمەیش دونیایەکی ئەدەبیمان قووەتر دەکردەوە و هەندەی لە سەراغی سەرچاوەو ژەدەری لابەلا دەبووین لە دونیای ئەدەب و پانتایی و فەزای رەماندا نوقم دەبووین، بە هەر حاە دونیایەکی لەو جەرەمان لە پانتاییەکی بەرفراوانی ژینگەکەدا بەدی نەکرد، لە سەرەتاییشدا باسەمان لەوە کەرد رەخنەگەر بە خەی کە دەکەوێتە شرەقەکاری ژانرەکی ئەدەبی لە دەەوە دەیخواست بە خەی ئەو داهێنانەی بنووسیبا تا کون و کەلەبەرە ناتەواوەکانی بە جوانی کەفماە بکردبا و رەونەقەکی ناوازەی ببەخشیبا. پەتەکە یان پلان یاخود گرە کە بە عارەبی دەکاتە " الحبكة " بە رەمان یەکەک لە بنەما سەرەکییەکان پەویستە نووسەر چەن ئاوەزی" عقل " ی خوێنەر شەلو دەکات بە هەمان جەر رووونی بکاتەوە، با بزانین گرە چیە((ئەو رووداوگەلانەن لە چیرەکەدا رووددەن بە سەتراونەتەوە بەرایەتییەکی پەیوەست کە بە پەیوەندی هەکارانەی نەوانیان هەرگیز لە کارەکتەرەکان جیانابنەوە، گەەرەوە هەمیشە کارەکتەرەکانیمان وا نیشان دەدات کە ئاوەتەی رووداوگەلەکەن، کاریگەریان بە سەر یەکەوە هەیە بە هیچ شەوەیەک لە شەوەکان لە یەکتری جیانابنەوە)) ٢١. هەر لە درێژایەدا و لە پێناسەی گرە دەە ؛ ((ئەو رەگە چارسەرە تەکنیکییە کە نووسەر لە سەر کەرستەی خاوی چیرەکەکەی

دیگرتە بڕ)) ٢٢. کەواتە پەیستە نووسەر هەر لە سەرەتاوە ئاشنامان بکات بە کەسایەتییەکانی ڕمانەکەی و ژینگەکەی ئەو گرفت و ئاریشانەی دەیخوەقنێت، سەرەتا خوێنەر وا تێدەگات کەشکە ئەوەیە کە لە نێوان " سوزی " و " ڤەسنا " لە سەر ئاشنا بوون بە زمانی ئەمانی یان کەانی خوارو و خچە: ((نازدار کە نێوی خۆی نابوو سوزی، هەمنتر و پتر بوو لە وشە و دەستواژەی ئەمانی. جارجارەیش بە سوژنکردنی ژنانە بە ڤەسنادا هەندێک وشەی بەکار دەهێنا کە ئەمەیش ڤەسنای تووڕە و دەهری دەکرد، بە نمونە وشەی " ئۆپتیمیست – Optimist " ئەو وشەیە بوو هەموو جارێک سوزی بەکاریدەهێنا و هەموو جارێکیش دەبووە هەکارێک بە سەلماندنی گوجتی ڤەسنا.ل ١٠)) دەربارەی کەانی خواریش لە هەمان لاپەڕەی دبژێت ؛ ((کاتێک بە کەانی سەر شقامە گشتییەکە پێکەوە تپەڕە دەبوون و خۆرا دەیگوت ؛ سوزی دەزانی ئەم کەانە خوارەـ ئیدی سوزی رادەوستا و دەیگوت ؛ گەلێ کوا کەانی خوار هەیە لەم دونیایەدا… ئاوهـا شەکە دەستیپەدەکردەوە.ل١٠)) ئەم مشتومڕە لە نێوو ڕمانەکە لە نێوان ئەم دوانە دەبێتە مشتومڕ و دەموودوو، خوێنەر وا هەست دەکات ئەم گرێکەی ڕمانەکەیە و پەیستە نووسەر بیگەیەنێتە ترپک و پاشان هێدی هێدی بە خوارەوە و چارسەرێکی بداتە. خوێنەر لە لاپەڕە ١٣٧ کە دەگاتە " ئیگەیەکی دوور ؛ جاکەمە کازانۆڤا" دوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لەم ئیگەیە هەست دەکات دەچێتە نێو ڕووداوگەلێکەوە تێچژاو و ئاسکاو خوێنەر پەیوستی بەوە دەبێت بە هەمنی لە سەرخ بە بیرێکی فراوانەوە بچێتە نێو ڕووداوکان، کەشکە لە وەدایە ئەو هەموو ڕووداوگەلە دوای تەواو بوونی ڕمانەکە زەربەی ڕووداوکانی بە یەکلا نابێتەوە، بشە نووسەر بە ئەنقەست کردنەوەی دەرگاکانی بە ڕووی خوێنەردا واڵا کرد بێت بە ئەوەی بە خۆی ڕمانێکی تەواو نەکراو تەواو بکات …

درێژەی هەیە..

بەشی یەکەم...

بەشی دووەم...

بەشی سێیەم...

بیرەوەریکانی فەقێیەکی گوومەڵ...24...شەماڵ بارەوانی

بەشی بیست و چوار/
مەلایەك گوڵ لە ئوم کەلسوم دەگرێت!

هەر سەبارەت بەو گێرانی و شتە، لە سەردەمی سەرتای فەقیاتیم، فەقێیەکمان لەگەڵ بوو(مەلا. ن)، پەیمانگای ئیسلامی تەواو کرد و ئێستا پێش نوێژ و ووتارخوێنە لە شاری هەولێر .
پێشووتریش:کارگێری لقی هەولێری یەکێتی زانیانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بوو.

ماوەیەک: بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی بوو.
ئێستا نازانم لەو پێستە ماوە یان نا.
پێشی گووتم: کە راهێنەری مریی نەودەولەتیشم ئێستا.

جا ئەو کاتەی پێکەوە فەقێ بووین.
دەیگووت:مەلا سەید ئەحمەد پێنجوێنی گوڵ لە گێرانی ئوم کەلسوم دەگرێت!
ئەو مامۆستا ئایینیە بەڕێز و و کەنە فەقێیەی هاوڕێی سەردەمی فەقیاتی و حوجرەم، لە کاتی نووسینەوەی ئەو بەشەی (بیرەوەریکانی فەقێیەکی گوومەڵ)دا.

(٢٠٢٢/٨/١٩) کە دەکاتە ڕۆژی هەینی، لە ڕێگای نامەگەیندەوە و تەلی واتسئاپەوە پەیوەندیم پەیوەکرد بە دەنیایی بوون لەو بەسەرهاتەی کە ئایە بیریەتی وەختی خۆی لە فەقیاتی پێگووتم کە مەلا سەید(ئێ) پێنجوێنی گوڵ لە گێرانیکانی ئوم کەلسوم دەگرێت؟ گووتی: نەک هەر ئەو، زۆرێک لە یەکگرتووەکانی تریش گوڵ لەم و لە گێرانی تریش دەگرن.
لەگەڵ ئەو مەڵایەی هاوڕێم، زۆر قسەمان کرد و باسی دنیایەک یادگاری و بەسەرهات و بیرەوەریکانی سەردەمی فەقیاتیمان کرد و تۆر تۆر پێکەنین وپێی گووتم: بیرەوەریکانت لە کوێ بڵاو دەکەیتەوە؟
گووتم:هەفتەی بەشێک لە ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان) و لە هەرێک لە ماڵپەڕەکانی(دەنگەکان) و (دابڕان) و (وتاری کورد) و (قەندیل24) و

پاشان لە ماڵپەڕی(کوردپەدیا) ئەرشیف دەکرێت.
گووتی لینکەکەیم بۆ بنێرە با بیانخوێنمەوە.

ئینجا گووتی:منیش وتار بۆاو دەکەمەوە، لە گۆڤاری(گوڵان) و دوو وتاری بۆاوبووەوی خۆی بۆ ناردم، یەکیان سەبارەت(حوکمی ئیگزی سەیەم لە ڕووی شەرع و لە ڕووی کەمایەتییەوە)و ئەویتریشیان باسی(پەکەوەژیانی و ئایینی و نەتەوەیی بوو لە کوردستان) و خوێندمەوە. حەقەت شتەکی جوانی نووسیبوو و دڵخۆشی کردم بەمە و پێم گووت:بۆاستی دڵخۆشم کەمن و تۆ لەو تێگەشتنە داخراو تەسکەی پێشووتر و سەردەمی حوجرە هاتووینەتە دەرو گەیشتن بڕە و باوەڕ بە پەکەوە ژیان و ئەزگرتن لە ئاینەکانیتر بکەین بە پێنسیپ و، هەر بۆاستی من کاتێک بیر لە هەندێك ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوەی پێشووتر و سەردەمی حوجرە و خوێندنی ئیسلامی و فەقیاتیم دەکەمەوە، قەز و گاڵتەم بەو بیرکردنەوە و تێگەیشتن و جیهانبینیەی ئەوسام دێتەوە و لە هەمان کاتیشدا تەریق دەبمەوە و هەست بە خجاڵەتی و شەرمەزاریەکی بۆ ئەندازە دەکەم و لەخەم دەپرسم: هەر بۆاستی ئەوە من بە وا بووم و هەند کەسەکی بیروشك و ڕادیکاڵ و ناحاڵی بووم؟!
جا من و ئەو مەلا بەزەیی هاوەڵم لە کاتی فەقیاتیماندا، هەردووکمان یەکگرتووی ئیسلامی بووین و دواترهەردووکمان بە تەواوی وازمان لە یەکگرتووو ئیسلامی و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی هێنا.

پێم گووت: حەقەت من هەموو ئەو مامەستا ئایینی و(بە تایبەتی ئەو مەلایانەی کە ئەنتیمایان بە هەزە ئیسلامیە سیاسی و گرووپە سەلەفیزمەکان نیین و ئایین تەکەڵە بە سیاسەت ناکەن و خەڵکی تەکفیر ناکەن)، مرۆڤە لیبڕاڵ و، ئەتایست و ئەکتەر و نووسەر و شاعیر و ئەو کەسانەم زۆر خۆشدەوێت، کە باسی پەکەوە ژیان دەکەن و باوەڕیان بە پلورالیەتی ئایینی، سیاسی و کەمایەتی هەیە و چەمکی تولەرانس(لێبووردەیی) ئەتناکەنەوە و ئەز لە جیاوازیەکان دەگرن و هەرش ناکەنە سەر ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان و هەرگیز، پڕلاماری ئازادی و حەز و ویستی هیچ کەسەک نادەن لە وتار و وەعز و شیعر و قسەکانیاندا.

گووتم:منیش لە چەند(٤٠) ئەژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕدا بابەتی هەمەجۆر و وتار و شیعرم بۆاو دەبەتەوە.

پێشم گووت:
لە سەر بەشی (بیروڕیکانی فەقیەکی گوومڕا)دا باسی تە دەکەم و ڕوحمت پێناکەم و باش لە حەقت دەم و دەتکوتمەوو ئەو ڕووداوەش باس

دەکەم کە کاتێک ئەو شەوەی حوجرە لە ساڵی(٢٠٠٧) تابلۆیەکی ئاینیمان لە کاتی شەڕە بالیفی فەقێکان شکاند و تۆ ئەمیر و براگەورەی حوجرە بوویت و لەمان تووڕەبوویت و جوێنێکی زۆر مزرت پێداین و لە بیرەوەریەکانی فەقێیەکی گوومەدا جوێنەکە دادەنێم، پێکەنی و گووتی: ئەوەی نەنوسی هاهاها بەشەی بدە (……..)
گووتم: خەمت نەبێت هەر دەینووسم، بەڵام بەهەی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی و ئەتەکێت و مەڵاڵی نووسینەوە، دەیکەمە پیت پیت و جوێنەکە وەکو خۆی بەو زەقیەوە دانانێم.
(لە بەشەکانی داهاتوودا باسی ئەو جوێنە و بیرەوەری زیاتر سەبارەت بەو مامۆستا ئایینیە بەڕێزە باسدەکەم).

جا گووتم هەم زەم و هەم مەدحکردن تێدایە لەو چەند بەشەی بیرەوەریەکانی فەقێیەکی گوومەدا سەبارەت بێتە. هاهاها پێکەوە دامانێ قاقاو گووتم: بەڵام لە زەم کردنتدا ناوم نەهێناوی و دەنیا بە تەنها من و فەقێیەکان دەتناسینەوە لەو بەشەی بیرەوەریەکانی فەقێیەکی گوومەدا و گووتی: ئاسایی و حەزدەکەیت ناویشم بێنە و:(چی دەنووسی بنووسە
بەس بە زەمیرەوە، سەبرت هەبێ، هاهاها).

حەقەت لاریشی نەبوو ناوی بێنم، بەڵام من، گووتم نا، نەخێر، من هەرگیز ناوت ناهێنم و من هەر شتێک زەمی تێدا بێت، هەوڵم داوە ناوی ئەو فەقێ، یان مامۆستا ئایینی و مەڵا بەڕێزانە نەهێنم، کەبیرەوەری و چیرۆکەکە پێویست و تایبەتە بەوەوە و تەنها بە پیت ئاماژەی بە بکەم، یان بەم:فەقێیەك، یان مامۆستایەکی ئایینی و مەلایەك.

ئینجا دواتر ئەو مەلایەی هاوڕێی سەردەمی فەقێیاتیم، زانیاری سەبارەت بە بەوانامە و وەزیفە و کارەکانی خۆی داپێم و منیش زۆر سوپاسم کرد بۆ ئەو هاوکاریکردنەی و پشکێش کردنی ئەوزانیاریانەی بۆ (بیرەوەریەکانی فەقێیەکی گوومەدا)و
پێم گووت: بەڵێ تۆ وتاری جومعەت هەیە با درەنگ نەکەویت، خۆ وەکو من نیت نوێژ نەکەیت و نیەتێ مزگەوت هاهاها پێکەوە دووبارە دامانەوە قاقا گووتم: کوڕە مامۆستا من ئەو فەقێیەی جاران نیم و بەو خوایە ئەستا یەک نوێژان ناکەم و دووبارە دامانەوە قاقاو گووتی:
:ئەویش باش دەبێت اشالڵە. ئیتر خواحافیزیمان لێکتری کرد.

خەیاڵ ماناکردن... دڵکەش قادر

سەفەرکە با خەیاڵی شیعرت
بە ئاقاری گوماندا ڕەت نەبێ
با چناری شیعرم
لە بسکی کیژێک
لە تەپوتۆزی منارێک
لە چەپەڵوانی شەقامێک
ون نەبێت
با دڵی من لە سوچێکە ئەم گەردوونەدا ون نەبێت
با من و تۆ لە سوچێکی شاردا
بە ئەوارەیەکی مانا نەگەڕێین
من لە خوانی ماناوە بۆ ژوانی گەردوون
دەم لەدەدات و
تەش لە جوانی ماچێک
لە شانەی شارێک
لە پیاڵەی مەستبوون
تەناگەی
چ تاڵە بە خەوی
چ وەرانە خەشخەیاڵی.
کاتێ شەپۆلی شیعرم مانایەک ناهەڵدێوە
نەوەسێک لە سەماکردن
لە وتنی ستران
جوانییەک تەوزیف دەکات
هەتا عیشق هەیە
ستێ لە میتای زمان ناوستێ
پەیگرافێک پەیف
خەیاڵ ماناکردن.

دڵکەش قادر

کۆمەڵگا و سیستەمەکانی بوارەکان؟... زاناز

خەمووکۆمەڵگایەک کۆمەڵێک بواری هەیە ئەو بوارانەش هەر یەکەیان بە ئاوەڵی گۆشبکات دەبە سیستەمێکی سەربەخۆی هەبە ، هەر کۆمەڵگایەکیش ئاستی لەگەڵ کۆمەڵگای تر جیاوازە ، سیستەمەکانیش وەکو سیاسی و تەندروستی ،خوێندنی باڵا و پەروەردە، سەربازی و هەموو ئەوانی تر دەبە بە شێوەیەک بە کە سیستەمی نووسەران و ڕۆشنفکران لەگەڵ ئەو هەموو سیستەمانی تر بەشداربن.

هەر سیستەمێکیش دادەنرێت دەبە هەڵگەوتووی و دروستکاری ئەو سیستەم یان سیستەمانە هی ئەو ووڵاتەو کەسانی بە نێک سیستەمی ووڵاتێک کۆمەڵگایەکی تر بهێنی کە ئاستی لەهی ووڵاتەکێت بەرزترە خۆکەکەشی ئاستی هۆشیاری باشترە .

لێرەدا کاتێک سیستەمەکان ئازاد دەبە نابەستراێنەوە بە سیستەمی سیاسی ئەوا ئەو جۆرە سیستەمانەی بوارەکان ووردە ووردە پەشدەکەون بەتام کاتێک سیستەمەکان لە ووڵاتە دواکەوتووەکان دەبنە پاشکۆی سیستەمی سیاسی ئەویش بە ئارەزووی خۆی کار لەسەر سیستەمەکان دەکات و چەنیشی بوێت بخاتە ژێردەستی خۆیەوە ئەوا زوو ئەو سیستمانە پەشناکەون چونکە ئازادنین کاتێک ئازادیش لە بیروڕا و جوڵە نەبە ئەوا ئاوا هەمووی خراپییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی سیستەمی سیاسی چونکە ئەو بەخۆی بەستەوە نێک کردبییەتیە سیستەمانێکی سەربەخۆی کاتێکیش سیستەمی سیاسی ئەو سیستەمانەی تر ئازاد دەکات کە لەسەر ڕێچکەی ڕاست و زانستی بوات ئەوا چاکەکەش و گۆشکردنیشی بە ئەو سیستەمە سیاسییە دەگەڕێتەوە کە ئەوانەی ئازاد کردووە هەردوو لایەنی زیانی و سودی بەستراوەتەوەی بە سیستەمی سیاسی و کردنی بە سیستەمانێکی سەربەخۆ لە دوورەوەدا دەردەکەوێت.

2022 8 28

کورتە چیرۆک بۆ منداڵان/ داپیرم حەزی لە کارە.. رۆزا شوان

داپیرم هەر لە منداڵییەوە، چالاک و ئیشکەر بوو. لە ئێستادا تەمەنی لە نەوەت ساڵ زیاترە، لە دەست و پێیەکانی نەکەوتووە. حەز لە جووڵە و لە کارکردن دەکات. داپیرم رۆژکانی هەفتەی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

شەممە: مەڵەکەی بریندۆ دەکات (خوریکەی دەبەتەوە).

یەکشەممە: خوریێکە پاک دەشواتەوە و لەبەر خۆردا هەڵیدەخات، تا وشک دەبێتەوە.

دووشەممە: خوریێکە شیدەکاتەوە و دەیکات بە دەستپێچک.

سێ شەممە: بە تەشی خرێیەکە جوان دەڕێسێت و دیکات بە بانەکی باریک.

چوارشەممە: بانەکە ڕەنگ دەکات و هەڵدەیخات.. کە وشک بێوە، دەیکات بە گۆچە.

پێنج شەممە: بە قولاب بانەکە دەچنێت و.. دەیکات بە بلوزکی جوان بۆ خۆی.

هەینی: داپیرم بلوزە تازە جوانەکەی لەبەردەکات و لەگەڵ پووری گوندی هاوڕێ و هاوتەمەنی، دەچن بۆ پیاسە و گەشان و قسەی خۆش بۆ یەکتری دەکەن.

نەرویج: ۲۰۲۲

بەگژ نەویست... شیعری / نەوزاد بەندی

بەم دەرکەوت هیچ شونێ خۆش نییە …
هیچ تەمەنێ جێی متمانە نییە ..
ئاوەی ئەمانەتەوە ، کاسەی سەرکی
پڕ لە خون و خیانەت …
ئاگینا بە کیسە میز و عەلاگەیەک پیسایی و ستڕە خونەوە ، شام و شیراز ئەکەین ..
ئاگینا بە گەدەیەکی هەمیشە بەتاڵەوە ، وەخت و ناوەخت مەچە مەچمان دە ..
پارچە هەورەکمان لە ئابڵە بە جیهانێکی پڕ لە جوانیی ..لە کاتێکدا کەمەڵە ئاو و تەپ و تۆز و .. تەنگاو نابێ ، نابارێ ..
دارستانێکمان لە ئابڵە بە دنیایەکی پڕ لە نهێنی ..ئاویش کەمەڵە داری نەخۆش و تۆزاوین ، زەربیان چاوەڕێی دەمی تۆرەکن ، ژگاریان کا لاو وەزعی ئیستیعدادێ …
بەم دەرکەوت هیچ کەس جوان نییە ..هیچ شتێ باش نییە ..هیچ تامێ خۆش نییە.. هیچ بۆنێ سەرنجڕاکێش نییە ..
یادگاریەک بۆنەکمان بێ ئەکا بە کلیلی جیهانێکی پڕ لە گۆ ..
هەندێ هەرمانی سەکسیی ، کەسەکمان لە ئەکا بێ شاژنێکی دەگمەن ..
برستیی ، تامەکمان بێ ئەزمونەوە ، وا ئەزانین ناوازە و بێنەیە ..
کە بیانی لە خاو هەڵئەستین ، هەموویان لە یاد چێتەوە .. بە سەر و چاوەکی قوپا و ..لە دو تۆی بیجامەیەکی چرچ و لچ ، باوەشکێک تا دەست شەرەکە بە ئاکەشان ئامانئاکەشی .. بە ئاوەی مەشکەیەک میز بکەین … پەش ئاوەی دوو بارە خیاڵ ، لای ئاوێنەکە ئامانوستنێ و .. گوزانێ چواردەمەکە بە ئوخسارمانا بنێ و .. بانی کەف و گواوەکە ، بمانباتەوە بە ناو چیرۆکی ئەدگار ئالن پۆ و .. بگەڕێنەوە بە سەر لوتکەی خیاڵ پاوەکان .. خۆ لە جلی تەسک و بێنباخی خنکێنەر و پڕاوی ئەشکەنجەدەر ، هەڵکشین .. قایشی توند

لە ناوقەدمان ببەستین وەک ئەوەی کوێی ئەمانکی خۆیایی بەستبووی …
زەربەی دڕیە .. یان هەمووی ..
هەمووی خۆیایە ..یان زەربەی ..
لە پارەی جل و خواردن و دەرمان ، زیاتر بۆ چا و قاوە و جگەرە و نەرگەلە و ئەلکهول خەرج ئەکەین ، چونکە ئەوانە زیاتر ئەمانبەنە ناو خۆیایەوە و .. کەمتر ئەهەژن بەمان یەکلا بێتەوە کە دنیا یەک پولی قاپ ناهەژن .. کە مرۆڤایەتیی درێیکی گەورەیە .. کە هەر چی ئەیبینی، لە هیچ هیچترە ..
ئەمانەوە بۆ هەر نرخێ بووە ، لە پاڵ خۆیایەکا ، خەمان مات بێین و .. چیرۆکێک بۆ خۆو بنوسینەوە ، کە خەمان تیایدا کوڕە ئازاکەین .. کە هەرچی شتی جوان و خۆش چاوەڕوانە ..کە دنیا کۆتایی نایەت و .. باشتر وایە هەرچی زووترە ، ئەوەی جەنگیزخان و هیتلەر و ناپلیۆن پێیان تەواو نەکرا ، ئەمە تەواوی بکەین ..

⋆ ⋆ ⋆
هەر لە مناڵییەوە بەم دەرکەوت ،
ئەم دنیایە بۆ بۆ درۆ و فێڵ و خۆیا ،
تەنانەت شەرت و فانیلەکێیشی پێوە نامێنە ..
درێیکی گەورەیە و
شتێکی تیا نییە ڕاست بێ ……

ـــــن .بەندی _____

نا بۆ بەڕوشوێنکردن, بەڵێ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی قوربانیان

ئەمڕۆ 30ی ئاب ڕۆژی بەڕوشوێنکراوانە لە جیهان, کوردستانیش هەرەمەکە لە وڵاتێك کە عێراقە یەکێکە لەو 84 وڵاتەی جیهان کە ژمارەیەك زۆر لە هاووڵاتیانی بەڕوشوێنکراون بەهۆکاری سیاسی, جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی, لە جیهاندا ژمارەی

بەستەروشوێنکراوانی راگەیەنراو بە 52250 کەس دیاریکراوە, کە ئەوانەن تەمارکراون لە ناوەندە جیهانییەکان بۆ تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سوری جیهانی و هاوپەیمانی جیهانی دژ بە بەستەرو شوێنکردن و ... لە کاتێکدا تەنها ژمارەی بەستەرو شوێنکراوانی کوردستان لە قوربانیانی ئەنفال و بارزانی و فەیلی و ئێزیدی و ...چەندین بەرابەری ئەو ژمارەیەیە, بە شێوەی گشتی ژمارەی بەستەروشوێنکراوان لە جیهان خۆی دەدات لە 50 ملیۆن کەس, لە ناویشیاندا لە 30 وڵات زیندانی نهێنی هەیە, عێراقیش یەکێکە لەوان, بەشی زۆری بەستەروشوێنکراوان لە پیاوان پێك دێن.
لە سوریا لە ساڵی 2011 ەوە 82000 کەس بەستەروشوێنکراوە, 2000 زیاتری لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەوە ئەنجامدراوە, لە سریلانکا 60 بۆ 100 هەزار کەس بە سەرو شوێنکراوە, تەنانەت بەشێك وەك ئەنفالکراوانی کوردستان ئەوانەن خەیان داوەتە دەستەوە, لە ئەرجەنتین 30000 کەس بە سەرو شوێنکراوە لە ساڵانی نێوان 1976 بۆ 1983.

ئەوانەی تەمارکراون لە عێراق 16544کەسە, لە سریلانکا 12226هاووڵاتیە, ئەرجەنتین 3449, گواتیمالا 3155, پیرۆ3009, سلفادۆر 2661, کۆمبیا 1235 کەسن.
تەنها لە نیوەی ئەمساڵ 11000 کەس بەستەروشوێنکراون لە عێراق.
ئەمە پێمان وایە:
• بەستەرو شوێنکردن هەموو کات تاوانە, دەوڵەت ئەنجامی بدات یان میلشیاو گروپی چەکدار بەهەر پێناسەکەوە بێت.
• بەستەروشوێنکردن تاوانێکی زۆقی مافی مرۆڤ و یاسای نێو دەوڵەتی و جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ, بە پێی پەیماننامەی ڕەما دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆقایەتییەوە, کات و شوێن تاوانەکە بە زیندویی دەهێڵێتەوە , بنەماڵەی قوربانی مافی قەرەبوو و زانینی ڕاستیەکانیان هەیە.
• هیچ دەسەڵات و گروپێك مافی بەستەروشوێنکردنی هاووڵاتیانیان نییە, کە تاوانکار بە پێی یاسای نێودەوڵەتی نابێت لە سزا ڕزگاری بێت.
• بەستەرو شوێنکردن پێشێلی مافی یاسایی تاك, مافی ئازادی و ئاسایش, مافی ئەشکەنجە نەدان, مافی ژیان, مافی ناسنامە, مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە, مافی پاراستنی مافی مرۆڤ لە کاتی گلدانەوە, مافی قەرەبوکردنەوە, مافی وتنی ڕاستیەکان, مافی ئابووری, کۆمەڵایەتی, ڕۆشنبیری, مافی خێزانداری, مافی ئاستی ژیان, مافی تەندروستی و فەربوون, مافی کەرامەت و داوای لێبوردنکردنی قوربانی, مافی کۆسپەتی یاسایی .....هەیە.
لێم بۆنیەدا وەڵای ئیدانەکردنی بوونی سەدان دیاردەی

بەسەروشوێنکردن بەهەی عەقیدەی سیاسیەوە لە باشوری کوردستان و دەیان هەزار لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن رژێمە دکتاتۆرییەکانی ناوچەکەوە, داواکارین :

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان لیستی ناوی بەسەروشوێنکراوان, هەکاری بەسەروشوێنکردن و هەکاری مردن, شوێنی مردنیان بۆ بکاتەوە, ئوانێشی ماون ئازادیان بکات.

2- شوێنی کەکردنەوەی بەسەروشوێنکراوان بپارێزرێت و بە یاداوەری بەسەرو شوێنکراوان و دروست کردنی مۆنمێنتی یاداوەرییان.

3- بە یاسا بەسەروشوێنکردن لە کوردستان قەدەغە بکرێت.

4- داوای لێبوردن لە بنەماڵەکانیان بکرێت و پەیمانی دوبارە نەکردنەوەی بدرێت.

5- روفاتی قوربانییەکان بگەڕێنرێتەوە بە کەسوکاریان.

6- قەرەبووی ئابووری کەسوکاریان بکرێتەوە بە ماوەی رابردوو, زیانێکی شەرافەتمەندانەیان بە دابین بکرێت لە روی دارایی و خوێندن و چارەسەری تەندروستی.

7- مافی کەسوکاری بەسەروشوێنکراوانە هەموو راستییەکان لەسەر بەسەروشوێنکردنی ڕاڵەکانیان بزانن, تەواوی زانیارییەکانیان لە بەرواری بەسەروشوێنکردنەوە بە ئاشکرا بکرێت.

8- بە یاسا پارێزبەندی بە کەسوکاری قوربانیان, پارێزەرەکانیان, ڕێکخراوەکانیان دیاری بکرێت بە وتنی راستییەکان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان.

9- پەیستە زیندانەکانی کوردستان سجلی هاتووان و دەرچوانی هەبێت, هیچ کەسێك لە دەرەوەی زیندانە فەرمییەکان زیندانی نەکرێن و زیندانی نهێنی وەك تاوان سەیر بکرێت.

10- پشکنین بکرێت بە قوربانیانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە ناسینەویان.

ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید
Kurdistan without Genocide
30-8-2022

نەریت و بەهاکانی لە نێوان ئەدەب و فەلسەفە دا... دەشاد کاوانی

نەریت ئاماژەیە بۆ کۆی گشتی بەهاکانی ڕابردوو، بیروباوەڕ، هەستیاری جوانیناسی و فۆرمە ستانداردەکانی ڕەفتار. نەریت، چونکە سەر بە ڕابردووە، کاریگەرییەکی کەمی لەسەر فۆرمەکانی ژیانی ئێستامان هەیە. زۆرێک لەو بەهایانەی ئێستا باوەڕمان پێیان هەیە، نیشانەی تێپەڕاندنی نەریتن، یان باشتر بڵێین نوێبوونەوەی بەردەوامی نەریتن. هەرچەندە نەریت بە بوونی ئێستا بناسێتییە، بەڵام ئێستا تەنیا دەتوانرێت تێپەڕنرێت، و بە ڕوونتر بڵێین، بە نەهێشتنی چەند پێکهاتەکانی کە لە داواکارییەکانی ئێستا جیا نەکراونەتەوە. هەر جۆرە ئافانگاردێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە ڕەتکردنەوەی ڕیشەیی نەریت و جێگرەوەی بیرکەی نوێوە سەرچاوە دەگرێت. بە مانایەکی زۆر فراوان، تەواو دەکرێت بڵێین ئەوەی گۆشەندنی شارستانیەتی مرۆڤی بەرهەم هێناوە، تەنیا چەند کردەوەیەکی چاکسازی و سەرگەرمییە.
پێوەندی نێوان ئافانگارد و نەریتی لە ئەدەبدا تایبەتتر، چونکە زۆرێک لە بزووتنەوە نوێیەکانی ناوی ئەو سنوورانە دەشکێنن کە بزووتنەوەکانی پێشوو تا ئێستا خۆیان ڕاگیاندووە، بانگەشە بە هەڵوەشاندنەوەیان دەکەن و یەکێکی نوێیان لە شوێنی ئەو دامەزراندووە، زنجیرەیەک لە بزووتنەوە ئەدەبییەکانی وەک مرۆڤگەرایی، کلاسیکیزم، ڕەمانتیزم، مەدێرنیزم و پۆستمەدێرنیزم، هەموویان بەپێی ئەو بڕوایەی سەرەوە، سیستەمێکی بەهای نەریتی دیاریکراویان دروستکردووە وەک جۆرێک لە ڕەخنە لە یەکتر – ئەم دووەمیان ڕەخنە لە یەکەمیان دەگرێت، واتە ڕوانگە جوانیناسییە ئەدەبییەکان، شێوازی چاودێریکردنی جیهان و شێوازی نووسین، وەک کاریگەرییەکی زۆر قووە، بەڵام لە وەڵامێکی ئەرێنیەوە بۆ ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، هەستێک هەیە کە ڕەخنە لە شێوازی ژیانی کۆن دەگرێت. واتە پەرسەندنی ئەدەب لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە چەند نووسەرێکی باڵادەستی ئەدەبیات بەرهەمی نووسەرانی مێژنی دیکەیان وەرگرتووە و لە هەمان کاتدا ڕەخنەیان گرتووە و لە گۆشەندنی ئەدەبیات کە گۆشەندنکە کە بە تێپەڕین لە کۆنکان دەربەدرێت و نوێ، زۆرجار لە پێویستی

ڕاستکردنەوەی ناتەواویەکان و لایەنگریەکان و تەنانەت هەڵکانیشدا سەرهەڵدەدات کە کەن خەی بە تەپەبوونی کات ئاشکرای دەکات.
ئەو بەچوونانەی سەرەوە سەبارەت بە گۆشەسەندنی ئەدەب پێشگریمانە دەکەن کە ئەدەب لە ڕووی جۆهەری ناوەوەی خۆیەوە لە ڕابردووەوە تا ئێستا، لە نەریتەوە بە داهێنان و ئاستێکی نزمتری هەیە. واتە ئەدەب (لە داهاتوودا) وردە وردە لەسەر بنەمای ئامانجێکی دیاریکراو تەواو دەبێت، بەڵام ئامانجی گۆشەکردنی ئەدەب چیە؟ ئایا جەیمس جۆیس ئەو ئەرکەی بە سەرکەوتوویی تەواو کرد کە شکسپیر لە ئەدەبدا نەیتوانی بە ئەنجام بگەیەنێت، و سەلماندی کە جوانیناسی کاریگەری بەدەست هاتووە لە (ڕوتی هۆشیاری) نووسین بەرزترە لە کاریگەری جوانیناسی لە کارەساتەکانی شکسپیردا؟ خەمەکی ڕەحی مرۆڤ مەدەرنەکان بە لەهاتوویی بەرز دەردەبڕێت، گۆشەیەکی زیاتری چیرۆکی هەمەر بە هەمان ناو بێت؟چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەینەوە ئەو بابەتەیە کە ئێستا باسی دەکەین، پرسیاری ناوەندی وامان لەدەکات بە قووڵیتر شیکاری پەیوەندی نێوان نەریت بکەین و ئێستا. و پەرەسەندنی فۆڵسفە ڕوون بکرێتەوە.
ئەوەی زانست بەدوایدا دەگەڕێت، حەقیقەتە. واتە پشت بەستن بە دەستکەوتە زانستیەکانی نەوەی پێشوو، لە هەمان کاتدا، وردە وردە نزیکبوونەوە لە حەقیقەت بە نکۆیکردن لە دەزینەوە و گریمانە نوێیەکان و بۆشە ناواقیعیەکانی جیهانی مرۆڤایەتی. لە ڕوانگەی گۆشەسەندنی مۆژووییەوە دەتوانین گەیان بەدوای ڕاستی لە زانستدا بە ڕەگەزێکی ڕاکردن بچوێنین: تۆژینەوەی زانستی بریتیە لە کەڵەکەکردن و سیستماتیککردن و ڕەکخستنی دەستکەوتەکانی نەوەکانی زانا بە زانین و ڕوونکردنەوە و چارەسەرکردنی کۆشە بنەڕەتیەکەی چەندێتی شتەکانی جیهان بەڕاستی هەن، ئاماژەیە بە پرسەی باشترکردنی وردە وردەی بەکارهێنانی. مرۆڤ حەقیقەت دروست ناکات، بەڵکو دەیدۆزێتەوە: دەزینەوەی حەقیقەت ئەوەیە ڕەگە بدەیت حەقیقەت خەی ئاشکرا بکات. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی حەقیقەتی زانستی بابەتییەتیەتی. بابەتییەت بە واتای چاودێریکردن و لێکدانەوەی جیهان لە ڕوانگەیەکی ناوازەوە کە هی کەس نیە. هەر لە ڕەگەی ئەم ڕوانگەیەوەیە کە دەخی ڕەسەنی شتەکان دەبڕێتە ئەبژەی زانین. ئەم پرسەی دەزینەوە تایبەتمەندیە و تایبەتمەندی پەرەسەندنی هەیە. دەزینەوەی ڕاستی وردە وردە لە سنووری عەقڵی مرۆڤدا ئاشکرای دەکات. واتە مرۆڤ لە ڕەگەی زانستەوە وردە وردە لە حەقیقەتی جیهان و خەی نزیک دەبێتەوە.
بەڵام ئەو بەچوونەی کە ئەدەب وردە وردە گۆشە دەکات، بە تۆندی

لێژەر کاریگەریی بیرکە زانستییەکاندایە. ئەم جارە بەچوونە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە ئەدەب وەک زانستە سروشتییەکانی دیکە، سروشتی دەزینەوەی بەردەوامی هەیە بە ئەو شتەی کە بەدواید دەگوت. بەڵام ئەگەر ئامانجی سەرەکی زانست گریمانەکردن و تاقیکردنەوە و پشتڕاست کردنی ڕاستییەکان بێت، ئەوا ئامانجی ئەدەبیات زیاتر ئەبستراکتە و زۆر ئەستەمە دیاری بکرێت کە چییە؟ تەنانەت ئەگەر بتوانرێت، تەنها مشتومڕکی بکرێتایی لەسەکووتەوە، ئەوە تەنها شتێکە. بەڵام لە ڕوانگەی فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەبیەوە، ڕێنگە مرۆڤ بڵێت کە تەوەری ئەدەبی و شەوازەکانی دەربڕین کاراکتەرێکی مۆرۆویی بەهێزیان هەیە، هەر بۆیەش بە تێپەڕبوونی کات پەرەدەسێنن.
سەرەتا با بە کورتی باس لە بابەتی ئەدەب بکەین: ئایا بڕاستی بابەتەکانی ناو ئەدەب نوە دەکرێنەوە؟ بە ئەم پرسیارە هەندێک لە ڕۆخنەگرانی ئەدەبی و پێکهاتەناسان کە لە تیۆری دەروونشیکاریی کارل گوستاف یۆنگ لە بەرهەمی بیستەمدا ئیلهامیان وەرگرتووە، ژمارەیەکی دڵنگدار دەدەن. بۆچی تیۆری نائاگایی بەکەمەوە کە بە ئەدەب بەکارهاتووە – ڕۆخنەی ئارکیتایپ- زنجیرەیەک ئەزموونی بنەڕەتی مرۆڤ لە سەردەمی سەرەتاییدا لە نوێکەوە بە نوێیەکی دیکە وەک نائاگایی بەکەمەوە دەگوازرێنەوە و لە بەرهەمەکانی زۆرێک لە نووسەراندا بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەبڕن. نائاگایی بەکەمەوە ئاماژەیە بە کەمەڵک یادەوەری سەرەتایی کە هاوبەشن لەگەڵ هەموو مرۆڤەکان و لە قووڵایی (خوارەوە) هۆشیاری هەر تاکێکدا کەوتوون. بە بۆچوونی یۆنگ، ئاماژە بە "وێنەی سەرەتایی" دەکات کە وەک "پاشماوەی دەروونی" لە ژیانی باوباپیرانی کۆندا دووبارە دەبنەوە، لایەن نوسەرانیانەوە لە دۆخێکی "نائاگا"دا بە میراتیان گرتووە، و لە ئەفسانە و ئایین و خەیاڵی کۆسپیدا دەربەدراون، هەروەها لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا. ئاگر، ئاو، خەر، مانگ، ڕێنگەکان، دایک و باوکی گەورە و پیاوی دانا، ئارکیتایپی گەردوونین کە بە درێژایی مێژوو لە زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی هەموو کولتوورێکدا بە شێوازی جۆراوجۆر دووبارە بوونەوە.
ستراکتەرالیزم: بریتییە لە کەمەڵک پێکهاتەی پێوەندیی زۆر ئەبستراکت (واتە ئەو پێکهاتانەی کە دژایەتی یەکترن و لە هەمان کاتدا بەستراوەتەوە بە یەکەوە) کە لە پێوەندییە کەمایەتییەکان (ئەفسانە و ئەفسانە) و هەماگرایی لێژیکیدا دەربەدراون. (بە دەزینەوەی پێوەندی نێوانیان و دیاریکردنی ئەو مانایەی کە لە ڕێگەی ئەو پێکهاتەوە سەرهەڵدەدات) ئاماژەیە بە ئەو ڕووتە کولتووریەی کە شیکارییەکە هەوڵدەدات بەکاری بهێنێت. یان ئەگەر

بۆ سادەییتر باسی بکەین، بونیادگرایی پێی وایە سروشتی هەر توخمێک لە بارودۆخێکی دیاریکراودا خێرا لە خێدا گرنگ نییە، بەڵکو گرنگییەکەی لەلایەن توخمەکانی دیکەی ئەو بارودۆخەوە دیاری دەکرێت. هەر شتێک تەنیا کاتێک مانا و گرنگی هەیە کە لە پێکهاتەیەکدا جێگیر بکرێت کە بەشێکە لێی. ستراکتۆریستەکان پێیان وایە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ بنیات نراوە نەک سروشتی یان "جەوهەری". وەک میتۆدێکی شیکاری کە لەسەر بنەمای نەخشی بیرکۆ و کردارەکانی دووبارەبووەوە لە ئۆدیبدا دامەزراوە، ئەم هێوتە سەرنج دەخاتە سەر ئاشکراکردنی "پێکهاتەی قووڵ"ی پشت هووکاری دەقێک. ئەم پێکهاتەیە لە ڕاستیدا لە زنجیرەیەک فاکتەری بە کۆمەڵایەتی و ترانسمۆژوویی و ناکۆک پێکدێت و ئەو بەرهەمە ئۆدیپییەی لە پێیوندییەکەیەوە سەرهەڵدەدات لە کۆتاییدا سەر بە یەک "کۆمەڵایەتی" سوبژێکتیڤی تاکەکەسی نییە، بەڵکو وەڵامی ئەم سیستەمەیە بە کارکردی ئەو کارە تاک لە سەردەمێکی جیاوازدا.

هەردوو هێوتی تیۆری سەرەوە دژە سوبژێکتیڤیەت (دژی سوژەی مرۆڤ وەک بوونێکی تاکی سەربەخۆ و ئیرادەی ئازاد) وەک ئامرازێک بۆ پێکهاتە و مۆدێلە سەرتاییەکانی سروشتێکی بەکەس و زاڵ (واتە لە دەرەوەی مۆژووی تاک و مۆژوو بگشتی).چالاکە بۆیە بۆ ئەوان مانادار نییە کە مرۆستی نووسەر- شاعیر لە هەڵخنەی ئۆدیپی و قبوڵکردنی جوانیناسیی خوێنەردا بزانن؛ بەڵکو گرنگییەکی تایبەت دەدەن بەوەی کە کام نەخش و پێکهاتە لە کارەکەدا نوێنەرایەتی دەکرێت کە تێیدا دووبارەکردنەوە و گۆڕانکاری گونجاو ئەنجام دەدرێت. بەم مانایە ئەو بیرکۆیەی کە لە کارەکەدا دەبۆ پێشبڕێت، تەنیا لە گۆڕانکارییە جەراوجۆرەکانی پێکهاتەی ناوخۆیی و مۆدێلی سەرتاییەوە دەتوانێت بێت. (بۆ نموونە لە ئۆدیپ) بوون بە فاکتەرێکی دیاریکەر و سەرچاوە لە چالاکی داهێنەرانەی ئۆدیپیدا ئەم دەرئەنجامانەی هەیە: جیهانی دەروونی سوژە و مۆژووکەی، واتە چۆن لە چ قۆناغێکدا ژیاوە، لە بنەڕەتدا، کاریگەری لەسەر دروستبوونی بەرهەمێکی ئۆدیپی نییە؛ جەڕ سەرتاییەکان و مۆدێلە بنەڕەتییەکان، کە زاڵن و بۆ هەیەوە هەمیشەیی بن، بنەمای ناوەوەی دروستکردنی بەرهەمەکەن. بۆ پێیەی ئۆدیپ وەک ئامرازێک بۆ خۆبەدیهێنانی ئەم جەڕ و مۆدێلانە سەیر دەکرێت، دروستکردنی ئۆدیپی تەنیا پێیوستە بەوەی کە نووسەران بە شێوەیەکی نائاگا گرنگیدان بە دەربڕینی مۆدێل و پێکهاتە سەرتاییەکان، کە لە سروشتدا بە کۆمەڵایەتین و زۆر تۆقلیدین، وازهێنان لە ئیرادەی کەسی خۆیان . واتە ئۆدیپ وەک نەریتێک لە ڕابردوو تەنیا پێناسەیەت، بەڵکو بە گۆڕانەوەی نائاگایانە بێی، لە سۆنگەی تاکایەتی سنووورداری خۆی

بەدەست دەهێنێت: ئەدەب نەریت دروست ناکات، بەڵکو ئەدەبی نەریتی دروست دەکات.
سەبارەت بە شێوازی دەربڕین، دەتوانرێت شێوازەکانی دەربڕین لە دراما و کارەساتەکانی یۆنانیدا لە تراژیدیاکانی شکسپیر و شانۆنامەکانی سامۆل بێکێت و تەنانەت شانۆنامەکانی هارۆلد پینتەر بدەزرێتەوە. پێکهاتەی تاکادیەک ماکرۆ و گرژی بوونی دراماکان، تێکەڵبوونی پێکهاتەی سێ هێهەندی کات و فەزای سێ هێهەندی لە گێڕانەوەکەدا، و گێڕان بەدوای تێپەڕاندنی ڕێح و سنووردارکردنی جەستەیی لە جەستەدا کە لەسەر قەناغەکە هێشتاوەک بنەڕەتیترین فاکتەری فۆرم لە دراماتەرژیدا دادنرێت. سەبارەت بە شیعر، زۆرێک لە دەربڕینەکانی ڤێرجیل لە شیعرەکانی کۆلێریج و وەردسوۆرسدا دەبینرێت. ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و ئەدەبی هێژهێات بکەین، کە سەرچاوەی ئەدەبی ئەوروپی نییە، دەبینرێت کە ئامرازی هونەری دەربڕینی چالاکی و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ – واتە بە مانایەکی فراوان، کەمەڵێک دەربڕینی وەک تەمسیل، ئێنیمەیشن، و وەسف – لە دەرزەمانەوە بەکارهێنراون. لە چیرۆکگێڕانیشدا هەمان شتە و بەگشتی هێی پێناسەکاری میتەدە نەریتییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخدا زۆحمەت نییە.
بەهام پێیوەندی فەلسەفە لەگەڵ نەریتدا تایبەت و جیاوازە لە پەیوەندی زانست. بە مانایەکی دیاریکراو دەتوانین بڵێین تەواوی فەلسەفەی هێژاوا زنجیرەیەک لەکدانەوەی بەرهەمەکانی ئەفلاتون، ئەم بۆچوونە وا گریمانە دەکات کە هەموو ئەو بەرهەمە فەلسەفیانەی کە دوای فەلسەفەی ئەفلاتون دێن لە بنەڕەتدا دەرئەنجامی بیرکردنەوەن لەسەر بنەمای چەمک و ئایدیا فەلسەفیەکانی ئەفلاتون و بە شێوازی جەراوجەر بەستنەوەیان. بەهام گەمژەکردن لەسەر دەرئەنجامە تیەریەکانی ئەو جەرە بۆچوونە دەرئەنجامی ڕەژەگرایین. بەهام ئەوەندە زۆحمەت نییە دەرئەنجامە تیەریەکانی ئەم جەرە بۆچوونە بە خەیاڵدا بهێنین: ئەگەر فەلسەفەی ئەفلاتون وەک سەرچاوەیەک هەموو ئەگەرەکانی ئەو فەلسەفەیەی لەخۆ بگرێت کە دوایی دێت، ئەوا هیچ داهێنانێکی ڕیشەیی لە فەلسەفەدا نامێنێت؛ ئەوەی دەیهێت، دووبارەکردنەوەیەکی کەمەک جیاوازە لەوەی کە پێشتر لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا وتراوە. لەڕاوە ئەو فەلسەفەیەی دوای ئەفلاتون سەری هەڵدا لە بنەڕەتدا دووبارەکردنەوەی ئەفلاتون. بەیە ئەو فەلسەفەیەی دوای ئەفلاتون دروست بووە لە بنەڕەتدا هەڵنگدانەوەی فەلسەفەی ئەفلاتون. لە فەلسەفەدا هەزك هەیە کە پێشکەوتنە مەژووییەکەی دیاری دەکات و دەکرێت ناوی بنرێت نەریت. بەیە فەلسەفە بە تەواوکردنی پەداویستییەکانی گەشەندنی ناوخۆیی خۆی چاو لە

داهاتوو ناکات، بەڵکو لە خۆیدا جۆرێکە لە ڕوانگەیەکی تایبەت بە ژیان و لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی دەستەواژەوە. بەو پێیەی داهێنان لە فەلسەفەدا پێشتر لە ڕێگەی دروست بووە، لە داهاتوودا هیچ داهێنانێک بە فەلسەفە نییە. تا فەلسەفە لە داهاتوو نزیکتر بێتەوە، زیاتر دەگۆڕێتەوە بۆ ئابردووی دیاردەی دواکەوتووی ڕێگە لە فەلسەفەدا.
بۆ گەیشتن بە ئەدەب، سەرەتا دەبێ بڕوا بەوە بهێنین کە هیچ مەیلێکی ناوەکی نییە بۆ باشتربوون بەرەو داهاتوو؛ ناکرێ بڕوا بهێنین بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە گەشە دەکات. هەرگیز هەندێک بڕوا ئامانجێکی ئایدیاڵ هەیە کە لە مێژووەوە لە ئەدەبدا بەدواداچوونی بۆ کراوە: جوانی، بە پێی ئەم بۆچوونە، ئەدەبیش وەک گیان بەدوای حەقیقەتی فەلسەفیدا لە چوارچێوەی مەعریفە و عەقڵی مرۆڤدا، بەدوای سروشتی ناوەوەی جوانیدا دەگەڕێت وەک یەک چالاکیی جوانیناسی لە چوارچێوەی خەیاڵی مرۆڤدا، دەکرێت. لێرەدا تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی جوانی دەخەینەروو کە مێژوو تەدەپڕێنن – واتە ڕەخستنی هاوئاهەنگ، خۆشی، هەستی ئارەزوو بەرامبەر بە ژیان، بیرکردنەوە لە یەکەیزی لەگەڵ سروشت، دەربڕینی ڕۆحی زاڵ و پرسیی کەکردنەوەی سروشت و هتد، کە ئێگەر هەمیشەیەکانن لە سەرهەڵدانی ئەدەب. ئێگەر فەلسەفە بەرهەمی گۆڕینی فۆرمی بیرکەکان بێت کە سەر بە ڕێزیتی ئەفلاتون1 دا ئێگەر لەی بەوانین، دەکرێت لەبەرچاو بگیرێت کە ئەدەبیات بەرهەمی ئەزموون و هەست و هەستی بنەڕەتی مرۆڤ، وەک ترس، غرور، دڵەڕاوکێ، شەرمەزاری و خۆشی و تادوای، کە بە شێوەی جەراوجەر دەربەدراوە.
بەڵام حەقیقەت و جوانی سەر بە دوو فەرمانی جیاوازن. ئێگەر حەقیقەت یەکەیەکی ستانداردی وردبینی بێت بە تەکنیکبوونی مرۆڤ بە جیهانەوە، جوانی ئاماژەیە بە هەستیاری مەجازی (شێوە)ی مرۆڤ لە هەستکردن بە خۆی و هەستکردن بە جیهاندا. گیانی مرۆڤ بە جوانی بەدوای بەدیهێنانی پێشکەوتنخوازانەدا نییە بە هەندێک ئامانجی دیاریکراو لە داهاتوودا، بەڵکو بەدوای دەربڕینی سروشتی ناوەوەی خۆیدا دەگەڕێت وەک ڕێزیتکی دەرین وەک ئێگەرێکی بنەڕەتی. ئەدەبیات ئاماژەیە بە دەربڕینی هەست و هەست و سۆز سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بە مێژوویەکی زاڵەوە بەپێی پەداویستییە ناوخۆییەکانی جوانی.
شاعیری بەناوبانگ تەماس ئێلیەت لە وتارێکیدا "ڕێزیت و بەهرەی تاکەکەسی، دەڵێت: شاعیر هیچ خودێکی نییە بە دەربڕینی، بەڵکو ئامرازێکی تایبەتە بە تێکەڵکردنی کاریگەری و ئەزموونەکان بە شێوازی ناوازە و چاوەڕوانکراو2. لەم وتارەدا دژایەتی لیبرالیزم

و ڕۆمانتیزم و تاکگەرایی ئابووری دەکات، کە کارکردی تاک بەرەوپێش دەبەن، داواش دەکات تاک ملکەچی نەزمێکی بە کۆسایەتی بێت. بە دڵنیاییەوە ئەم فەرمانڕەوایەتیکی زۆر دەسەڵاتدارە. ئەو پێی وایە بەرهەمی ئەدەبی گەورە بە هەر جۆرێک بێت لە ڕووگەی میدیای شاعیرەوە لە فەرمێکی نوێدا لە ئەزموونە بنەڕەتییە زۆر دەرینەکانی نەریت دروست دەبێت. ئەگەر شاعیر و بەهرەی تاکەکەسی بە پریزمێک بچوێنین، نەریت ئەو ڕووناکییەیە کە تێیدا تەدەپەڕێت و بەرهەمەکەش دەرکەوتنی ئەو لە فەزایەکی دیاریکراودا بە فەرمێک کە لە ڕەنگی جۆراوجۆر پێکهاتووە. کەواتە ئەوە هەستی تاکێک نییە کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەردەبڕدرێت، بەڵکو ئەو هەستانەی کە پێشتر لە نەریتەکەدا هەن وەک جۆرێک لە "تزاڵەیی" ترانس مۆژوویی لە ڕووگەی تاکەکەوە خۆیان دەردەبڕن. بۆیە لە چاوی ئێلیەتدا بەهرە ئاماژەیە بە توانای تاک بە وازهێنان لە شوناسی خۆی و تێرخانکردنی سەرنجی تەواوی خۆی بە کەبوونەوەیەکی نوێی هەستی بە کۆسایەتی. تا شاعیر واز لە تاکایەتی خۆی بهێنێت، زیاتر لە نەزمی بە کۆسایەتی نزیک دەبێتەوە، دەربڕینەکەی شلتر و ناوازەتر دەبێت.

لە باسەکانی پێشووی پەیوەندیی ئەدەب بە نەریتەوە، وەک ڕۆخنەی ئارکیتایپ، بنیاتنانیزم و بۆچوونەکانی ئێلیەت لەسەر شیعر، هەوڵە کە بەرهەمێک بەرهەمی چالاکی هۆشیاری هزری و سازداری تاک نووسەر نییە، بەڵکو هەردووکیانە پێش، باڵاتر لە، و خۆی مەدلەلێکی بنەڕەتی و فەرمەکانی دەربڕینی جۆراوجۆری ئەو نەریتانەی کە پێکهاتەکانیان بەرهەم هێناوە. لاوازبوونی ڕووی ئیرادەی تاک لە بەرهەمەکەدا بە ناچاری گورزێکی کوشندە دەداتە تەوانینی بەرهەمەکە وەک بەرهەمی دەربڕینی ئامانجێکی دیاریکراوی ئەدەب دەبێتە میدیەمێک بۆ دەربڕینی نەریت.
لایەنەکانی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە هەن کە دەمانباتە سەر لێکدانەوە. واتە تەوانینی رادیکاڵ بە ئافراندنی ئەدەبی وەک بەرهەمی نائاگایی و سەرپێچیکارانەی دیاریکردنی زنجیرەیەک پرسەی بە کۆسایەتی لەدەرەوەی مۆژوو، نەک هەر ڕووی ئەدەب لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا کەم دەکاتەوە، بەڵکو دواجار لە بەرهەمی خۆی دوری دەکات. دیکتە و کۆنتڕۆڵکانی نەریت هیچ بوارێک بە بەهرەی تاکەکەسی ناهێنەوە، چ هۆشیار بێت یان نائاگا، بە بکارهێنانی تواناکانی. هەروەک چۆن لە ئابردووەدا خزمەتێک بەرهەمەکەیان بە وەڵامێک بە دەربڕینی جەماوەریی بەهرەی تاک و ڕەنگدانەوەی واقیع

لە ڕۆگەی ئەدەبەوە دەزانی، ئەو دەستپێشخەریانەی سەرەوەش بەرهەمی ئەدەبی بە بەرهەمی خەدەربینی هەزە نائاگا و خەپڕستەکان لە دەرەوەی پانتایی دەزانن لە نیەتی تاکەکەسی. لە کاتێکدا یەکەمیان پڕە بەو بۆچوونە دەدات کە مەبەستی نووسەر ئامرازی دەربڕینە، دووەمیان پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات کە نڕیت بەرهەمی کۆچی دوایی نووسەرە. خاڵی کەبووندەوەی هەردوو بۆچوونەکە ئەم کێشەیەی خوارەوەیە، واتە چۆن نووسەر لە بەرهەمی ئەدەبیدا شوێنکی دیاریکراو بە خەی دروست دەکات و بەو هەیەوە هەوە دەدات بەرهەمەکە بکاتە خاوەندارێتی هزری کەسی بە دەربڕینی تاکایەتی خەی.
با لە چیرۆکی "فرانز کافکا و کەسانی پێش خەی"ی بەرخەسەوە دەست پێ بکەین. نووسەر لەم چیرۆکەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئابردوو ئابردوو دروست دەکات نەک ئەستا. ئەو بە پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەی نڕیت، دەڵێ: بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەمڕۆ بە تەواوی شەوازی هەستکردن و خوێندنەوە و لێکدانەوەی بەرهەمەکانی ئابردوو دەگۆڕێت. بە نموونە "قەڵا"ی کافکا ڕۆشنایی نوێ دەخاتە سەر ئەو شیعرانەی ڕۆبەرت براونینگ کە پشتر لێبیرکراون. بە بەرژەوەندییەکی نوێوە دەیخوێنەوە دەستمان هانمان دەدات بە خوێندنەوە. بە بەوای بەرخەس، نڕیت شتێک نییە کە بە تەواوی مردوو بێت، یان بە ڕۆهایی کۆنترۆڵی ئەستا بکات، بەڵکو ئۆگڕێکە کە ئەستا دەیدزێتەوە.
بۆچوونەکەی بەرخەس لایەنگری دەخەشکێری هەیە: ئەو نڕیت وەک پرسەیەکی دینامیکی دەبینێت کە بەستراوەتەوە بە ئەستاوە. بە بەوای ئەمە نڕیت لە ئەدەبدا تەنیا هەزێکی پشوەختە دیاریکەری ئەستا و داهاتوو نییە، بەڵکو ئۆگڕێکە کە دەتوانرێت لە لایەن ئەستاوە بدزرێتەوە و پشتاستی بکاتەوە. بە واتایەکی تر پێوەندییەک لە نێوان نڕیت و ئەستادا هەیە و لەوەش زیاتر لە نێوان نڕیت و ئاڤانگارددا هەیە. وەک چۆن نڕیت ئەرکی پێناسەکردنی ئەستای هەیە لە ڕۆگەی مەدەل و پێکهاتەی تا ئادیەک بە کەسایەتی و ڕێکخستنی لە زەر ڕووەوە، بە هەمان شێوە ئەستاش ئەرکی کەکردنەوە و ڕێکخستنەوەی نڕیتی هەیە. واتە وەک چۆن نڕیت بە ئەو بنەمای بوونی خەی لەدەست دەدات، نڕیتیش بە ئەو مانای خەی لەدەست دەدات.
تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەر بەرهەمێکی ئابردوو پێویستی بە دیالێگ لە نێوان ئابردوو و ئەستا هەیە. هیچ بەرهەمێکی ئابردوو بە گشگیری تەناگات، بەڵکو لە پەوەندی لێگە بەرهەمکانی تردا تەدێگات. هەر پارچەیەک دەتوانرێت بە دەنگێکی نامە ناوزەد بکرێت. بوون و نیگرانییەکانی ئەستامان دەخاتە ژەر پرسیارەوە؛ لە هەمان

کاتدا لە بارودۆخی مێژوویی تایبەت کە تێیدا دەژین پرسیاری لە دەکەین. کێواتە، لە لایەکەوە دەتوانرێت ئەم کارە لە مێژووی خۆیدا بخرێتە ژێر پرسیارەوە. کێواتە، لە لایەکەوە ئاگەر ئەم بارەمە بە مێژووی خۆی هەوون بکرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە ئاگەر لە هوانگەی مێژوویی ئەمەوە هەووی داهێنرانێە . زۆرجار مرۆڤکان بە شێوەیکی جیاواز لێیان تێدەگەن و چینە نوێکانی مانا لەناویاندا چێسپاو دەبن. لە هەمان کاتدا تێگەیشتن لە هەر بارەمێک لە تێگەیشتن لە پێوەندییەکی لەگەڵ بارەمەکانی تردا ناتوانرێت جیا بکرێتەوە. بۆیە دەتوانرێت لە چوارچێوەی پێوەندییەکی لەگەڵ بارەمەکانی دیکەدا تێبگەین کە سەر بە بارەمانەن. بنەمای ئەم بۆچوونە ئەوێە کە بارەمەکانی هابردوو و بارەمەکانی ئێستا ئاوێنەن کە هەنگدانەوەی یەکترن.
ئێستا تەنیا لە هەگەی هابردووەوە دەتوانرێت تێبگەین و بەم شێوەیە پرسەی درێژبوونەوەی هابردوو بە ئێستا زیاتر دیارە؛ وە هابردوو لەلایەن خاڵی تایبەتی ئەمەوە لە ئێستادا دەدزرێتەوە و کەدکرێتەوە. لێرەدا نەریتکی داخراو نییە، بەڵکو نەریتکی کراوەیە. ئەو فەزایە بیانییەکانی نەریت کە ئێستا نەناسراون، لە قووڵایی مێژوودا شاراوە یان سەرکوتکراو بوونیان هەیە و پێویستیان بە دەزینەوە هەیە لەلایەن داهاتوو "ئێستا".

چۆن دەتوانین لە داهێنانی ئەدەبی تێبگەین ئاگەر نەریت جارێکی دیکە ئێستا دیاری نەکاتەوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە هەشتا لەووی پێوەندیی ئەمەوە لەگەڵ نەریتی ئەدەبیدا دەتوانین تێبگەین. لە پراکتیکی ئەدەبی زۆرێک لە نووسەرانەوە هوونە کە نەریت بە ئەوان نوێنرایەتی هەوتێکی سەرکی دەکات کە یان پێویستی بە گەڕانکاری هەیە یان بە میرات. پێشەنگەکان بە توندی پێیان وایە کە سەرنجیان لەسەر خاڵە هەشتا چارەسەرنەکراوەکان یان پشتگوێخراوەکانی ناو نەریتکە چەدەکەنەوە، و بانگەشە بە دروستکردنی هەوتێکی نوێ دەکەن لە ئەدەبدا کە نامێە بە نەریتکە یان تەدەپەڕێنێت. لە بەرامبەردا ئەم دووەمیان دان بە دەسەاتی نەریتدا دەنێت و بە تەواوی ملکەچی هەنمایەکانی دەبن. بیرکەی داهێنانی ئەدەبی و چاکسازیی یەکەمیان مانایەکی ناوازەیان هەیە و ئەمش تەنیا ئاماژە نییە بە کردەی پەداچوونەوە بە نەریتکەدا؛ بەڵکو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن بە قووڵتر تێپەڕێنن، بە دووبارە

پەناسەکردنەوەی نەریت (یان سەرەتا کورتی بکەنەوە بۆ لایەنگرییەکی زۆر تەسک، دواتر ئاماژە بۆ کەموکوڕییەکانی بکەن و ڕەگەزێکی نوێ بۆ گۆڕینی پێشنیار بکەن). تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەم وتەیە ئەوەیە کە نووسەران لە ڕەگەزی تەوانینەکی پێشوەختە بۆ نەریتەوە هەوە دەدەن دەنگی کەسی و سەربەخۆی خۆیان بدزنەوە. لە ئەنجامدا نووسەرانی ئەم جۆرە بیرکردنەوە لە واقیعەوە (واتە ئەو واقیعەی کە بەستراوەتەوە بە نەریتەوە، بۆیە تاکایەتییەکان بە گشتی ناسەرەتەوە) بۆ ئینکاری نەریتەکە (شاراوە)، بەدوای شوێنکەدا دەگەڕێن بۆ خۆیان، و تاقیکردنەوەی خۆیان باشترینە بۆ ئەوەی تاکایەتی لەناو تەکانی نەریتەکەدا تەمومژاوی نەکرێت. لە خوارەوە کورتەیەک لە بەچوونی دژە ئەدەبییەکان، ڤەرجینیا وولف و ئەلی گۆبی-گای، لەسەر نەریت لە وتارێکی بەناوبانگی "گەڕانەوەی سەردەمی مەدەرن"دا دەخەینەروو. بە وتەی ئەو، چیرۆکگەران بە هێنانی داهێنان بۆ نەریت پەرەدەستێنێت. و هۆشیاریش هەروابێنما تیۆرییەکانی نەسینی نەسراو ڕوون دەکاتەوە و بە یەکەمجار شۆڕش داهێنانە تەکنیکییە هونەرییەکانی یولیسسی جەیمس جۆیس کە نوێنەری دیار و بەرچاوی ئەم بزووتنەوەیە بووە، دەگرێتەوە. بە گوێرەی وولف زۆربەی نووسەرانی نەریتی "...ماتریالیستن کە لەسەر شتە ناگرنگەکان دەنووسن. واتە بۆشکی زۆر لە لەهاتوویی و وزەی خۆیان لە هەوەدان بە ئەوەی شتە بە بنەما و ڕاگوزەرەکان وەک شتەکی ڕاستەقینە و بەردەوام دەربکەون، خەرج دەکەن"3 بە وتەی ئەو، جەیمس سەر بە ڕەحانیستی دژە ماتریالیست بووە، نووسەرەکە کە هەموو هەوڵەکی خەی خستووەتەگەڕ بە کردنەوەی "ئەو پریشکە ناوکیانەی کە پەیامەکانیان لە ڕەگەزی مشکی مرۆڤەوە دەنێرن". خەمی ڕەحانیەکان ئەوەیە کە تا دەتوانن تەقلیدی جیهانی دەرەکی بکەن، بەڵکو گوزارشت لە پرسەی "ژانی هۆشیاری"ی کاریگەری و هەست و بیرکردنەوەکانە کە واقیعین. بۆیە ئەو نەسەیەی کە ئەو و جەیمس جۆختی لەسەر دەکەنەوە، لە بنەڕەتدا جیاوازە لە نەسینی تەقلیدی کە لەسەر بنەمای دیدگای ماتریالیزمە.

ڕەنگە هەستی بەرفراوانی نەریتی ئالە گۆبە-گفی بەراورد بکرێت بە هەستی وولف. ئامانجی بنەڕەتی ئەو لە نەریتدا، بەدواداچوونە بۆ ئەگەری شکاندنی ئەو نەریتەی کە نەوەی پێشووی نووسەرانی وەک بالزاک دروستی کردووە و جۆرێکی نوێ لە کولتوری نەسراو دروست بکات کە سەر بە داهاتوو بێت. بە بۆای ئەو، بەدواداچوون بۆ ئەدەبیاتی بەرژوازی کە نووسەرانی وەک بالزاک نوێنەرایەتی دەکرێت، شیکاری دەروونییە، کە دەتوانرێت بە "توژینەوەی حەماسەت" ناوببرێت. ئەو بە توندی ڕەخنە لەو هەوڵە دەگرێت کە لە بەرهەمەکانی نووسەرانی

وەک بالزاکدا هاتووە: "بە نوقمبوون لە قووڵایی خولیای مرۆڤکان" بە "هەنانە جیهانێک کە چاوەڕوانی (دنیایە) پێیامی سەرکەوتووی نهێنییەکان کە ئاستەوخۆ لەلایەن کەسی خۆیەوە بەدەستەوێ". دەستکان." شتێک نییە بە ناوی ئەفسانەی شاراوە و نهێنی شتکان. بە بۆای ئەو، بە تەواوی هەڵەیە کە ئەدەبیاتی پێشووتر گوزارشت لە "ڕۆحی شاراوەی شتکان" بکات و بەو هەیوە وێنەی جیهانی داگیرکراو بگوازێتەوە بۆ کەمەڵگا بە وشە.، ئەوان ئەبژێکن کە سەربەخۆ لە ئیرادە و خووکانمان و پەلەنکردنمان بوونیان هەیە، ئەوەی کە نەسەی داهاتوو دەبێت دەریببڕێت، وەسفکردنی ئەم شتانە لە دەخ و ڕەفتاری ڕەسەنی خۆیاندا، دروستکردنی وێنەی خۆیان. بە شێوەیەکی سروشتی، پێیوەندی بە کردنی ئاوەدانکردنەوە هەیە.
مامەڵەکردن لەگەڵ نەریت لەلایەن ئەو دوو نووسەرەی سەرەوە، کە لە نەسینی سەدەی بیستەمی ڕەژئاوادا زۆر گرنگن و ئەزموونی زۆر بەنرخیان لە ئەدەبدا هەیە، مەیلەکی زیشێیی هەیە. بە بۆای وەڕف، نەریتەکە لەسەر بنەمای ماتریالیزمە، و بەم شێوەیە دەربەینی جیهانی دەروونی ڕۆحی مرۆڤ و گەڵانکاریییە جەراوجەرەکانی پشتگوە دەخات. لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەستا و ئابردوو لەسەر ململانێیەکی ئاشت نەکراوەی نێوان ماتریالیزم و ڕۆحانیەت بنیات نراوە. واقیعی ڕاستەقینە ئەو دیاردەیە نییە کە دەیبینین، بەڵکو هەشیارییەکی بەئارامانە دەگەڕێت، چونکە هەر واقیعەکە هەرچییەك بێت، ئەو واقیعەی مرۆڤ دەتوانێت لە ڕەگەی هەشیارییەوە هەستی پێبکات و بزانێت و کار بکات، تەنیا چالاکییەکانی هەشیارییەتی. جیهانی دەرەوەی هەشیاری مرۆڤ هەمیشە جێی متمانە و ناگرنگ، چونکە پێیوەندی بە سروشتی ناوەوەی مرۆڤەوە نییە.
بەچوونی ئالە غەب-گفی تەواو پێچەوانەکەیە، بە بۆای ئەو جیهانی دەرەکی سەبەر یان دەرەکیکردن نییە لە واقیعی ناوەوەی مرۆڤ، بەڵکو بوونێکی خەبژوێ. جیهان ملکەچی ئیرادەی مرۆڤ نییە و بیرکردنەوە و چەمکە زانستییەکانی مرۆڤ لە واقیعدا بەتوانان لە ناسینی. شتکان لە جیهاندا ڕەفتار و پێیوەندییەکی ناوازەیان هەیە. ئەوەی نووسەر دەبە بیکات ئەوەیە کە لە ڕوانگەیەکی بابەتییەوە چاودێری ئەم بارودۆخانە بکات و تەماری بکات. هەڵەی نەریتخوازەکان، واتە کەمەڵەک نووسەری وەک بالزاک، ئەوەیە کە ئەوان وەهمکیان هەیە کە جیهانێکی ناڕەک و پڕکەی سروشتی بە هەنانەدی ڕەکوپڕکی بێ، ملکەچ بکەن؛ لە ئەنجامدا دۆخی ڕەسەنی جیهانی شێواند و وەک ئامرازێک بە دەربەینی جیهانی ڕۆحی مرۆڤ بەکاری هێنا.
کام لەم دوو بۆچوونەی سەرەوە دەبە قبوڵ بکەین؟ کام ڕوانگە

زانیاری وردترمان پەدەبەخشێت دەربارەی واقیع و نەریت؟ بنەمای تیۆری ئەو بەچوونانەی کە ئەو دوو نووسەرە بەرەوپێش دەبەن، لە ڕاستیدا درێژەی مشتومڕی نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمە، کە ماوەی دوو هەزار ساڵە لە فەلسەفەدا چارەسەر نەکراوە. ئایا یەکێک لەم دوو نووسەرەی سەرەوە لە بەچوونەکەی تر باترە یان مەعقولترە، لە بنەڕەتدا بەندە بەوەوە کە ئێمە بە ئاشکرایان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چ جۆرە کۆشێک پێشگریمانە دەکەین. بەڵام ئامانجمان لێرەدا ئەوەیە کە سەرنجمان لە بنەڕەتدا لەسەر چۆنیەتی لێکدانەوەی نەریتەکە چۆ بکەینەوە.
بنەمای هەردوو ڕەخنەی وەڵف و گەڕ-گفی لە نەریت بە لایەن نین کە بە ئاسانی لە سەرنجی خوێنەر بزگاریان بێت. بەڵام ئێمە لایەنگریەکی زۆر ڕەخنەگرانەیە و لایەنگریەکی ئەرێنی بەهێزە. چونکە پێشینەکانیان و تەنانەت تەواوی نەریتی ئەدەبیش بە یەکجار سەر بە پرسی ماتریالیزم یان ئایدیالیزمن و بەم شێوەیە بەچوونەکانیان دەخەنە سەر ئەو پرسی کە نکۆڵی لێدەکەن.
تا ئێستا ئەدەب بە شێوازی جۆراوجۆر گوزارشت لە ماتریالیزم و ئایدیالیزم و ڕیالیزم و ترانسێندێنتالیزمی کردووە، چونکە شێوازی ناسینی مرۆڤەکان و جیهان هەمەچەشنن و دەتوانرێت بڵێین ئەمانە لە چەمکە جیاوازەکاندا لە ڕەوتەکانی سەرەوەدا ڕەنگ دەدەنەوە. بەیە نەریت وەک درێژەپێدەری ڕەسەنی سیستەمی مۆزوویی ناسینی مرۆڤ بە جیهان و خۆی، لە خۆیدا کۆشێ جۆراوجۆرەکانی ناسینی جیهان و میتەدەکانیان دەپارێزێت. هەروەک چۆن ئارکیتایپەکان و مۆدێلە cross-structuralەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژیانی تاک کەدەکەنەوە، بە هەمان شێوە کۆشێ جۆراوجۆرەکانی نەریت بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەرهەمەکانی نووسەراندا خۆیان دەردەخەن. بەیە ئەوەی لێرەدا وەڵف و گەڕ-گوی دەیکەن تەنیا نکۆڵیکردنێ لە فرە ئۆگاری نەریت، ڕادیکاڵکردنی یەکێکیان و بە هەیەوە گرێشتن بە ئۆگاری دەربڕینی خۆی و بیرکەکانی مرۆڤ. ئەو سەروویی ڕەحانیەت کە وەڵف جۆختی لەسەر دەکاتەوە، لە ئێستاوە لە نەریتەکەدا ئامادەیە- چ فەلسەفی و چ ئەدەبی- بەڵام ئەوە وەڵفە کە تووندڕەوی کردووە و بەم شێوەیە ناچاری کردووین کە سەرلەنوێ سەیری پەیوەندی نێوان ڕەحانیەت و ماتریالیزم لە نەریتەکەدا بکەینەوە. بەم کارە نەریتەکەی کەکردەوە. بەڵام گرنگترین بڕش لە ڕەخنەکانی ئەو خاڵەی سەرەوە نیە، بەڵکو نکۆڵیکردنە لە بڕشە بە کۆسایەتیەکەی نەریتەکە بە ئەوەی بوار بە دەربڕینی خۆی بکاتەوە. بە گرێشتن بەم ئامانجە دوو شێوازیان بەکارهێناوە: لایەنگری ئەرێنی و رادیکالیزم. واتە نەریتەکەیان بە بەرتەسککردنەوەی بە پرسێک یان مەیلێکی

دیاریکراو ەتکردەو و لە هەمان کاتدا ئەو پرسە "نوێیە"یان دووپاتکردەو کە لە ڕوانگەیەکی ئایدیکاڵەو لە بەرژەوەندییان بوو. ئەمش وا دەکات بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەو کە لە پەرەسەندنی بابەتەکەماندا هاتە ئاراوە و بەرەو لەکۆتاییەکەمان برد: چۆن تاکایەتی و داهێنەری نووسەر لە بەرهەمەکەدا دەردەکەوێت؟ ئایدیکالیزم و پێشوەختە زانین ڕێگایەکن بۆ دەربڕینی تاکایەتی و داهێنەری مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ نەریت و لەناو نەریتدا. ئەرزووی دەربڕینی تاکایەتی و خۆقاندنی داهێنان لە ئاڤانگاردی ئەدەبیدا فەرمی رادیکالی خۆی دەبینێتەوە.
ئاڤانگارد لە ئەدەبدا دووپاتکردنەوەی ڕیشەیی ئەو توخمانەیە کە لە نەریتدا پشتگوێ خراون، لەبیرکراون، یان سەرکوت کراون، واتە لەکدانەوەیەکی نوێ بۆ نەریتەکە.
ئاڤانگارد نکۆییەکی تەواو نییە لە نەریت، بەڵکو ڕوونی و بەرجەستەکردن و پێشکەشکردنی زیاتری. لە قووڵتردا، سروشتییە کە ئەستا نەریتی ئاڤانگارد و بۆ کۆمەڵایەتی و پێکهاتە زەرە ئۆگەریەکانی بۆ خواستی تاک بۆ دەنگێکی سەربەخۆ کەدەکرێنەوە. لەڕەدا داهێنانی ئاڤانگارد، دووبارە نووسینەوەیەکی یەکلایەنە و ڕیشەیانەی نەریتە. ئامانجی ئاڤانگارد ناساندنی بیرکەی نوێ نییە، بەڵکو مەبەستی لەکدانەوەی نەریتە بۆ شێوازێکی نوێ. کاتێک دەڵێین ئەدەب پەرەدەسەنێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕوانگەی نەریتەکە بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەوە تەنها شتێکە.

نەریت دەسەڵاتی خۆی هەیە، نەک هەر بیروباوەڕ و داب و نەریت و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە ڕابردووەدا نیشان دەدات، بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئەستا هەیە.
بنەڕەتیترین توخم لە نەریتی ئەدەبیدا ئەوەیە کە ئارکیتایپ و مۆدێل و شێوازی دەربڕینی بۆ کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەرهەمی نووسەرانەوە خەیان دەردەخن. لەڕەدا ناکۆکییەک لە نێوان ئەدەبێکدا هەیە کە ئامادەیە و دەیەوێت خۆی بسەلمێنێت، و ناچارییەکی بۆ بانگەوازکردن بۆ نەریت. ملکەچبوونێکی یەکلایەنە بۆ نەریت، دەربڕینی تاکایەتی تاک دەکاتە کوفر، لە کاتێکدا ڕەتکردنەوەی تەواوەتی نەریت وا لە مرۆڤ دەکات بەهای ئازادی داهێنەرانەی تاک بخاتە ژێر پرسیارەوە. نووسەری بەناستی گەورە ئەو کەسەیە کە ڕێگەیەکی نوێ بۆ دەربازبوون لەم ململانێیە دەدۆزێتەوە. ئەوەی لە بەرهەمەکانیدا دەیبینین لەناوبردنی نەریت نییە، بەڵکو

دانانی نەریتە لە بەرامبەر نەریتدا فەمینیزم بریتییە لە دووبارە نووسینەوەی نەریت.
کردنی نەریتێکی تابردوو بەکام لە هەمان کاتدا ئەستا بە داهاتوویەکی ئۆگاری بە یارمەتی پشوختە، ڕێگای دروستکردنی ئەدەب و پراکتیکێکی نوێیە. بەیە بینینی داهاتوو لە نەریتەوە دەستکەوتی بنەڕەتیی ئاڤانگاردە. بەکام ئەمەش بە بەستنەوەی ئەو بەشانەی نەریت کە پێویستیان بە قەناغێکی مەژووییی دیاریکراو هەیە بە بەشکانی تری نەریتکەوە بەدەست دێت.
شێلی شاعیری ناودار باسی لەوە کرد کە تەنیا یەک شیعری گەورە هەیە، کە شاعیرانی جیاوازی سەردەمی جیاواز نووسیویانە. هەروەها تەنیا یەک نەریت هەیە، کە لەلایەن نووسەرە گەورەکانەوە دەنووسرێتەوە. هەموو بەرهەمە بەناوبانگەکان لەم نەریتەدا بەشدارن و لە ئێستادا و لە داهاتوودا دووبارە دەدەزرێتەوە.

_____

تێبینی:
1 لەم ڕووەوە فەیلەسوفی بەناوبانگی بەریتانی ئان وایت هەد پێی وایە پەرەسەندنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەرهەمی ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی ئەفلاتون.
2 تەماس ئەلیەت، نەریت و بەهرەی تاکەکەسی، (ئینگلیزی) لە وتارە هەڵبژێردراوەکانەوە، (هارکورت: چاپخانەی براس، 2193) ل.8
3 ڤەرجینیا وولف، وتارە هەڵبژێردراوەکان، بەرگی دووەم (ئینگلیزی) (عیبری: کتێبی کەن، 1966)، ل.129
4 Ale Ghobe-Gfie، "بە نەسینکی نوێ" (فەرانسی) (فارسی: De Minvi, 1963)، ل98.

دەبلاژ و زمان… بەختیار محەمەد

بە ڕەکەوت لە درامایەکی دەبلاژکراوی تورکی و لە کەناڵێکی ئاسمانیی کوردیدا گوێم لە بوو دەیانگوت: ((چایەکان ئامادە دەکەم… چایەکان ئامادە بوون…)). کە تا ئێستا لە هەموو مەژووی زمانی (ئاخاوتنی) کوردی گوێی لە بووە بگوترێ چایەکان و (چا) کە بکرێ؟ چا خۆی بۆە،

کەم و زۆر دەکرێ، بەڵام هەرگیز کێ ناکرێ.(1) ئەمە دەکرێ بڵێین: چایەکە زۆرە، کەمە؛ بەڵام قەت ناشێ بگوترێ چایەکان (مەبەستمان ئەوەیە کاتێك کە چا ساز دەکرێ و دەم دەکرێ و دەکوڵێندرێ، چونکە لە درامایەکە مەبەستی ئەوە بوو، نەك کارتێن و کیسە و فەردە چایەکان، کە لێرە دیارە ژمارە و ئامار دێنە گۆڕێ و دەشێ چا کێ بکرێ). لێرەش کێکردنەکە هی چایەکە نییە، بەڵکو هی کیسە و فەردە و کارتێنەکانە. لەمەوە ئەمە دەڵێین: ((کیسە چایەکان…، فەردە چایەکان…، کارتێنە چایەکان…))؛ دەشڵێین: ((پیاڵە چایەکان))، بەڵام قەت ناڵێین: ((چایەکان دەخەمەوە…، چایەکان دەخێنەوە…))… چا چونکە ناژەمردرێ، بۆیە کێ ناکرێ. ئەمە بۆ هەموو شتێك ڕاستە، کە وەك چا ناژەمردرێن؛ وەك: خوێ، لم، شەکر، ئارد… تاد.

مخابن! ئێستا زمانی کوردی لە دامودەزگا فەرمییەکاندا، نەزانەکان خاوەنین و ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کاری دەهێنن؛ بۆیە ئەوەی نەزان و نەخوێندەوارەکان (زۆربەی جار خوێندەواری نەخوێندەواری حزبیین) بە زمانی کوردی دەکەن، با بە دەواری شێی ناکا. ئەوەی جێی داخە، ئەم تەعەدایە و ئەم شێواندنەی زمانی کوردی لەسەر دەستی هەندێك نووسەر و ئەدیبی پێ بەرهەم و ناسراویش دەکرێن: ڕێمانووسی ناسراومان هەیە لە ڕێمانەکانیدا بەم زمانە خراپ و شێوە کوردییە قسە دەکا: ((گەرچی مەکتەبێکی زۆی نەخوێندووە…))؛(2) یان: ((… کەسێك لە باراندا بوەستێت و… هەروا لە بارانەکەدا لەسەر لێواری شێستەیەك وەستا بوو)).(3) چۆن دەبێ نووسەرێکی کورد بیت و نەزانی بڵێی: (گەرچی لە مەکتەبدا زۆری نەخوێندووە)، (لەبەر باراندا بوەستێت و … لەبەر بارانەکەدا وەستا بوو…)؟… لە ڕێمانەکانی بەختیاردا، هەڵەی زمانەوانیی لەم جۆرە یەکجار زۆرن.

_____

پەراوێزەکان:

1- ئەمە وەك ئەوە وایە بڵێی ئاوەکان دەخەمەوە، کە ئەمە ناشێ و ئەمە دەڵێین: ئاو دەخەمەوە، ئاو دەخێنەوە… ئاویش خۆی لە خۆیدا ناژەمردرێ، بۆیە کێ ناکرێتەوە. ئەمە دەڵێین: (ئاوی ڕووبارەکان…، ئاوی دەریاکان…، ئاوی دەبەکان…)، بەڵام قەت ناڵێین: (ئاوەکانی ڕووبار…، ئاوەکانی دەریا و ئاوەکانی دەبە… تاد).

2 – بەختیار عەلی، کەشتی فریشتەکان، کتێبی یەکەم، ل 67 – 68

3 – بەختیار عەلی، دەریاس و لاشەکان، ل 109

بەختیار محەمەد

رووماوا... سەردار جاف

سەاو هەنار گیان ...
لە کەنار قەتماغی بریندکەما ڕاکشاوم و دڵەوانمە شپەلەکانی خوێن وا لە بن چەق بەستوو و هەشک بوونەوەی کەم و خوێن لرفەی دە...
ئازارەکانی هەموو شەوانە لە سەمفەنیاکانی ڕەحمەوە چەکەرە دەکەن و بەناو هەموو جەستەما پیاسەی یادەوەریە شیرین و تاڵەکانی چوار ساڵی ڕووتبوونەوەم لە خەم دەکەن ... چوار ساڵ بوومە سەوک هەموو بەیانیانە لە کەنار زرێبارەوە پیاسەم دەست پەدەکرد بە کونە دڵو ..... چوار ساڵ لە خەم ونبووم ... چوار ساڵ هەورازێکی سەختم گرت و کەچی بوومە تەپڵە بەفرێک و غلەر بوومەوە و پاشانیش بوومە ئاو ... لە گەلی کەگەی خەفاویما وامزانی زەریایەکم هەموو کەشتیە زبەلاحەکان لە منا گەشت دەکەن.. هەندە غروور بووم نها بەم ریش و سەرە ماشوبرنجییەوە دایکم بمابایە خەم گرمڵە دەکرد وەک منالی دەمم بە گەی مەمکەکانیەوە دەنا و خەم تەرتەر دەکرد لە سەز و خەشەویستی... ئەستا دەبە بچمە سەر گەڵەکەی بگریم ... کە درە دەکەم بە ئەو ناگریم . بە غەریزە هیچ و پوچەکانی پیاوەکی لاکەوتە و هەڵخەڵەتاو دەگریم.... چی بە باوکم بڵەم چوار ساڵە بە ساتەکیش بیرم نەکردووە بچ هەوێکەوە لە حزووری مەزاریا ڕاوەستم ، من لە مەملەکەتی بەدبەختی تەمەن گەورە بووم نها زانیم گەڵا و سەما و سەرما و تەزین و شەختە و گەرما و سوتان و شنەبا سەوزەکان هەر هەموو ڕقیان لەم دەبەتەوە، پەدەچە یا دەندیەکی ناوازە بم یانیش قەزەونکی جوان... ئیدی با ئەو بریندە سەختە بەشنەیی خەی ، هیشک هیشک بە و ئەو شەپەلە خوێنە شەوانە نەبنە کانیاوی گریان ...ون دەبم با خە بدەزمەوە . سپاس .

بە عەلی قەرەداغی و هاوفیکرەکانی، ئەمە حەقیقەتی ئەردۆغانە... گەران هەڵبجەیی

زۆربەمان عەلی قەرەداغی پیاوە بووفاکەی ئەردۆغان دەناسین، ئەوەتی قەرەداغی بووتە ئەستێرەی فکری ئیخوانی و هاوکات ئەمینداری گشتی یەکێتی زانایانی ئیسلام ،درۆغی نەکردوە لە داکۆکیکردنی کوردانە لە تاوانکانی ئەردۆغان .کارگێشتە ئەوەی بە زمانیکی دژ و دوور لە بەهای ئینسانی دابزێتە سەر هاونیشتمانیو هاوزمانی خۆی، ئەویش کوردانی هەڵئاوایە.
دەمێک ئەردۆغان عەفرینی داگیرکرد ،ئەم ئیخوانچیە خۆی گەیاندە لای ئەردۆغان و پیرۆزبایی لێکرد و لە لەدوانکیدا بە میدیاکانی تورکیا گووتی، ئەو قەوارەیی هەڵئاوا پرۆژەیەکی {زایۆنزم} ،دژی عەرەب و ئیسلامو دەبە لەناوبچێت.
هەرسەربازێکی تورک کوژرابێت ئەو هاوخەمی خۆی دەربڕیوەو بە شەهید ناویهێناوە، هەندێک جاریش بە بەشداری لە بەخسپاردنی سەربازە کوژراوەکاندا خۆی گەیاندوەتە تورکیا ، بەڵام بە کوژرانی هەزارەها شەڤان و سڤیل مەش میوانی نەبووە.
گومانی تێدا نیە عەلی قەرەداغی لە فەلەکی ئەردۆغاندا دەخولێتەوە، بای ئەردۆغان لە کۆمەڵە هەڵبکات ئەو لەوەوە شەندەکات، بەنمونە دەمێک بە چەندساڵێک کەشە لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا لە ئارادابوو ،عەلی قەرەداغی لە ئەردۆغان پەرەشتر بە دژی فەلەستین و هاوسۆزی بە تورکیا خۆی نیشاندەدا.
ئەردۆغان ئیسلام بە بەرژەوەندی خۆی و حیزبەکەی بەکاردەهێنێت، ئیدی ئەم بەرژەوەندیە چۆنی خواست، ئەو خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێت ، با لەسەر حسابی ئاینەکەیشی بێت.

بەنمونە لەم ماوەیەدا ئەردۆغان پەنای بە چەند کردەیەک بردوە کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ قەناعەتی ئاینی و پرەنسیپی ئیسلامیدا یەکناگرنەوە ، بەڵام ئەو چاوی لەبەرژەوەندی خۆی و حیزبەکەیەتی نەک بەرژەوەندی ئاینی.

- چەند ساڵێکە پەیوەندی نێوان تورکیاو ئیسرائیل تێکچوەو هەردوولا یەکتریان بە پشێلکاری مافی مرۆڤ تاوانبارەکرد،لە بەهای نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا ،ئەردۆغان

بەم بەستی بەرزکردنەوەی کەرقی حیزبەکەی چەندین هەنگاوی نا ، یەکێک لەوانە ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل بوو ، ئەم هەنگاوەی ئەردۆغان بە ئیسرائیلیەکانیش جێگەی سەرسوڕمان بوو .

+عەلی قەرەداغی کە هیچ هەواڵێکی لە دەستنەداوە گەر سەرکەوتنەی ئیسرائیلی نەکردبێت،کەچی لەمەدا هەر زوو هاتە سەرخەت و بەگەرمی دەستخۆشی لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکان کرد،تا ئادەی ناوهێنانی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بە [بێنز] یائیر لبید.

+تورکیا یەکەم دەوڵەتی ئیسلامیە کە ئیعترافی بە ئیسرائیل کردوە.

+تورکیاو ئیسرائیل گەورەترین ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوانیاندا هەیە کە ساڵانە بە چەندین ملیاردەلار دەخەمێنرێت.

+گەشتیارانی ئیسرائیلی بە تورکیا ساڵانە لە نیوملیۆن گەشتیار تێپەڕدەکات.

+مەزنترین کارگەی دروستکردنی کەرەستەی سەربازی ئیسرائیلی لەتورکیایە.

+تورکیا گەورەترین هەناردەکەری چیمەنتۆیە بە ئیسرائیل [کە بە بیناکردنی مستەوتەنەکان بەکار دەهێنرێن]

+ناوی تورکیا لە نەو ئەو وڵاتانەدا نیە کە لەووی دارایی وە کەمکی فەلەستینیان کردووە.

+ئەردۆغان یەکەم سەرۆکی مسوڵمانە کەمەدالیای [جوامێری ئیسرائیلی] پێبەخشراوە.

+ئەردۆغان یەکەم سەرۆکی وڵاتکی مسوڵمانە کە زیارەتی گۆڕی دامەزرێنەری بزافی زایەنزمی{ تیودەر هەرتزل} ی کردوە ،

+ئەردۆغان یەکەم سەرۆکی مسوڵمانە کە تا ئێستا [٥] جار سەردانی ئیسرائیلی کردوە.

- سەفەرکردنی هاوڵاتیانی ئیسرائیلی بە تورکیا بە ڤیزەیە ، بەڵام بە فەلەستینیەکان [ئەگەر ڕەگەیان پێبدەن] ئەوە بە ڤیزەیە،

+دەمێک ئەردۆغان کووفیە{جامانە} ی فەلەستینی لەمل بوو ،لە بەردەم میدیاکاراندا گووتی [قودس هۆی سوورە]و بەرەنگاری هەر وڵاتێک دەبینەوە باوەزخانەکەی بگوازێتەوە بە ئەو باژێڕە ،بەڵام هەر زوو لەو قسەیە پەشیمان بوویەوە ،بەوەی بە ئیعازی خودی خۆی کەمپانیای{لیماک} بەگوژمەی [٢١] ملیۆن دۆلار ، دروستکردنی بینای باوەزخانەی ئەمریکای لە قودس لە

ئەستەگرت.شایانی ئاماژەیە خاوەنی ئەو کەمپانیایە[نیهاد ئەزدمیر] ە کە دەستکی نزیکی ئەردەغانە،هاوکات زاواکەی ئەردەغان[بیرات بەیرەق] و [بن علی یەلدرم] پشکیان تێدا هەیە.
بەمەش تورکیا بووە سەرمشقی هەموو وڵاتانی جیهان کە دەستی بە کارێکی هەستیار و مەترسیدار برد ،هاوکات دەستایەتی و دەسەزی خۆی بە ئیسرائیل سەلماند.
+لە تورکیا ٢٦ قاعیدەی عەسکەری ناتۆ هەیە.
+تورکیا تاکە وڵاتی ئیسلامیە کەبەفەرمی ڕێگەی بە هاوسەرگیری هاوڕەگەزبازەکان داوە.
+تورکیا تاکە وڵاتی ئیسلامیە کە [کەناردریای نوودیست]ی ، تایبەت بە ڕووتبوونەوەی تێواو هەیە.
+تورکیا تاکە وڵاتی ئیسلامیە کەدژی قورئان وبنەماکانی ئیسلام کاری کردوە ،بەوەی فرژنی تێیدا قەدەغەیە .
+یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی تورکیایە کە بەفەرمی ڕێگەی بە لەشفرۆشی داوە.
+ژمارە ئەو ماڵانەی کاری لەشفرۆشیان تێدا دەکرێت لە سەرانسەری تورکیادا پتر لە {٢٠٠٠٠} ماڵە.
+داهاتی ساڵانەی تورکیا لە بواری لەشفرۆشیدا [چوار ملیار دۆلار]
+ئەوانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن بە گەوادەکانیشەوە ژمارەیان [٣٠٠٠٠٠]کەسە.
+٢٦٥ کارگەی دروستکردنی مادەکحولیەکان لە تورکیا هەیە .
+بەدەنگی قەرەداغی لە پەیوەندی تووندوتۆی نێوان ئیسرائیل و قەتەر.
+دەرکردنی ئیخوانەکانی میسر لە تورکیاو داخستنی بارەگاو میدیاکانیان و بە دەنگی عەلی قەرەداغی بەرامبەر بەم ئیجرائاتە[نائیسلامی و نائیخوانیەدا]

ئەردەغان ،وەک ئامرازێک عەلی قەرەداغی بە گەوجاندنی کوردە ئیماندارەکان بەکاردەهێنێت،بۆتایبەتی ئەوانەی ئەردەغان بە خلیفەی نوێی موسوڵمانان دەزانن.
لەکن ئەردەغان هەموو کورد دوژمن و نەیارن ،ئیدی با مسوڵمانی عەیار ٢٤ بێت،وەک عەلی قەرەداغی.
هەر کاتێک ئەردەغان پەویستی بە علی قەرەداغی نەما وەک چۆن خیانەتی لە هاوڕێبازەکانی خۆی [ئیخوانەکانی میسر] کردو لە تورکیا دەریپەڕاندن، کەواتە بەدووری نازانم بەهەمان شێوە ئەمیش

پشتگوێ بخات و لە سەر شانی ڕووداوەکانیش دووری بخاتەوە.

گەر ئەم حەقیقەتانە لەکن هەندێک نوێبن،ئەوە بەدنیایییەوە لەکن قەرەداغی نوێنین و ئاگادارە لێیان، گەر پرسیار ئەوەبێت ئەی بۆچی لەگەڵ ئەم هەموو فەزاحەتشدا هێشتا سەرسەختانە داکەکی لەدەکات؟
بەبۆچوونی من وەڵامەکە ئەوەیە ،علی قەرەداغی بەیاری داوە گەر فەزیحەتکانی ئەردۆغان لەوەش زیاتربن ، ئەو وەک داکەکیکارێکی بەئەمەک بمێنێتەوە ،هاوکات دژی خواستی گەلەکەی خۆی کاربکات.

ئاراستەی هەڵبژاردن لە دۆخێکی ئاڵۆزو نادیاردا!… عوسمان حاجی مارف

لێکترازانی پەیوەندی زیاتری لایەنە سیاسیەکان تائاستی گەیشتن بەپێکدادان و بارگرژی تووندتر لە نەوانیاندا، مەسەلەیەکی جددیە کە لەئێستای دۆخی سیاسی عێراق و کوردستاندا دەبینرێت. نەتوانینی پێکهێنانی حکومەت لەبەغدا، نادیاری ڕێکەوتن لەسەر هەڵبژاردن لە هەرێم، ئەو واقعە نالەبارەیە، کە هەڵە سیاسیە میلیشیاکانی خستەتە ناو گێژاوو قەیرانێکی وەها قووڵەوە، ئومێدی ڕێککەوتنی نەوانیانی خستەتە ژێر پێ و چارەنوسێکی نەبینراوەوە، کە ڕاشکاوانە فەزایەکی پڕئاڵۆزی و سەرگەردان و دڵەڕاوکێیان فەراهەمهێناوە.
بەدوای چەندین ساڵ لە پێکهێنانی حکومەتی تەوافقی و بەشبەشێنەی نەوان هەڵەزی میلیشیای ئیسلامی و تائفی و قومپەرستیەوە، بە دەستبردنی بەردەوامیان بە بە تاڵانبردن و دابەشکردنی تەواوی سەروەت و سامانی سەر زەمینی و ژێرزەمینی عێراق و کوردستان لە نەوان خۆیاندا، لە ئاکامدا جەرگ لە بنبەست و قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی و نەتوانینی ڕاگرتنی پێگەوئاستی هاوسەنگی هێزکانیان لە ئایندەدا بەردەووبەتەوە، تا ئەو ئاستەی هێزە شیعیەکان زیاتر لێکترازان و پەرشوبڵاوی و پارچەپارچەبوونیان پەیدیارە. لەنەوان نەخشەو سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ئێراندا لەنگەریان گرتووەو چاوەڕوانی پێشهاتکن لە ڕێکەوتن یان چەبوونەوەی ململانێی

نەوان ئەمریکاو ئەراندا. دەستاوکێیەک لە ئاستێکی بەرینداا لەناو بەشێکی زۆری خەڵکدا دڵنگدانەوەی هەیە، پێشبینی پێکدادان و شەڕی نەوانیان بەدوور نازانرێت.
ئەم هەڵوەرجە زادەی واقعیەتی پرسەی پاشکۆو شکستی ستراتیژو سیاسەتکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. لەهەمان کاتدا مەسەلەیەک، کە زۆر ڕەشن و بەرچاون، لەلایەک تەواوی ئەو هەڵزە سیاسیانەی چارەنوسی عەراق و کوردستانیان خستۆتە ژێر دەسەاتی باادەستی هەڵزە میلیشیاکانیانەوە، و پێکهاتەیەکن لەو هەڵزانەی بەدوای هەردوو جەنگی کەنداودا، بەدوای کەکردنەوەی پاشماوەی کارساتکانی ئوجەنگانەوە بوون، هەر بەو ڕەگەیە لەناو چوارچێوەی ڕەوتی تاانی و گەندەڵی و قەرخکردنی سەروەت و سامانەدا، کەمەگایان بەڕەوبردووەو لەقابەداون. لەلایەکی تریشەوە تەواو ملکەچ و پێشخزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و وەاتانی ناوچەکەبوون وەک تورکیا و ئێران، کە گەورەترین ڕکابەریان بینیوە لە بەئێرادەکرن و شکێشکاندن و گۆشەگیرکردنی دەوری خۆیک لەدەسەاتی سیاسیدا، بە سەپاندنی دەستوەتاقمی مافیاو تاانچی و میلیشیای ئیسلامی و تائفی و نەتەوەپەرستی، تا ئەو خەڵکە نەتوانن دەوری بەرجەستەیان هەبێت لە دەخالەتی ڕاستەوخۆ بە پێکهێنانی دەسەاتی سیاسی و دابینکرنی دەسەاتی خۆیک. بەئەوەی فراوانترین زەمینە بۆخسەنن لە دەستپێشخەری و داهێنان لە گەندەلی و تاانچێتیدا. ئەمش نمونەی ئاکامی ئەو دەخالەتیە، کە دەوڵەتی ئەمریکا و هەر وەاتێکی ئیمپریالیستی باادەستی بەسەر دانیشتوانەکیدا لە هەر وەاتێکدا دەیسەپێنێت.
بەدوای جەنگی کەنداوی یەکەم، عەراق و کوردستان بوونە نمونەی یەکێک لەو ناوچانەی پاش دامانی باری ئابوریان،لەبەردەم گەورەترین گۆڕاوو ناجێگیری سیاسی سەرگەردانیدا خەیان بینیوە. بەدوای جەنگی کەنداوی دووەم و ڕوخانی حکومەتی بەعس، ئەم ناجێگیری و گۆڕاوە سیاسیە لە ئاستێکی باای وەهادا بەردەوامی بەو پەسەیە دا، کە مایەی خولقاندنی چەندین کارسات و سیناریۆی دژە ئینسانی و دەتەزین بوو. لەهەمانکاتدا بەردەوامی ئەم پرسەیە تائەو ڕادەیە کە ئەو نائارامیەی کەشایە ناو دەخێکی تایبەت بە ناوچەی ڕۆژهەاتی ناوەڕاستەوە. هەمان سەرگەردانی و بەدبەختانی و زەرترین کارساتی نائینسانی بووە ژیانی ڕۆژانەی ناوچەکە. لەلایەکی ترەوە ناوچەکە بووە مەیدانی شەڕو کەشمەکەشی وەاتانی زلهێزی جیهان و دەخالەتی زیاتری تورکیاو ئێران و هەروەکو بووە بەرهەمهێنەری چەندین گروپی تیرۆریستی و شەڕی نەوان هەزە میلیشیاکان. بەگشتی چەندین ساڵە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەبەردەم ئابووقەی کابوسی نائارامی و

ناجێگیری سیاسیدا قەتیس ماون و هەشنایی تێدا بەدی ناکرێت. ئەم دۆخە لە ئاستێکدایە، کە لەهەمانکاتدا هەڕەشەیکی گەورەیە بۆ سەر جموجۆڵکانی سەرمایە و سەرمایەگوزاری. جگە لە بازرگانی و قاچاخچێتی نەوت و بازرگانی بەرهەمی بەسەرچوو، ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاریش زەر سەخت کردوە.
لە ڕاستای ئەم هەلومەرجەداو بۆتایبەتی بەدوای پاشکشەی ئەمریکا لە ئەفغانستان و هەڵگیرسانی شەڕی ئوسیاو ئۆکرانیا و کێشەی چین و ئەمریکا لەسەر تایوان و لاوازبوونی دەوری ئەمریکا لە ناوچەی هەژەمۆنیاتی ناوەڕاست و هەوەدانی وڵاتانی هەڕێئاوا بۆ سەرمایەگوزاری لە هەژەمۆنیاتی ناوەڕاستداو پاراستنی سەرمایەکانیان، ئاراستەو نەخشەیەک دێتە پێشەوە، کە بەردەوامی ئەم دۆخە ناجێگیرە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە عێراق بۆتایبەتی بە قازانجی هەڕێئاوا و کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی جیهان مانایەکی نەماوەو پەویستە ئاوڕگاری بەسەردابێت. بۆیە هەوە و هەڵگیرەک پێشبینی دەکرێت، کەبە ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لە هەژەمۆنیاتی ناوەڕاستدا دابین بکرێت. ئەم ئاراستەیە هەوەکە ئیمکانی سایەکردنی هەیە بە هەکەوتنی لایەنەکانی دۆخیل لە ناوچەکەدا، وەک ئەمریکا و ڕوسیا و چین و ئەوروپا و تورکیا و ئێران. بەجیا لە بەدەست هێنانی هەر بەرژەوەنیەکی تر کە لە جووڵەو کێشمەکێشی نێوان ووڵاتەکاندا ڕەنگ ئێداتەوە، بەتام سەردانی بایدن بۆ هەژەمۆنیاتی ناوەڕاست و بۆتین بۆ ئێران، دانوسان و گفتوگۆی ئەمریکاو ئێران و تورکیا هتد. هەر لەو ڕاستایەدا، کە دۆخوازە ئارایشکی تر بە ناوچەکە بدەن و لە هەوڵی ئەوەدان ئارامی و ئەمنیەت بە ناوچەکە بەدەست بهێنن. ئەم ویست و ئاراستەیە هەوەکی ئایندەیی و نەخشەیەکە بۆ ناوچەی هەژەمۆنیاتی ناوەڕاست، بەتام تا چەند دەکرێت بچێتە بواری جێبەجێ بوونەوەو چەند دۆخایەنێت. پرسەیەکە لەبواری عەمەلیەوە نادیارە کەی دەتوونە یەکلاییبێتەوە. بەتام لەلایەکی تریشەوە پێداویستیەکی حەیاتیە بۆ تووندوتەکردنەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا. دۆخی ناوچەکە بۆتایبەتی عێراق و سوریا بۆ جۆرێک سەرگەردان و شەواوە، یەکلاییبوونەوەی نەخشەیەکی لەو چەشنە بۆ ئاسانی نایێت بەدەستەوە. ئەم نەخشەو ئاراستەیە، کەمەبەست دەنیایی بۆ داسپاندنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا، لە بەرانبەر ئەم دۆخی عێراق و کوردستان و ناوچەکە، کە لەلایەک بادەستی دەستوتاقم و هێزی میلیشیاو گروپی تیرۆریستیە، لەلایەکی تریشەوە کە ئاراستەیەکی ڕۆشن و هاوبەش لە نێوان ووڵاتانی زلهێزی دنیادا تەماوی ماوەتەوە، دەیخاتەبەردەم ناکۆکی و هەڵگریەکی جددیەوە، کە بتوانێت پرسەیەکی خراو سەرکەوتووبێت. هەربۆیە دەبینین پەلەقاژەی تەواوی هێزەکانی

دەسەڵاتدار لە عێراق و کوردستاندا بە ئیسلامی شیعەو سوننەو، بە عروبەو کوردایەتیەو لایەک لەژێر چەتری ئەو پشتیوانیەی بە ئاوگەی، کوتونەتە پشبرکێ و شکاندنی سەروپەتاکی یەکترەو. لایەکی تریشەو هەرلایەکیان پێویستیان بەوەیە ئەو لایەی نیشان بدات شەرسواری ئەو مەیدانەیە. بەڵام لە دنیای واقعدا جگە لە قوڵکردنەوەی ناکۆکی و کێشەکانی نێوانیان هیچی تریان نەداوە بەدەستەوە. هەر ئەم نەگونجانەی ئەم هەڵە تاڵانچی و گەندەڵ و جەردانەی، کە ناتوانن بە هەڵی میلیشیا خاوەنی دەسەڵات و داگیرکەر بن، کاریگەری ئاستەوخۆیان هەیە بە بەردەوامیان بە داسپاندنی نائارامی و نەبوونی ئەمنیەت بە سەرمایەگوزاری، بە مانایەک ئەو هەڵو پەکهاتەیە نین و شانوشۆکەتی ئەویان نیە،کە بتوانن بچنە ناو پڕۆسەی پاراستن و دابینکردنی ئەمنیەت بە ئاستی گەشەی سەرمایەگوزاری بەئاستەکی فراوان لە ناوچەکەدا. تەنها ئیکتفاکردن بەداگیرکەرن و بەتاڵان بردنی چاڵە نەوتەکان و چەتەیی و قاچاخچیتیەو دەتوانن درێژە بە ژیانی سیاسیان بدەن.
ئەم قەیرانەی ئێستا هەڵگرکان لەناو دیاردەی نەتوانینی پیکهێنانی حکومەتی عێراقدا دەرگیری بوون، ئامادەنەبوونی هەڵە ناسیونالیستە کوردەکان بە دیاریکردنی هەڵبژاردن لە هەرەمدا، بەجیا لە هەکاری بونی نارەزایەتی بەرفراونی جەماوەری، لەهەمانکاتدا ئاکامی پشهات و هەوەسی ئەو گەمانەیە بە دابینکردنی ئەمنیەت و ئارامی لە ناوچەکەدا پێویستە بکرێت. ئەم پێویستیەش پێگەی ئەو هەڵە میلیشیایانە دەخاتە ژێر پرسیارەو. مەرجەکی گرنگی دابینکردنی ئەمنیەت لە ناوچەکەدا پێویستی کەتاییهێنانە بەهەڵەی میلیشیا، بەڵام لەهەمانکاتدا مەرجی مانەوەی دەسەڵاتی ئەو هەڵە ئیسلامی و تائفی و قۆمپەرستانەش مانەوەی هەڵە میلیشیاکانیانە. ئەمەش ئەو ناکۆکیەیە، کە ئەو هەڵزانە لە عێراق و کوردستان لە بنبەست و چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە.
لەم نەوەدا دەبینین لەناو کێشەکانی ئێستای هەڵە جەراوجەڕکانی شیعە و سونەکانی عێراقدا بە ئاشکرا بەلایەنگری بە ئەمریکا یان لایەنگری بە ئێران دابەشبوون:"سەدرو دارودەستەکە"ی بە ناوی حکومەتی زەرینە لەژێرکاریگەری دەوری سیاسەتی ئەمریکادا سەنگەریان گرتووە و"چوارچێوەی هەماهەنگ" ی هەڵە شیعەکان وابەستەیە بەسیاسەت و دەخالەتی ڕاستەوخۆی ئێران لە عێراقدا. پارتی و یەکێتی لەونەوەدا لەبەر ڕۆشنایی هاوکێشەی سیاسی و پشبینی بە ئاستی هاوسەنگی هێزکان ئەمسەرو ئەوسەر دەکەن و لە بڕیارەکدا ناگیرسنەوە. هەرلایەکیان بەرژەوەندی ئایندەی گونجانی هێزەکەی لەگەڵ پشبینی هاوسەنگی هەڵەو سەرکەوتنی هەرلایەنەکدا چاوشارکێ

دەکەن و لە چاوەڕوانیدان. یەکخستنەوەستی و بەیاری یەکلاییکەرەوەیان نییە. ئەم سەروەڕۆ هەنانوبردنە بۆ تەواوی هێزەکان، لەو کاتەدا ئاو دەخواتەوە، کە لایەک ناتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو ئاوگەڵانەی پەیوستە بە ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا دابین بکرێت، لایەکی تریش هیچ وەڵامێکیان بۆ خواستی خەڵک و نارەزایەتی جەماوەری نییە. بۆیە نە حکومەتیان بە پێکدێت، نە هەڵبژاردنی پێشوەخت دەتوانێت وەڵام بێت بۆ کێشەکانی نێوانیان. تا ئەم دۆخەش بەڵایەکدا نەکەوێت، هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرەمیش ناتوانێت هیچ شتێک لە گرینی هاوکێشەی سیاسی بدات بەدەستەوە، گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن تەواو خراوەتە سەربەڕۆ.
دەرگاکان لە ئێستادا بە ئەو بەشە لە بەرجوازی عەرەب و بەرجواری کورد، کە دەیانەوێت بەهەمان شێوازی تەوافقی و بەشبەشینەی پێشویان و بە هێزی میلیشیاوە بردەوامی بە پێکهێنانی حکومەت و بەدەستهێناتی سیاسیان بدەن، کراوە نییە و بە بنبەست گەیشتووە. کەی دەتوانن ئەو دەرگایە بخەنە سەر پشت، کە بە خەیان پێناچێت بتوانن هەگایەکی هاوبەش و سەرکەوتوو لە بەرژەوەندی تەواوی لایەن و هێزکانیان ساغکەنەوە، بەڵکو لە بەردەم ناکۆکی و چاوەڕوانیکدا قەراریان گرتووە، هەرلایەک ناچارە بەوێ تا چەند دەتوانێ ملی لاکانی تر بشکێنێت و لەهەمان کاتدا هەوڵی تاقانچێتی و گەندەڵیش لەدەست نەدات.
ئەم دۆخە لە پەیوەندی نێوان ئەو هێزە سیاسیانەی ئێستا کە لەدەسەڵاتدان و لەگەڵ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق و کوردستاندا، درزێکی گەورەی وەها بەوننیان سەپاندووە، کە هەڵبژاردن نێک ناتوانێ وەڵامدەرەوەی بنبەست و قەیرانکیان بێت، بەڵکو پرسەی هەڵبژاردن لە دۆخێکی وەک ئێستادا بەقازانجی هیچ لایەنکیان یەکلایی نابێتەوە، بۆیە جگە لەکاتایی و ئامادەینی ئەم دەسەڵاتە بە خرۆشانی جەماوەری و دابینکردنی دەسەڵاتی خەڵک بە ئاوگەڵەی پێشیی، هیچ هەگایەکی تر کارسازو عەمەلی نیە بە کاتایی هێنان بەم هەمو نائارامی و گژاوگۆ سیاسیە. هەوەدانی ووڵاتانی رۆژئاوا و دەخالەتی ووڵاتانی زلهێزی دنیا تەنیا بۆ دابینکردنی پاراستنی دۆخی ئارامی و ئەمنیەتە بۆ سەرمایەگوزاری، هیچ پەیوەندی و ئاسایەکی بە خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسودەو ئارامەوە نییەو نابێت بە ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکە. چاوەڕوانی لە دۆخێکی ئەم چێشنەی ئێستای عێراق و کوردستان بۆ هەر ئایندەیەک، گەر بە غەیری دابینکرندنی دەخالەتی راستەوخۆی جەماوەری نارازی لەدەسەڵاتی سیاسیدا ساغبێتەوە، کوشندەیەو دووبارەبوونەوەی کارساتە لە شێوازو کاتێکی تردا.

سیکۆلاریزم و چەند سەرنجێك..15… شەماڵ بارەوانی

بەشی پانزەهەم و کۆتایی/

لە دەوڵەتی سیوکراتیدا، مرۆڤی سیکۆلاریست، یان، لائیک، یان بە بڕوا، یاخود، کەسانی ترانس جیندەر و هەمەسکشوال و لیسب، هەرگیز، جێگایان نابێتەوە، تاوانی بە ئەخلاقی و دوژمنانی خوداوەند و ئایینیان دادرێتەپاڵ، بە ئاوەی گفتوگۆ و دیالۆگیان لەگەڵدا بکەن، ڕێگۆ و ئازادییان پێ بدەن، بمێننەوە، ڕێزیان بگرن و قبووڵیان بکەن، لەیان تێبگەن و گوێیان بە بگرن، بە پێچەوانەوە، بەکەم سەیردەکرێن، لەیان دادرێت، سوکایەتی و بە ڕێزییان پێ دەکرێت، دەکوژرێن و لەناو دەبرێن.

دەوڵەتی سیوکراتی،
دەوڵەتکی پێپلیستی و تۆتالیتاریزمە و هیچ جیاوازییەکی قبووڵ نییە. نەبیروباوەڕی دیموکراسی، نە خەباتی ناسیونالیستی و نەتەوەیی، نە سنووری جوگرافیای نیشتمان، نە سرودی ئەی ڕەقیب و نەتەوەیی، نەئاڵای نەتەوەیی، نە ئازادی مرۆڤ، نەسەربەستی و ماف و ئازادیەکانی ژن، نە یەکسانی جێندەری، هیچی قبووڵ نییە، جگە لە ئایدیۆلۆژیا سەراپاگیر و سەرکوتکارەکەی خۆی نەبێت.

بە کورتیەکەی تە وەك مرۆڤك لە ناو دەوڵەتی سیوکراتیدا، دەبێت چیتر ببیت بە ڕەبەتەك و ڕەك بە کۆپیەکی ئاویتر، تاڕادەگەت پێ بدرێت لە ناو قەفەس و زیندانی ئاویتر و لۆژیر دەستی ئاویتر و لە ژێر سانسەر و چاوەری و هەژموونی ئاویتردا، لە شێوەی تاکەکی مەسخکراو بە مافکراو ئازادی سەلبکرا و سەربەستی زەوتکراو بوون دەستبەسەرداگیراو، چەشنی کۆیلەیەکی بە ئیرادە و لاوازی کەرامەت ئەتکراو بەها ژێر پێ خراو، بە سەرشێوی و دەستوەسانی و بەو پێی ئادەستبوون قبووڵی هەرشتێك و هەموو شتێك بکەیت، کە لە لایان ئاویترەوە بەسەرتدا دەسەپێندرێت.

بەو چەشنە، ئەو شێوازە ژیانە ئەتکراوە، ئەو ستایلە ژیانە مردنە، ئەو ژیانە جەحیم و بە مرۆتکراو بە بایەخ کراوە، کە مافکانی

مرۆڤ و، مرۆڤبوون تێدا چیتر کۆتایی پێ دێت و چەمکی هاووڵاتی بوون لە پێتی دەوڵەتی سێکراتی هەڵدەواسرێت.

ئیدی لە دەوڵەتی سیوکراتیدا، ڕوانین و ئایین و مەزهەب و ئیدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، لە دەستوور و سیاسەت و تەواوی کایەکانی ژیان جێگیردەکرێت و دەسەپێندرێت و فرە ڕەنگی و پلورالیەت و تۆلەرانس دەسڕدرێتەوە و یەک عەقیدە و یەک ئایین و یەک مەزهەب و یەک ڕوانین، دەکرێت بە کابەی پەرستشی هەموان و سەنتەری بایاردان و ئیتر دەبێت هەموان ئیلزام و پابەندبن بە ئیدیۆلۆژیەت و سیاسەت و مەزهەبی فەرمی دەوڵەتی سیوکراتیەوە.

لاوەهات سیستەمیکدا. چدی مانایەک بە فرە ڕەنگی و فرە دەنگی و چەمکی ئازادی و ئۆیتر و کونجێک بە هەناسەی ئازاد و بە جیاوازیەکان نامێنتەوە و تاقە ڕوانگەیەک و تاقەدیدێک و تاقە دەکترینێک، بە زۆری و بە کەمەک پاساو بیانووی نامرۆڤانە و نادیموکراسیانە و دژە ئازادیانە، دەکرێت بە ئایینی فەرمی دەوڵەت و عەقیدەی هەموان!.

ماوەتەوە بڵێم:
بۆیە گرنگە بمانەوێت لە پێتای سیوکراتیەت و فێندەمێنتالیزمیەتی ئایینی ڕزگارمان بێت، ئەوا تاقە چارەسەر سیکۆلاریزم و دەوڵەتێکی عەلمانی دیموکراسییە.

دەوڵەتێک"کە لەگەڵ سەرجەمی هاووڵاتیانی خۆیدا بە یەکسانی ڕەفتار بکات، سا ڕەچەڵەکی ئیتنی یان ئایینی یان مەزهەبییان هەرچییەک بێت"(١) و ئینجا:
" پاشکۆکردنی گەلانی ئاینییە لە ژیانی گشتیدا، بە ئاوەژووی ئاین تەنها لە ژیانی تاکەکەسدا بمێنێتەوە نەک هەیمەنەیەکی تەواوی هەبێت و وەکو جاران هەموو فەزای گشتی کەمەگا داگیربکات"(٢). و "بۆیە پێویستە قانون و سیستەم مافی پێوانی هەموو دینەکان دابین بکات و بیانپارێزێت بەڵام ئایدیۆلۆجیا و قانونەکان لەسەر شەریعەتی هیچ دینێک دانەڕژرێت تا پشکۆتن و تۆبایی کەمایەتی دابین بکرێت."(٣).
پاشان دەبێ هەموان ئاو حەقیقەتە بزانن، کە" نە عەلمانی، کەسێکی مولحیدە، نە عەلمانیبوون، دژایەتیکردنی ئایینە. وەک چۆن هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، سیستەمی خۆی هەیە، ئایینیش خاوەنی سیستەمی تایبەت بە خۆیەتی، عەلمانیبوون جیاکردنەوەی ئەو دوو سیستەمەیە لە یەکدی کە بە زیانی ئیسلامییانی تووندڕەو، وەلێ بە قازانجی هەردوو

سیستەمەکە (سیاسی و ئایینی) دەکەوێتەوە."(٤)
بۆیە عەلمانیەت هەرگیز، موراديفی بۆ دینی و یەکسان بۆ ئیلحاد نییە.
عەلمانیەت دەڵێت" ئاوی هی قەیسەرە بیدەرەوە بۆ قەیسەر، ئاوی هی خوداش، بیدەرەوە بۆ خودا."
(مارقوس، مەتا، لوقا)
ئەم وتە بەناوبانگە لە سێ ئینجیلدا هاتووە کە بۆ تەواویی سنووریی دنیا لە سنووری ئاین جیا دەکاتەوە کە دواتر، لە سەردەمی نوێدا، بە عەلمانییەت ناوی دەهێنرێت کە لە لایەن چەواشەکەرانی دین و دنیا خەڵکی پێ فریو دەدرێت کە گوایە عەلمانییەت واتە ئیلحاد."(٥).

پەراوێزەکان:
١-دەربارەی عەلمانییەت و ئایین(هەڵبژاردەیەک لە بارەمەکانی ئەرکون، د. محەمەد ئەرکون، وەرگێڕانی:د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،چاپی یەکەم-٢٠١٨، سلێمانی، پ.٢٠٨
٢-هەمان سەرچاوە، پ.١٢١
٣-سەرچاوە قادر، (پێویستە سیستەم بۆ قانون یەکسانی دابین بکات ئەگینا تۆبایی کەمەایەتی دروست نابێ، پەیجەکەی خۆی)، ٢٠٢٢/٨/٢٦.
٤- حەمەسەعید حەسەن، ئاوان و ئەمۆ، هەژنامەی هەولێر، ژمارە(٣٧٠١)، یەکشەممە١٤ی ئابی.٢٠٢٢
٥-ئەحمەدی مەلا، بە مەلا بەزەکان، مالپەڕی(وانگە و بەخنە)، ٢٠٢٢/٨/٢٥.

چاوخشاندنێک بەسەر بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران!... عەبدولڕەحمان گۆرکی

نەفرەت لە خەتان و ئاوی دیپڵۆرستن!

وەلی فەقیهی دەسەڵاتدار لە ئێران شەرم ناکات کە دەڵێت شەرعییەتی خۆی لە "خودا"وە وەردەگرێت. کەواتە بە وتەی ئەو "خەڵک" هەرچییەک بن، "کەیلە"ن و پێویستیان بە "وەلی و سەرپەرشت" هەیە!

عەلی خامنەیی شەرم ناکات کە بە کردەوە ئێرانی کردووە بە "زیندان" بە ئێرانییەکان و پێشوانی ویلایەتی فەقیهیشی کردووە بە زیندانوان و جەبەجێکاری بیر و پلانەکانی خۆی. بە وتەی ناوبراو، شوێنی نیشتەجێبوونی ئێرانییەکان "زیندان"ە و دەبێ لە سەدا نەوەد بەرەن و بکۆژرێن و لە دەرەوەی ئێرانیش تیرۆر بکرێن!

عەلی خامنەیی شەرم ناکات کە بە پێچەوانەی ئیدیعا و پڕوپاگەندەکانی، رژێمەکەی پشتی بە (دانان) بەستووە و "هەڵبژاردن" لە ئێران بوونی نیە و تەنها شتێکی ڕووکەشییە. چونکە هەر کەسێك لە هەر پێستێک دادەنریت، جەبەجێکار و پێشەوای بیروباوەڕ و سیاسەت و بەرنامەی وەلی فەقیهە.

لە ڕوانگەی وەلی فەقیهەوە، هەرکەسێک گوێایەڵ نەبێت، دەبێت لە ناو ببرێت و پێش لە ناو بردنیشی، جێستە و گیان و موڵک و ماڵی بە پێشەوانی ویلایەت (حەقە)ڕ و ئێرکی پێشەوانیشی بریتییە لە دەست بەسەرداگرتنی جێستە و گیان و موڵک و ماڵی خەڵکدا. کەمەکوژکردنی زیاتر لە (30) هەزار زیندانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ نموونەیەکی ڕوونی ئەو ڕاستییەیە کە بە بەوای عەلی خامنەیی، نێک تەنیا مافی ڕەهای ڕژیمەکەی ئەوەیە کە کردی، بەڵکو درێژە پێدانیشیەتی. چونکە "پاراستن و هێشتنەوەی رژێم" هەم ڕەوایە و هەم پێویستە. کوشتاری کورد لە گوند و ناوچەکانی کوردستانی ئێران لە لایەن پاسدارانییەوە و سەرکوتکردنی کەمینەکانی دیکەش نموونەکانی تری ئەم ڕاستییەن!

بە بەوای عەلی خامنەیی خوێنڕژ، ئازادی بە واتای سەرکوتکردن و سەربەخۆیی، بە واتای نکۆیکردن و نەهێشتنی نیاران و یاساکانیش کارئاسانیکردنە بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی وەلی فەقیهی ئێران و لە ئەنجامدا لە خزمەت پاراستنی ویلایەتی فەقیهیدا دەبێت. یاساکان بەو شێوەیە نووسراونەتەوە کە "عەلی خامنەیی" دەیەوێت. چونکە دەسەڵاتی ڕەها لە دەستی وەلی فەقیهدایە و یاسا بە واتای بەدامەزراوەییکردنی ستەم و سەرکوتکردنە.

بە لای وەلی فەقیهەوە، پیاوانی ویلایەت دەتوانن لە شەقامەکان و لەڕ و لەوێ، خەڵکانی برسی و هەژار کوشتار و موڵک و ماڵیان تاڵان بکەن و خانوادەکانیان بە بارمتە بگرن. لە ئێران بە فەرمانی عەلی خامنەیی، تاوان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، جل و بەرگی ساختەی "ئیسلام"یان بە بەردا دەکرێت و دادپێشرێن. هەربۆیە (سیستەمی ویلایەتی فەقیهی) بە بەبێ گوێدانە سەرکەنکردنە نوودەوڵەتییەکان

بەردەوام لە پشێلگردنی مافەکانی مرۆڤ. لە ماوەی یەک ساڵی رابردووی سەرکایەتی (ئیبراهیم ڕەئیسی)ی خوێنڕژدا، زیاتر لە ٥٢٠ زیندانی لە سێدارە دراون!

بە بەوای عەلی خامنەیی، کۆشک و تەلار بە پێوانی ویلایەت "حەڵاڵ" و بە خێک "حەرام"ە. ئەمەیش بە دامەزراوەیی کراوە و خێکانی برسی و هەژار بە "تاوانبار" و "دوژمنانی خودا" ناسراون، کە دەبە بە تاک یان بە جووت یان بە کەمێ لە سێدارە بدرێن. لەم ڕژەمەدا، چەقاندنی سێدارە لەبەردەم ماڵان و کۆڵانەکاندا، داب و نەریت و شەوازی حوکمڕانییەکی دروستە و و واتای داد دەناسرێت!

بە لای (عەلی خامنەیی)یەوە.. (بە پێچەوانەی قورئانی پیرۆز، کە دەڵێت "لااکرە فی الدین"، هەرکەسێك لەگەڵمدا نەبێت دوژمنمە و دەبێت سەرکوت بکرێت و ئۆگینا دەبێت بکوژرێت و هەرکەسەکیش توانیویەتی ئێران بەجێبهێڵێت بە ئامادەبوونی و بە غیابی، سزای "لەسێدارەدان"ی بە دەرچووە و هەرکەسەکیش "دژی ویلایەتی فەقیهە" و ئێرانیی نییە، پێویستە لەسەر ڕووی زەوی بسڕدرێتەوە. تیرۆر و بەمبانانەوە لە هەموو شوێنکی جیهان و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان لە نەویاندایە.

لە ئێرانی ژێر دەسەاتی ویلایەتی فەقیهیدا، نابێت خێک بیر لە مافە سەرتاییەکانی خۆیان بکەنەوە، بەتایبەتی "ئازادی" و "ئاسایش"، و بە کۆنترۆکردن و جڵەوکردنی ئەمنیش، داو و دەزگاکانی ویلایەت بە شەو و ڕۆژ لە کاردان تا نەکا کێشەیک بە "نیزامی ویلایەت" بە نازناوی "ئیسلام" و "ئێران" و "کەماری ئیسلامی" ڕوو بدات!

بە بەوای عەلی خامنەیی، کوشتارکردنی کەمینەکان و گەندەڵی و لەشفرۆشی، گرانی و بێکاری و هەژاری و، فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە، کێبڕکێ، سووتەمەنیبڕی، کێکردنەوەی زبڵ و کارتۆن خەوی و ... هتد وەک شتێکی سروشتی لێکدەدرێتەوە، و حکومەت لێی بەرپرس نیە و خودی "خێک"، هەکار و بەرپرسن و هەڵز و داو و دەزگاکانی حکومەت مافی ئەویان هەیە "بە ئارەزووی خۆیان" تەقە لە خێک بکەن یان لەسێدارەیان بدەن. چونکە گرینگ "مانەوە و پاراستنی نیزام"ە. کوشتنی هێژانەی کێبڕانی کورد و سووتەمەنیبڕانی بەلوچ و لەدانی هێژانەی خێک لە سەراسەری ئێران لەمجەرە کارانەیە.

بە بەوای عەلی خامنەیی و خێکانی گوێایەڵی ویلایەت، ئێرانی ئێستا

"دیموکراتیکترین" و "ئەمنترین" وڵاتی جیهانە، کە خاوەنی "هەبژردراوترین"، "دەسەڵاتدارترین" و "بە ئابوریترین" حکوومەتە و وڵاتێکە کە نە "ئەمریکا" و "ئۆئاوا" توانیویانە ڕووشوونی سەربازی لە دژی بگرنەبەر و نە "داعش" و "ئەلقاعیدە"یش توانیویانە لە دژی کار بکەن. چونکە "خەڵک"ی ئێران "حکومەت" و وڵی فەقیهیان خۆشدەوێت و حکومەت و وڵی فەقیهی دەسەڵاتداریش لە خۆشویستنی خەڵکدا "باباترین"ن. زۆر سەیرە گوێم!

بە ڕوانگەی عەلی خامنەییەیە، مرۆڤکان کابان و "ژن" کابای دەستی چەندەم. "پیاوان" لە ژنان باباترن و ژنان مافی جیابوونەویان نییە و مافی وەرگرتنی پێستە گرنگکانی حکومەتیشیان نییە. چونکە ژنان بە پیاوانەوە پێناسە دەکرێن. هەر بۆیە لە ڕوانگەی وڵی فەقیهەوە، ژنان بە سەرکوتکردن و دەستگیرکردن و ئێشکەنجە و لە سێدارەدان باباتر و شایستەترن.

لە یاسا و کولتوری بە دامەزراوەییکراوی ئێم حکومەتەدا، ژنێک کە لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بکوژرێت، بکوژەکەی "ئازاد"ە و کاتێک پیاوێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بکوژرێت، دەستبەجێ بکوژەکە شایەنی "مەرگ"ە ، سزا دەدرێت.

بە بۆای عەلی خامنەیی، درەکردن، ئاسانە و هەڵخەڵتاندن باوە و دەجاڵکاری ڕێگەپێدراو و ڕەوایە. چونکە بە "پاراستنی حکومەت"، هەموو تاوان و تاکتیکێک ڕێگەپێدراوە! دەواندن و پیلانگێڕان لە دژی نەیارانی حکومەت لێم پڕلێن!

بە بۆای وڵایەتی فەقیهی دەسەڵاتدار، دیاردەی "کەرەناڤایروس"، "لافاو" و "بومەلەرزە" گرانی و بێکاری و بێ حاڵ و ماڵ کردنی سەدان هەزار ئێرانی "بەخششکەی ئیلاهییە" کە دەبە وەک "دەرفەتێک" بە پاراستنی حکومەت دابنرێت و وەک ئامڕازێک سەیر بکرێت بە "هەڵوەشاندنەوەی سزا نەوەوەتییەکان".

لە ڕوانگەی عەلی خامنەییەوە، پلان و پڕۆژەی وەک "بە هاوسەرکردنی کجانی منداڵ" و "زۆر خستنەوەی منداڵ" و ... هتد، لە لایەن ویلایەتی فەقیهەوە پەسند کراوە، ئێران دەکاتە "گەنجترین" و "بەختەوەرترین" و "خوەندەوارترین" وڵاتی جیهان(!)، نەک دەستهەڵگرتن لە، بەرهەمهێنانی بەمبای ئەتەم و پشڵکردنی مافکانی مرۆڤ و هەڵیسانی شەڕ و ئاژاوە نانەوە و تیرۆر و کوشتار و فرۆخوازی و هەڕەشەکردن و چاوترسین کردن لە ناو کەمەگا و هەروەها دابینکردنی

خزمەتگوزایی مرۆیەکان لە پێناو دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک بە ئاوەڕۆی ژیانێکی تەندروستیان هەبێت!

هەوومان ئاوە دڵزانین کە زەربەی ئاو کەسانێی لە بەندیخانەکانی ئێران لە سێدارە دراون یان کەمەکوژ کراون یانیش لە سەر شەقامەکاندا دراونەتە بەر دەستڕێژی گوللە و شەهید کراون، گەنجترین و شادترین و خوەندەوارترین کەسانی کەمەگای ئێران بوون، کە لە حکومەتی ویلایەتی فەقیهیدا بە بەش کرابوون لە مافی سەرەتاییەکانیان!

لە رواگەی عەلی خامنەییەوە، فرێشتنی کەشوهەوای ئێران و خاک و سەروەت و سامانی دیکەی خەڵکی ئێران لەلایەن ئەژیمەوە بە وەاتانی وەک چین و ڕووسیا و ئەنجامدانی گرێبەستی چەند ملیارد دۆلاری لەسەری، پەڕەی نامرۆقانە وەک بەرهەمهێنانی چەکی ئەتەمی، پاراستنی دیکتاتۆری سوریا و کوشتارکردنی خەڵکی ئاو وەاتە، دابینکردنی چەک و کەرەستە و ژیانێکی خەشگوزەران بە میلیشیا و گروپە تیرۆریستییەکان لە عەراق و یەمەن و لوبنان و وەاتانی دیکە، دامەزراندنی داو و دەزگای تیرۆریستی وەک "بەرگریکارانی حەرەم" و "ئاوڕکارانی سەربازی" و... لە دەرەوە لە ئێران، و... ڕێگەپێدراو و بە کەشێ. لە کاتێکدا لە ناوخەی ئێران خەڵک بە بەش دەکرێن لە ڤاکسینی دژە کۆرۆنا، یان بە بیانووی دزینی تاقە مەڵەك لە سێدارە دەدرێن، یانیش بەهەی هەژاریەوە ناچارن ئەندامەکانی جەستەی خەیان بفرۆشن بە ئاوەی منداڵەکانیان لە مردن رزگار بکەن و...

جەی خەیەتی بە زمانی قورئان بە وەلی فەقیهی دەسەڵاتدار و لایەنگرانی بووترێت "أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ" واتا "نەفرەت لە خەتان و ئاوەی دەیپەرستن". هەر بۆیە خەڵکی ئێران لە ڕاپەڕینەکانیاندا هەمیشە خوازیاری گۆڕینی حکومەت و ڕووخاندنی ڕژەمی ویلایەتی فەقیهین.

عەبدولڕەحمان گۆورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

کەتایی

قەسیدەی جگە لە ئەوینی تۆ...
ستیڤان شەمزینی

شاعیرێک بووم
هەموو شتێکم رێت کردەوە
ئەو جەنگانەی
دەبنە زەریایەکی شەپۆلاویی خوێن
ئەو کورسییانەی
لەش لەسەریان کرمەکانز دەبێت
ئەو خاتانەی پادشا
لە کیسەی نەداران دابینیان دەکا
ئەو ماڵە کریستاڵییەی
دە تێیدا دەبێتە پارچەیەک پەڵا
ئەو گەپانەی
لە پشتی ئازادیی دەوشێنرێن
ئەو چرایانەی
ناپاکییان لە رووناکی کرد
ئەو یادەوەرییانەی
دەستیان ناوەتە قورگی ئەستاوە
ئەو تارماییە رەشانەی
چەکەی شەوق شەوارە دەخەن
ئەو چەقۆیانەی
لەشی بیرکردنەوە قاش دەکەن
ئەو سەربەستییەی
بیرکردنەوە لەناویدا زیندانی هەتاهەتاییە
هەموو ئەمانەم پێکەوە رەتکردەوە
تەنها ئەوەی نەمتوانی رەتی بکەمەوە
خانمەکەم
ئەوینی هەمیشە داگیرساوی تە بوو
شاعیرێک بووم
هەموو شتێکم رێت کردەوە
ئەو دەریایانەی
جگە لە سەراب هیچی تر نەبوون
ئەو بەڵەمانەی
بەنەو چەمی وەهمدا رێگایان دەبەی

ئەو پشکەیانەی
زمانی خەیاڵ دەچزێنن
ئەو غەبەغەبانەی
سەری بەدەنگی پان دەکەنەوە
ئەو شەوە دڕندانەی
خەون دەکەنە دەردەوە
ئەو قەفەزانەی
بە بولبولی روانین ئامادەکراون
ئەو گۆیانەی
لە بەردەم هەقیقەتدا کاس بوون
ئەو لووتانەی
ناتوانن بۆن بە خەشەویستییەوە بکەن
ئەو دەستانەی
نەیانتوانی باخی جوانی ئاو بدەن
ئەو قاچانەی
سەر لە پیاسەی نەو ئاگر دەکەنەوە
هەموو ئەمانەم پێکەوە رەتکردەوە
تەنها ئەوەی نەمتوانی رەتی بکەمەوە
خانمەکەم،
زایەڵەی عەشقی ئەبەدیی تە بوو
شاعیرێک بووم
هەموو شتەکم رەت کردەوە
ئەو خودایانەی
لە کارگەی ئاینەکاندا دروستکراون
ئەو گەڵە قووڵانەی
بە هەتاو هەڵکەنراون
ئەو بەشایانەی
دەبوو بە فرمێسک پێ بکرێنەوە
ئەو قوڵانەی
لەشی باڵندەی غروریان سواغ دا
ئەو مەرکانە خەفەتبارانەی
ئومێدیان لە ناچەڵەت
ئەو کەنارانەی
پێشوازیی لە ڕەبواران ناکەن
ئەو نیشتمانەی
بووە سەزانی پیاوانی سیاسەت
ئەو غوربەتەی

ختوکەی بن بانی خەکوشتن دەدات
ئەو تەنهاییانەی
ئاوس نین بە شەتەتی خەم
ئەو کەسانانەی
ماسکیان تەدا نییە بە عەشق
هەموو ئەمانەم پێکەوە رەتکردەوە
تەنها ئەوەی نەمتوانی رەتی بکەمەوە
خانمەکەم،
قەدەری خۆشەویستی تە بوو
وا هەمن هەمن
بە ناو رەحما رەدەچە
شاعیرێک بووم
هەموو شتەکم رەت کردەوە
ئەو شەقامە قەرەباغەی
ئەوسەری لە تەنهاییەوە دەردەچە
ئەو دەرگایانەی
گۆڕەوکەی ماتەم لێیانەوە دەتە ژوورەوە
ئەو قومارانەی
ئەماسی گەنجیی تەدا ئەدەبنرەت
ئەو غەزەلانەی
لەنیوەی رەدا بە هەنسکەوە هەدەوڕەن
ئەو پیاوانەی
بەختی سپی ژنان رەش رەش دەکەن
ئەو ژنانەی
نیگای پیاو پە دەکەن لە ژەهری دەقی
ئەو شەوکارانەی
پەرتەتی پەرتبوونی گەلا دەکەشن
ئەو مەسیقارانەی
نغرەبوونی پێکەنین دەکەنە سەمفەنیا
ئەو سەربازانەی
فیشەک دەنێن بە مەژووی مەموە
ئەو بازرگانانەی
لە هەموو وەرزەکاندا مردن دەفرەشن
ئەو شیعرانەی
ناتوانن بریەنی پەروانەیەک ساەڕ بکەن
ئەو چیرەکانەی
خوێنەر قایل ناکەن بە هەاتنی خەر

هەموو ئەمانەم پێکەوە رەتکردەوە
تەنها ئەوەی نەمتوانی رەتی بکەمەوە
خانمەکەم
گەردەلولی هەڵکردووی دڵی تۆ بوو
شاعیرێک بووم
دوای رەتکردنەوەی هەموو شتێک
وەک زریانێکی شپرزە و
سەرلێشێواو هاتم
لە باوەشی میهرەبانی تۆدا
هەور بوومەوە
وەک کەمەڵێک
وشەی پەرش و بڵاو هاتم
لە ئامێزی تۆدا
بووم بە کتێبی خۆشەویستی

18-5-2019
ئەڵمانیا – بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیەنی نەرەلەگی

بیرەوەرییەکانی فەقێیەکی گوومەڵ...23...شەماڵ بارەوانی

بەشی بیست و سێ/

لەسەر گۆگرتن لە گەرانی شکاتم لە دوو فەقێکرد.!

پێشووتر و لەبەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی فەقێیەکی گومەڵدا باسم لەوەکرد، کە من فەقێیەکی زەر وشک باوەر و فەندەمێنتالیستێکی زەر ناحاڵی بووم و هەر لەو سەنگەیشەوە زەرێک لەشتەکانم لە خەم حەرام و قەدەغە و بە تابە کردبوو، یەکێک لەوانە گۆگرتن بوو لە میوزیك و گەرانی بوو.

ماوەیەکی باش، جگە لە سروودی ئایینی گوم لە هیچ گرانیەک نەدگرت و گرانی و مزیکم لا حەرام و تاوان و لادان بوو.
یەک دوو نامیلکەکەی سلەفیگراکانم سبارەت بە حوکمی مسیقا و گرانی، لە وانگەی ئایین و قورئان و ڕیوایەت(فەرموودە) و سحابە و شتوە خوندبوویەوە.

سبارەت بەوە، چەند بیروڕی و بسەرهاتکی سەردەمی فەقیاتیم هەیە، دەمەوێ بە خوێنەرانی ئازیز باسیان لەوە بکەم.
ئەو سالی دوەمی فەقیاتیم بوو، کەمێک فەقێی تری نوێمان بە هاتنە حوجرە، هەمویان هی دەڤەری برادەست و سەران و ئەو ناوە بوون، ئەوان فەقێی زەر دە پاک و سادە بوون، وەکوو من هەندە بە وشکی و ناحالیانە و هادیکانە و بە تووندی دەستیان بە ئایینەوە نەگرتبوو.
هەیان بوو جارجار گەر بیانیان بە زەر خەبەرمان نەکرابایەتەوە، نوژی لەدەدان.

ئەوان هەیان بوو گوێی لە گرانی دەگرت، کوێ یەک دوو دانیەکیان، خوایە بوختان نییە و خەم چەندین جار بە چاوکانی خەم ئەوەم بینیوە، کە چاویان لە کچ و شتیش دەگێڕان.

قوتابخانەیەکی کچان لە تەنیشت حوجرەکەی ئەمە بوو، لە گێڕەکی ئیسکان، جا هەم لەسەر بانی مزگەوتەکەی(حاجی قەرەك)و، هەم لە ژووی حوجرەکەیش، کە کونکی لە بوو، بە نهێنی سێیری کچانیان دەکرد. جارێك لەسەر بانە بسەردا هێووم، کەمنیان بینی و منیش وەزعەکەم بینی، پێکەنین.

جا هێژەکی فەقێیەك لەو دوو فەقیە دیقەتم دا، گرانی زەکریا عەبدولڵا و ئەیوب عەلی لە مبایلەکیدا خەزنکردووە و وا خەریکی گوگرتنیەتی لەگێ فەقیتر.

منی بیر و باوەڕ هادیکا، کەوەم بینی دەهری بووم و تابێیت بەوە قەسس و تۆبووم و گووتم: وای وای وای، وێا هەر ئەوەمابوو، قەحپەخانیە و لە حوجرە گرانی لەدەدەن. هاهاها.
یەکسەر چوومە لای مەلا(سەید.س) بەڕێوەبەری (مدرسە المحمدیە للعلوم الشرعیة- قوتابخانەی محەمەدیە، بە زانستە شرعیەکان) و نەشەرم و نە هاوڕێیەتی و نە ئعتیبار وحیسابم بە هیچ کرد و جوان شکاتم لەکردن و گووتم: ئەوە لادان و بە ئەخلاقی و گوناە و تاوانە بڕاستی.

چۆن دەبێت فەقێ بیت و لە حوجرەش بیت و گوێ لە گۆرانی دەداری و حوبن حوبێن و بێ ئەخلاقی بگرێت؟!

جا ئەوکاتەی من چووم، یەک دوو مەلایتریش کە مامۆستاشمان بوون لە قوتابخانەی(محەمەدیە)، لە ژووری بەرامبەر بەرایەتی قوتابخانە دانیشتبوون، کەوام گووت، لە جیاتی بەرەوبەرەکەمان، مەلا(م.زەمی)، کە ئەو تووڕەیی منی بینی، خەندەگرتی و وەامی دایەوە و گووتی: کەس بە گوێ گرتن لە گۆرانی و میوزیک کافر نابێت و لە ئایین دەرناچێت.

ئەو هەستی بەوە کردبوو و دەیزانی من تازەک تووندەم، مەلا.م.زەلمی مەلایەکی هەتا بەیت بەژن و لەسەرخۆبوو، وانەی نەحو و زمانی عەرەبی پێدەگووتین، لە بابەتەکەش خراب نەبوو و زۆر بە جوانی فەقێی حاڵی دەکرد و زۆریش کەیفی بەمن دەهات و هەزی دەگرتم. منیش زۆر خۆشم دەویست و هەزم دەگرت و لە شەوازی وانەوتنەوەکەی ڕازی و مورتاح بووم.

مەلا. م. زەمی، کەوای پێگووتم، لە دەی خەمدا گووتم ئای ئای، دیارە من هەەم و مادام گوێ گرتن لە گۆرانی شتێکی نەرمەە و هێندە تاوانێکی گەورە نییە، دەی شەرت بێت ئیتر بە دەی خەم نەکەم و بە دەی خەم کامە گۆرانی حەزی پێ بکەم گوێی بە شلکەم.
دواتر هەک چووم پەی ناو مەبایلەکەمم گۆرانی هەمە جۆر کرد و لەو ساوە، دووبارە دەستم بە گوێ گرتن لە گۆرانی و مەسیک کردەوە و ئینجا دواتر کەمەک کتێبی ترم سەبارەت بە حەاەتی و هەوایەتی گۆرانی و میوزیك خوێندەوە، لەوانە: یوسف قەزاوی
"فقه الغناء والموسيقى في ضوء القرآن والسنة" و "مجموع الفتوى)کەیم هەردووك خوێندنەوە، قەرزاوی دەڵێت گوێ لە گۆرانی دەداریش بگرن ئاسایی و ئەوە کاتێک لەو گۆرانیانە گوێتان لە وشەی دەداری و هەمانسی و ئیرەتیکی دەبێت، دەتوانن تەئویلی کەنەوە بە هاوسەرکانتان و خەیاڵتان بە هاوسەرکانتان بگوازنەوە، نەک کەسیتر و کچی تر. بەڵێ شتێک لەو بابەتەی باسکردبوو و ئینجا محەمەد ئەلغەزالی لە کتێبەکەی"السنة النبوية بين أهل الفقه وأهل الحديث" گوێگرتن لە گۆرانی و میوزیک بە شتێکی ئاسایی دادەنێت و ئیمام غەزالی(ابو حامد الغرالی) لە "إحياء علوم الدين)ـەکەی سەبارەت بە گۆرانی و میوزیک دەڵێت:"من لم يحرّكه الربيعُ وأزهاره، والعودُ وأوتاره، فهو فاسدُ المزاج ليس له علاج"(⋆).
ئیبنولحەزمی زاهیریش لە (المحلی)دا دەڵێت هەرچی ڕیوایەتێک سەبارەت بە میوزیک هاتووە هیچی ڕاست نین و هەمووی(منقطع) و

مۆزوعە و ئەو ڕیوایەتەی لە عایشەی خەزانی پێغامبەر دەکات بەگەی موباحی و ڕەوایەتی گۆرانی و میوزیك، كە دەڵێت" أن جاريتين كانتا تغنيان فدخل أبو بكر فنهرهما وقال : أبمزمور الشيطان في بيت رسول الله فقال الرسول :" دعهما يا أبا بكر فإنها أيام عيد". عەلی باپیریش لە "چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم" و لە " سروودی و مەسیقا و چەند بابەتکی هونەری لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سونەتدا" هەمان شێوە میوزیک بە حەڵاڵ دەزانێت و هەمان قسەکانی قەرزاوی و ئەم و ئەوی هەناوە و تەنانەت ناوی کتێبەکەی دووەمیشیان:سروود و مەسیقا و شتەکە دەحەرام، ناونیشانکەیشی دەڵێیت لە فیقە الغنا والموسيقاکەی قەرزاوی وەرگرتووە و تەنها تەزکی بە دەستکاریەوە کوردانووەتی. لە بەشیتری(بیرۆڕیەکانی فەقێیکی گوومڕا)دا، لەداهاتوو زیاتر باسی عەلی باپیر و کتێبەکانی و شێوازی نووسین و زەر شتیتری ئەو پیاوە دەکەم.

بەو چەشنە، دوای خوێندنەوەی ئەو هەموو کتێب و شتە، مەسەلەی گوێ گوێگرتن لە گۆرانی و مەزیک زیاتر لام خاو ئاسایی بووەوە و ئەو حەرامەتی و تابۆ و قەدەغە و شتەی پێشووتر سەبارەت بەوە کە لە مینتاڵێنت و مەشکمدا جێگیرم کردبوو، بە تەواوەتی دیلیتم کرد و فەرمایە دەرەوە.

...
١-أبو حامد الغزالي: (ت 505هـ/1112م)، إحياء علوم الدين،2/269، بيروت، دار المعرفة، 1402هـ/1982، 2/275.

لە شەڕەزنانی کورد ــ فاتە ڕەش (١٨٨٨ــ ١٩٥٥)... ڕەزا شوان

زەرن ئەو ناودارە کوردانەی، چ پیاوان چ ژنان، کە لە بواری سەربازی و لە هەموو بوارەکانی تردا، خزمەتی دەوڵەتی ئیسلامی و عەباسی و دەوڵەتی عوسمانییان کردووە. یا خزمەتی دەوڵەتی عیراق و ئێران و سوریایان کردووە. بەرگرییان لە گەلانی تورک و عەرەب و فارس کردووە. بە هەزاران قوربانییان لە شەڕ و

بەرگریکردنیاندا داوە. چەندین داستانی قارەمانێتی و نەبەردییان تۆمار کردووە، بە نموونە سەلاحەدینی ئەیوبی، ئەبو موسلم خوراسانی، ئیبراهیم هەناندە. شێخ مەحمودی نەمریش لە ساڵی (١٩٢٠) بە لەشکرکێی گەورەوەی سواری کوردەوە، لە شەشی ساڵی (١٩٢٠) لە حەبانیێ و شوعەیبەی لە خواروی عیراق. بە هانای برایانی عەرەبی چاوەشمانەوە چوو و بەشداریی شەڕی کرد. چەندین کورد لەو شەڕەدا کوژران. بەڵام تەنیا عەرەبکێش نەچووە پاڵ شەشەکەی شێخ مەحموود. تەنانەت بە قسەش پشتگیرییان لێنەکرد. بە دڵیان ناوداری تر کوردمان کە بەرگریان لەو گەلانەی کە بە ناوە برامانن کردووە.
بەڵام برایانمان زۆر سفەڵن و زۆر بە نامەردی و ناپیاوی و دڕندەیی و بە بڕیارێکی، پاداشتی قوربانیدان و پیاوەتی کوردیان داوەتەوە و دەدەنەوە. بە ژینەساید و ڕەشکوژی و کیمیاباران و ئەنفال و داگیرکردنی کوردستان و بە تاڵانی و سووتاندن و وێرانکردن و دەربەدەرکردنی کورد و گەینەی دیمۆگرافیای کوردستان پاداشتی چاکە و قوربانیدانی کوردیان داوەتەوە و دەدەنەوە. ئەگەر کورد ئەو هەموو قوربانییەی لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا بدایە، دەمکبوو دەوڵەتی کوردستانمان دامەزراندبوو. چونکە وەکوو دەڵێن "هەزار ساڵ بکەیت بگانە پەرستی هەر دەهنیت نوشستی". بە داخەوە تا ئەمڕۆش کورد دەست و دوژمنی خۆی ناناسێت و پێند و وانەشمان لە شکستییەکان و لە نەهامەتییەکانمان وەرنەگرتووە.
ئەتاتورک، باش ئەوەی دەزانی، کە بەبێ لایەنگیری و بەبێ بەدەستهێنانی یارمەتی و بەشداریکردنی کورد لە شەڕدا، ناتوانێت لە شەڕکانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.
لە کورد نزیک بەوە و لەژێر عەبایی ئایینی ئیسلامی و جیهادا، کەوتە درۆ و دەلەسە بە لە خشتەبردن و تەفرەدان و هەڵخەڵەتاندنی کوردی خەشباوەڕ، ئەوەی کردە ئەقیانەوە، کە کورد و تورک براین و ئیسلامین و داگیرکەران گومانن "کافرن" پێویستە پێکەوە جیهاد بکەین. سوێندی خوارد و بەڵێنیشی دا کە سەربکەون، بەبێ جیاوازی بە زیادەوە هەموو مافێکی کورد دەدەین. گەر پاپشتیکردن و بەشداریکردنی کورد نەبوایە ئەتاتورک نەیدەتوانی بەسەر یەنانییەکان و روسیادا سەربکەوێت و لە تورکیادا دەریان بکەن و بتوانێت دەوڵەتی تورکیای ئەمڕۆ دابمەزرێنن.
ئەتاتورک چەن پاداشتی قوربانیدان و مافەکانی کوردی دایەوە،

بەڵێ بە ڕەشکۆژی و ژینوساید و تاڵان کردن و بە داگیرکردن و وێرانکردنی کوردستان و نکۆیکردن لێ بوونی کورد، وەک هەمیشە قوربانی و پیاوەتیی کوردی دایەوە. تا ئەمڕۆش هەتیوەکانی دوای خۆشی، درێژە بە هەمان ئایدۆلۆژیای بێگانەی ڕێگەزپەرستی دەدەن و دژایەتی کورد دەکەن و حاشا لێ بوونی کورد دەکەن.
ئێم باسە قسەکردنی زۆر زیاتر هەڵدەگرێت. دەنێ سەر کڕەکی باسەکەمان دەربارەی شەڕەزنکی جێنگاوەری کوردمان، بە ناوی "فاتە ڕەش" لە باکووری کوردستان.

فاتە ڕەش یا "فاتە ڕەش" کێیە؟



فاتە ڕەش، کچی (یوسف ئاغا) ی سەرکی هەزە گەورەی مەرعەشی سینمیلی ناسراوی کوردە، لە ناوچەی (مەرعەش) لە پارێزگای (ئەرزەووم)ی باکووری کوردستان. لە ئنادۆ.. فاتە ڕەش لە ساڵی (١٨٨٨) لە گوندی (چای) سەر بە ناحیەی (عەشکاڵ)ی سەر بە ئەرزەووم لە بنەماڵەیەکی ناسراوی کورد لەدایکبووە.
دکتۆر کامەران ئەمین ئاوە، لە کورتە نووسینکەدا، کە لە ویکیپیدیای تورکییەوە بە ناوی (فاتمەش شەڕزن) وەریگرتووە، لە ڕێکەوتی (٧/ ٧/٢٠١٨) دا، لە سایتی (ئەمە) دا، بڵاویکردۆتەوە، نووسیوێتی:"فاتە ڕەش نازناوی (ئایشە خانم)ە، کچی (حاجی عوسمان بەگ) ە، خەڵکی (ئاندرین)ە"ی سەر

پارێزگایی مەرعەشە.
نووسینەکم دەربارەی بینباشی (ئایشە) خوێندەوە، کە لە تورکیدا بە (بینباشی ئایشە) ناسراوە، (بینباشی : رائید) بە کوردی (ئایشەی سەرکردەی هەزار) دەگەینێت. ئایشە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە (ساڵانێک) لە یەنان ژیاون، هاوسەرەکەی ئەمیش سەرباز بوو، لە شەڕی قەفقاسدا کوژرا. لە رووی خێزانیشەوە جیاوازی لە نێوان (ئایشە بینباشی) و (فاتە رەش) دا هەیە. باسی ئەوەش نەکراوە کە ئایشە کورد بێت. بەڵام هەمان ئەو شانێ و ئازایەتی و قارەمانییەتییەی بە ناو فاتە رەشەوە تەمارکراون، هەمان شەڕ و سەرکەوتن و رەییش، بە ناوی بینباشی (ئایشە) شەوە تەمارکراون. بەیە لێرەدا، گەمانەکمان لا دروست دەبێت، کامیان راستن (فاتە رەش) یا رائید (ئایشە). یا ئەوتە بە چەواشکاری و ناوبزکردنی رەڵی ئەو شەڕە ژنە کوردەمانە. بە ئەنقەست ئەم دوو ناویان بردووە!. ئایا رائید (ئایشە) هەر (فاتە رەش)ە ؟!. بەڵام دوو وێنەی جیاوازیان هەیە. جیاوازیش لە ساڵ و لە شوێنی کێشکردنیان هەیە. (ئایشە بینباشی) لە ساڵی (١٩٤٩) لە ئیزمیر کێشی کردووە، بەڵام (فاتە رەش) لە ساڵی (١٩٥٥) لە ئێستانبوڵ کێشی دوایی کردووە. کەواتە، فاتە رەش و ئایشە بینباشی دوو ژنی جەنگاوەری جیاوزن و هەمان کەسایەتی نین.

نزیک هەر ئەم ناوە بەکۆ چەند ناوێکی جیاوازی تریش، دراونەتە پاڵ ناوی فاتە رەش و باوکی و هاوسەرەکەشی. بەڵام لە زەربەی ئەو سایت و نووسینە تورکییانەی کە من خوێندمەوە، ناوی فاتە رەش بە (فاتیمە سەهر ئاردن) ناونووسیان کردووە، (سەهر ئاردن) ناو نییە، وەک نازناو هاتووە. زەربەی نووسینەکانیش، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ناوی باوکی فاتە (یوسف ئاغا) یە. بەپێ ناسنامەکەی و تەماری سەرژمێریی (سەریکامیش) ناوی راستی فاتە ناوی (ماهی) یە خەڵکەی ناوچەکەشیان هەر بە ماهی ناویان بردووە.
وانەبێژی یاریدەدەر دکتەر (ئەرون) لە کۆڵێژی ئاداب و زانیاری لە زانکۆی (کوجایلی) لە تورکیا، لە بارەی مێژووی تورکیا، دەربارەی فاتە رەش دەڵێت:"نازناوی راستی فاتیمە سەهر خانم، کە بە کارا فاتمە ـ فاتە رەش ـ ناسراوە، "سافاشەر"ە.
فاتە رەش، کچێکی ئەسمەری رەشتاڵەی کورتە باڵا و لاواز، ئەندام تونەدوتڕ بوو، چاوڕەشکانی دەبریسکانەوە. زەر خاکی بوو، بەزەری ستایلی ئەو جلوبەرگەکەی لەبەری دەکرد، پیاوانە بوون. کەوایەکی رەشی شڕ لەسەر جلەکانییەوە لەبەر دەکرد. فاتە

ڕەش شەڕە سوارەکی لەهاتووبوو، شەڕزنەکی زۆر ئازا و چاونەترس و جەربەزە بوو. خانجەرەک و دەمانچەیەکی لە پشتەنە پانەکەی قایم دەکرد. تفەنگی درێژی هەڵدەگرت. پشت و شانەکانی بە فیشەکدان داپۆشرابوون. شمشێرەکی درێژیشی دەگرتە دەستەوە. ڕمێکیشی بە لایەکی ئەسپەکەیەوە هەڵدەواسی. فاتە ڕەش نیشانشکێنەکی لەهاتووش بوو.
دوو بۆی هەبوو، ناویان (سلێمان) و (سەلاحەدین)ە، لە هەموو شەڕەکانیدا لەگەڵیدا بوون. هەردووکیشیان لە شەڕدا لە پێناوی تورکیادا کوژران.
فاتە ڕەش، لەگەڵ (دەروێش بەگ) هاوسەرگیری کرد. کە ئەفسەرێکی جەنگاوەری ئازای کورد بوو، لە سوپای عوسمانیدا، هەر لە هەرزەکەی خۆیان بوو. لە گەڵەکی (کایکوی) لە (ئەرزەووم) لەدایک ببوو. ماڵیان لە شارچکەی (ئەدرنە) بوو. دوو کوڕ و کچێکیان بوو. ناوی کوڕەکانی (سەیفەدین) و (محەمەد)، ناوی کچەکەشی (فاتیمە) بوو. کوڕەکانی و کچەکەشی وەکوو خۆی ئازابوون و لە هەموو بەرەکانی شەڕدا لە گەڵ دایکیاندا لە شەڕدا بوون.
وا باس دەکرێت کە هاوسەرەکەی فاتە ڕەش (دەروێش بەگ) زیندانی کرابوو، گوایە فاتە ڕەش لە پێناوی ئازادکردنی هاوسەرەکەی لە بەندیخانە، چەکی هەڵگرتووە و شەڕی کردووە. تەنانەت ئازادی بکات. بەڵام لە هیچ لەو نووسینانەی من خوێندمەوە، باس لە زیندانیکردنی هاوسەرەکەی فاتە ڕەش ناکەن. تەنیا دکتۆر کامەران ئەمین باسی ئەم زیندانیکردنەی هاوسەرەکەی فاتە ڕەش کردووە.
یەکەم شەڕە کە فاتە ڕەش بە شداری تێدا کرد شەڕی بەرقان بوو، (١٠) ژنی ئازای لە خزمانی و بنەماڵەکەی چەکدار کرد. منداڵەکانی لە ماڵی خزمەکیان بەجێیانی هەشت. لەگەڵ ئەو دە ژنە و هاوسەرەکەی لە ساڵی (١٩١٤) دا، لە شەڕی بەرگریکردن و رزگارکردنی (ئەدرنە) لە دژی بولگاریییەکان شەڕەکی قارەمانانەی بوونەی کرد، لەم شەڕەوە ناسراو و وەکوو جەنگاوەرەکی قارەمان و جەربەزە ناوی دەرکرد.
فاتە ڕەش دەڵێت:"فاتیمە کچیشم کە تەمەنی (٩) ساڵ بوو، وازی ناهێنا و دوامان کەوتووبوو، بە ئەوەی بزانێت شەڕ و مەرگ چییە، نان و ئاوی بەمان دەهێنا"
فاتە ڕەش لە دوای شەڕی ئەدرنە، لەگەڵ هاوسەرەکەی و چەندین ژنی کورد بەشداری لە شەڕکرد، زیاتر ناوی دەرکرد. لە ساڵی (١٩١٩) دا بە فەرمی وەکوو جەنگاوەرەکی شەڕکەر لە سوپای عوسمانیدا

تەمارکرا. پلەی (عەریف) یان پەبەخشی. هەر لە ساڵی (١٩١٩) دا، هاوسەرەکەی (دەروێش بەگ) لە شەڕێکدا لە (سەریکامێش) کوژرا. فاتە ڕەش دوای کوشتنی هاوسەرەکەی بە ماوەیەک گەڕایەوە بە ئەرزەروومی زێدی خێی و کەسوکارەکەی. دوایش لەگەڵ منداڵەکانی و براکانیدا لە ساڵی (١٩١٩) دا، باریان کرد بۆ ئەستەنبوڵ، کە زەربەی ناوچەکانە لەژێر دەستی یەنانییەکاندا بوون.
هەر لە ساڵی (١٩١٩) دا، کە زانی مستەفا کەماڵ (ئەتاتورک) لە شاری (سیواس)ە، کۆنگرەیەک دەبەستێت. جلەکی باپێشی و دەموچاوپێشی ڕەشی لەبەرکرد و لەگەڵ چەند سوارەیەکدا بەرەو سیواس بە ڕێکەوت. دوای سێ شەو و ڕۆژی بینینی ڕێگای سەخت و بەناو بەفردا، گەیشتنە سیواس، لەوێ مستەفا کەماڵی دەبینێت. لە پێشا مستەفا کەماڵ زۆر بە ڕەقی قسەی لەگەڵدا کرد و وتی دەتوانێت باسی چیم لەگەڵدا بکەیت؟ فاتە ڕەش، باڵا پێشیەکەی لەخۆی دەکاتەوە و بە مستەفا کەماڵ دەڵێت: "سوورم لەسەر ئەوەی بە ماوەی خولەکێک گوێم لەبگریت، هاوسەرە شەهیدەکەم لەژێر خاکدایە، منداڵە هەتیوەکانیشم لە ئەستەنبوڵن، لە ئەدرنە لە دژی داگیرکەر شەڕم کرد، سەربازە بریندارەکان بە کەڵەم هەڵیانم گرت، ژنانم هاندا کە گەرماوی و بلوز و قات بۆ سەربازەکان بچنن و بدوورن. بەڵام ئامانە بەس نین، کارەکەم پێ بسپێرە دەمەوێت شەڕی دوژمن بکەم، دەمەوێت لەو شوێنەوە کە هاوسەرەکەم وەستا، درێژە بە شەڕ بدەم".
مستەفا کەماڵ ناوی لە دەپرسێت و ئەوەشی لە دەپرسێت: ئایا دەتوانیت تفەنگ بەکاربهێنیت؟ دەزانیت چۆن سواری ئەسپ ببیت؟ لە شەڕکردن ناترسیت؟ کە فاتە ڕەش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. مستەفا کەماڵ زۆر دڵخۆش بوو و وتی:
"خەزگە هەموو ژنان وەکوو تۆ دەبوون فاتمە ڕەش" بە تورکی "کارا فاتمە" ئیتر لەو ڕۆژەوە (فاتیمە، فاتە، فاتە) لە تورکیادا بە (کارا فاتمە) ناویان دەبرد.
لە کوردیشدا، وشەی "ڕەش" خراوەتە پاڵ پیاوان و ژنانێک، کە ئەسمەر یا ڕەش و ڕەشتاڵەبن، وەکوو: کاکەڕەش، حەمەڕەش، عەبدوڕەش، کچەڕەش، گوڵەڕەش،...هتد.
دوای ئەوەی کە مستەفا کەماڵ داواکەی قبووڵ دەکات بۆ پێکهێنانی هێزێکی سوارەی شەڕکەر، فاتە ڕەش و هاوەڵەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ئەستەنبوڵ. بە هەزاران کەس لە خەڵکی ئەستەنبوڵ کە ناوبانگی فاتە ڕەشیان بیستبوو، هاتنە سەر ڕێگا و شەقامەکان بۆ ئەوەی فاتە ڕەشی شێرژنی شەڤانی کورد ببینن. کە گەیشتنە (سەرا

سکیران) لە پێش هەموویانەوە (ڕزا پاشا) بە گەرمی پێشوازیی لێیان کرد. لە قاوەخانەکان و ماڵان و لە هەموو شوێنکی ئێستانبوودا، باس تەنیا باسی ئازایەتی فاتە ڕەش بوو.
بارگایەکی لە (ئوسکەدار) دا کردەوە، لە سەرتا (٣٠٠) شەقانی خەبەخشانە خێیان لە سوپاکەیدا تەمارکرد، لە دواییدا ژمارەیان گەیشتە (٧٠٠) پیاو و (٤٣) ژنی سوارەی شەرقان. بەراکانی و کوەکانی و فاتیمەی کچیشی کە تەمەنی (١٣) ساڵ بوو ئاوێش شەکەرەک بوو، بەشی هەرزەری لەشکرەکەی کەسوکار و لە هەزەکەی خەی بوون. تەمەنیان لە نێوان (١٦بۆ ٦٠) ساڵ بوون. لە قاوەخانەوە بە بەقان لە چەندین شوێنی دژواری دەستوێجەدا، بەشداریییان کرد و ڕێگەکی پاوانانیان بینی. بە زەریشی هەوکانی پشتەوەی نێیارانیان پە سپاردبوون، دەچوونە پشتی سوپای یەنانییەوە، بە ڕەژ لەناو دارستانە چەکاندا خێیان دەشاردە و بە شێوێش هەشیان دەکردە سەر سوپای گریکییەکان. گەرچی هەزەکەی فاتە ڕەش کە لە شکری (٢٠) ی سوارە بوون، سەر بە تیپی (٨) ی سوپای عوسمانی بوون. بەڵام لە ڕاستیدا فاتە ڕەش سەربەخۆبوو لە شەکاندا، خەی نەخشە پلانەکانی هەشکانی دادنا و جێبەجێیانی دەکرد. لە زەر شوێنی ئێستانبوو و ناوچەکانی دەوروبەری، ڕێی سەرکی بینی لە شکاندن و دەرکردنی هەزەکانی گریکییەکان. چونکە لە هەموو شەکاندا، لە ریزەکانی پێشەوە شەیان دەکرد. لە ڕزگارکردنی شاری (ئیزمیر) دا لە (٩/ سیپتەمبەر/١٩٢٢)هەزەکەی فاتە ڕەش، یەکەم هەزبوو کە چووە ناو شاری (ئیزمیر) کە سوپای یەنانی تێدابوون.
هەر هەزەکەی فاتە ڕەش، بە تەنیا دەستیان بەسەر (کارسیاکا) دا گرت، لە باکووری کەنداوی ئیزمیردا.
فاتە ڕەش چەند جارەک بریندار بوو، لە شەڕی (کەجالی) دا، پارچە گولە تەپەک، دوو پەنجەی دەستی ڕاستی بڕیبوو، دەستی پێچا و درێژی بە شەدا، ئەمجارەیان پارچە گولەیەک بەر سنگی کەوت. گیاندیانە نەخشانە و چاک بوو، بەڵام ئەو پارچە گولەیە هەر لە سنگیدا مایەوە. فاتیمەی کچە (١٣) ساڵانەکەشی لە شەدا، گولە تەپەک بەر دەستی ڕاستی کەوت و دەستی پەاند.
چەن پلەی (ئەفسەر- مولازم) یان بە فاتە ڕەش بەخشی؟ فاتە ڕەش لە بیرەوەرییەکانیدا کە لە ساڵی (١٩٤٤) دا بە تورکی نووسیوەتی و چاپکراوە. لەوانەیە بەیا نووسیبەتەوە چونکە باس لەوە نەکراوە، کە فاتە ڕەش خوەندەواری هەبەت. دەەت:"پێش دوا هەشی شەڕی سەربەخۆیی، لە ساڵی (١٩٢٢) دا، ئاهەنگی پێشانگای گوە لە (ئەنقەرە) سازکرا. من بانگ کرام و یەکەک بووم لە

میوانەکان، لەناو میوانەکاندا، ئەتاتورک و باڵیۆزی روسیا و سەرۆک و جەگری پەڵەمان و هەندێ لە بەرپرس و کاربەدەستی باڵای حکوومەت ناوکانیانم لەیاد نەماون، ئامادە بووون. لە پشانگاکەدا، قوتوویەکی زیوینی جگەرە دانرابوو. ویستیان بە فرشتنی زیادکردن بیفرشن. دوایی پشنیاری ئووایان کرد، کە نیشان بنێنووە، ئووی بردیووە، قوتووکەی پشکش بکرێت. داوایان لە منیش کرد کە بشداری بکەم. لەم پشبڕکێیەدا بە یەکەم دەرچووم. قوتووە زیوینیەکەیان پشکشم کرد. ئەتاتورکیش پلەی ئەفسەری(مولازم) ی دام". بەم پێیش فاتە رەش، بوو بە یەکەم ئەفسەری ژن لە سوپای عوسمانیدا.
فاتە رەش، لە شەڕی (ئینەنو) دا، هێزەکەی بشداری کرد، شەڕکی زۆر قورس بوو،. ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکار و ئاو ژنانی کە لەگەیدابوون، لەم شەڕدا کوژران. (۲۸) لە ژنەکان کوژران. خشی بریندار بوو.
فاتە رەش، دوو جار لە لایەن سوپای گریکییەکانووە بدیل گیرا، هەردوو جارەکە توانی خۆی رزگار بکات. جاری دووەمیان. لە شەڕی (هەشی گشتی) دا لە ئیزمیر، سوپای یۆنانی (فیندیک تەپە) یان گرت، لەوێدا فاتە رەشیان بدیل گرت.
فاتە رەش لە بیرەوەرییەکانیدا، دەگێڕتەوە و دەڵێت:" چاومیان بە دەستسەڵک تووند بەستووە، دوو کاتژمێر دووریان خستمووە و بردیمانە پشتووی سەربازگاکانیانووە، لە دەی (سورمیلی) دا چاومیان کردووە. رۆژانە ئشکەنجەیەکی زۆریان ئەدام، هەزم تەدا نەما، لەکەینەوەیان لەگەڵمدا کرد، بەڵام هیچ نهێنییەکم نەدرکان و پێچ و پەنام بە وەڵامەکانم دەدا. بە پێی دیمانەیەک کە لە رۆژنامەی (تانین) دا بڵاوکراوەتووە، لە بە دیل گرتنی دووەمیدا، فاتە رەش دەڵێت:"بردمیان بە بارگای ل سەرکردەی گشتی هێزە شەکەرەکانیان، ژەنەڕاڵ (نیکەلاوس تریکۆپیس) بە لەکەینەوە، کە بینیمی، سەیری کردم و زۆر بە سەرسوڕمانەوە لێمی دەڕوانی، وتی:"تۆی فاتە رەش؟ سێ جار ناومی دووبارە کردووە. لە دوای ماوەیەک لە سەرسەرمانەکەی تێگەیشتم، دەرکەوت ئەوان لەو خیاڵەدا بوون، کە فاتە رەش شتەکی زۆبەڵاح بێت. بەڵام من لە وەڵامدا پێم وت:"من بەهێزترین فاتمە رەشی ئنادۆلم" لە شوێنکەدا بێندمیانکرد. لە پشا چوار پاسەوانیان بە چاودێریم دانا، دوایی کردیان بە یەک پاسەوان. رۆژێک هاوەیەکی پاسەوانکەم هات بە لای، پێکەوە ئارەقیکی زۆریان خواردووە و سەرخۆش بوون. دوایی هاوەڕێکەی رێشت. پاسەوانکە درۆژەی بە ئارەق خواردنووکەی دا.

دیاربوو کە زۆری خواردبوو، چونکە کە بۆیانی دیم ئاگای لە خۆی نەبوو، گۆژبووو، هاوسەنگی تێکچووبوو و بەلادا دەهات، لە پشا بەوام بە سەرخۆشیەکەی نەکرد. بەڵام کە دوانم، بەم دڵخۆت کە بە راستی سەرخۆش و ئاگای لە خۆی نیە. چەکەکیم هەڵگرت و دوورکەوتمەوە، پشت ئاوەی تاریکی بکات ئاو شوێنم بۆجێهێشت. دوای (١٩) ڕۆژی بەندکردن و ئێشکەنجەدان و بە هەزی، زۆر بە زەحمەت توانیم هەڵبەزم و خۆم بگەیەنمەوە ناو لەشکرەکەم. کە ئەم هەواڵە باوبوو، بە هەی ئەم سەرکەوتنەوە، یەکسەر پڵەی سەربازیمان بە (مولازمی یەکەم) بەرزکردەوە. بە گوێ و تینێکی زیاتر، دڵنیامان بە شەڕکانمان دا" ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) لە (٢٥/ ئاپریل/ ١٩٢٢) دەربارەی ئازایەتی فاتە ڕەش نووسیوێتی:"ئەم ژنە کە بە فاتیمە ناودەبرێت، عەریفەک بوو، پێشەنگی پێشرەوی دەکرد، بە زۆری هێمووییان ژن بوون، کە هەڵشی کردە سەر هێزەکانی دوژمن بە گرتنی (٢٥) دیلەوە گەڕایەوە، کە ئەفسەرەکەشیان لە نێوان دیلەکاندا بوون".

(سیمین ئیقانۆڤیش) کە لە نێوان دیپلۆماسیەکانی روسیای سۆڤیەتی بوو لە تورکیا، لە کتێبی ئالبۆم (یادەوەریەکانی دیپلۆماسی سۆڤیەتی لە تورکیا) ناوی فاتە ڕەشی هێناوە و نووسیوێتی:"ڕەقیب فاتیمە جەنگاوەرێک بوو، چەندین جار هات بە باڵیۆزخانەکەمان. فاتیمە ڕەقیب سەرکی ئەردوویەک بوو، لە دژی گریک و یاخیبووەکان شەڕی کرد. مولازم فاتیمە کورتە باڵا بوو، لاواز بوو، دەموچاوێکی تاریکی چالاکی هەبوو، چاوێکی پیرۆژنانەی هەبوو. کوڕە گوورەکەی لەگەیدا دەهات بۆ باڵیۆزخانە، کە لە شەڕکاندا لەگەڵ دایکیدا شەڕی دەکرد. فاتیمە کوایەکی ڕەشی درێژی لەبەردەکرد، کە پشتی پێشیبوو، تەنوورێکی خەت خەتی لە بەردەکرد. فیشەکدانێکی پانیشی لە پشت بوو، فیشەکدانێکیشی لە شان بوو،..."

فاتە ڕەش لە (١٩١٩ــ ١٩٢٣) لە هەموو شەڕکان، کە بە (شەڕی کریمە) یا (شەڕی سەربەخۆیی) ناویان دەبرد، وەکوو سەرکردەی لەشکرێکی کوردی لە شەردا بوو، لەم شەڕانەدا، هاوسەرەکەی و منداڵەکانی و براکانی و ژمارەیەکی زۆری لە بنەماڵەکەی و لە خزمەکانی کوژران. تەنیا (فاتیمە) کچی مایەوە، ئەویش دەستی ڕاستی لە شەردا پەیبوو. شووی کردبوو، دوو کوڕی هەبوو. لە دوای تەوابوونی شەڕە فاتە ڕەش خۆی خانەنشین کرد. مووچەی مولازمی یەکەم، مانگانە (٥٠٠٠) قورشیان بۆ بڕیەوە. فاتە ڕەش وتی:"من لە پێناوی پارەدا شەڕم نەکردووە، بەرگریم لە وڵات کردووە" مووچەی

مانگانەکەی پیشکەش کرد بە (کیزیلاری ـ مانگی سووری تورکی).
وەک ڕەزلەنان بۆ ئەو خزمەتەی، مەدالیا گۆل و ویسامی سەربەخۆیان پێبەخشی.
فاتە ڕەش، لە ساڵانی کوتایەکانی ژیانیدا، لە ژوورەکی پڕڕپووتی سارد و سردا، لە ئەستەنبوڵ، زۆر بەبێ نازی و کۆڕوڕی و نەبوونی و برستی و تونەتی و کولەمەرگی و گۆشەگیری دەژیا. تەنانەت ڕۆژەکیان هیچ نەبوو بیخۆن دوو منداڵە نەوەکەی، چوون سواڵیان کرد و (١٠٠) قروشیان هەنایەوە و دایەن دەست داپیرەیان کە شتەکیان بە بکێیت و سکی برسیان تێربێت. ماوەیەکیشی کەنیسەیەکی ڕوسی ڕۆژی قاپەک شربایان دەدایێ. ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەکان باوبوەوە، ئینجا پارێزگار و سەرۆک شارەوانی ئەستەنبوڵ لە ساڵی (١٩٥٤) دا مانگانەیەکیان بۆ بڕی (١٧٠) لیرە بۆ بڕیوە. هەردوو نەوەکەشیان لە بڕشی ناوخۆیی قوتابخانەکان وەرگرت.
فاتە ڕەش دواڕۆژەکانی ژیانی لە (دارولاسز ـ خانەی پاراستن بۆ هەژاران و پیرەکان، کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە، لە لایەن شارەوانی ئەستەنبوڵەوە بەڕێوە دەبرا) بەسەربرد. تا لە ڕۆژی (٢/ یەلیە/ ١٩٥٥) لە نەخۆشخانەدا کۆچی دوایی کرد. لە گۆرستانی (کولاکسیز) لە ئەستەنبوڵ بە خاک سپێردرا. لەودوا گۆڕەکەی بەر شەقام کەوت و تەکیانەدا. لە (٢٠١٥) دا هەر لە ئەستەنبوڵ گۆڕەکی تریان بۆ دروستکرد.
بەکتاشی سینەماکار، سەرکی کەمەڵی (ئیلکنور) لە تورکیا، سیناریۆی فیلمێکی نووسی دەربارەی ژیانی فاتە ڕەش (فیلمبیۆگرافی) ساڵ و نیوێک خەریکی دەرهێنانی بوو. بەکتاشی دەڵێت:"ناوی ڕاستی فاتیمە (ماهی) یە خۆکی بەم ناوە بانگیان کردووە، ناوی باوکیشی، ئیبراهیم یەحیا" یە. بەکتاشی دەشڵێت:" ناسنامە مەرکراوکەیم دەزییەوە.. پێویستە ئەوش بزانرێت کە پاڵەوانێک هەیە نەک ئەفسانەیەک".
نووسەر و تۆژەنەر (محەمەد بەیرەق) لە کتێبی (ژنانی کورد لە دەوڵەی عوسمانیدا) لە بارەی چارنووسی "فاتیمە ڕەش" بە درێژی باسی لەوە کردووە. کە چۆن تورک لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، ڕاستییان چواشە کردووە و کردوویانە بە "ژنەکی تورک".
لەسەرەوە باسمان لەوە کرد، کە چون ئەتاتورک و موریدەکانی دوای خۆی بە نامەردی و دڕندەیی وەکامی قوربانیدان و پیاوەتیی گەلی کوردیان دایەوە و دەدەنەوە. چەنیش بە هەموو شەوە و شەوازێک، ڕاستییەکان و میژوو لە بەرژەوەنی خۆیان چواشە دەکەن. لە هەموو ئەو نووسینانەی دەربارەی فاتە ڕەش خوێندمەوە،

هیچیان دان بەوەدا نانێن، کە فاتە ڕەش بە ڕەسەن کوردێ و تورک نییە.
هەندێکیش دەڵین: بە ناوبانگ بزرکردنی (فاتە ڕەش)ی کورد. تورکەکان فاتە ڕەشێکی وەهمی تریان لە تورکیا بە ناوی (کارا فاتمە) وە، کردووە بە پاڵەوانی داستانەکانی فاتە ڕەشی کورد. ئەمەش بە لای ئەمەی کوردەوە نامە نییە، چونکە تورکان گەلێ کاری قەزەوەنی لەم جۆرەیان کردووە. بەڵام هەزاران (کارا فاتمە) ی ساختە دروست بکەن. بە سوودە، چونکە تەنیا یەک (فاتە ڕەش) هەیە ئەویش شەڕەنە کوردەکەی باکووری کوردستانە. فاتە ڕەش خانمە، فاتە ڕەشەکەی کوردستانە. فاتە ئەمازۆنەکەی کوردە. جا ملازم فاتە ڕەش بێت یا ژنەڵا فاتە ڕەش بێت، هەر فاتە ڕەشەکەی خەمانە.
هەر لە خوێندنەوەی ئەو نووسینانەدا، گەمانم لە هەندە لە قسەکانی نووسەرەکانیان هەیە، کە لە سوودی خوێندا، بە دەمی فاتە ڕەشەوە قسەیان هەڵبەستووە.
تا ئەمڕۆش (ئینسکلۆپیدیا) و فەرهەنگێکی یەکگرتووی نووسینەوەی (بیۆگرافی)ی کوردیمان، نییە، تا کەسایەتییە ناودارە میژوویەکانمان، چ پیاون و چ ژنان، لە هەموو بوارەکاندا، لە لایەن پسپۆرانی کوردمانەوە، بە شێوە و شێوازێکی ئاکادیمی ژیانامەیان بنووسنەوە و لە چەواشەکاری ڕزگاریان بکەن.



(*) بە نووسینی ئەم باباتە، سوود لە چەند سایتێکی تورکی و لە چەند نووسینێکی نووسەرانی تورک وەرگرتووە.

ڕەزا شوان
نەرویج: ٢٤/ ئاوگوست/ ٢٠٢٢

کورد، کورد نەبوون؟... زاناز

خۆی هەموو حزبێک کە دروست دەبێ بە دوو قۆناغ دروست دەبن:
قۆناغێک قۆناغی ڕزگاریی نشتیمانییە، قۆناغی دواتر قۆناغی گەشەپێدان و بەرەو پێشبردنی نشتیمانە. حزب یان هەر ناوێکی تری لەبنەڕەتین ئەوا بەدوو شتەوە دەنێ بوون: یەکەکیان بە ڕزگاریی دواتر پاش ڕزگاری کارکردنە بە ئامانجەکان. ئەوی دووەمیش لەناو نشتیمان و پاش ڕزگاری دەتەبوون و دامەزراندن، ئەمشیان بە کەمێک ئامانجی دیاریکراوەوە .

بە ئەمەی کورد دەخەکەی ئالەزە، ئالەزی بەو مانایەی دابەشکراوین و پەرتکراوین بەسەر چوار ووڵاتدا، بەیەسەرەتا دەبوایە و دەبە لەهەر پارچەیەک هەموو هێز وحزبەکان ئامادەییان هەبە و هی هەمووان با، پاشان با ململانێ هەبا هەر ئاوا بە کورد و نشتیمانەکەی باشە، چونکە گەر ململانێ نەبوو ئەوا کارکردن و ترس لە یەکتری نابێت یانی پشکەوتن ڕوونادات، بەیە پێویستە لە هەموو پارچەکان هەموویان هەبن بەس با هێزەکانی پارچەی تر دەستتوەردان نەکەن ئەگەر هاوکاری پارچەکانی تر بکەن ئەگەریش هاتوو لایەنگری و جەماوەری لە پارچەی تر هەبوو با حزبەک لەوە دروست بێ ڕەگەشی پێبدرێت چونکە هی ئەوانیشە ، هەروەک ووتم بە ئەوان باشە کە دەستاتدارن ڕەگەبەوانی تر بدەن یانی هێزەکانی تر چونکە بەهەی ئەوانی تر کار دەکات خەی ماندوو دەکات، چونکە ململانێ دروست دەبێ.
ئەمەی کورد چەندین ئایدەلۆژیای ترمان هاتووتە ناو پێویستە ئەوان و ئەوانی تریش دوو شتەوە سیاسەت لەکجیابکەنەوە :
یەکەکیان بە ناوەخەی ووڵاتە
دووەمیشیان بە دەرەوەی ووڵاتە
بەداخەوە کاتێک سەیری ئەو حزبانە و ئایدەلۆژیانە دەکەین یەک ئاستەی سیاسەتیان هەیە یانی هەم بە ناوەخە هەمیش بە دەرەوەی ووڵات هەمان سیاسەتە، دەبوو وانەبوایە، بەڕەو ئەو دوو جەرە لەکجیاکرابایەوە هەروەها بە ناوەخەیی ووڵات و هەلومەرجی بابەتی نشتیمانی و حزبیش لەکجیاکرابایەوە .

بە نموونە شتێک بەسەر کوردەکدا هەتبا ئەوانی تر پێشوەختە ڕەچاوی لایەنداری و نەداری ئەو کەسیان نەکردبا بەڕەو وەک مرۆڤێک دواتر

کوردەک لەیان ڕوانیبا هەموویان لەگەڵ هەموو مرۆڤکانی نشتیمان وایان کردبا نەک لایەنداری بێت وابکات لایەنداری نەبێ وا نەکات ،حزبەکانی ئەمڕۆ و مرۆڤکانی ئێگەر وایانکردبا ئێستا لەدۆخی تر دەبووین هەموویان و هەموومان بەرگریمان لەیەکتری دەکرد ،هەیەکیش کە وامان نەکردووە ئێوەیە هەر یەکەیان بەرگری لە هی خۆی دەکات بە ئاوانی تر نایکات بۆیە وای لێهاتووە ئاوانی تریش بێ ئاوانی تر واناکەن یانی هەر یەکەیان بیانوییان هەیە بۆ ئەمە ئێوەیە مادام ئاوانی تر بەرگری لە هی ئێو ناکەن ئێویش واناکات؟

ئیدی خۆی شتێکی تر گرنگتر هەیە ئێویش ئێوەیە متمانەی سیاسی لەنێوان لایەنەکان نییە ئێوەش هەم ترسی لای هەموو لایەنەکان هەیە هەمیش مەترسییە چونکە ئێگەر نموونەیەک بهێنینەوە کاتێک حزبێک چاکسازی دەکات ئێوا ئێو کەسانێ دەکەونە ناو ئێوە لە بەرژەوەندییان دەدرێت یەکسەر و زەرجاریش وابووە دەچێتە ناو هەزەکەی تر ؟!لە کاتێکدا نابا وابوایە چونکە ئێوە یەکەمجا لە دوورمەودا زیان بە ئاوانێ بۆیە پێویستە لەمە و متمانەی سیاسی پێیمانێک لەنیوان لایەنەکاندا هەبێ ئەمەش ئێگەر لە کورتمەودا سودی پێبگەیەنێ لە دوورمەودا زیانی پێدەگەیەنێ

2022 8 25

هەشتەمین دیداری شانۆی کوردی "یەتەباری" لە وەاتی سویدەوە

-مەنسوور جیهانی

هەشتەمین دیداری شانۆی کوردی "یەتەباری" بە هەوڵی کەمەڵی هونەرە جوانەکانی نەوەوەتی یەتەباری لە شاری یەتەباری لە وەاتی سوید بەڕێوەچوو.

هەشتەمین دیداری شانۆی کوردی "یەتەباری" بە هەوڵی کەمەڵی هونەرە

جوانکانی نێودەوڵەتی یەتەبەری Internationella Sköna Konster، بە دروشمی "بەسە ژن کوشتن لە کوردستان" و بە نمایشی شانۆگەری "مەرگی ئاو" کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژانی 19 و 20 ئۆگەستی ٢٠٢٢ لە شانۆی "دڕاماتیکی گۆتەبۆگ" Dramatiska teater i Göteborg لە شاری یەتەبەری لە وڵاتی سوید بەشداریی دەکەن.

ئەم شانۆگەریە بەرهەمی کۆمپانیای هونەری جوانکانی یەتەبەری، لە نووسینی "یەلدا حوسێن" و لە دەرهێنانی "بەکر ڕەشید"ە کە تیایدا "کامەران کەماڵ" و "ئارینا موحەمەدی" ڕۆڵیی سەرەکی دەگێڕن و هەروەها کاری دیزاینی دیکۆری لە لایەن هونەرمەندی شۆوکار "ئەحمەد نامێ" بە ئەنجامدراوە و "ئاسێ دیلان" هونەرمەندی موزیکزانی کوردی دانیشتووی وڵاتی سوید بە ژەنینی ئامێری عوود تیایدا بەشداریی کردووە.

شانۆگەری "مەرگی ئاو" لە لایەن هەگرانی هونەری شانۆ و هەروەها ئامادەبووانە پێشوازییەکی باشی لێکرا بە شێوەیەک کە بەرپرسانی هەشتەمین دیداری شانۆی کوردی "یەتەبەری" ئیزنیاندا کە لە هەر ڕۆژێ دوو جار، ئەم شانۆگەریە نمایش بکرێت، واتە لە دوو ڕۆژی دیداردا چوار جار نمایش کرا.


ئەم شانۆگەریە لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان وەرگیراوە کە لەم ساڵدا لە شاری هەولێر ڕوویدا کە "ماریا سامی" بەداخەوە بە دەستی کەسووکارەکەی کوژرا.

دیداریی ئەمسایی شانۆی کوردی "یەتەبەری" بە سەرکایەتی بەشی هونەری "عیزەت ڕەئووف" و هەروەها بە سەرپەرەشتی سەرکی کۆمپانیای "شەمال ئیبراهیم" و بەرپرسی ئیداری دیدار بێیز "محەمەد تەفیق" و بەشی تەکنیکی ڕووناکی و دەنگ لە لایەن "نەوزاد باهیر" بەڕێوەچوو.

کۆمپانیای هونەری جوانکان لە خۆئامادەکردندایە بە سازدانی نەهەمین دیداری فیلمی کوردی "یەتەبەری" کە لە ڕۆژانی 26 و 27ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ لە هۆڵی سینەمایی "فۆلکت هیووس" Fulket Hus لە ناوچەی "هەمەرکوللن" Hammarkullen لە شاری یەتەبەری بڕوادەچێت و هەر لەرێ لە هەموو فیلمسازانی کورد داوا دەکات کە پێیان خۆش نوێترین بەرهەمەکانی خۆیان بە ئەم ڕووداوە سینەماییە بنێرن.

بۆ زانیاریی زیاتر:
https://www.facebook.com/kurdiskafilmtraffen

راگەیاندنی گشتیی هەشتەمین دیداری شانۆی کوردی یەتەبەری.






GÖTEBORGS
DRAMATISKA
TEATER




GÖTEBORGS
DRAMATISKA
TEATER

چەند خاڵێکیش بە هاوڕێ ئاسۆ کەمال... عوسمان حاجی مارف

هاوڕێ ئاسۆ کەمال لە پێشکی نوسراوەکەیدا دژایەتی "ئەم جۆدل و دایەلەگانە هەرچەندە گرنگن، بەڵام خوێنەریان هەست دەکا کە ناخنە و گفت وگۆکاکان بارگاوین بە باسی شەخسی و ترس و دڵەڕاوکێ لەناخنە، هەروەها بەرپەرچدانەوەی نالەجیک و پشت نەبەستن بە بەڵگە بە سەلماندنی ڕاستی و ناخنەکان." ناڕاستی لەم سەرتایەدا ئەو پرسیارە دێنێتە بەردەمان: ئایا "خوێنەر" وەها هەست دەکات، یان هاوڕێ ئاسۆ بە خەی دەیەوێت بە یاری کردن بە وشە فەزاکە بارگاوی بکات؟ چونکە بەکارهێنانی "خوێنەر" بگشتی ئەو مانایە دەبەخشێت، کە خوێنەران هەموویان بە یەک هەست و بە یەک بیر و بە یەک ئاراستە لەو دیالەگە حاڵی دەبن و هاورێ ئاسۆش نوێنەرایەتیان دەکات. ئەمەش ئاشکرایە، کە سەرتایەکی ناسەرکەوتووە لە نوسین و ناخنەدا. ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەش، کە باسی دەکات، دەکرێت گوزارش لە خەی بکات، گەرنا کەسی تر ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەی نیشان نەداوە.

ئایا پێشیمان بوونەوەی کەسێک لە بچونکانی چەندین ساڵەی تەمەنی بە خەتابار هەژمار دەکرێت؟ ئاشکرایە وەڵامەکەی نەخێر! قبولکردنی پێشیمانی بشکی گرنگە لە ئازادی بیروڕا، بەڵام لەژێکی هاوڕێ ئاسۆ لەو گۆشەیەوە دەچێتە ناو باسکەوە، گەر بە ناخنەگرتنی کەسێک لە پشنەی بچونکانی خەی بەیەن پێشیمان بوونەوە، ئەوە دەچێتە قاڵبی خەتابار کردنەوە. گریمان کەسێک زەربەی ژیانی کەمەنست و مارکسی و ئەتایست بووە، ناژێک بە هەش دەتەوە و دەبەتە ئایندار و ناخنە لە تەواوی ڕابردووی خەی دەگرێت، پشنە ئەمە پێشیمان بوونەوەیەو کەسیش ناتوانێت خەتاباری بکات. ئایا کەسانێک لە ڕیزکانی خەمان نێک باوەڕیان بە کەمەنیزمی کرێکاری و مەنسور حکمەت و لینین نەماوە، بەڵکو دەستیان لە مارکسی بوونی خەشیان هەڵگرتووە. ئەمە پێشیمان بوونەوەیە، بەڵام ئایا خەتبارە؟ بیگومان نەخێر! یان هەربە نمونە هاوڕێ ئاسۆ لە گۆڤاری ناوەندی ژمارە یەکدا باسیکی کردوە و دژایەتی "ئەم باسە بریتیە لە سەرنجدانەوەی ئەبعادی ستراتیژی و شمولی حیکمەتیزم و ناساندنی تایبەتمەندیەکانی وەکو مەکتەبێکی فکری و سیاسی، کە نوێنەرایەتی مارکسیزمی سەردەم دەکات. لیکدانەوەکە لەسەر حیکمەتیزم، کە چۆن توانیویەتی مارکسیزمی ئەم سەردەمە بێت؟ جیاوازی لە باقی ناوەتە کەمەنیستیەکانی سەدەی بیست دوای لینیین؟ بەراوردێکە لە نیوان

کۆمۆنیزمی مارکس و لینین لەگەل کۆمۆنیزمی کرێکاری منصور حیکمەتدا و سەلماندنی هاوشێوە بوونی حیکمەتیزمە لەگەل مارکسیزمی ئەواندا.”
ئەستاش وەک دوای بەهیزترین وشە و ستایە بە ئاوای ۱۸۰ پلە پێچەوانەی ئەو قسانەی خۆی بسەلمێنێت. ئایا ئاگەر ئەمە ناوبنێین پشیمان بوونەوە، حوکمکی ناڕەوامان داوەو مانای وایە ئەو خەتا بار دەکەین؟! لە ڕاستیدا هەموو پشیمان بوونەوەیەک دەکرێت لە دوو ڕوانگەی سلبی و ئیجابیەوە چاوی لێ بکرێت، نەک خەتا بار. بە ئەوانەی هاوبیری بن ئیجابی و بە ئەوانەی مخالفی بن سلبیە و هیچی تر و خەتایەک لە ئارادا نییە.
ئەستا دیالێگی ئێمە لەسەر وازهێنانی کەسانێک، کە ڕەخنەیان نەک لە تەواوی بڕچوونە فکری و سیاسیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزبەکانی هەیە، بەڵکو زۆر بە کەم و نەفرەتەوە بەی دەڕوانن. هەروەها بە دوای بەدەستهێنانی وەڵامدانەوەی بڕچوون و کارێک و پێکهێنانی جۆرێکی تر لە سیاستکردن و پێکهێنانی حزب. ئایا ئێمە ڕەخنە و پشیمان بوونەوە نییە؟ ئاخۆ ئێمە وتومانە قەدەغەیە یان تاوانە؟ بەڵام بەمان هەیە ڕەخنەکانیان قبوو نەکەین و بە دروستی نەزانین و وەڵامیشان بدەینەوە. دەکرێت ڕەخنە پشیمان بوونەوە بێت لە ڕەبازیک و دەشکرێت ڕەخنەکە لە پێوەند بە گشپەدانی هەمان ڕەباز و خەتی سیاسیەوە بێت. ڕەخنە دەتوانێت لە ڕوانگەیەکەوە پشڕەو بێت و لە ڕوانگەیەکی تریەوە پاشەوپاش گەڕانەوە بێت. هەبەتە خاوەنی ڕەخنەکە مافی خۆیەتی وەک پشڕەو نیشانی بدات، مافی ئێمەش وەک پاشەوپاش گەڕانەوە لە قەڵەمی بدەین. ئێتر با هەرجۆرە ناوێک و پاشگرێک لە وێنەی “نوێخوازی” بەخۆیەوە بلکێنێت.
هاوڕێ ئاسۆ لە چوارچێوەی وێنایەک، کە بە خۆی داناوە لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری، گوایە لەبەر ئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە بنبەست گەیشتووە و “ئێمە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی چەقبەستوو کردووە لە سێکتەکی فکری و قاڵبەکی سیکتاریستی دا” و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، دەبێت ئاوگەر لەسەر بیروبڕچونمان بکەین و “کۆمۆنیزمی نوێ” بنیێنە ئاراوە. چونکە سەرنکەتووە و “چەقی بەستووە”. لە پشدا پرسیاری مانتقی ئەوەیە، ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری بنبەست و چەقبەست و سێکتیکی فکریە، کەوایە بڕچی پشڕەوی کۆمۆنیزم لە گرەوی ئەوداید ئێم بنبەست و چەقبەستوو سیکتە سەرنکەوتووە بخەیدا بچیتەوە؟! ئەوە مەیدان و ئەوە کۆمۆنیزمی نوێی دەخوازی خەتان بێن بەهەز و چەقنبەست و ناسیکیت و سەرکەوتووی بکەن. بە لەسەر ئەوە ڕاوەستاون، کە حەتمەن ئێم کۆمۆنیزمی کریکاریە “بنبەست و چەقبەستووە” بڕچونکانی ئەوە پەسند بکات؟! بەڵام دیارە هاوڕێ

ئاسۆ ئاوەی بیرچووە، کە دوای شکستی ئێران باسکانی مارکسیزمی شکستگەر و دژخۆ لە شورەویی و چین و لە ستالین و فکری ماوتسی تۆنگ و ئانوەر خواجە و کۆمۆنیزمی بورژوازیکانی ئاو سەردەم، زەرینەی کۆمۆنستکان و چەپی ئێران و کوردستانی عێراقی سەرسامکرد. ئەمش لە کاتێکدا بوو، کە شورەویی و چین لە تەپی هەز و باوەستیدابوون! چین و شورەویی نەک بنبەست نەبوون و بەکو ڕەبازکەیان سایەی بەسەر تەواوی چەپ و کۆمۆنیستکانی زەربەی جیهانی ئاو سەردەمدا کردبوو. ئاو دژخۆنەی زەرینەی ئەمشی لاو ابردووی چەند ساڵەی باوەمان بۆ بچوونکانی ماوتسی تۆنگ هەبوو، پشیمان کردەوە. پشیمان بوونەوەیەکی جگای شانازی هەر کۆمۆنستێک، کە دیاوەت ڕژێمی هەبێت لە خەباتی کرێکاری و شۆڕشی سۆشیالستیدا، جا لە دەورانێکدا پۆ کار و گۆشاوەیە یا لە حاڵەتی کشانەوە و سستیدایە. ئاو دژخۆنەی و مەسەدێک بۆ ئاوەزان بوونی خەباتی کرێکاری و خەباتی کۆمۆنیستی، بنەماکانی ناگۆردرێت. ئاوانش پشیمان نەبوونەوە و دژخۆکانیان قەبوڵ نەکرد، دیمان کە بوونە میوانی خۆشویستی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی. ئاخە هاوڕێ ئاسۆ چۆن وەڵامی ئاو کەسانە دەداتەوە، کە بە هەمان ئاراستەی بیرکرنەوەی تەزی سەرنەکەوتن باس لە سەرنەکەوتنی خەدی مارکس دەکەن؟ یان سەرکەوتنەکانی گرامشی لە ئیتالیا کامانەن، وا هاوڕێ ئاسۆ کردوێتی بە سەرچاوەیەکی گرنگی بچوونکانی؟ ئەستاش دوای تەمەنێکی چەندین ساڵە هیچ دژخۆ و پشیمان بوونەوەیەک تاوان نییە، بەڵام کرێکارانی سۆشیالست خۆیان بە دەوری "حولحلی مزهەبدا" ڕێک ناخەن. هەر بۆ مانایە ئیتر نیشانەکانی ئابڕی بوون جگایان نامێنێت. لەگەڵ ئاوەدا، کە سەرنەکەوتن و دژخی ئیستای بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری مایەی ئاوەیە بۆ دیدیکی دژخۆگرانەوە لە کار و هەڵسوانی ٣-٤ دەهەی پشومان بڕوانین و بزانین هۆیەکانی سەرنەکەوتن و بڕەوپشن نەچوونمان چی بوون، بەڵام خودی ئاوەی سەرنەکەوتین و پشڕەویمان نەکرد، بۆ هیچ جۆرێک خۆی لە خۆیدا بەگەی نادروستی بنەماکانی کۆمۆنیزمی کریکاری نیین. ئەگەر بۆم میسۆگەر بێر بکەینەوە، ئاوە لە پشدا دەبێت بنەماکانی مارکسیزم بخەینە ژێر پرسیارەوە، چونکە بەداخەوە لە هیچ کوێی ئەستای دنیادا هیچ ڕەوت و هێزێکی مارکسیستی دیکە دژخی لە کۆمۆنیزمی کرێکاری باشتر نییە. بۆ پێچوانەوە، پەگەی کۆمۆنیزمی کریکاری لە ڕەوتکانی دیکەی کۆمۆنیست و خۆ بکۆمۆنیستزان باشتر و بەهێزترە.

بۆ ڕاستی جگای سەرسوڕمانە لە دنیای ئەمەی بەرفروانی سۆشیال میدیادا باس لە بەرگرتن بۆ جیاوازی بیروڕا لە ناو حزب و مەحفەلە

کۆمۆنستەکاندا بکرێت. هیچ حزب و مەحفەلێک ناتوانێت لە بەردەم ئەم دەرگا و پەنجەرە کراوەی سۆشیال میدیا ڕابخساندوبێتی، ڕووی ئاوەی هەبێت بڕابست بە بەاوبوونەوەی بەچونەکانم دادەنرێت. هاوڕێ ئاسۆ بەجیا لە چاپکردنی کتێبەکەی، لە هەمان کاتدا لە ئاستێکی بەربەاودا لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە بەاوی کردۆتەوە، بەبێ ئاوەی تەنها یەک خولەکیش لە پێشدا لە ناو حزبدا بێ قانع کردنی حزب و هاوڕێیانی دیان ساڕێی قسەی لەسەر بکات! لە کاتێکدا وەک ئەندامیکی حزب چەند سەد لاپەڕەی ڕەشکردۆتەوە بە ڕەخنەگرتن لە بنەماکان و بەرنامە و میژوو و سیاسات و کارکردی حزب، بێ بێ ئاوەی کەس پێی بڵێ بێ وات کردووە و بێ ئەو یاسا و ڕێسایانەت ڕەچاو نەکردووە، کە بێ بەشداری ڕاستەوخۆی خەت پەسەند کران؟ ئەمێ چ ڕوویکە باسی تەماتی بەرگرتن بێ جیاوازی فکری لە ناو حزبدا بکەی؟! تەنها ئەوە دەکاتە بەگە، کە لە سایتی حزبدا ئەو کتێبەیمان بەاونەکردۆتەوە، کە پێشوەخت بەاوکراوەتەوە و لە بەردەستی هەموو کەسێکدایە. بەم بیانوە دەیوەت لە لایەک سایتی ڕەسمی حزب، کە کەناڵی ڕاگەیاندنی حزب و سیاسات و ڕوانگەی ڕەسمی حزبە، بکەینە بولتەنی نوسراوە و بەچونە جیاوازەکان. لە لایەکی ترەوە مافی ئەوەمان لە دەستنێتەوە، ئەو بابەتەی کە لەگەڵ مەوازینی هیچ مینبەرێکی ڕەسمی حزبدا نایەتەوە بەاوی نەکەینەوە. با لەوە گەڕێین، کە سایتی حزب کەناڵی بەچون و سیاسەتی فەرمی حزبە، بەڵام تەنانەت داواکەی هاوڕێی ئاسۆ ناچیتە خانەی ئازادی ڕادەربڕینەوە، چونکە باسی کتێبێک دەکات کە پێشوەخت ڕەیشتوە و بەاوبۆتەوە، بەڵکو دەچێتە خانەی ڕیکلام کردنەوە بە کتێبەکەی. واتە داوامان لە دەکات لە سایتی ڕەسمی حزبەوە ڕیکلام بە کتێبەکەی بکەین کە دیان و سەدان لاپەڕە ڕەخنەی نادروست و ناکۆمۆنیستی ئاراستەی حزب کردووە. مافی ئەوەشمان پێنادات ئاگەر کتێبەکەی بە گرنگ نەزانین ڕیکلامی بۆ نەکەین، بە تایبەتی بابەت و کتێبێک کە بەخەی پێشوەخت بەاوکراوەتەوە و نێیتوانیوە جێگا و ڕێگایەک لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنستی و کرێکاریدا پێیدا بکات. ئەو کتێبەی هاورێ کە بە ڕێگای ئسوڵی حزبیدا تەنپەڕیووە و پێشوەخت سەربەخۆ بەاوکراوەتەوە. بە دەبەت من ناچار بم لە ژێر ناوی قەبولکردنی جیاوازی بیروڕادا ڕیکلامی بۆ بکەم، ئەویش لە سایتی ڕەسمی حزبەوە، کە ئەرکی بەاوکردنەوەی خەت و ڕیبازی سیاسی پەسەند کراوی حزبە؟ سایتەکان و بازار پڕە لەجۆرەها کتێب و باوەری کۆمۆنستی جیاواز و ئەوەی تەش یەکیکە لەوانە، باس و نیگەرانی هاوڕێ ئاسۆ دەربارەی بەرگرتن نییە بە جیاوازی بیرورا، بەڵکو باش دەزانێت کە بەاونەکردنەوەی کتێبەکەی لە سایتی حزبدا خونەری کەم دەکاتەوە.

گەر هەر هاورێیەک ئارەزومەند بێت بە خوێندنەوەی کتێبەکەی ئاسۆ بە ئاسانی دەستی دەکەوێت و بیانو هێنانەوە بە ناوی بەرگرتنی ئەمە بە خوێندنەوە قسەیەکی مناڵانەیە. ئەو کتێبە گەر پەگەی خەی هەیە، پەویستی بە ێیکلامی ئەمە نییەو ئەرکی ئەمەش نییە ئەو ێیکلامە بکەین.

بەڵام گەر هاورێ ئاسۆ پەشتر بە شۆڕیەکی ئسوڵی داوای بکردایە، کە باسی هەیە و جیاوازی هەیە، تا لە ئەرگانی خەی و ابەری و لە نەو ئەندامانداا باسکانی بگەیەنێت و هەوڵی بدایە حزب و هاورێیانی قانع بکات، ئەوکات ئەمەش بەپەی ئسوڵی حزبی ڕێگای بەاوکردنەوەیمان دیاری دەکرد. بەگومان دوای ئەوەی هەموو میکانیزمەکی ئسوڵی دەگیرایە بەر بە ئەوەی لە ناوخەی حزبدا قسەوباسی لەسەر بکرێت، خە ئەگەر دوای ئەم پەسەیە نە هاوەی ئاسۆ بیتوانیبایە حزب و هاوڕێیانی قانع بکات و نە بە پێچەوانەوە حزب بیتوانیبایە هاوڕێ ئاسۆ قانع بکات، بەگومان ڕێگای بەاوکردنەوەی عەلەنیش دەخرایەووو، تەنانەت لەو کاتەدا ڕێنگە لەگەڵ ڕوونکرنەوەیەکی سادەدا، کە تەوزیحی ئەو پەسەیە بدات، وەک رای جیاواز لە گۆشەیکی تایبەتدا بەی بەاوبکرایەتەوە. بەگومان بەو مەرجەی هیچ تەمەتەکی نەسەلمینراوی لە دژی حزب و کەسایەتیکانی و هیچ کەسی دەرەوەی حزبیشی تەدا نەبێت، بەڵام بەداخەوە هاوڕێ ئاسۆ گۆشەگیری و تەریک بوونی خەی بە ماوەیەکی زۆرهەبژاردو دواتر بە بە گوتنی یەک وشە لەگەڵ حزب، کتێبەکەی بەاوکردەوە.

لە هەمان کاتدا پرسیاری ئەوەم لەکردەوە باسکانت هەر چیەکن و خێت بە چی ئەگەیت ئەوە بە ڕێی خەی، بەڵام لە باری عەمەلیەوە بە نیازی چیت؟ واتە "چیکردن"، کە تا ئێستاش وەڵامی نەداومەتەوە، ناشبینم لەو بارەیەوە تا ئێستا ئەولەویەت و نەخشە عەمەلەکی بە خەی دانابێت. هەربۆیە لە ئاستی بەچونی شەخسی خەیدا ماوەتەوە. واتە ئەو ڕێخنە و بەچونانەی لەسەر حزب و خەباتی کەمۆنستی هەیەتی، پەویستە پراکتیکیکی جیاواز لە ئەزمونی کەمۆنستی کرێکاری نیشان بدات. گەر ئەم ئەرکە لە باری عەمەلیەوە خەی نیشان نەدات و هەر لە ئاستی بانگەشە بە کتێبەکەی بەنەو بەڕە بکات، ئەوە باشترین نمونەی سکتاریستی خەی لە باری فکریەوە نیشان ئەدات، کە بە خەشی وەها نیشان ئەدات خەبات لەبەرامبەر سکتاریستدا دەکات.

مەسەلەی تەمەن بە ابەری بوون یەک واقعیەتە، شمولی هەموو ئەم جیلەی کەمۆنیستکان دەکات لە عیراق و ئیران، کە لە هەفتاکان و هەشتاکانەوە دەستمان بەکار کردووە. پەوڕەکی گشتی نییە وەک ئاسۆ تەعبیری لە دەکات. ڕێخنە و پێشمانی لە هەر بەچونەک بەڕێی خەی، بەڵام تەنها ڕێخنەگرتن، کە ئێستا لە فەزای دیالەگی کەمۆنستکاندا

دەربارەی بنبەستی کۆمۆنستی کرێکاری، حزب و دەسەڵات، لینین... دەستاودەست دەکات، جگە لە تەعبیری بەچونی شێخسی، کە دەڵێن "باوەڕمان بە کۆمۆنستی کرێکاری و مۆنسور حکمەت و لینین نییە"، شتێکی تر نابیستین. لە هیچ کۆمۆنستێکم نەبیستووە، کە بانگەوازی ئەو بە باوەڕیی دەکات لە باری فکری و سیاسیەوە نمونەی ئەوەی باوەڕی پێیەتی بە پراکتیک بڕجەستە کاتەوە. باوەڕبوون و بە باوەڕی سەودا و مامەڵە نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی پراکتیکی و نیشاندانی ئەزمونێکی سەرکەوتوو تر. کارمان بەوانە نییە، کە بە دوای هەقیقەتی باوەڕکەدا دەگەڕێن، کەی ئەو هەقیقەتیان دەستکەوت، ئەوکات قسەیکی لەسەر دەکەین. بەڵام لە ئاستی خەناسین وەک پشەنگ و ئابڕوک، گەر هەر لە سەرەتاوە بە پشنەی نیشاندان و سەلماندنی ئەو هەقیقەتە نەخاتە ڕوو، بە خولانەوە بە دەوری دەخنەو گەڕان بە دوای هەقیقەتدا تەمەن مانا پەیدا دەکات، کە دەتوانێت ئابڕ بێت یان نا. ئاسەدەخنەی لەوە هەیە ئەم کۆمۆنستی کرێکاریە سەدیەیە نەیتوانیوە کۆمەڵایەتی بکاتەوە! هاوڕێ ئاسۆش دوای دوو ساڵ و پاش چەند سالی تریش لە دەرچونی کتێبەکەی دەتوانێت بەم میسداقە ببینی "کۆمۆنیزمە نوێ"کەی چەندە کۆمەڵایەتی بووتەوە و چەندە بچونکانی هەقانیەتی هەیە ؟ هەر بەیە جگای سەرنجە لەسەر سەرفکردنی ئەو هەموو وشە و دەرە زۆرە بەرانبەر دەخنە و ڕەخنەگرتن، کە لە نووسینەکەی ئاسەدا بەکارهاتووە، دەڵێت "نابێ لە دەخنە بترسین"، هەروەک لە سەرەتاوە گوتم، سۆشیال میدیا ئەوندە فراوانە هیچ نییە دەخنە و دیالەگی دەخنەگرانە نەخەنینەوە. ئایا ئەوە کەللەقی کۆمۆنستکانە یان تەقدیسکردنی بیروباوەڕکانیانە؟ یان دەخنەکان دەشنایان تەدا ناخوەندریتەوە؟ وا پشنیارکانی هاوڕێ ئاسۆ لەسەر نەترسان لە دەخنە ناتوانێت ئامۆژگاریکی باش و ئەرێنی بێت. مۆنسور حکمەت هاوکاتی دەخنەکانی لە کۆمۆنستی ئەو سەردەم، هاوشانی هاوڕێکانی هەمیشە پراتیکێکی پشرەوتری بڕجەستە دەکرد و بەردەوام بە سەروکاری بەرنامەداشتن بە پراکتیک و پکهاتی حزبەوە بوو. لە پشدا حزبی کۆمۆنستی ئێران، دواتر بە دەخنە لەوەی، کە مەیلی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەیی جیاواز لە ناو ئەو حزبەدا خۆیان بڕجەستە کردەوە، دەوتی خێ لەو حزبە جیاکردەوەو حزبی کۆمۆنستی کرێکاری ئێرانیان پکهێنا. دیارە گەر بە لۆژیکی هاوڕێ ئاسۆ بێت، دەبوا ئەو تکەڵاویە قەبوڵ کرایە تەنها لەسەر بنەمای ئەوەی هەموان بە خۆیان دەگوت کۆمۆنیست. لە کاتیکدا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بینیمان حەقانیەتی بچونکانی حیکمەت بە عەمەلی دەرکەوت و مەیلە کۆمەڵایەتیەکانی ناو ئەو حزبە هەرکامیان دەگەای خۆیان گرت و تەنانەت دەوتی ناسیونالیست و

قومپەرستی دژی کۆمۆنیستی لە هاتدارەوە.
٢١/٨/٢٠٢٢

بۆینی ئۆندامۆکانی جۆستۆ سزا نییۆ، تاوانۆ!... و: کاوۆ عومۆر

بۆ پشت بەستن بۆ چاوپۆکەوتنۆکی حامید تۆقوۆیی لە کۆناڵی نوێ کۆکراوەتەوە

کۆیوان جاوید: دوای پچۆانۆک، کۆماری ئیسلامی سەر لە نوێ گەڵاوەتەوە بۆ کوژرکردن و بۆین ئۆندامۆکانی لۆش، پرسیاری یۆکەمی من ئەوۆیە کە ئۆم هۆوشوۆنە نامرۆقانە و قۆزەونە تا چۆند لە ئۆراندا بەربەاوە؟
حەمید تۆقوایی: ئۆم تاوانانە، کە بە "تۆڕۆی بۆینی ئۆندام" ناوی دەبات، هەمیشە کۆم تا زۆر جەبەجۆ دەکرۆن، بۆیە لۆم قۆناغەدا، گۆیشتووەتە لوتکۆیۆکی نوێ و بەربەاوتر و چۆتر دەبنەوە. لە چۆند مانگی ڕابردووەدا، ژنۆک و دوو پیاو سزای کوژرکردنیان بەسەردا سەپۆنراوە، پۆنجەی دوو کەسیش بەاوە، حەوت کەسی دیکەش سزای بۆینی پۆنجەکانیان دراوە. ئۆمانە نیشانی دەدەن کە شەپۆلۆکی نوێی ئۆم تاوانە دەوڵەتییە دەستی پۆکردووە. ئۆم شەپۆلە دوای بۆیارۆکی دەسەڵاتی دادوەری دەستی پۆکرد. لۆم دواییانەدا میدیاکان بەاویانکردەوە کە لە مانگی نیسانی ئۆمساەدا، هەموو دادوەر و دادگاکان و دەسەڵاتدارانی شەریعەتیان ئاگادار کردبووەوە کە پۆویستە ئۆم جەرە بۆیارانە، بۆیارۆکانی "سنوورە ئیلاهییەکان" بە جددی وەربگرن و دەسۆکان پەرسەس بکەن پەدچەت ئۆم جەرە حوکمانە بە هەی ترسی ناڕەزایەتی و توڕەیی گشتی کۆمەڵگاوە جەبەجۆیان نۆکرد، و حکومەت داوا دۆکات کە ئەوە شکست نەهۆنن لە بۆینی دەست و قاچ و کوژرکردنی چاو و ئۆم جەرە فەرمانانە. ڕەئیسی پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئەم ڕەسایانە ڕەسای ئیلاهیین و لە شانازیۆکانی ئۆمەن. وە ئۆستاش بەردەوامن لە بەدەستهۆنانی ئۆم "شانازیانە"
درۆژ بە کۆم ئۆندامکردنی زیندانییەکان بدەن
کۆیوان جاوید: وەک باست کرد ڕەئیسی وتی ئۆمە یەکۆکە لە شەرەف

مەندیەکانی ئەمە. ئایا ئەمە بابەتێکی ئایینی و ئیسلامیی حکومەتە یان کردەوەیەکی سیاسییە؟ ئایا ئەوان بنەمای سەدەکانی ناوەڕاستی "چاوەک بە چاوەک" دەپارێزن یان بەڕاستی دەیانەوێت لەکەمەڵگە بدەن و چاوترسێنی بکەن؟

حەمید تەقوایی: هەردوو لایەنەکە ڕاستن. حکومەت هەمیشە سیاسەتە سەرکوتکارەکانی بە فەرمانی ئیلاهی و قورئان و ئیسلام و هتد پاساو داوە. لەڕشدا هەمان شتە. کەمەڵگا لە دەخێکی ناڕازایی و تووڕەیی بە وێنەدایە، حکووماتیش لە دەخێکی لاوازی بە وێنەدایە! لەم دەخەدا یەکێک لە ڕێگاکانی حکومەتە قێیراناوییەکە دەرکردنی فەرمانی سەدەی ناوەڕاستە بە تەڕسەندنەوە بە ئەوەی چاوی خەڵک بگرێت و دەسەڵاتی خۆی نیشان بدات. پاساو و بنەمای بەرگریی حکومەت لەم تاوانە، ئایەتەکانی قورئان و فەرمانە ئیلاهییەکان و یاساکانی فیقە و هتد. مەسەلەی حیجابیش هەر هەمان شتە. پرسی لە سەدارەدانکان هەر هەمان شتە. لە هەرکوێ شمشێرکێشان دژ بە کەمەڵگا کێشاوە، دواجار ئایەتێک، فەرموودەیەک، حوکمێکی ئیسلامییان بە پشتیوانی لێی هەناوەتەوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم لایەنە ئایدیۆلۆژییە و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە فەرمانێکی خودایی و سەرچاوەی شانازیە لە ڕاستیدا گوتارێکە کە بەیارە پایەکانی حکومەت و حیزبوڵا و ئیمامەکانی هەینی و باڕەجیاوازەکانی دیکەی حکومەتەکەیان ڕەویەتی پێبداتەوە و تەیار و یەک بخات . ئەگینا بڕپرسان. ئەوە زۆر باش دەزانن کە ئەم پاساوانە کاریگەری پێچەوانەی لە نەو خەڵکدا هەیە. ئەوان باش دەزانن کە تا زیاتر ئاماژە بە فەرمانە ئیلاهییەکان بکەن، خەڵکی زیاتر ڕقیان لە حکومەت و ئیسلامەکەی دەبێتەوە. خەڵک خەریکە هەموو ئیسلام و هەموو ئایینەکە دەخنە ژێر پرسیارەوە. دەکرێ بگوترێ بەرگری و پاساودان و بەرگریی حکومەت لەم "فەرمانە ئیلاهییانە" بە یەکخستنی ڕیزەکانی خەیان و جێبەجێکردنی ئەم فەرمانانە بە ترساندنی کەمەڵگایە. ئەم پێوەندییە لەڕادەبینرێت.

کێوان جاوید: داواکاری گشتی و دەسەڵاتی دادوەری پێیان وایە و دەڵێن و ریکلام بە ئەوە دەکەن کە ئەمە بە کۆنترۆڵکردنی دزییە لە کەمەڵگادا. دەڵێن ئاسایشی کەمەڵگا بەم شێوەیە مسۆگەر دەکرێت. ئای ئەوە چیە؟

حەمید تەقوایی: هەمووان دەزانن دزیەکان بە قەبارەیەکی بەرفراوان لەلایەن ئەم ئایەتوڵاکا و ئیمام و بڕپرسە حکومییانە ئەنجام دەدرێن. دزی نجومی! ئەگەر شتێک ئاسایشی کەمەڵگای خستێت مەترسییەوە، ئەوە ئەم دزی و گەندەڵیانەی بڕپرسانی حکومەتە، کە

هیچ ناڕازایەتییەکیان لەسەری نییە. چەند جار لە شەی فراکسیۆنەکاندا ئەم یان ئەو دزە دەبەتە ملیاردێر و دەخوەت. پەش ململانێ و شەی داهاتوو دەمهێنن چەقی بابەتەکە! گەندەڵی و دزی حکومەت بووەتە بابەتکی پەکهاتەیی و دامەزراوەیی و ڕژانە ڕەهەندەکانی فراوانتر دەبن، گەندەڵی و دزی سەرتاپای حکومەتی گرتووەتەوە، بەنام ملیاردێرە دەسەاتدارە دزەکان چەقی تەنە لە ووی خەکەکدا هەدەکشن،کە لە ژێر فشاری هێزاری و نەهامەتیدا پشتیان چەماوەتەوە. "ئاسایشی تەنها کاتیک لە کەمەگا" بەدی دێت کە تەواوی حکومەت لەناو ببرێت.

هەروەها پەیوستە ئەوەش زیاد بکەم کە حکومەت تەسەندنەوە و بەین بە سزای ئیسلامی ناودەبات، بەنام ئەمانە سزا و تەسەندنەوە نین، بەکو خەیان بە تاوان دادەنرێت، لە استیدا بەینی ئەندام و چاو کوێرکردن تاوانکی زۆر نامرۆقانەتر و قێزەونەترە لە هەر تەمەتک کە ئاراستەی قوربانیانی تەسەندنەوە دەکرێت.

تەسەندنەوە یەکەکە لە ئەشکەنجە دەندەکانی سەدەکانی ناوەاست کە ئەنجامدەرانی بە تاوان دادەنرێت و لە هەر سیستمکی یاسایی مەدەرن دا لەپەچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەنجامدەران و ئەنجامدەرانی دەستبەین و کوێرکردن تاوانکی گەورە ئەنجام دەدەن و دەبەت لەپەچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. بەنام لە کەماری ئیسلامی ئێراندا هەموو شتک پەچەوانەیە. وەک چەن دزەکان حوکم دەکەن و بە خەکی دزراو ناودەبرێن دز، بەهەمان شێوەش بە ئەنجامدەران و ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە ناودەبرێن دادوەر و دەسەاتی دادوەری و قوربانیەکانیش تەمەتبار دەکرێن و سەرکەنە دەکرێن. دەبەت ئەم سیستمە بوخەنرێت!

کێیوان جاوید: ڕەگاکانی خەک بە ماماڵەکردن لەگەڵ ئەم فەرمانە قێزەونە چین؟ ناڕازایی لە دەسەاتی دادوەری و تەسەندنەوەی ئیسلامی یان تەواوی حکومەت؟ لەم نەوەندەدا پارێزەران و پیشەیەکانی دادوەری دەتوانن چ هەنگاوێک بگەن لە دووڕکەوتنەوە یان ماماڵەکردن لەگەڵ ئەم دەخەدا؟

حەمید تەقوەیی: خاڵکی باشت باس کرد. لە دەسەاتی دادوەریدا پارێزەری بەهێز هەن کە بەرگری لە تەمەتباران دەکەن و لە زۆر حاڵەتدا لەگەڵ سزا دەرچووەکان ناکەکن. خەک چاوەڕێی ئەوەن کە ناڕازایەتیان دەربڕن بەرامبەر بە فەرمانە قێزەونە تەسەندنەوەکان. وەک وتم فەرمانی تەسەندنەوە نموونەی ئەشکەنجەدان نەک سزادان یان سزادان. ئەمانە ئەشکەنجە و تاوانن. دەبەت دژی ئەم فەرمانانە بوەستیت. دەبەت ناڕازایەتی دەربڕیت.

بگومان ئەم ناڕەزایەتییە دەتوانێ لە ئاستی پارێزەران و پسپۆڕانی

دادوەری زیاتر بێت. بە بۆای من تێکۆشەرانی هەموو بزووتنەوە ناڕازایەتییەکان، بزووتنەوەی دادگاییکردن، بزووتنەوەی ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی، بزووتنەوەی ئازادیی ژنان، بزووتنەوەی کرێکاری، مامۆستایان و خانەنشینان و هتد، دەبێ لە دژی فەرمانە بەربەریەکانی تێڕۆسەندنەوە. ئەم بزووتنەوانە خاوەنی ئەرگانی سەرکردایەتی و چالاکوان و کۆسایەتی ناودار و کۆمیتە و کۆمەڵە و ئەنجوومەنی تایبەت بە خۆیانن. لە درێژەی ناڕازایەتی و گردبوونەوە و تێکۆشانکانیاندا دەتوانن ئەو داواکارییە زیاد بکەن کە دەبێ دەستبەجێ حوکمەکان و سنوورەکانی بڕین بوەستێنرێت.
پرسیت ناڕازایی دەربڕیت بەرامبەر بە دەسەڵاتی دادوەری و یاساکان یان دژی تەواوی کۆماری ئیسلامی، بەڵای من ئەم دووانە بەتەواوی پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. دەبینین مامۆستایان ناڕازایەتی دەردەبڕن سەبارەت بە موچەکەیان، خانەنشینانیش بە هەمان شێوە، کرێکارانیش بە هەمان شێوە. بەڵام هەموو ئەم چین و توێژانەی کۆمەڵگا دەزانن کە بە بڕیهەنانی داواکارییەکانیان دەبێ کۆماری ئیسلامی ڕووخێنرێت. هەموو چالاکوان و جەماوەری خەڵك دەزانن ئەگەرچی ئەمانە ناڕازایەتین لەدژی هەندێك بەش لە سیاسەتی حکومەت و بەهەی هەندێك داواکارییەوە، بەڵام لەڕاستیدا تەحەدای تەواوی حکومەت دەکەن و دواجار چارەسەریش ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە.
ئەمەش لە ناڕازایەتی دەربڕین بە تێڕۆسەندنەوەشدا ڕاستە. داواکەش ئەوەیە کە پێویستە دەستبەجێ یاساکانی تێڕۆسەندنەوە هەڵبوەشێنرێنەوە، بەتایبەت ئەو یاسایانەی تایبەتن بە بینینی دەست و ئەندامەکان و خەتنەکردنی تەرمی تەمەتباران. هەروەک چۆن لە سەدارەدانەکە کە ناوی شەریعەتی "قیساس نەفس"ی لەسەرە، ئەشکەنجەدان و قامچی و فایلە ئەمنییەکان دەبێت دەستبەجێ بوەستێنرێت. ئەمانە داواکارین کە پێویستە هەموو لایەک ڕایبگەیەنن، بەڵام ووتن کە ئەم ناڕازایەتیانە بەشکن لە خەبات بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی. تەنیا بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بە هەموو ئەم تاوانانە دەگیرێت.
https://www.tasnimnews.com/fa/news/1396/07/19/1542818/%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%D9%88%DB%8C%DA%98%D9%87-%D9%86%DB%8C%D8%B1%D9%88%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%B3%D9%BE%D8%A7%D9%87-%D8%AF%D8%B1-%D8%B9%D9%85%D9%82-%D8%AE%D8%A7%DA%A9-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A8%D8%A7-%D9%87%D9%85%DA%A9%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%D8%AC%D9%84%D8%A7%D9%84-%D8%B7%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%86%D9%82%D8%B4%D9%87-%D9%88-%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%88%DB%8C%D8%B1

ئۆپەراسیۆنەکە بە یەك شەو ئەنجامدراوە, کۆتایی کاتەکانی شەوی 11ی مانگ و سەرەتای شەوی 12ی مانگ , لە کە کۆماری ئیسلامی ئێران رایدەگەیەنێت دوو رۆژ بەردەوام بووە, بەو مانایەیە ئۆپەراسیۆنکی بەرفراوان و کۆنترۆڵی ناوچەکەیان کردووەو لە شوێنی ئۆپەراسیۆنەکە ماونەتەوە ئەو ماوەیە, نەك تەنها 3:30 کاتژمێر بەردەوام بووبێت و دواتر بە پەلە هەڵهاتبێتن, تەنانەت بۆیاریان دا ئەگەر چەکەکانیان پێ دەرباز نەکرا بەجێیان بهێڵن, چونکە دنیا بەرەو رووناك بونەوە دەچوو, ئۆپەراسیۆنەکە تا کاتژمێری 5:30 ی بەیانی رۆژی 12 ی مانگ بەردەوام بووە , مانەوە لەو جێگایە مەرگی هەمووان بووە.
ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەك لای ینك

کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ مانا ئۆپەراسیۆنەکەو ئەنجامەکانی گەورە کردەوە, کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لە هەمبەر کاردانەوەی رژێمی عێراق و سزادانی هەموو گەلی کورددا, ئەگەر لە ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو" حاجی ئۆمەران ئێران -پارتی" تەنها بارزانییەکان بە دڵندانەترین شێوە سزا دران, ئێستا هەموو کوردستان کەوتە بەر لێپرسینەوەو سەرەتا گوندەکانی شوان -ساڵەیی دەشتی هەولێر و قەلاسۆوکا, بزانین بەرپرسانی ینك چۆن باسی ئەم رووداوە دەگێنەوە, هەرچەندە سەرکی ینك لە یاداوەرییەکانی باسی هیچ رووداوکی تاکات, کە راستەوخۆ گرێدراون بە خۆیەوە.

بەڵێز نەوشیروان مستەفا ئاوا باسی ئۆپەراسیۆنەکە دەکات"پلانەکە بەم جۆرەی خوارەوە دانرا:
1-هێزێك بە سەرکردایەتی شەوکەتی حاجی موشیر ئاگر بارانی زەمبور بکەن.
2-هێزکی تر بە سەرکردایەتی ئازاد حەمە غەریب ئاگر باران جەبەر بار بکەن.
3-هێزکی تر کە هێزی سەرەکی و هەرە گەورەی یەکێتی بو، بە سەر پەرشتی خۆم، ئاگر بارانی بابەگۆ گۆ بکەن.
3-هاوزەمان لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم 3هێرشەدا ، پەلاماری داوودەزگاکانێ بەعس لەناڵ چەندین شارو ئێردوگا و شوێنی دیاردا بدرێ. سەرچاوەی پێشوو ل 108-109".
" کاتی جێبەجێکردن دیاری کرا. ئازادو شەوکەت هەریەکەیان بەشی خۆی بە شەو لە لێری بارکردو بە دابان دا بردیان بۆ خۆی زۆویە و پەیاندیانەوە نزیك شوێنی کارەکانی خۆیان. ئۆمەیش بەشی خۆمان، کە لە هی هەردوکیان زۆرتر بو، بە 32 تراکتۆرو 4 لێری لە خۆی زۆویە و گردەبارەوە گوزایەوە کەشەرەو ڕۆژی دوایی بردمانە گوندی

مێخوارده دانا. دوری مێخوارده لە کەرکوکەوە لە 40کلم کەمتربو. سەرچاوەی پێشوو ل 109″.
” ئینجا تاقم تاقم هێزەکانمان بەێ کرد هەریەکەیان بێ ئەنجامدانی کارەکەی خێ و ، ئێمەیش ئێوارەکەی سەرکەوتینە سەر خاێخانان بێ ئەوەی لە دورەوە سەرپەرشتی ێوداوەکان بکەین. لە سەعات 12ی نیوەشەودا ئاگاداری هەمو قێەکان کرا: (چرا هێکەن!)کە نیشانەی دەست پێکردن بو. سەرچاوەی پێشوو ل 109″.
رێباز باسی رێی هێزەکانی ینك لە هەولێر دەکات لە ئێپەراسیێنەکە” بێ ئەوەی دوژمن نەتوانێ لە کاتی ئەنجامدان ئەو چالاکیە مەزنە هێز بە هاناێ کەرکوك ببات بە تایبەتی هێزەکانی فەیلەقی پێنج کە بارەگای لە هەولێر بوو باقی تیپەکانی 85,86,87,91 بێ مشاغەلە کردنی هێزەکانی دوژمن تەرخان کرا. ێژی 9- 10 کاك کێسرەت گەیشتە لامان لە گوندی بانە قەات ئەو هێزانەمان دابەش کرد بێ مشاغەە کردنی هێزەکانی ێژم بێ ئەو شوێنانە: 1-گوێ 2-دیبەگە 3-قوشتەپە 4-ناو هەولێر”.
“پاش نان خواردنی ئێوارە چوینە سەر دێدەوان هەموو شوێنك دیار بوو، ئاگری نەوتی کەرکوك بێسەی هەێدەستا، دنیا کش و مات بوو تا کاتژمێر 1ی بەیانی ێژی 10-10لە هەموو لایەك تەقە دەستی پێکرد، تێپەکان کەوتنە کار پاش ماوەیەك، ئاگر شەریکەی کەرکوك کوژایەو، هاوزەمان لەگەێ دەست پێکردنی تێپ باران فێکەکانی شەکەر و کێپتەر بە ئاسمانی ناوچەکە دەسوانەوە بە تەنویر ناوچەکەیان ێوونات کردەوە چەند کاتژمێرك، تێپ باران بەردەوام بوو پاش ئەو ماوەیە دنیا کش و مات بوو، ئاگر لە شەریکە هەنەستا کەواتە چالاکیەکە وەك پێویست سەرکەوتوو نەبوو. سەرچاوەی پێشوو ل388 “.

راستی زیانەکان عێراق لە ئێپەراسیێنەکە

ئەو 3:30 کاتژمێرەی 11 لەسەر 12ی مانگی ئۆکتێبەری ساێی 1986 ئێپەراسیێنەکەی تێدا ئەنجامدرا, هاولاتیانی کەرکوك هەموو بێاچەی ئاگرەکەیان بینی, دەنگی راجیمەو هاوەنەکان بیسترا, شریقەی بیکەی سی هات, خرمژنی گولە چوو بە ئاسمانا, وەێ جگە لەو زیانانەی پێشمەرگەی ینك لە گرتنی زنجیرە رەبایەکان لە کوردە میلەوە بێ سەر خاسە و دانانی بێسە لە کەلی سۆکانی لە لایەن پ م کەرتی یەکی ساێەییەوە کە 20بێ 30 سەربازی عێراقی تێدا کوژران, لێدانەکان دی هەموو رەمزی بوو, ئەویش سێ شەهیدیان بێی داو یەکێك لە رەبایەکانیان لەسەر خاسەیان بێ نەگیرا, لە ئەرێلەکەی سەقزلی هەر نەدرا, لەو سەربازگەیەی کە موجاهدینی تێدا بوو, چەند گولەیەکی

پەوە نرا بەلام کاریگەری نەبوو بۆ زیان بوو, هەرچەندە ئۆرانییەکان کردیانە هەرا گوایە بارەگای موناڤقینیان وێران کردووە و کۆتاییان پیچیان هێناوە, ئەوەی وتیان درۆ بوو, دوو سێ شۆنك لە کۆمپانیای نەوت گەی گرت بەڕام زوو چارەسەر کرا, شەوی دواتر واتا 12ی ئۆکتۆبەر ڕۆشنایی ئاگرلە ئاسمانی کەرکووك هەر نەما, تەنانەت شەوی یەکەم زۆریەی ئاگرەکە کۆنترۆڵ کران, ژمارەی کوژراوەکانیش لە 600 کەسەکەی دیاریکراوە, سفری کۆتایی زۆر بە زۆدەوە زیادە, کەمتر لە 50 کوژراو هەبوو, پشمەرگەیەك بەشداربوو گۆڵایەوە ئەگەر زیانەکانی عێراق هەموو ئاوا ئۆران سەرزمێریان بکات دەبێ ئەوەیە هیچی نەکردووە, ئەوەندە درێی کرد لە فەتحی یەك باوەڕ بە هەڵاکانی نەما.
پشمەرگە دوای چالاکییەکە بە دوو ئاراستە پاشەکشەیان کرد, ناو شوان تەمار و گورگان و دەشتی هەولێر شەیتان و سەگردکان. لە کاتی هێرشی دەیان کۆپتەر بۆ سەر گوندی شەیتان لە دەشتی هەولێر, کاکە پەکانەیی گولەی ئار پیجی پێیدا تەقییەوە گیانی بەخت کرد.
فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆن لە بان خاڵخالانەوە بە دووری نزیك 50 کیلۆمەتر بە دووربین و بۆتەل چاودێری و سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکەیان دەکرد, ڕۆژی دواتر گەیشتنە سور قاوشان, دەیان هەزار کەس و سەدان پشمەرگەیان لە دوای خۆیانەوە لەو دەشت و هەڵەتانەی کەرکوك لە ڕۆژکی زۆر مەترسیداردا جێ هێشت بۆ بەعسی فاشیست, بۆ خۆشیان ڕۆژکی ئارامیان لە چەمی ڕۆزان بردە سەر.

مەحمود سەنگاوی ئاوا باسی قۆی جەبەڵ بۆر- جەمبور دەکات

مەحمود سەنگاوی وەك سەرتیپی 57 سەگرمەو بەشدارکی چالاکی ئۆپەراسیۆنەکە, لە یاداشتەکانیدا ئاوا, چالاکی ئەو شەوە دەگۆتەوە" ڕۆژی 6-10-1986لە لایەن مەبەندەوە ئاگادار کراینەوە کۆبینەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی گەورە, بۆ ئەم مەبەستە چوومە دێی مۆلی و سەردانی کاك ئازاد سەگرمەم کردو ئەو لە سەرکردایەتی گەابوەوە, لە شۆەو شۆنی چالاکییەکە ئاگاداری کردمەوە کە هەندك لە ئەرکەکان بەو سپێردرابوو.
لە سەرکردایەتییەوە تەقەمەنییەك زۆر بە تراکتۆر گوزرابووەوە سنووری تیپی 25ی خاخان, بەشەکەی مەبەندی یەك بە سەرپەرشتی کاك عادل شکور و مام سالەح گۆی ئەسپی لە بەری هەمەوەند لە لایەن کاك ڕستەم و کاك حەمەەش بۆ سنووری تیپی 57ی سەگرمە گوزرایەوە, هەندێ پسپۆڕی ئۆرانیش درایە دەستمان.
ڕۆژی 8-10-1986 گەیشتینە قەیتول و هەڵنە, چاوەڕوانی گەیشتنی

چەکەکان بووین, لە شوێنکدا پسپۆرەکانمان دانا, خۆمان چووین بۆ ناوچەی هەمەوەند, رۆژی 10-10-1986لە دەی خاڵدان چاومان بە کاك شەوکەت و کاك ڕستەم و مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی کەوت.
ئێمە چاوەڕوان نەبووین ئەوکارە بە پەلە ئەنجام بدرێ, کەچی کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆ لە لایەن کاك نەوشیروانەوە بروسکەمان بۆ کرا کە هەر ئەمشەو ئەبێ چالاکییەك بکرێ, کاك شەوکەت داوای دواخستنی کرد چونکە هێزەکانی مەبەندی یەك فریاناکەون, بەڵام کاك نەوشیروان وەڵامی دایەوە: ئەبێت هەر ئەمشەو ئەنجام بدرێ ئەگەر ئەمشەو نەکرێ دیارە ناتانەوێ ئەنجامی بدەن.
من بە کاك شەوکەتم وت: کام لامان پێ ئەسپێرن ئەنجامی ئەدەین, ئەو ئەمەی زۆر پێ چاك بوو, بەشی خۆمان چەك و تەقەمەنیمان جیاکردەوە کە بریتی بوو لە دوانزە تەن قومبەلەی 120 ملم و یەك کاتیۆشای 12 دانەیی, کاتژمێر 5ی ئێوارە کە دنیا تاریك بوو, لە خاڵدانەوە چووینە قەیتوول, لەوێ کاتیۆشاکەم تەسلیمی دەستی کاك دلێر جاف و حاجی حەبیبی تۆپچی کرد کە بچینە دەی تۆپخانەی زەمبووور لەوێ دابمەزرێن تاکو هەموو هێزەکە ئەگات. ئەوان ڕێشتن و ئێمەش بە دوایانا, زۆر درەنگ بوو کاتژمێر 3ی شەو لەو شوێنەی دیاریکرابوو دەستمان کردە لێدانی کەمپانیای نەوتی زەمبوور بۆ ماوەی یەك کاتژمێر, گوللەسە لە نەوتەکە بەرز بوەوە و بەری ئاسمانی گرت و ئەو ناوەی کردە ڕۆژی ڕوناك. هەموو نیشانەکانمان بە باشی پێکاو بە بەرچاومانەوە ئەسووتان, دوژمن لای خۆیەوە بە چەکە دژی ئاسمانییەکانی ناوچەرگەی ئاسمانی سوور کردەوە.
زیانەکانی دوژمن لەو قۆناغەوە بە 70% مەزەندە دەکرا دوای ئەنجامدانی کارەکە خۆمان کێکردەوەو بە دوانزە ئۆتۆمبێل گەیاندەوە, لەو کاتەدا هەندێك فڕۆکەی گەورەی دوژمن هاتنە سەرمان بۆ لێدانمان, بەڵام پێش ئەوەی بگەنە دەست فڕۆکەیەکیان لە خۆیەوە بەر بووە خوارەوەو گڕی گرت و سووتا بۆ ئەوەی تەقەی لێبکرێ. لە گەڕانەوەماندا لامانداید دەی قیرچە زۆر ماندوو بووین, چووینە ماڵێك لە گەڵ پسپۆرێکی ئۆرانیدا کە لە گەڵماندا بوون, تەماشا ئەکەین وێنەی هایدەو مەهەستی کە دوو گۆرانیبێژی ئۆرانین بە نیوە ڕووتی هەڵواسرابوو, ئۆرانییەکان ئەیان ڕوانییە وێنەکان و سەریان با دەداو ئینجا یەکێکیان ووتی: ئەمە وێنە قاچپەکان ئێمەن لە هەموو دنیادا باوە بوونەتەوە.. هەرچەندە من لە گەڵ ئەو قسەیەدا نەبووم, مەرج نییە ئەو قسەیەیان لە ناخەوە کردبێ .
ئەم چالاکییەی ئێمە بەشێکی بچووکی داستانێکی گەورە بووبەناوی داستانی نەوتی کەرکوك کە کارەسەرەکییەکەی لە قۆناغی کەرکوکەوە بوو, بە هێزێکی زۆرەوە بە پێی نەخشەیەکی گونجاو تۆپبارانی خەستی

جەوەڕ بڕرو کەیوان کرا, بڕی چل تەن تەقەمەنی قورسی لڕدرا, لە چەنڕد لایەکیشەوە پەلاماڕری هێزەکانی دوژمڕن درا, بڕسەیان بڕ دانرابوو, زیانڕکی زۆر لە دوژمن کەوت لە رووی ئابووریەوە کە بە تەقدیر 30% بوو, جگە لەوە لە رووی سەربازیەوە هێزکی زۆری لە پڕکدادانەکەدا کوژران.
ئەم چالاکییە دەنگڕکی زۆری دایەوە و بەعسی شپرزە کرد, چونکە چالاکییەکە زۆر گەورەو کەم وێنەو لە قوڵایی دەسەلاتی پڕ لە دڕك و داڕی تەنراو بە هێزی سوپایی متمانە پڕکراو ئەنجامدرا بڕ ئەوەی دوژمن هەست بە هیچ جۆرە جموجۆڕکی چەك و تەقەمەنی گواستنەوەو هەڕس و کەوتی هێزی پڕشمەرگە بکات بڕ ئەو سنوورە دوورو گرنگە.
یەکەم دەنگ و باسی ئەو چالاکییە لە رادیۆی تارانەوە بڵاوکرایەوە و دەوری ی ن ك ی فەرامڕشکردو شتەکەی کردە هی خڕیان کە لە حەقیقەتدا وانەبوو نەخشەو هێزی سەرەکی ئەنجامدەری چالاکییەکە ی ن ك بوو, پسپڕرەکان هی ئڕران بوونو بڕیە ناڕەزایەتی ئاراستەی ئڕران کرا, ئەوەبوو لە دەنگ و باسی داهاتوودا داڕشتەی راگەیاندنەکە گۆڕاو دەوری ی ن ك تیا باسکرا – بیرەوەرییەکانی سەنگاوی , مەحمود سەنگاوی,چاپی دووەم -2005 چاپخانەی: دەزگای چەپ و پەخشی حەمدی ل189-192.
ئەو فۆڕکەیەی بە رڕکەوت کەوتە خوارەوە, وەك ئاماژەمان پڕدا پڕشتر, لە راگەیاندنەکانی ئڕران وەك بە بەشڕك لە چالاکییەکە دراوەتە قەڕەم.

لەم ئۆپەراسیۆنانە ئڕران هەمیشە بەدوای نەیارانییەوە بووە

لە هەموو ئەو کرداڕە سەربازیانەی ئڕران لە ناو عڕراق ئەنجامی داون, هەمیشە چاوڕکی لەسەر ئۆپۆزسیۆنی ئڕرانی بووە بە کوردو ئڕرانییەوە, لە ئۆپەراسیۆنی فەجری دووی حاجی ئۆمەران لڕدانی حیزبی دیموکرات بەشڕك بوو لە ستراتیجیەتی ئۆپەراسیۆنەکە, لە هەڕەبجە سەدان رڕژهەلاتی لە گوردانی شوان و سوپای رزگاری و پەنابەرانی ئڕرانی تڕ چوون, پڕشمەرگەکانی دیموکراتیش بە رڕکەوت رزگاریان بوو.
لە ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەکیش لڕدانی موجاهدین خەلق بەشڕك بووە لە ستراتیجیەتی کارەکە, لەناو بەرنامەی ئۆپەراسیۆنەکەدا بووە, کە زیانیان پڕ نەگەیووە, بەهۆی هەڕکەوتەی سەربازگەکەیان و قایمی و هێزی ناو سەربازگەکەوە بووە, ئەمە دەستپڕشخەرییەکی خراپ بووە بڕ تڕکدانی پەیوەندی لەگەڕ ئەم رڕکخراوە, تا گەیشتە ئەو جڕگا خراپەی پڕی گەیشت.

پشمەرگەیەکی کەمەلە بۆمی گۆڵایەوە, دوای فەتحی یەك رۆژێك دەستەیەك پشمەرگەی ینك, هەندێك پاسداریان هێنابووە ناو بارەگاکانمان لە مالومە, کە زانیمان پاسدارن ڕێگەمان نەدا بێنە ژورەوە, پەیوەندی ینك لەگەڵ ئێران گەیشتە ئەو ئاستە مەترسیدارە, لە کاتێك کەمەلەو دیموکرات پشتر هەموو شتێکی خۆیان لەگەڵ ینك بەش دەکرد.

مەسعود بارزانی چۆن باسی فەتحی یەك دەکات

مەسعود بارزانی کە بۆ خۆی لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکاندا دەستپشخەر بووە, داهیچنەری ئەوجۆرە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەیە, لە یاداشتەکانیدا ئاوا باسی فەتحی یەك دەکات, دواتر پارتەکەی دەبێتە بەشێك لە فەتحەکانی داهاتوو" لە 11-10-1986دا, هێزێکی سوپای پاسدارانی ئێران بە هاوکاریی پشمەرگەی یەکێتی و لە ژێر ناونیشانی هێرشی فەتحی یەك دا, بەرنامەیەکیان دانا بۆ لێدانی نەوتی کەرکووك. بۆ ئەم مەبەستە, ڕێککەوتنێك لە نێوان یەکێتی و سوپای پاسداران ئیمزا کرا لەسەر :

- یەکێتی هەموو ئاسانکارییەك بکات ئەو هێزەی پاسداران بکاتە ئەو ئامانجەی بۆیان دیاری کراوە.
- -لە بەرامبەردا ئێران هەموو ئاسانکارییەك بۆ یەکێتی بکات و بە بای هاوکارییان بکات.

200 پاسدار بە فەرماندەیی برادەر شەفەق و چەند فەرماندەیەکی تر بە ناوەکانی (سادق مەحسوڵی, غوڵام پاکووح, برادەر بۆیاقچی و برادەر نادری), بە هاوبەشی لەگەڵ ئەم هێزانەی یەکێتی :

تیپی 21 بە فەرماندەیی سیروان.
تیپی 25 بە فەرماندەیی مەلا ئاراس
تیپی کۆیە بە فەرماندەیی مەلا برایم
تپی 87 ی قەرەچووغ بە فەرماندەیی سەفین.

بۆ ئۆپەراسیرنەکە ئەم چەکانەیان دا بە هێزەکانی یەکێتی :
1500 کۆاشینکۆف, 30000 فیشەك,40 بی کەی سی, 1000 فیشەك , 15 دشکە 15000 فیشەك , 7 ئاپی جی 50 قازیفە, 3 هاوەنی 120 ملم و 1500 گولە, دوو هاوەنی 81 ملم و 1000 گولە) .

هێرشەکە بەناوی فەتحی 1 کرا – بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد – بەرگی چوارەم 1975-1990 شۆڕشی گوڵان- ل 211,212.

ئۆپەراسیۆنەکانی فەتح و نەسر؟

بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئاوا باسی جیاوازی نێوان ئۆپەراسیۆنەکانی فەتح و نەسر دەکات, کە 19 ئۆپەراسیۆن بوون 16یان لە کوردستان ئەنجامدران "فەتح و نەسر ئەم عەمەلیاتە کە ئێرانیەکان ناویان لێ نا:((عەمەلیاتی فەتحی یەك))سەرەتای دەستپێکردنی هاوکاری جەنگیی ئێران و یەکێتی بوو، عەمەلیاتەکانی تریشیان ناو نا فەتحی 1و2و3و….هتد. لەگەڵ پارتی یش هەندێ عەمەلیاتی هاوبەشیان کرد بێ ناویان نابو عەمەلیاتی نەسری 1و2و3….هتد.هەر بەم دو ناوەوە ئەو بنکانەی پاسداران کە ئیشەکانی یەکێتیان لە ئێران دا ئەنجام دەدا ناویان نابون قەرارگای فەتح و ، ئەوانەی ئیشەکانی پارتییان ئەنجام ئەدا ناویان نابون قەرارگای نەسر ل112-خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق1984-1988 نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی دووەم 1999".
لە راستیدا نە هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی فەتح ینك کردی, وەك پێشتر ئاماژەم بە هەر دەیان داو 3 و 7 پارتی ئەنجامیان دا, نەسریش 9 زنجیرە ئۆپەراسیۆنە لە نێوان 14-4-1987 بێ 22-11-1987 ئەنجامدران, 6یان لە کوردستان بەڕێوە چوون, ئەو ئۆپەراسیۆنانەی ینك بەناوی نەسر ئەنجامیانی دا 4 و 5 , 8 , واتا نیوەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەسرە لە کوردستان, زۆر زیاترە لە بەشداری پارتی, ئەگەر پارتی هەر تێدا بێت.
نەسری 1 لە چوارتا, 7یش لە قەلادزێ ئەنجام دراون, لێ دیار نییە چ لایەنێکی کوردی لەگەڵدا بووە, نەسری 2 و 6 لە بەرامبەر بەدرە ئەنجام دراون لە مەیمك, 3 لە دهلەران ئەویش دەکەوێتە ناوەڕاستی عێراقەوە, نەسری 9 ش لەناوچەی حاجی ئۆمەران ئەنجامدراوە, لایەنی بەشداربوو دیار نییە. بۆیە ئەو زانیارییە تەواو هەڵەیە, بۆ کردنەوەی دوو قەرارگا بەناوی فەتح و نەسر بێ ینك و پدك, زانیاری تەواوم نییە, وەڵێ بە پێی پرسینەکان نا دروستە, دەشێت لەناو قەرارگای ڕەمەزان ژوریان بێ کرابێتەوە؟؟, وەك ئاماژەم پیچی دا فەتحەکان و ئۆپەراسیۆنەکان دواتر لە ژیچر فەرماندەیی قەرارگای ڕەمەزان بەڕێوە چوونە.

ئیتێاعات بێ پارتی: ئەوە تا شارەزوورمان دەبەن ینك تا کەرکووك و بەغدا

شاکر شیرازی ناسراوە بە باوە شاکر شیرازی, کاکەییەو خەڵکی دێِی مێخاسی خانەقینە, کێنە پێشمەرگەی پارتییە, دەڕێت لەو کاتە مەسئول عیلاقاتەکان پارتی ناویان مەلا عومەری لق و مەلا عومەری سورێن بوو

لە بانە, ئەمانە فارسیان نازانی, ئازاد قەرەداغی و حەمیدە فەنی بەرپرسی لقی 4 باوە شاکریان نارد بۆ هاوکاریان لە رووی زمانەوە, چونکە من فارسییەکەم زۆر باش بوو, سەعید شیرازی مەسئول ئیتتاعاتی بانە بوو, رۆژێك وتی مام جەلال دەت پێشوازی بکەین, روی لە ئێمە کرد و وتی: ئێوە باوتان نەماوە, تا شارەزور ئێمەتان دەبرد بەلام مام جەلال تا کەرکوك و بەغدا ئەمان بات, لە ئێوە باشترە بینیتان ئێمەیان برد بۆ کەرکوك؟.

سەرانی ینك بۆ ئەزموونیان بۆ لە جینۆسایدکردنی بارزانییەکان وەرنەگرت؟

هەڤاڵ کۆستانی لە پەرتووکی ئەو رۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو دەنووسێت" لە گۆڤاری الگلیعه العربیه ژمارە 52ی مانگی ئابی 1984, مام جەلال وتویەتی:" سەدام حەکەمە و دوژمن نییە", بارزانییەکان دووجار خائینن, جارێکیان لەبەر ئەوەی دژی کوردی ئێران شەڕ دەکەن, جارەکەی کەش لەبەر ئەوەی پێش پاسدارانی ئێرانی دەکەون و دژ بە سوپای عێراقی شەڕ دەکەن" ل 350-351 .
مام جەلال: سەبارەت بەوەی بارزانیەکان, وەڵامدەداتەوەو دەڵێت: ئەمن نەمگوتووە بارزانیەکان, گووتوومە کۆانی بارزانی- ل 351 – ئەو رۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو – هەڤاڵ کۆستانی -سلێمانی 2017- چاپخانەی کارۆ.
مام جەلال پێش پاسدارکەوتن و شەڕ کردن لە گەڵ سوپای عێراق بە خیانەت دەزانێت, دوای خۆی جوڕِی پارتی دایەوە و لەو جۆرە خیانەتە هەموویانی رەت دا, پارتی و حسك فەجری دوویان کرد, ئەو فەجری دە, پارتی فەتحی 3 و 8 ی کرد, ئەو نەسری 4 و 5 و 7, کەربەلاو بیت الموقەدەس و چەندین فەتحیشی بخەرە سەریان.
پارتی ئەگەر لەسەر سنوور شەڕی هاوبەشی کرد, ئەو 150 کیلۆمەتر لە قوڵای عێراق و پاسداری بردە بن کەرکووك.
بگرە بەڵێز مام جەلال تاڵەبانی لەوەش زیاتر ڕۆیی , بەوەی سەدام حسێنی بە ناوبژی کەر ناو برد نەك دوژمنی کورد, ئەمەی لە کاتی خۆی لە گۆڤاری (الگلیعه العربیه) ڕاگەیاند, هەر لەم چاوپێکەوتنەدا ئەوەش ڕاگەیەندرا سوپای عێراق سوپای نیشتمانە , نابێت لە دواوە خەنجەری ژەهراوی لێ بوەشێنرێت .
بە گوێرەی هەمان میتێد و بۆچوون , ئەم مانگی هەنگوینیەی نێوان هەردوولا (ینك – ئێران) نەك خەنجەر, بگرە ڕم بوو لە پشتەوە لە سوپای عێراق وەشێنرا: لە ساڵی 1986 لایەنەکەی بەڵێز تاڵەبانی ڕێککەوتننامەی ڕەسمی سیاسی و سەربازی لەگەڵ تاراندا بەست-

جینۆسایید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد , وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك ل54 .
بەڕێز نەوشیروان مستەفا, کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئەو سەردەمەی ی ن ك, لە پەرتووکی پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن لە دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق (1979-1983), دەربارەی ئەم کارەساتە و هۆکارەکانی نوسیوویە: " گیرانی بارزانییەکان ئەوکاتەی ناوچەی حاجی هۆمەران بوو بوو بە مەیدانی گەرمی جەنگی عێراق – ئێران بنەماڵەی بارزانی و سەرانی پدك بە ئاشکرا هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی ئێران ئەکرد دژی جەیشی عێراقی. کۆکردنەوەی دەنگ و باسی عێراق و هێزەکانی و, چاوساغی و ڕێبەری هێزەکانی ئێران و , هێنان و بردنی دێدەوانی تۆپخانەی ئێران ئەمە بەشێکی کەمی ئەو هاوکارییە ئاشکرایە بو. لە هێرشەکانیش دا ئەوان وەکو هێزی یارمەتیدەر و خەریککەر و لێدانی پشتەوە بەشدار ئەبوون ((پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن, لە دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983 ل321, نەوشیروان مستەفا)), کەچی ئەمان دواتر خۆیان بوونە هێرش بەر نەك خەریککەر.
بەڕێز بەردەوام دەبێت لەسەر بۆچونەکەی و دەنووسێت:" بەشدار بونی بنەماڵەی بارزانی و هێزەکانیان لە هێرشەکانی ناوچەی حاجی هۆمەران دا, لە لای صەدام جگە لەوەی بە خیانەتی نیشتمانی دا ئەنرا, بۆ خۆیشی بە خیانەت و دەسبەجێن و فێڵ لێکردن ئەژمارد".
لێرەدا نەوشیروان مستەفا تەئکید دەکاتەوە لەوەی پارتی بەشداری شەڕی حاجی هۆمەرانی کردووەو ئەو هاوکارییەی پارتی لەگەڵ ئێران لای بەڕێز خیانەت بووە, کەچی دوایی خۆی هەمان تەرز بە زیاتریشەوە دووبارە دەکاتەوە, تەنانەت داهێنانی تێدا دەکات؟.
کێشە ئەوەیە لە پرسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆسایدی بارزانی و ئەنفال و هەڵەبجە سەرانی بەعس هەمان وتەکانی بەڕێزان تاڵەبانی و مستەفایان دووبارە دەکردەوە, وەڵێ لەبەر ئەوەی لەناو قەفەس بوون وە ئێران حوکمڕانی عێراق بوو, بۆیە وتەکانیان بە هەند وەرنەگیرا, جینۆسایدی کورد پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو هەموو ئێپەراسیۆنەوە هەبوو بە هاوکاری ئێران ئەنجامدران.

بردنی خەڵك بەرەو مەرگ

ئەو شەوەی ئاسمانی کەرکووك کرا بە فوارەی ئاگر, گۆی نەوتی باوەگوگوگۆ کەوتە بەر گۆ, بۆنی کێزەی سوتانی جەستەی مرۆڤەکان لە ناو لادێکانی دەڤەرەکەوە دەهات, تارمایی مەرگ ئەو ناوەی داگرت, ئازارەکانی گەیشتە سەر تخوبی مەرگ, شەوێکی زۆر ترسناك بوو,

سەرەتایەکی مەترسیدار بوو, لەو چرکە ساتەوە هەموو شت لە کوردستان گۆڕا, سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە بوو بۆ خەڵکی کوردستان, خاڵی دەستپێکی لەناو چوونی نەتەوەیەك بوو, لەحزەی تێکەڵ بوون و ئاوێزانی مەرگ بوو لەگەڵ ژیان, مان لەگەڵ فەوتان, شین لەگەڵ شادی.
لە ناوەڕاستی هەشتاکان بە دواوە, بەشێك لە پارتە کوردستانییەکان شەڕی کێنەپەرستانەی ئێران – عێراقیان هێنایە ناو خاکی کوردستانەوە, ئاوێزانی خەباتی چەکداری کوردیان کرد, ئەنجامەکەی گەیشت بە سوتاندنی خاك و خەڵکی کوردستان لە بەرداشی ئەو جەنگە نەگریسە.
ئەم چالاکییە هاوەبەشانە, چەورترین و بەلەزترین تیکە بوون, خرانە ناو مشتی فاشییەکان بەغداوە, هەلی زێڕین بوو زەمینەی بۆیان خۆشکرا, بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی نەخشە شۆفینییەکانیان, کە بە ساڵان بیریان لە ئەنجامدانی دەکردەوە و بەدوای هەلێکدا دەگەڕان بۆ جێبەجێکردنی, ئەو جەنگە هێنایە ناو بەرنامەی ڕۆژەقەوە.
ڕژێم لە وێرانکردنی زنجیرە گوندی سەر سنوور و هەرەمەکانی نەوت و تەعریب و ناوچە گەرمەکانی جەنگ و تیربارانکردنی گروپ تێی نەدەپەڕاند, ئەم تەرزە ئۆپەراسیۆنە هەموو کوردستانی بە خەڵك و خاکەوە لە بەرداشی خۆیدا سوتاند.
لە سەرەتای شوباتی ساڵی 1985, پێشمەرگەکانی ینك لە هەمان ناوچەی ئۆپەراسیۆنی فەتحی 1ساڵەیی, ئۆپەراسیۆنکی سامناکی پێتاوانیان بەرامبەر بە هاوواڵتیانی تەعریبی گوندی گورزەیی ئەنجامدا" 53 کەس لە پیاو وو ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە کوژران", وەڵێ کاردانەوەی بەعس تەنها گرتنی دەیان هاووڵاتی سڤیل بوو, لە سەربازگەی خالید هێشتیانیانەوە, دواتر ئازادیانی کرد, زیانی گیانی فەتحی 1 کەمتر بوو لەو ئۆپەراسیۆنە, وەڵێ لەبەر ئەوەی ئێران بەشێك بوو لە ئۆپەراسیۆنەکە, حکومەت کاردانەوەی زۆر توندی هەبوو کە کوردستانی گۆڕی.
ڕێباز دەڵێ"حکومەتی عێراق دەیزانی ینك دەستی ئێران نی یە بۆیە هێزەکانی خۆی زۆر سەرقاڵ نەدەکرد بۆ گرتنەوەی هەندێ شوێن کە دەبووە مایەی زەرەرو زیانی زۆر بۆ خۆی کەچی پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران گرژ دا ناچار بوو هەندێ هێز لە ناوچە گرنگەکانی شەڕی عێراق-ئێرا بگوازێتەوە کوردستان و پەلەی کرد لە گرتنەوەی سنوورەکان وە بووە هۆی شەڕێکی ووبەووو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کە بە ڕاستی قازانجی نەبوو- قەندیل بەغدای هەژاند بەشی دووەم نووسینی ڕێباز چاپی دووەم 2008چاپخانەی پەیوەند ل381".
کاتێك گۆی بابەگوێ گوێ دەبینێت بە کاتێشاو خومپارەی ئێران گۆ

دەگرێت ئەوجا دەڵێت"لەو بیرم کردەوە ووتم ژم ئەو تەیە لە جووتیارە هەژارەکان داکاتەوە، گوندەکانیان،دەسوتێنی ، خوکەکەشی ئاوارەو دەربەدەر داکا-قەندیل بەغدای هەژاند بەشی دووەم نووسینی باز چاپی دووەم 2008چاپخانەی پەیوەند ل388".
ینك دوای 3 سا و 50 ژ دن هەمان ژەهری فەجری دوو لە فەتحی یەك دەرخواردی گەلەکەیان دەدەنەوە, کە پشتر راستەوخ هەەشە لە خیان کرابوو, دەست ب ئپەراسین لەم چەشنە نەبەن. حکومەتی عراقی سەرکردایەتی ینك ی ئاگادار کردبوەوە لە دەست تکەکردن لەگە ئران.
" شخ محەمەد سەرگەویی سەرکردەو پشمەرگەی درین ب ئن ئاتی: دوای تکچونی مفاوەزات سەدام حسن برادەرکی نارد بلای من ب سەرگەو پکەوە چوین ب یاخسەمەر ب لای مام جەلال ، بە مام جەلال وت سەدام حسن سەلامت لدەکات وتویەتی ئەوە شە دەستپدەکەینەوە، ئەگەر لەگە سوپای پاسداران شەمان بکەن یان خەبیری ئرانی بنن ئەوا بە کیمیاوی لتان دەدەین لە هەر کویە بە چەکی تەقلیدیش لمان بدەن ئمە بە کیمیاوی لتان دەدەین، مام جەلال وتی درەدەکەن عراق نە کیمیاوی هەیە نە ئەتوانت. سەرکردایەتی زر بەرووی ئەیزانی کە ئەگەر سوپای پاسداران بهنت سەدام بە کیمیاوی لیمان دەدات، چونکە سەدام زر بەرووی ئەو پەیامەی ناردبوو.".
باز زر استگیانە دەستنیشانی هکارەکانی ککردن و ئەنفالکردنی گەلەکەمان دەکات, دەیباتەوە سەر ئەم هکارانە : 1- سروشتی دندانەی بەعس . 2- هاوکاری هەندك حیزب لەگە ئران .3- چالاکی هاوبەش لەگە ئران و کردنی کوردستان بە بەرەی شەی عراق – ئران .4- کاروکردەوەی هەندك لە لپرسراوان لە قەبەکردنی زیانەکان ".
دەن شکست هەتیووە باوکی نییە, بەام سەرکەوتن هەموو کەس خی دەکات بە خاوەندی, فەرەیدون عەبدالقادر دەیەوت خی لە رێی لە ئپەراسینەکە بدزتەوە, گوایە راستەوخ رێی نەبووە, نازانت رێی ئەو زر گەورەتر بووە لە رێی جەنگاوەرەکان لە ئپەراسینەکانی کەرکوك و هەەبجە, هنانی ئرانییەکان و رکخستنی پەیوەندییەکان گرنگترە لە بەشداری کردن لە جەنگ"من لەو چالاکییەدا دەوری راستەوخم نەبوو, تەنها رکخستنی پەیوەندی و بینینی ئرانییەکان بوو, ب چارەسەری کشەو گرفتگەر بتە پش, واتە کاری هاوئاهەنگی سیاسی و چارەسەری کشەکان کەوتبووە سەر ئەستی من! هەو سورەکانی قەندیل فەرەیدون عەبدوالقادر چاپی دووەم 2020-ل 532.

دوای فەتح کاردانەوەی بەعس

لە ساڵی 1985 حەمزە زوبێدی ئەندامی سەرکردایەتی نیشتمانی پارتی بەعس کرا بە سەرۆکی بیرۆی باکووری پارتی بەعس, فەرمانی پێ درا لە شەش مانگدا کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات, بەڵام ناوبراو بە دوو شەش مانگی ئەرکەکەی پێ ئەنجام نەدرا, رووداوە گەرمەکانی کوردستان و شەڕە هاوبەشەکانی پێشمەرگە لە گەڵ ئێران و نەتوانینی چارەسەر لە لایەن محەمەد حەمزەوە زەمینەی خۆش کرد بۆ هاتنی عەلی حەسەن مەجید.
تا ئێستا سزاکان زۆرینەیان پەیوەندیان بووون بە پێشمەرگەو بنەماڵەکانیانەوە, لێرەوە قۆناغێکی دیکەی مەترسیدار بە ئاراستەی جینۆسایدکردن دەست پێدەکات, دەستنیشان کردنەکان هاووڵاتیانی سڤیل ئەو بەشەی کەمەگا دەگرێتەوە کە هیچ ئەندامێکی خێزانەکانیشیان پەیوەندییان بە چالاکی سیاسی و سەربازییەوە نییە.
دوای شکستەکەی حەمزە زوبێدی, لە ڕێکەوتی 18-3-1987 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شەش و سەرکردایەتی نیشتمانی پارتی بەعس کۆبونەوەیەکی هاوبەش بە سەرکایەتی سەدام حوسێن ئەنجام دەدەن, لە کۆبونەوەکە بڕیاری 160 دەردەکەن, بڕیاری ژمارە 160ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و سەرکردایەتی نیشتمانی حیزبی بەعس بە فەرمی لە ڕێکەوتی 29-3-1987 دەرچوو, تیایدا عەلی حەسەن مەجید کرا بە بەرپرسی حیزبی و ئەمنی و سەربازی ڕەهای تەواوی ناوچە کورد نشینەکان و باکوری عێراق " موسڵ, کەرکوك, دیالە, سەلاحەدین, هەولێر, سلێمانی, دهۆك" و هەموو دەسەاتێکی بڕیاردان و جێبەجێکردنی پێدرا.
هەمان ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری 160, لە ڕێکەوتی 29-3-1987بە نووسراوی سەرکایەتی کۆمار- سکرتێر بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتی بە ژمارە 965 دەرچوو, بڕیاری بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی " عیتاد خاص" بەرامبەر هاووڵاتیانی کوردستان درا, لە ڕێکەوتی 15-4-1987 لە گوندەکانی هەڵەدن و چاڵاوەو سەرگەلو بەرگەلو خرایە بواری جێبەجێکردنەوە, ڕۆژی دواتریش لە بالیسان و شێخ وەسانان.
دوو هەفتە دوای چالاك کردنی بڕیاری 160, یەکێك لە گەورەترین تاوانەکان بە چەکی کیمیاوی ئەنجامدرا بەرامبەر بە هاوولاتیانی گوندی بالیسان لە ناوچەی خۆشناوەتی سەر بە پارێزگای هەولێر, " بارەگای پاسدار لە گوندەکە بوو, دەڵێن ژمارەیەکیشیان کوژراون بە چەکی کیمیاوی, لە مانگی فیبریوەری فەتحی 3 یان لە چیای کۆەك و ڕەواندز ئەنجام دابوو".
هەرچەند بە فەرمی بڕیاری ژیان سەندنەوە لە بریندارانی سێ هەفتە

دوای ئەو تاوانە دەرچوو, بەڵام بریندارانی چەکی کیمیاوی بالیسان و شێخ وەسانان کەمەکوژ کران, بەمەش تاوانەکان پێش فەرمانەکانی خۆشیان کەوتن.
هاوکات هێشتا مەرەکەبی سەر کاغەزی بڕیاری پێشوو وشك نەببوەوە, ڕژێمەکەوتی 21-4-1987 بۆ 20-5-1987 دیاریکرا بۆ ڕاگواستنی سەرجەم لادێ دەستنیشانکراوەکانی کوردستان بۆ ئاردوگا زۆرە ملێکان, بە دوایدا بڕیاردرا تاکو ڕێکەوتی 21-6-1987 تەواوی لادێکانی کوردستان بڕوخێنرێت, لە بەهاری ساڵی 1987 دا 711 گوند ڕوخێنران, کە 219 گوندیان لە پارێزگای هەولێر, 122 یان لە گەرمیان, 320 گوند لە پارێزگای سلێمانی, 50 گوندیان لە دەڤەری بادینان بوون.

لە ڕێکەوتی 20-6-1987دا, بیرۆی باکووری پارتی بەعس, کۆبونەوەیەك دەکات, لەو کۆبونەوەیەدا بڕیارێك دەدات, ژیانی گەلێك بە تەواوی دەگۆڕێت, ئەویش بڕیاری ژمارە 4008 بوو, ئەم بڕیارە مانیفستۆی جینۆسایدی گەلی کوردستان بوو, سەرەتایەکە بۆ دەستپێکی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان بەشێوەی سستەماتیك و نەخشە بۆ داڕێژراو, کوشت و بڕو دەرکردن خرایە چوارچێوەی بڕیاری فەرمییەوە. بە پێی بڕیارەکە سەرجەم ئەو گوندانەی تاکو ڕێکەوتی 22-6-1987 دەستیان لێ نەدرابوو دەبێت بڕوخێنرێن, هەموو ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان بکرێنە ناوچەی قەدەغەکراو, گوندی قەدەغەکراو هەموو ئەو گوندانە دەگرێتەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەربازیدا بوو لەوکاتەدا, ڕژێم تەنها شارو بەشێك لە ڕێگاکانی بەدەستەوە مابوو, لە ڕوی ئاسایشەوە نابێت ئەو ناوچانە هیچ مرۆڤ و ئاژەڵێکی تێدا بمێنێت و ژیانی تێدا یاساغ کرا, هاتو چۆو کشتوکاڵی تێدا قەدەغە کرا, هێزی ئاسمانی چاودێری زەویيە کشتوکاڵییەکان و ڕێگاکانی بە چڕی دەکرد, ئەوەی بەربکەوتایە ژیانی لێ دەسەندەوە, سیاسەتی زەوی سوتاندن پەیڕەو کرا, هێزەکان دەستکراوە کران بۆ کوشتنی خەڵکی ئەو ناوچانە لە زەوی و ئاسمانەوە, بڕیارەکە هەوڵدانێك بوو بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەیان لێ بکوژرێت, بە تفەنگ یان تۆپ یان ڕۆکێت وە یاخود لە ئاسمانەوە, بە چەکی ئاسایی یان هیشێیی و کیمیاوی, یان لە کاتی دەستگیرکردندا لەسەر ڕێگاو بانەکان یان لە هێرشەکاندا بۆ ناوچەکانیان گولە باران بکرێن, ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 15 ساڵ بۆ 70 ساڵ بوو, بڕیاردرا لە سێدارە بدرێن بۆ دادگاییکردن, دەستنیشان کران بۆ لەناو بردن, بۆ ئەوەی یەك کەسیان لێ دادگایی بکرێت, بەمەش دۆسیەکانیان نەچووە خانەی یاسای تاوانەوە, توانای هیچ داکۆکیکردنێکی یاساییان لە خۆیان نەبوو, وە زۆربەی دەستکەوتەکان کە بەدەست دەهێنران لە سەروەت و سامان بۆ فەوجی

جاشەکان و هێزەکانی حکومەتی عێراقی بوون بە پێی بڕیارەکە, هێزەکان عێراق بە تەواوی دەستکراوە کران بۆ فەرهودو تاڵانی, بە تایبەت فەوجەکانی جاشەکان, کە ئەوان دواتر ناوی ئەنفالیان لێ نا. بە پێی بڕیاری 4008 تەقەکردن ئازاد بوو بۆ بەئەنقەست کوشتنی هاووڵاتیان, خاڵی حەوت لە بڕیاری 4008, جاشەکانی سەرپشك کرد لە تاڵانکردن" هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت, تەنها چەکە قورسەکان و چەکی ئەسناد و چەکی مام ناوەندی نەبێت چەکە سوکەکان بۆ خۆیان دەبێت, ئەمەی لێ ئاگادار بکەنەوەو تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن. پێویستە لەسەر فەرماندەی جحافلەکان چالاك بن و بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو موستەشارەکان و فەرماندەی سرییەکان و مەفرەزەکانیان, وە بە وردی ئەمە ئاگادار بکرێنەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی".

لە 22-7-1983 هوە بۆ 6-9-1988

لەو ماوەیەدا پارتی, یەکێتی, حسك, حیزبوڵا و بزووتنەوەی ئیسلامی تا دەعوەو مەجلس ئەعلا دەیان کاری هاوبەشیان لە گەڵ ئێرانییەکان لە پانتایی کوردستان لە کەرکوکەوە بۆ زاخۆ ئەنجامدا, پاسدار بە ئاشکرا لە گوندەکان دەبینران, دەعوەو مەجلس ئەعلا بارەگایان لە هەندێك ناوچە دانا, بەمەش بزاڤی چەکداری کوردستان بووە لکێردراوی ئێران, لە کاتێکدا رژهەاتی کوردستان لەژێر داگیرکاریدا دەیناڵاند.
ئەم جەنگە هاوبەشانە بیانووی دایە دەستەوە لەو ماوەیە 3 کردەی جینۆسایدی بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجامدرا" جینۆسایدی بارزانییەکان, ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە".
ئەو مژووە نابێت لێی رابکردرێت, پێویستە خوێندنەوەی دروستی بۆ بکرێت, راستییەکان ئاشکرا بکرێن, دان بە هەڵەکان بنرێت و داوای لێبوردن پێشکەش بە قوربانیان بکرێت.
لە کۆتاییدا ئەو بەڕێزانەی بەشداری ئەو ئێپەراسیۆنانەیان کردووە, لە یاداشتەکانیان ئاماژەی پێ نادەن, راستییەکان دەرناخەن, راستیەان بۆاو ناکەنەوە , خەتای سیاسی دەکەن, ئەوانەشی بۆاوی دەکەنەوە, بەشکە لە دەرخستنی راستییەکان, وەڵ دەبێت دان بە هەڵەکانیان بنێن و داوای لێبوردن بکەن لە هەموو ئەوانەی بوونە قوربانی ئێپەراسیۆنە هاوبەشەکانیان.

هەژاریی سووتەمەنیی لە بریتانیادا… زاهیر باهیر

بە گوێرەی توێژینەوەیەکی نوێ لە مانگی جەنیوەری ساڵی تازەدا دوو لەسەر سێی خێزانەکانی بەریتانیا تووشی هەژاریی سووتەمەنیی دەبن.

هەوداوەکان دەستەواژەی نوێ لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. هەژاریی سووتەمەنیی دەستەواژەیەکە کە گوزارشت لە بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنییەکان تا ئادیەکی ئێکجار زۆر دەکات. ئەم دەستەواژەیە بە دروستی بەسەر دووبەش لە سێ بەشی خێزانەکانی بریتانیادا جێ بەجێدەبێت .

بەرزبوونەوەی نرخی هەئاوسانی پارە و تێچوی ژیانی دانیشتوانی بریتانی لە پاش وشکەساڵیی و لە تێك ئەماندشدا تورەقیکردنی زیاتری توێژاڵی دەستبژێری نێو کەمەڵ بە هەڵتەقینی ملیۆنەری زیاتر و زیادبوونی ملیاردەرەکانیش بە 177 دانێ، هەموو ئەمانە بوونەتە سەر ویردی زمانی ڕۆژنامەکان و بەشێکی زۆری دەنگوباسەکانی ڕادیۆ و تی ڤیەکان.

ئەوە نابێت پێش چاوەڕوانی ئەم بارودۆخە بەڕێکی زۆری خەڵکی لە بریتانیا ژیانێکی شایستەیان هەبووبێت . من پێشتر لە زۆر ڕووەوە باسی ژیانی ئەرم کردوە لەردا تەنها هەر یەك دوو نموونەیەك دەهێنمەوە: دوو لەسەر سێی ئەو گەورانەی کە کار دەکەن لە هەژارییدا دەژین ڕۆژەکێش لە ئێستادا لە بەرزبوونەوەدایە، 5 ملیۆن کە کرێکارن لە شوێنی جیا جیادا لە هەژارییدا دەژین، ئەمە جگە لەوەی تەکەڵەی مووچە کە بە گوێرەی ڕادەی هەڵاوسانی پارە ڕێکخراوە یا دیریدکرێت، لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا، 2022، کەمتر بووە لە مانگی شوباتی 2008.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی نوێ 45 ملیۆن کەس لە بەریتانیا لە مانگی یەکەی [جەنیوەری] ساڵی نوێدا بە هۆی هەڵکشانی نرخی سووتەمەنییەکان : غاز وکارەبا تا دەکاتە بەنزین و گازییل بە ڕادیك دەبێ کە ئەو بڕە خەڵکە کە لە چوارچێوەی خێزانییدا گرد دەبنەوە دەکاتە 18 ملیۆن خێزان کە ڕووبەڕووی هەژاریی سووتەمەنیی

دەبنەوە.

ئاپارتمانێكی هەژاریەكی وردتر دەكاتەوە و كارایی زیاتری لەسەر هەندێك توژاڵی كەمایەتی پتر دەردەخات. هەر بە نموونە دەڵێت لە نەوانی كۆپەكی خانەنشینكراو بە ئاژەی لە سەدا 86.4 و لە سەدا 90.4 لە سەر خەزانانی یەكباڵ ، ئەوانەی كە بە مەردن یا بە ژنن كە دوو منداڵ یا زیاتریان هەیە ، كارایی خۆی دادەنێت.

هەر ئاواش ئاپارتمانەكە لە سەر ناوچەكانی یا دەڤەرەكانی بریتانیاش ئاژەی ئەم هەژاریی سوتەمەنییەی تەمار كردووە. لە سەدا 57.9 خانەوادەكانی كە لە خواروی ئاژەڵاتی بریتانیا دەژین ووبووی ئەو قەیرانە دەبنەوە. ئەمش بە بەراورد بە لە سەدا 70.9 لە دانیشتوانی میدلاند و لە سەدا 76.3 لە دانیشتوانی ئیرلەندەی باكوردا.

ئەم توژینەوەیە دوای بەرزبوونەوەی هەئاوسانی پارە بە ئاژەی لە سەدا 10.1 لە مانگی تەموزدا كراوە و واش پێشبینی دەكرێت كە لە كۆتایی ئەم مانگەدا دەچیتە لە سەدا 10.8 كە ئەم ئاژەیە لە بەرزبوونەوەی هەئاوسانی پاوەندی بریتانیدا لە 40 ساڵ لەمەوبەرەوە نەبینراوە. ئەوش مەزەنە دەكرێت كە لە كۆتایی ئەمساڵدا بگاتە لە سەدا 13 . هەر لەبەر ئەوش هەرچەند مووچە و كرێش بەرزبێتەوە تەنانەت بە ڕادەی لە سەدا 10ش هەشتا هەر موچەكە هیچ زیادی نەكردووە، بەكو نوقسانی بە ئاژەی لە سەدا 3 هەیە.

هەندێك لە دامەزراوەكان، دەسگەكانی وەكو دەسگەی تەندروستی متمانەپێكراوی خەسستەخانەكان لە ئینگلەنددا، لە سەروبەری ئەم ژیانە قورسەدا كەمێك بە كارمەندەكانیان دەكەن بە ئەمش بەرپرسانی نەخۆشخانەكان باوەیان وایە كە یارمەتییەكانیان بەرپرسیارێتییەكی ئەخلاقییە’ و ووبووەیان دەبێتەوە دەبێت لەبەرانبەریدا بووستنەوە .

دەسگەكانی نەخۆشخانەكان لە هەندێك شار و ناوچەدا بەیاریان داوە كارمەندەكانیان كە زەر هەزاران 500 پاوەندیان پێبدرێت و بەیشیان هەیە كە منداڵەكانیان لە چێشخانەكەی سەر كاردا بە یەك پاوەن ژەمی نانی نیوەڕۆ بخۆن. لە شاری لەستەر لە سەدا 29 ی ستافەكانیان موچەیەكی هەژارانە وەردەگرن كە پێش لەبەینی باج تەنها 23،177 پاوەندە. لە هەندێك شوێنی تر 2 ملیۆن پاوەندیان داناوە بە یارمەتی ئەوانەی كە بە هەی گرانی نرخی بەنزینەوە ناتوانن بچنە

سەر ئیش.

هەواڵی خراپتر وەکو دەسگەی سیستەمی پیشەسازی و دارایی دەوڵەت لە ساڵی دارایی داهاتوودا – 2024-2023 – ئەگەری زۆرە قەرزکردن بە بڕی 23 ملیار پاوەند زیاد بکات، چونکە حکومەت پێویستی بە بەرزکردنەوەی یارمەتییەکان و خانەنشینی دەبێت بەگوێرەی بڕی هەڵاوسانی بەرزتر بە تێچووی 4 ملیار پاوەند و هەروەها دانەوەی 54 ملیار پاوەند بە سوویەکی بەرز لەسەر قەرزەکانی کە پێووستن بەهەڵکشانی هەڵاوسانی پارەوە لەسەر بەندەکان.] وشەی بەند-ی ئینگلیزی ماناکەی زیاتر لە کوردیدا بە کەمپیالە بێت] .

وەکو زانراوە سیستەتی سەرمایەداریی بە چارەسەرکردنی کێشەکان یاری بە هەندێك فەرمیلەی ئابووریانە دەکات بۆ بەرزکردنەوەی بڕی سوود، زیادکردن و داشکاندنی بڕی باج ، گرتنەبەری سیاسەتی دەستگرتنەوە [تەقەشوف]، کەمکردنەوە و زیادکردنی بەهای دراوەکەی، ماگەدان بە هەڵاوسانی دراوەکەی یاخود کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسانەکە. لەگەڵ ئەم دەستکاریکردنانەشدا، لە کردنی هەر یەکێیاندا کارایی نەگەتیڤانەی لەسەر ئاوی تریان و سەرجەمی ئابوریش هەیە . ئەمەش ڕاستییەو دەکرێت لەو دوو سێ دەیەی سەروەی دەسگەی سیستەمی پیشەسازی و دارایی ئەم وڵاتەدا کە ئاماژەم پێدا بیبینین .

حکومەت بە حەڵی ئەم کێشەیە سەبارەت بە نرخی غاز و کارەبا کە لە مانگی یەکی ساڵی نوێدا دەچێتە 4،500 پاوەند، کە 3582 پاوەند زیاترە لە ساڵی پار ئەم وەختە کە بڕی سەدیش دەکاتە لە سەدا 82 . ئەم زیادکردنە لە مانگی نیسانی ساڵی داهاتوودا دەچێتە 5456 پاوەند، چارەسەرکی داناوە.

بە قەرەبووکەرنەوەی ئەم زیادەیە حکومەت لە مانگی ئایاردا بڕیاری دا کە هەمووماڵێك 400 پاوەندی پێبدرێت و ئەوانەشی کە زۆر دەخی دارایان خراپە 600 پاوەندی زیاتریان پێبدرێت. ئەمە بڕیاری وەزیری دارایی پێشتر بوو، ڕوشی سوناك، کە ئێستاش یەکێکە لە دوو بەرپرسەکەی سەرکی وەزیران. بەرپرسەکەی دیکەیان ژنەکە بە ناوی لیز تروس ئەو نایەوێت ئەمە بکات دەڵێت باشترین کەمك بە هاووڵاتیان دابەزینی بڕی باجە، کە لەم بارەدا تەنها ساماندارەکان سوودمەند دەبن. بە نموونە گریمان موچەی کرێکارێك 30 هەزار پاوەندە کە 12 هەزاری، باجی لەسەر نییە دەکەوێتە سەر حاڵەتی خیزانیی ئەو کەسە. ئالیرەدا گریمان باج بە بڕی لە سەدا 3 دابەزی کە ئەمە مەحاڵە، لەو حاڵەتدا دەکرێت کە کابرای/

ژنی باجدەر 540 پاوەندی بە بگرەتەوە کە ئەمش هیچ نییە.

هاوکاتیش حیزبی لیبراڵ و پارتی لەیبەر [کرێکاران] داوا لە حکومەت دەکەن کە فشار بخاتە سەر کەمپانیاکانی وزە کە ئەم بەرزکردنەوە و زیادە نرخە هەڵپەسێرێت. هەرچیش پارتی سەوز هەیە داوای بە دەوڵەتیکردنی کەمپانیاکان دەکات.

ئەمە لە کاتێکدا کە ٤ تێکڕای قازانی کەمپانیا گەورەکانی نەوت و وزە وەکو شێڵ و بی پی و ئێکسۆن مۆبیل و چیڤرۆن و ئەوانی دیکەیان لە ماوەیەکی کەمدا خێی لە 50 ملیار پاوەند داوە. سەرکەوتنی موچە و خەڵاتی بەڕێوەبەرە گەورەکان و جێ بەجێکەرانی کەمپانیا گەورەکان و دەسگەر دراویێکان بە هادیە سەرکەوتووە کە لە ساڵی 2008 وە ئەمە نەبینراوە .

لەگەڵ هەموو ئەماندا ئەوش هەڵوەستی حکومەتی بریتانییە و کە کاتێکیش دەبینین لە شوێنکانی دیکەی جیهاندا وردەکارییەکانی هەڵبژاردەیکی بەدیل دەبینرێت: سەرکی پارتی سۆسیالیستی ئیسپانیا بیتاقەی شەماندەفەری بە خەڵایی هاگیاند هەروەها بە کەمکردنەوەی تێچوونکان (شانبەشانی باجی زیاتری لەسەر بانکەکان) هاگیاند، لە کاتێکدا سەرکی نیوزلەندە ،جاسیندا ئاردەرن، کڕێی گواستنەوەی گشتی نیوزلەندای بە ڕێژەی 50% کەمکردەوە. لە فەرەنسا ئیمانوێل ماکڕۆن کەمپانیایPDF کردە کەرتی دەوڵەتیی و پارەی وزەشی بە نزمیی هەشتەوە.

وەکو دەبینرێت لەو وڵاتانە و وڵاتانی دیکە هەندێك کارئاسانی و کردنی کەمکی بچوك بە هاووڵاتیانیان کراون و لەرەش ئەو هاوکارییە بچوکەیە بە بارودۆخکی زەر خراپتریشەوە لە دانیشتوانی ئەو وڵاتانە ، دانیشتوانی بریتانیا شتێکیان لە بەردەمدا نەماوەتەوە جگە لە بەرەنگاربوونەوە و بگژاچونەوەی سیاسەتی کەمپانیاکان و حکومەت. هەر لەبەر ئەمش هەمەتێك لەژێر ناوی " پارە مەدە" واتە پارەی قایمەی غاز و کارەبا مەدە. ئەم کەمپەینە تا ئێستا زیاتر لە 200 هەزار کەس واژەی کردووە ئۆگەر ئەم ژمارەیە بگاتە یێك ملیۆن، پارەدەری کارەبا و غاز لە مانگی ئۆکتۆبەردا و هاوکاتیش ئۆگەر حکومەت زیادبوونی ئەم پارەیە هەڵنەپەسێرێت ، خەباتی هاستوخە بەکاردەهینرێت نە کەمپانیاکان و نە حکومەتیش ناتوانن شتێك بکەن لە هەقی خێکی چونکە ئاشکرایە نە ملیۆنێك کەس دادگایی دەکرێ و نە دەتوانرێت بیشیانگرن و نە دەکرێتیش کارەبا و غازیان لێبڕێن و یا خود دەست بەسەر خانووکانیان بگیرێت ئەو کاتە نێك

هەر دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیاسەتە بەکو دەنگە بیبێتە هۆخاندنی حکومەتیش.

ئەم ئەزموونی سەرەتای نەوەداکانی چەرخی پێشووە کە حکومەت باجکی شەخسی زۆری لەسەر دانیشتاوان کە لە سەرو 18 ساڵەوە بوون لە ژێر ناوی پێ تەکس دانا . دواتر هەڵمەتێك دەکخرا کە پارە نەدرێت و هەرکەسێش درا بێ دادگا بێ هەزاران کەس لەبەردەم دادگادا ناڕازیان دەردەبڕی، هەر کەسێك کاربەدەستانی حکومەت بهاتنایەتە سەری و شەڕ و پێی ماڵکێیان بەبردایە بێ جارێك سەدها کەس دەگربوون لێیان . بێ کەکرندەوەی ئەم باجە هەموو دەگە چارکانی حکومەت و شارەوانییەکان شکستیان هێنا بێیە سەرەنجام خودی باجکە شکستی هێنا و حکومەتکەی مارگرێت تاچەریش هەرەسی هێنا. لە ئێستاشدا لەو دەکات هەمان شت دووبارە ببێتەوە.

ئەمش هەکارەکی گرنگە کە حیزبە موعاریزەکان و هەندەکیش لە کەمپانیاکان لەبی حکومەت دەکەن بە هەڵپەساردنی زیادبوونی نرخی کارەبا و غاز، چونکە ترسی دووبارە بوونەوەی ئەزموونەکەی پێ تەکسیان هێیە کە گریمانی زۆر هێیە لە ووداني چونکە هەژارییەکی زۆر لە ئاراداییە و دەنگە سەراپای شێپکان و کەمپانیاکان تاڵان بکرێن .

زاهیر باهیر

20/08/2022
Zaherbaher.cm

ڕەمانی (گۆشگیری) خوێندنەوێك لە بن تریفەی مانگە شەو و شێلە نەرمکانی

زنێ -3- سەردار جاف

{ بەشی سێیەم }

گەشتگیری

خوێنەر کاتێک ئەم ڕەمانە دەخوێنێتەوە هەست بە ماندووبوونکی زۆری نووسەر دەکات، وەلێ ئاخر نووسەریش توانیویەتی تێیدا تا ئەندازەیکی باش سەرکەوتوو بێت، یاخود هیچی بە خوێنەر نەگەیاندووە جگە لە دەردە دڵکی خودی نەبێت خراوتە روو، خوێنەرێک لە خوێندنەوەی نزیکەی (٥٠٠) لاپەڕەیەک هەست بە شکێت و ماندووبوونێک بکات ئاخر نووسەر چەندی ماندوو بوون بە دیار نووسینەوەی چشت بێت، ئەمە ناماناوە لە ماهیەتی ماندوو بوونی کەم بکەینەوە، وەلێ هەر وەک گوتمان ئەمە دڵق دەبینین و لەوە قسەی خەمان دەکەین.

سەرتا و بەر لە هەموو لایەنێ جوایزەکان دەین و هەوڵستێ لە سەر ناو و ناوبانکی ڕەمانکە دەخەینە روو ئاخر هاوتەریبن، هەرچەندە نووسەر ئازادە لە دەستنیشان کردنی ناونیشان وەلێ وا دەست نیشان کراوە کە پێویستن پێکەوە بێت قسەی خەمان دەکەین، ئەمە دوای خوێندنەوەی ڕەمانکە بەمان ساغ بۆوە کە گەشتگیری بە ئەم حاڵەتانەی نێو ڕەمانکە بە هیچ شێوەیک یەکناگرنەوە، لەم ڕوانگەوە ئەمە قسەی خەمانی لە سەر دەکەین، ئەمە پەمان وایە خودی نووسەریش لە گەمان هاوایە کە ئەوەی لەردا هەیە ونبوونێ نێک گەشتگیربوون.

گەشتگیر بەو کەسە دەگوترێت کە ژیانی تەنهایی هەدەبژاردێت ئاخود هەمیشە لە هەموو تاکێکی مرۆڤ خێ بە دوور دەگرێت، خەوتنشینی سەفیگارەتی خەی لە خێیدا گەشتگیربوونێ ((شوبنهاوەر وای دەبینێتەوە کە گەشتگیری فیلسوف هەوەستێکی فەلسەفیانەیە ڕەنگدانەوەی پاکی و ڕاستگۆیەتی ، نەمازێ ئەو گەشتگیریە دەرئەنجامێکی حەتمی هەلوستێ ڕەتکراوکانی بێت بەرامبەر کەمەگایکی گەندەڵ و ساختەکار و هەموو ئەوانەی دەگرێتەوە کە بیرکردنەوەیکی هەناراستیەکان دەستەتەوە)) ٤. لە ڕووی فەلسەفیشەوە دەبینین کە گەشتگیر بوون بە ڕاژە کردن و بەرژەوەندی چاککاریە، هەرۆک لە ئایینیشدا هەمان بە چوونێ، ((بە پەی ئەو چەمکەی لای شۆبنهاوەر بە گەشتگیری هەیە، جیاوازی لە نێوان دوو جۆر لەو فیلسوفانە دەکا، پێلینێک بە خەی بیردۆکاتەوە و نوێنەرایەتی زەرینە دەکات، پێلینێکەی دی بە خەکی بیر دۆکاتەوە و نوێنەرایەتی

کەمینە دەکات، ئەوەی بیر لە خود دەکاتەوە لە کەمی دانابێت وەلە لە پرسکانی گۆشەگیر دەبێت، ئەوە کار لە سەر راستییەکی ساختە دەکات و یان ساختەیی راستی دەگوازێتەوە، هەرچی ئەوانیشە کە بیر لە خەکانی دی دەکەنەوە، ئەوا لە کەمی گۆشەگیر دەبێت، بەڵام لە پرسکەی دانابێت. چونکە تەنها کار لە سەر راستییەکان دەکات، ئەوا بەم پێیە لە بەرژەوەندی راستی و کەمی لە هەمانکاتدا کار دەکات)) ٥-. پەمان وابە باشتر بە خوێنەر رووون دەبێتەوە کاتێک خوێنەر رەمانەکە دەخوێنێتەوە دەزانە دوور و نزیک لە هەموو رووپەکەوە ناونیشانەکە یەکانگیر نابێتەوە لە تەک ناوەڕۆکی رەمانەکە..

ونبوو ئەو کەسەیە کە سەرلەشواوی سەراپا ژیانی دەتەنێت، ئەو دەمانە خود ون دەبە، هەمیشە ونبوونیش تاک بەرەو ئاراستەی هەڵدێر دەبات نەک راستکردنەوە، دەکەوێتە نەو ئەو بەقانەوە کە نازانرێت لە چ کاتێکدا دەتەقێتەوە و هەپرووون بە هەپرووون دەبێت. ((بوون دابەشی ، بوونی دەرەکی و بوونی زهنی دەبێت، یەکەمیان بریتییە لە پەکهاتەیەک لە بەر چاو کە ئەم بوونە ماترییالییە، بەڵام دووەم بریتییە لە پەکهاتەیەک لە زیهندا، ئەویش بوونی ئاوەزی" عقلي " یان لەژیکییە)) ٦ ، ئەم دیدگایە ئەوە دەسەلمێنە کە رەمانەکە هەردوو حاڵەتەکەیە، یەکەمیان کەسەکان ونبوویەک نین لە بەر چاو ونبوو بن وەلی وەک دیدە ماترییالییەکە بوونیان هەیە لە لە رووی زهنییەوە ونبووی تەواون، لە ناخەوە ون بوون ئەمەیش ئاراستەیەکە زەربەی نووسەران بە ونبوونی تاک لە ئەدەبدا پێنای بە دەبەن، بابزانین نووسەر بە رەمانەکەی چۆن لە گەڵ ونبووندایە. ((کە گەڕایەوە بە هوتێلەکە زانی تەنهاییەک لە نەویدا بە ئەبەد درێژ دەبێتەوە و کۆتایی نایێت، بۆنی چرچەفەکانی کرد، بۆنی خەی کرد، بۆنی دونیایەک شەواو و بەمانای کرد، بۆنی بۆن دەنی ئەو ئاژەڵەی کردکە بەم ژوورەدا تێپەیووە، بۆنی خوێنی کرد لە هەموو شوێنەک، بۆنی ساردی لاشە دوورەکانی کرد لەئاسمانی ئەم بیانیەدا، بۆنی ونبوونی کرد لە هەموو شوێنەک، ل ٣٩١)) نووسەر تەنها جارەک باس لە ونبووون ناکات چەندین جار لەو دەرگایە دەدات، ((هەموو ئەو ونبووونەی لە نەوان سوزی و قەسنا و سەرژی روسی و ئورسولا باومان، هەوەدان بوو لە راکردن لەو گۆشەگیرییە سەختەی دەیهاەی، دەیبردەوە ناو تاریکی و هەستیدەکرد ژیان هیجیتری تەدا نەماوە بە بەردەوام بوون. وەک ئەوەی خومار بێت بە ئیکسیرەکی پە جادوو، ئاوا بە نەو کەس و رووداوەکاندا تەدەپەڕی، گوڵی دەگرت و هەندەک شەو دەچوو سەمای دەکرد، بە تەنە سەمای دەکرد،… لە نەو تاریکی پاسکەدا کە

بەرەو قاهیرە جادەکەی قووتدەدا، بیری لەوە دەکردەوەکە زەمانە سەماکار بووە، ئەو پووتە پەستائیەی بیرکەوتەوە، ملپێچە مار و قەمسەیە کورتەکەی و جێنزە شینەکەی، بیری کەوتەوە ماوەیەک بوو خومار بوو بە سەما، سەما تەنها لە گەڵ خۆیدا، لە گەڵ تەنهاییدا، لە گەڵ گۆشەگیریی و ونبوونیدا کە نەوی نابوو " ونبوونەکی جوان" کە ئاستیەکەی هیچتر نەبوو جگە لە ونبوون نەبێت لە نەو گۆشەگیریدا. ل ٤٣٢)). نووسەر لەم پەنا بردنە بەر ونبوونە دەکەوێتە هەوڵ و کاتێک ونبوون لە ناو گۆشەگیری دەبینێت، مرۆڤ بەر لە بوون ، کائینێکی نەبووە، ئەو کاتە گۆشەگیری ناخوەقەت کە دەکرە بەین خەوەتیش بەشکە لە گۆشەگیری، بەڵام کاتێک مرۆڤ بوونی بوو وەک ماتریالی یانی بوونی جستە، بەو چەمکە فراوانەی ونبوونەوە گەر ورد ببینەوە، تەدەگەین ئەو دەمە مرۆڤ دەتوانێ گۆشەگیر بێت، کە مرۆڤ ون دەبێت دەکارە بخزێتە نەو گۆشەگیرییەوە تا خۆی بدزێتەوە، ((لە تەک هەر جیابوونەوەیەک، زنجیرەیەکی ونبووی سەپێندراو دەردەکەوێت، زیندەوەرێک دەست بە هەنگاوەکانی دەکات رووەو جۆرێکی تازە، کە بە جۆرە گوازراوەکان ناسراوە)) ٧. نامانەوە زیاتر لە سەر ئەم پرسە هەوڵستە بکەین ئەوەی بە لامانەوە گرینگە ناوەرێک و لایەنەکانی دیکەی رەمانەکەیە، رەمان چەند جۆرێکی هەیە لەوانە رەمانی ؛ مێژوویی ، پۆلیسی ، رەمانسی ، تراژیدی ، کۆمەڵایەتی ، ترس و تەقاندن ، پۆرنۆگرافی" سیکسی " ....تاد.

ئەم رەمانە دوورونزیک پەیوەندی بە رەمانسییەت و ئیشقەوە نییە، کە نووسەر بە خەی هاوتای ئیشقی کردەتەوە، بە تەواوی دەکارە بۆزین گۆشەگیری دەقاودەق دەخزێتە خانەی ئەدەبی پۆرنۆگرافییەوە، واتا بە ئاشکرا بەووپەشکردن باس لە سێکس دەکات؛ ((هەندجار بە مەبەستی ئامۆژگاریی سێکسی و تەندروستی خراونەتەوو، هەندجاری دیش بە مەبەستی ئاشنابوون بە ئەندامە سێکسییەکان و شارەزابوون لە چۆنێتی پرەسەکردنی سێکس ئەنجام دراون)) ٨. لەم سانەی دواییدا رەمان بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتی لە هەردوو بەشی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان رەواجێکی زۆری پەیدا کردووە و کتێبێکی پەفرۆشە، بە تایبەتی رەمانە ئیرۆتیکییەکان، چونکە لەوە لای خوێنەر چێژ دەخوەقێنێت، ئیشق باڵا دەکات، وەڵە ئەم رەمانە ئەو چێژە نادات خوێنەر، رەنگە ئەمە هەکارێک ببووبێت بە پەنا بردنە بەر ئەم جۆرە رەمانە، یانیش پێی وابووبێت کە دەتوانێ لەم رۆژگارەدا رچەشکێن بێت، ئەوەیشیان وانییە، چونکە پێشتر شێخ رەزای تاڵەبانی لە رەگای شیعرکانییەوە ئەو دەرگایەی واڵا کردووە، هەروەها لە ئەدەبی کوردی و بواری چیرۆکیشدا ((ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی لە کەمەڵە

چیرۆکی " دەستە و یەخەدا " بایەخی بەم لایەنەی ئەدەب داوە و سەرجەمی چیرۆکخانەکردووە بە ئارەزووی سەکسی، کە دەتوانم بڵێم تا ئەدیەک لە پۆرنۆگرافی نزیک دەبێتەوە)) ٩. ئەوەیش لە هەمان ڕووتەوە ڕەی گرتووە، لە زۆری تەر هەن لە چیرۆک و شیعرخانیان باسیان لە پرسە سیکسیەکە کردووە وەلە ناخزێتە خانەی پۆرنۆگرافییەوە، دەکارە لە خانەی ئیرۆتیکی تەمار بکرێن؛ ((لە بە شێک لە ڕەمانەکانی محەمەد موکریدا چەندین دیمەنی سەکسی ئاشکرا خراونەتە روو، بەڵام ئەمە ناچێتە ناو ئەدەبی پۆرنۆگرافییەوە، چونکە ئامانجی سەرەکی لەم چەشنە ڕەمانەدا سەکس نییە)) ١٠. ڕەمانی " هیچ " ی خوسرەو جافیش لە چەندین شوێن باس لە پرسەی سەکسی دەکات، بەندەیش لە چیرۆکی " میرات " بە ئاشکرا باسمان لە پرسە سەکسیەکە کردووە، کە لە ژمارە (٩) ی پەیامی مامۆستا لە سوید ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە، ئەوانەیش بە هیچ کلۆجێک ناچنە ناو ئەدەبی پۆرنۆگرافی، چونکە مەبەستە سەرەکییەکە سەکس نییە، بەڵە هاروژاندن لای خوێنەر دەخوڵقێنە و ئەم ڕەمانە کەمتر.

گۆشەگیری فەزا و فەرمێکی قورسی لای خوێنەر خوڵقاندووە، ((ڕەمان فەرمێکی دیالکتیکی داستانە، بە خەی فەرمی گۆشەگیرییە لە تەنهایی، فەرمی هیوایەکە لە بە ئایندە، فەرمێکی ئامادەیە لە ئامادەنەبوون)) ١١. کۆچی ئەم حاڵەتە لای ئیسماعیل حەمە ئەمین لەم ڕەمانەدا بەدی ناکەین جگە لەوەی فەزاکەی لەشەواندووین هەمیشە هزرمان وا ماندوو دەکات کە خوێنەر پچەپچەی ڕووداوەکان دەیشوێنە، وەلە پڕیەوازە بوونێک دەخوڵقێنە مەگەر هەر خەی سەری لەدەربکات، هەندە شتی بە ڕەمانەکە سەربار کردووە کە پێویستی نەدەکرد، ڕەمانەکە بە خەی گێڕانەوەیە لە نەو گێڕانەوە گێڕانەوە دەبینین، بەڵە ئەوە بە فەرمێکی نامە لە ناو ڕەمان دادەنرێت، لە ڕووی دیالکتیکییەوە، ئەو ئیستاتیکایە بە دی ناکەین جوانی بە سەرگوزەشتەکان بدات، ((ڕەمان لای لەکاش، بە خەی فەرمێکی سەرەکی ئەدەبە بە جیهانە " کە مرۆڤ نە لە وەاتی خەی بوونە، نە نامۆیشی تەواوی نامۆبوونە" بە ئەوەی ئەدەبی داستانیمان هەبە " ڕەمان کە فەرمێکی داستانییە" هەر دەبە بوونێکی یەکەی بنەڕەتی هەبێت، بەگومان بە ئەوەی ڕەمانە هەبێت، بەرهەستی کەتایی لە نەوان مرۆڤ و جیهان و تاک و کەمەڵ دەبێت)) ١٢. گۆشەگیری سیمایەکی داستانی بە خەوە نەبینیوە، چەندین گێڕانەوە لە ناو گێڕانەوەیە، ئەمەیش وا لە خوێنەر دەکات نێک مەیلی خوێندنەوەی نەبێت وەلە بە کارەکانی دواتریشی کاریگەری دەبێت و خوێنەر روو لە کەمی و لاوازی دەکات، بە

کورتی نووسەر نەیتوانیوە هەر زوو سەرنجی خوێنەر بۆ باسەکەی پڕلکێش بکات، ڕەنگە هەندە هەرزەی تینووی سێکسی بۆ خۆ دەستەمۆ کرد بێت ئەمەیش ناکاتە خوێنەری دڵکار. ((بە بینینی من، بنەڕەتیترین خەسڵەتی نووسەری مۆدێرن ئەمەیە؛ هۆشیاری دەرهەق بە کێشە تازە و گرنگەکان، هێز و توانای پێویستی تەکنیکی بۆ وەڵامدانەوە بەم هوشیاریە، دواتریش دەبینین بۆ ئاوەژووی نووسەرێکی باشت لەدەربچێت، پێویستت بە توخمی دیکەیش هەیە کە من پێی دەڵێم " سازان و هارمۆنی "))١٣. جوڵەیەکی هونەری ئەتۆ نابینرێ لە ڕەمانەکەدا تاوەکو ڕووخسارێکی ئێستاتیکایی تەدا ببینین، هەر جەندە لە ڕەمانی پەرنەگرافی کەمتر هەست بەو جوڵەیە دەکرێ، وەلێ ئاوەیش بەجوان بەخشین نابێ، و نووسەری بە توانای دەوە جوانی بەخش و جوڵەی هونەری و زمانی ئاوەتۆ بەر جەستە بکات، چێژداری بخوێنەرت، تێ و پاراو بێت، لێ بەرایشدا ئاماژەمان پێدا شیعرئامێزی نەبێ، دیسانەوە ئەمەیش لەنگی لە فۆرمی ڕەمانەکە دروستکردووە، فۆرم هەموو جەستەی دەقێ، بە نمونە کاتێ شاجوان هەندەبژاردەت تەنها ستایلەکەی دیقەت نادرێت، هەموو لایەنەکانی هەندەسەنگێندرێت پاشان کە تەواو و پاوپڕی وەسف و تاوزیف بوو بە شایستەیی شاژنی پەندەبەخشرێت. لەرایشدا بنەما سەرەکییەکانی جوڵەی هونەری لە ڕەمانەکەدا نابینین و یەکێ لەو خەسڵەتانەی لە دەستی داوە ئێستاتیکای دەقێ. خاتوو پی. دی . جەمز*لە دیمانەیەکیدا لە بارەی ڕەمانەوە لە گەڵ شوشا گاپێ دەڵێ ؛((کە ڕەمانی یەکەمم پێشوازییەکی باشی لێکرا، درێژەم بە نووسیندا، بەو ئەنجامە گەیشتم کە دەتوانم لە چوارچێوەی سنوور و ڕەساکانی ئەو ژانرە بمێنمەوە، لە هەمانکاتیشدا دەتوانین نووسەرێکی جددی بین و واقیعەت لە بارەی ژن و پیاوەکان و پێیوەندییەکانیان و ئەو کەمەگایەی کە تیایدا دەژین دەربڕین))١٤، ئاوەژووی ئەمە مەبەستمانە لەم ڕووەوە لە سەری بدوێین دوو لایەنە، یەکەمیان ؛ ئاوەیە نووسەر لە دوای گێشگیر پەنا بە ئەم جۆرە ڕاوتە نەبات چونکە تەیدا سەرکەوتوو نابێت، مرۆڤ پێویستە پەنا بە کارەک ببات، بە خۆرایی سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت، بە داخەوە ئاوەژووی دەیبینین ئاوەژووی نە پەکاوە، خاڵی دووەمیشیان؛ واقیعی پێیوەندی ژن و پیاوە، لە ڕووی دەروونییەوە هەر کەسە تێڕامانی وردی هەبێت و بە سلیقەییەوە بتوانێت لایەنی ژنناسی ئەسماعیل حەمە ئەمین سەردەرکردوویەکی باشە و درک بە نهێنی و شتە شاراوەکانی ژن دەکات، خەسڵەتی ژن ، پێیوەندی لە گەڵ پیاو و لە ناو خودی خۆیانیش، ئەمە کەم کەس درکی پێدەکات، بریا ئەم زیرەکی لێهاتووەی بە گەمەیەکی هونەری و بە پێی بنەما سەرەکییەکانی ڕەمان زیاتر سوودی لێوەردەگرت. لە ڕووی دەروونییەوە

شارەزاییەکی باشی هەیە، ئەمەیش نمونەیەکە، کە بەچوونی هەمەچەشنەی لەم بارەوە لە رەمانەکیدا هەیە: ((ئەو دەچوو لە لاجی دەوەمەندەکاندا بە جلە ئەوروپییەکانیەوە دادەنیشت، کە وەک ماگەتی ..... وابوو وەک چۆن خەی وا ناوی لە خەی نابوو، ئیدی کیژەکی قژ زەرد، شەنگژنەک یان ژنەکی مەرداری بە زمانە لوسە روسییەکەی راو دەکرد، ئەو رای وەها بوو، کە ژنان ئەوەندەی لە گەل وشەدا دەژین، ئەوەندە بە دونیای ریال ئاشنا نین. بە وشەیەک دونیایەک خەیاڵ لە سەریاندا دەهاروەژت، بەمەیش دەچنەوە سەر سروشتە شیعرییەکەی خەیان کە خەوبینەرن، بەڵێ، کە خەونیان پشکەش بکات دەچنە باوەشیەوە، دەبەت ئەوەیش بڵین ؛ کە خەون ببەخشەت هەر دەبە خەیشی خەوبینەر بەت... ئا لەوەدا پەدەچەت ئەو نهەنی جاکەمە کازانۆفایەتی خەی دەزیبەتەوە، بەوەی پیاوەکی خەو بینەر بوو... ئاوا، لە ماوەی ئەو هەفتە پە خەیاڵ و خەونەدا لە گەل چەندان جۆری ژندا دەخەوت، بە نمونە ؛ ئەگەر ژنەکان بە رەژ کاریان بکردایە، ئەوا شەوەکەی دەهاتنە لای و چەند کاتژمێرێک دەمانەوە، گەر ژنی مەرداربوونایە و بە دووی ئەشقی کاتیدا بگەڕانایە، ئەوا لە کاتی کاری مەردەکیاندا، لە بیانییەوە تائەوارە دەهاتن و ئەشقیان دەکرد خەونیان دەبینی..... ل ١٥٩)) .

لە زەر شونی رەمانەکەدا رووداوەکان واقیعیەت و راستی رووداوەکان دەسەڵمێنن، لەو روانگەوە هەندە رووداو کە رووی داون لە رووی پزیشکییەوە دەلالەتی ئەوە نییە شارەزایی لە بواری پزیشکیدا هەبەت، هەرچەندە بە چیرەکنووس دەبە ئاشنایەتی تەواوی لە هەموو کارێک هەبەت، لە هەر شتێک سەرپیانە سەردەرکردوو بەت، وەڵە کە بە قوڵی لە بوارەکەدا ئاشنایەتی هەبەت نمونەیش وەک ئەرە ؛ ((دەنەفیزێکی زلی پە بوو و دەیویست بیوشێنەت، ئەو خەیشی نەیزانی چۆن چەقەکەی کرد بە پشتی حەسەنە کەدا و حەسەن هاواری کرد و ئەژنەی شل بوو و لە هەش خەی چوو...ل ٣٠٤)) چەند دەڵێک دوای ئەوە دەڵێ ؛ ((ئاوا حەسەنە کەڵ بە ئەبەد قاچەکانی لە دەستدا و تووشی ئیفلیجی بوو، چونکە چەقەکە رەک دەماری پشتی بەی بوو ل ٣٠٥)).
ئەوەی پەویستیشە هەوەستەی لە سەر بکرێ لایەنی پەرنەگرافی رەمانەکەیە، کە لەوانەیو لە سەکس و پەرتەوازەیی فیکر و بیرە، نە سازانەکی تەدایە نە هارمەنیەت وەڵە پەڵ لە رستەی ئاسایی و پەڕەو نەکردنی بنەماکانی رەمان، کەسی ئاسایی لە خوێنەرانی پلە دوو و سە وا تەدەگەن بە هەی ئەو هەموو وشەی (ئەشق)ە رەق و تەقانەوە لەکدانەوەی وایان لە لا دەخوەقە کە ئەمە لەوەڕە لە ئیشق، لەرە نەک ژن بگرێ پیاویش ئەو بەها باڵایانەیان لە دەست داوە، هەر

شەهلا دانشفەر: وەک ئاماژەتان پێدا، تا ئادیەک کەمپەینگا خۆی لەم یەکگرتنەوە لە دژی سەرکوتەکانی حکومەت مەدلی بەدەست هێناوە. بە تایبەتی مامۆستایان لە پشتنگیی هەمەتە بەهێزەکاندا بوون. دادگاکانیان کردە قوناغی ناسەزایەتیەکانیان. لەلایەکی دیکەوە دەستبەسەرکردنی هاوکات و بەکۆمەڵی مامۆستایان و کرێکاران و چالاکانی کۆمەڵایەتی و تۆمارکردنی دەسیەی ئەمنی بیان بە کردەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە بڕەنگاربوونەوەی زیندان و سەرکوت نزیک دەکاتەوە. بە نموونە لە دەسیەی دەستگیرکردنی دوو چالاکی کرێکاری فەرهنسی و دەستبەسەرکردنی ژمارەیەک چالاکی کرێکاری و مامۆستا و چالاکی کۆمەڵایەتی لە ژێر ناونیشانی "هاوکاری لەگەڵ پیلانی سیخوڕی"دا، حکومەت بە شێوەیەکی کردەیی بزووتنەوەی کرێکاری و مامۆستایان و… چالاکوانانی کۆمەڵایەتی لەلای پەکەوە. بنەماڵەکانیان پەکەوە بە یاننامەیەکی هاوبەشی ناسەزایەتییان بەاوکردەوە و لەم هەفتەیەدا زریانێکی تویتەر بە بڕگریکردن لە کرێکاران و مامۆستایانی زیندانیکراوەکان بەڕێ خست. واتە دەخێکە بە جۆرێک کە یەکێیزیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو خەڵکی دژی سەرکوت بتە بابەتێکی ژیانی. لە ئێستادا، لەم کۆیس سازکردنەدا، ماوالە زمانیدا دەبینین کاتێک مەترسی مردنی هەڕەشەی لێدەکات و کەمپەینگا دەبێت کارێک بکات و لەم ڕووەوە کاردانەوەی هەبێت. یان هەر ئێستا چوار پێشمەرگەی حیزبی کۆمەڵەیان دەستگیر کردووە و تۆمەتباریان کردوون کە سەر بە موسادی ئیسرائیلن. وە بەم سیناریۆیە دەیانەوێت تەواوی کەمپەینگا و کوردستان مسۆگەر بکەن. وە هەموو ئەم حاڵەتانە کە نموونەی زیرەکن، پێوەندییان بە هەموو کەمپەینگاوە هەیە، بەو مانایەی کە حکومەت هەرشەکانی بە سەر هەموو بەشەکانی کەمپەینگا چڕتر کردووەتەوە و ئەم هەرشانەش یەکگرتنی زیاتری لە نێوان خەڵکدا دروست کردووە. لەڕەدا جەختی ئەمە ئەوەیە

کە ئەم یەکێیزییە لە خەبات دژی سەرکوتکانی حکومەت دەبە فەرمکی هەشیارانەی بدرێتە. پەویستە پەکهاتە و هەندی هەکخراویی پە بدرێت. وە وەک ئاماژەتان پێدا هاوڕان و هەسوواوانی بزووتنەوەکان لەم بوارەدا هەڵی سەرکییان هەیە. کەواتە لەرەدا پرسیارەکەم ئەوەیە چۆن ئەم هەڵە سەرکییە ببینین و بە تایبەتی پێیامتان چییە بە هەسوواوان و چالاکوانانی کەمەایەتی و ئەوانەی سێیری بەرنامەکەمان دەکەن؟

حەمید تەقوایی: با سەرەتا ئەمە بڵێم. ئەم هاوپێیمانەتییە دژی سەرکوتە دەبێت یەکلایی بکرێتەوە، دەبێت دروشمەکی دیاریکراوی هەبێت، دەبێت ئیرادەیەکی هەبێت کە هەموو کەمەگا پشتگیری بکات. با گریمانە بکەین کە هەمووان دژی سەرکوتکردنن. بە وتەی ئەوە مامۆستایان زەر جار بانگواز دەکەن و ناڕەزایی دەردەبڕن و داوای ئازادکردنی چالاکوانەکانیان و سەرجەم زیندانیانی سیاسی دەکەن. بەڵام ئەگەر دروشمی "هەموو دژی سەرکوت" یان "یەکێیزی دژی سەرکوت" ئابگێینن و هاوار بکەن، ئەوا بزووتنەوەی "هەموو دژی سەرکوت"یان پێکهێناوە. وەک بزووتنەوەی دادگاییکردن کە ناو و نەریتی هەیە، چالاکوانەکی هەیە، ناسراو و دیارە، واژەی هەیە. یان بزووتنەوەی دژ بە حیجاب، یان هەمەتەکانی ئێستا، با بڵێین بە حەقدەستی زیادە، کە بزووتنەوەیەکی تایبەتە بە دروشمی تایبەت بە خۆی و داواکاری خۆی. بە هەمان شێوە دەتوانرێت بزووتنەوەی یەکێیزی دژی سەرکوت پێناسە بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. پەویستە "هەموو دژی سەرکوت" ببێتە گوتار و دروشمی "هەموو دژی سەرکوت" لە بانگواز و ئاگەیاندنەکاندا بە هەر بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی بخرێتە ناو بانگواز و ئاگەیاندنەکانەوە. کەماری ئیسلامی قامچی لە سەر هەموو کەمەگا دەدات چونکە هەموو کەمەگا، لە سەدا 90ی خەڵك، ئێستا ناڕەزایەتی دەکەن، تۆەن، ڤیان لە حکومەت هەیە و بەشێکی چالاکی کەمەگا هاتووەتە سەر شەقامەکان، کەدەبێتەوە، ناڕەزایەتی دەردەبڕێت. تەنانەت ژنان بە تاک بە قارەمانانە دژیان دەوەستنەوە و لە شەقام و گەڕەکاندا سڕوود لە دژی دەڵێنەوە. لە سەردەمی ئاباداندا بینیمان ژنێکی ئازا لە بەرامبەر هێزە سەرکوتکەرەکاندا دروشمی دژ بە خامنەیی دەوتەوە و ناڕەزایی خۆی بەرز کردەوە.
ئێستا کەمەگا لە زیندوویی ناڕەزایەتییەکی بە وێنداین. هەر لەبەر ئەمەشە کە سەرکوتی کەماری ئیسلامی هەمووان دەگرێتەوە. تەنانەت حکوومەتیش خۆکی ئاسایی لە کەماندا دەستگیر دەکات و مەلەفی ئەمنی و پێیوەندی لەگەڵ دوژمنانی بیانی و هتد بە ئامادە دەکات و دێیوەت لە هەموو کەمەگاکەدا لەبدات. هەر دژی ئەمێیە کە

دژی پەیستە بزووتنەوەیەکی دیاریکراو بە ناو و ستایلەکەوە، بە دروشمی هەمووان دژی زوڵم پێکبهێنرێت. هەستەوەانی ئەم بزووتنەوەیە هەستەوەانی هەموو بزووتنەوە ناڕازایەتییەکانن و پەیستە هەموو لایەک ئازادی هەموو لایەک ئابگەیەنێت لە هەمان کاتدا داوای ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانی خۆی دەکات. لێرەدا وەک وتم لیستی هاوبەش گرنگە. لیستەکی هاوبەشی ئەو کەسانەی کە دەستبەسەر کراون، لەوانە ئەوانەی تازە باست کردوون: ڤالێ زەمانی و سپیدە ڕەشنەو، و هەمان ئەو چوار پەشمەرگەیەی کە لەم دواییانەدا دەستبەسەر کراون. بەداخەوە لیستەکە وردەکارییەکانی تێدایە. ئەم لیستە ئامادە بکەن و بە هاوبەشی داوای ئازادکردنیان بکەن.
ئەوندەی پەیوەندی بە هەستەوەانی حیزب و حیزبی ئەمەوە هەیە، بانگەوازەکەم ئەوەیە کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانماندا ئەم هەنگاوانە بنێین و ئەم ئاڕاستەیە لە هەموو کەرت و بزووتنەوەیەکدا هەبکەین کە چالاکین و لە هەموو ئاستەکدا چالاکین و ئەوە تەواوە، با وەربگەین ئەو داواکاری و دروشمانەی کە باسم کرد بوونە پرسەکی گشتی فراوان.
ئەم هەمەتە تایبەت نییە بە حیزبی ئەمە، تەنانەت تایبەت نییە بە کۆمنیستەکانیش. هەرکەسێک تامەزرۆی ئازادییە و خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە و دژیەوە ئەم دژەخە کۆتایی پێ بێنێ، دەبە خۆی بە ئەندامی ئەم بزووتنەوەی یەکێیزی دژ بە سەرکوتە بزانێ.
پەیستە چالاکانی حیزب بە دیدەکی بەرفراوان و هەمەلایەنەوە ئەم ئاڕاستەیە بەرز بکەنەوە و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان و لە پەیوەندیی هەمەتەکانیان و لەگەڵ هاوڕێکانیاندا ئەم بابەتە تاوتوێ بکەن، ڕەخنەکراوێک بدزنەوە و بە تایبەتیش سۆشیال میدیا کە ئامرازێکە بە شێوەیەکی نیرە کۆنکی لە وەربگیرێت .کەکراوەتەوە بە بەکارهێنان. ئەمڕۆ سۆشیال میدیا ئامرازێکە بە کەکردنەوەی هێز بە هەمەتی مەیدانی. لەم حاڵەتەدا چالاکوانان دەتوانن سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی بەرفراوان وەربگرن و لە خزمەت پەکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێز و سەرتاسەری دژی ستەمکاریدا بەکاری بهێنن.

شەهلا دانشفەر: خاڵێکی سەرنجڕاکێشت خستەڕوو، هەمووان دژی سەرکوتکردنن، یەکێیزی دژی سەرکوتکردنن. ئەمانە دەتوانن هاشتاگی سۆشیال میدیا بن. جگە لەوەش کەمێک گوتار لە دەوری ئەم پرسە هەیە، وەک قەدەغەکردنی تەمارکردنی دەسیە، قەدەغەکردنی کەفالەت، قەدەغەکردنی قامچی لەدان، هەڕەشاندنەوەی سزا ئیسلامییەکان. لە ئێستادا، دەبینن کە هاشتاگی هەمان گوتار هەیە، کە لە ڕاستیدا ڕووبەڕووبەک لە "یەکێیزی دژی سەرکوت" و ناوەڕۆکی ئەم یەکێتییە

دەدەن. بەو مانایەی کە جەختمان لەسەر ئازادکردنی زیندانیانی سیاسییە. وە ئەشکەنجەدان قەدەغە بکرێت، بەبەشکردنی زیندانییەک لە دەرمان و چارەسەر قەدەغە بکرێت و بە تاوان هەژمار بکرێت. لەم هەڵمەتەدا لیستی ئەولەویەتەکان هەبوو. لیستێک لەو کەسانەی کە ژیانیان لە مەترسیدایە. بە نموونە هەندێک جار ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە. ژیانی سپیدە هەڵشنە لە مەترسیدایە، یان ئەو چوار پەشمەرگەیەی باسمان کرد لە مەترسیدایە و بەداخەوە وەک وتت لیستەکە درێژە. وە ئەمەش لە ڕاستیدا ئاماژەیە بە گەڕانەوەی جیاوازەکانی شەڕ لە کەمپەگادا. واتە شەڕێکی بەرفراوان لەناو کەمپەگادا دژی حکومەت. یەکەیزی دژی سەرکوت هەنگاوێکی گرنگە لە بەهێزکردنی خەباتی جەماوەری و بەیەکەوە بەستنەوەی خەباتی بەشە جیاوازەکانی کەمپەگا و پێشخستنی بزووتنەوەی ڕووخاندن. لە هەر حاڵەتێکدا وا دیارە کاتی بەرنامەکە کۆتایی هاتووە، ئەگەر شتێک مابێت پێم بڵێن.

حەمید تەقوایی: جارێکی تر جەخت لەسەر ئەم بانگەوازە دەکەمەوە. خاڵی باشت خستەڕوو. کاتێک دەماندەوێت وەک بزووتنەوەیەک دژی زوڵم بوەستین، ئەو کاتە دەتوانین داواکاری زۆر فراوانتر بکەین. داواکاری بەپەلە بۆ ئازادکردنی سەرجەم زیندانیانی سیاسی خاڵی یەکەم، ناڕەزایی دژی تەمارکردنی دەسیەکان، دژی ئەشکەنجەدان لە زیندانەکان، دژی قەدەغەکردنی سەردان، دژی کەفالەتی ئازادی – ئازادی دەبێت بە مەرج بێت-، داواکارییەکە بۆ… دابینکردنی دەرمان و چارەسەر بۆ زیندانیانی سیاسی و هاوشێوەکانی گوتاری ئەم بزووتنەوەیە دەبێتە… ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت لەم ڕووەوە داواکاری تایبەتتر وروژێنێت. بۆ ئای من مەیدانێکی بەرفراوان هەیە بۆ کاری بزووتنەوەیەکی لەو جۆرە و هیچ گومانێکم نییە کە ئەم بزووتنەوەیە لایەن هەموو خەڵکی ناڕازییەوە پشتوازیەکی بەرفراوانی لێدەکرێت. چونکە تیغی کەماری ئیسلامی دژی گەیشتووە هەمووان. وەک وتم هەوڵی کەماری ئیسلامی دژی کەمپەگایەکی ڕاپەیوە و دژی ئەو ناڕەزایەتیانەیە کە لە هەموو لایەکەوە حکوومەتی گەمارۆداوە. هەر لەبەر ئەمەش کە کەماری ئیسلامی بەو شێوە بەرفراوانە کەمپەگە داگیر دەکات. ئەمە هەرشی لاوازی و بەدەستهاتە. ئەگەر ئەمە لە دژی ئەم هەرشە بە یەکگرتوویی بوەستین، دەتوانن دڵنیابن کە دەتوانین کەماری ئیسلامی پاش بنەین بە دواوە، دەتوانین زیندانیانی سیاسی ئازاد بکەین، دەتوانین هەنگاوێکی گەورە بەرەو ڕووخانی حکوومەت بنەین.

١٠ی ئابی ٢٠٢٢
سوپاس بۆ ئەمیر تۆکڵی بۆ جۆبەجێکردنی دۆقی سەرتایی ئەم چاوپێکەوتنە.

شیعر/ گـــــــوڵ و ئـــــــفیون...
نەوشیروان ئازاد

گوڵە کانی ئەم باخچەیە
بەبەنی ئەفیون سەرمەستن
بەیە بولبل
لەئاوازو
لەچریکە و سەدا وسەزی ،
عەشق هەندە
.....

کاتە لەمەعشوق بەزارە
لەمەی مەکە
کەعاشقە ەوەو سارا
لە دەزاری دەی هەندە...
.....

چراغستان بە ، شاری شەو
ئەی ئەزیزم ،،،چ فایدە یە
کەپرچی خەرە ، ژاکاوەو
لەتاو دەیجوری شەوهەندە
.....

پەناسی دوێنە فە دەین
زبانی ژیری بەتە گە
خەونی دوێنەمان وەلانەین
ئاسە بە سبەی بەتەگە ...

نەوشیروان ئازاد

سلێمانی 8/7/2018

ڕۆمـــــانی (گۆشەگیـــــری) خوێنـــدنەوەیەک لە بـــن تـــریفەی مـانگ شـەو و شـپەلە نـارمـکـانی زنـ-2-… سـەردار جاف

{ بەشی دووەم }

زمان و ڕێنووس

زمان خۆی لە خۆیدا بنەما و کۆکەی هەر دەقێکی ئەدەبییە، دیارە مەبەست لە هێنانەوەی زمان لێرەدا مەبەست لەو زمانەیە کە بە ئەدەب بڵێن بەکار بهێنەرەت دەنا جیاکردنەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵەکانی دی زمانەکەیەتی، ئیدی گرێکە ئەو زمانە بە جۆرە بێت شایستەی ئەو دەقە بێت.

ڕۆمان، کارەکی هونەرییە ئەستاتیکای زمان و پانتایی ئەندێشە پێکەوە گرێدەدات، زمان لە ڕۆماندا فاکتەر و ئامانجن پێکەوە، زۆر جیاوازترە لە زمانی شیعر، شیعر زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە و شآعیر هەندە لە سەراغی وشەی جواندا دەبێت بە ئاوەڵی شیعرەکەی بخزێتە خانەی ناوازەکانەوە، ڕۆمانووسی ئەلبانی ئیسماعیل کادارە لە بارەی زمانەوە دەڵێ ((هەمیشە شیعر دەنووسم، چونکە شیعر مرۆڤ ناچار دەکات یاری بە زمان بکات))1.. ناکرێ لەکچوون لە نێوان زمانی ڕۆژنامە و ڕۆماندا هەبێت، یەکەمیان هەوڵ بە چەمکێکی سادەو دەگمەنەتە بینەر و بیسەر کە ڕۆژانە پەیگیری ڕووداوگەلێکی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەکەن، بە سادەیی لێیحالی دەبن، ئەو کاتە داڕژەری هەوڵ هەست بە ئاسوودەیی دەکات کە مەبەستەکەی پێگەیاندون، لێرەدا ئەو بەچوونەی (ئەندرێ لالاند) لە فەرهەنگی تەکنیکی و ڕەخنەی فەلسەفی دەتە پشتەوە کە دەڵێ: ((لە واتای ڕاستەقینەدا / کاری دەربڕینی ئاخاوتن لە بیری دەرکی و ناوەکییە، بەم پێیە بێت زمان جۆرەکە و ئاخاوتنی دەرکی

ڕەگەزەکەیە، بە واتایەکی گشتگیر تر، هەموو سیستەمێک ئاماژەن، دەکرێ بەکاربهێندرێت وەک هەکاری پەیوەندی))2 لەڕدا ئەوە ساغ دەبێتەوە، کە زمان جۆرێکی سەرکی و بنەڕەتی پەیوەندی نەوان خودی مرۆڤەکانە، کە ئەمە مەبەستمان ئەوەیە ڕەمانیش زمانی خۆی هەیە.
هەندێک پێیان وایە قسەکردن لە سەر زمان بە تایبەت بە ڕەمان گەلکەردن و خە دوور خستنەوەیە لە کرێکی ژانرەکەو نەزانینە لە قوناغی شرۆڤەکاری زانستی و ئەکادیمیایانە، نەخاسمە بە شرۆڤەکردنی ڕەمان زمان بە کارێکی کردەیی نازانن و چ پێویست ناکات باس بکرێ، ئەمە پەمان وایە ئەو کەسانە بە خێیان کاڤام و نەزانن، بە داخەوە ئەوانە بە ناکامی پەگەیشتوون، دەنا زمان کرێکی ڕەمانە، بە کۆی دەنوسە و چۆن دەنوسە و چی دەنوسە بە چ زمانە دەدوە.زمان بە ڕەمان مشتومڕی زۆری خوقاندووە، نەمازە لە ناو عارەب کە زمانێکی جگە لە قوولی و بەرفراوانییەکەی هەمەجۆر و هەمەچەشنەیە لە ەووی ئاخاوتنی خەجێی (محلي) یان هەر وەاتێک بە جۆرێکە و زمانی ڕەنوسیشیان هەیە، کە زمانێکی گشتگیر و یەک ئاراستەیە، لە ئەراقدا بە (جەفی و قواعدی) ڕەیشتووە.
زمان بە خۆی ململانێی نەوان بوون و نەبوونی بیرمەندانە، کە بوونەتی خۆی تەدا ساغکردەتەوە، لەڕەوە نامانەوە باسوخواسکەمان بە لایدا بڕین و دەینە سەر کرێک، بەم پەیە پەویستە هەوەستە لە سەر زمانی ئەم ڕەمانە بکرێت و نامانەوە لێی باز بدەین، جگە لەوەی کە بە زمانێکی سادە و بەقووبوونەوە نوسراوە، لەگەڵ ئەوەی ناو بە ناو دەستەواژەیەکی تێئاخنراوە کە سەر لە خوێنەر دەشوێنێ و ئێندێشەبیری تێکدەشکێنێ، لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر یەکسەر هەست دەکات لاوازی ڕستە و وشە لای نوسەر هەیە، بە کەسێکی هەژاری نەو فەرهەنگی کوردی لە قەڵەم دەدات، ئیدی ئەمەیش لە گەڵ ئیوە دەکەوینە دیقەتدانی زمانەوانی… ((وەک ئەوەی قسەیەکی ئاسایی بکات، هەر وەک ئەوەی لە نەو بەشایەکی تایبەت بە خویدا پەرشی بکاتەوە، وەک ئەوەی دووکەڵ نەبێت)) لاپەڕە ۱۲ ی ڕەمانەکە.
نمونەیەکی دی، تەماشا چون لە گەڵ کات مامەڵە دەکات: ((ئەمە کاتێک روو دەدات کە سەزی بەوپەڕی بەزاریەوە لە ڕاەوەکە دەەوانێت و هەشتا هاموشۆکارانی دوای نیوە شەو جێنجاڵی نەکردووە، ئەمە کاتێکە سەزی هیچ شتێکی دیکەی نییە، جگە لە گاتەکردن نەبێت بە سەزانییەکانی هاوپیشەی، لەو کاتانەدا…)) ل ۱۳.
جگە لە وەسبوون و بەزاری خوێنەر بە دەست وشەی (وەک ئەوەی) کە جۆرێکی سواوی پێبەخشیوە لە هەمانکاتدا لاوازی نوسەر لە نوسینەوە دەخاتە ڕوو، سەبارەت بە کاتیش بە هەمان شێوە ئەو حاڵەتی دووبارە کردەتەوە سەر لە خوێنەر تێکدەدات هێندە ناوی کات دێنە، خوێنەر

هزری بەرەو ئاوەدانیوا کە هەمان کات نەبێت و لە کاتێکی تردا ڕووبدرابێت، ئاگادار وەهایش بێت چۆن لە یەک ڕستەدا دەخرێتە ڕوو، هاوشێوەی جارێکە کە باسی نەکردبێت، با خوێنەر لەڕێیش وردبێتەوە هەر لەم کورتە نوسینەدا چونکە باس لە (وەک ئاوەی) دەکەین، بە ئەمەیش هەمان کار هاتە پێشەوە و خەمان لەدەرباز کرد هاوشێوەی جارەکمان بەکارهێنا، نوسەر سەلیقەیی لەوەدایە لە نوسینی ئەدەبیدا دەستودامێن ڕانەمێنێت، جا نەمازە ڕەمان بێت.. دەچێنە لاپەڕە ١٥ و لە هەمان سوینی وشە بەردەوامە، لەدوو دێردا سێ جار وشەی _ وەک ئاوەی – بەکارهێناوەتەوە، پەمان وایە بە خەی ڕەنگە بە نوسینەکەیدا نەچوبێتەوە دەنا هەر لە خوێندنەوەدا خوێنەر هەست بە سواسی وشەکە دەکا، ((وەک ئاوەی خەنجەرێک کرا بێت بە دەیاندا، وەک ئاوەی قوو و زەر قووتر لەوەی هەمووان مەزندەی دەکەن بریندار بوو بن، وەک ئاوەی لە پەکاڤا نامورادی خەیان بیرکەوتبێتەوە)) ل١٥ .

بەیە زمان لە بەدەم نوسەر ئەرکێکی قورس و گران و زەحمەتە کە دەبە زەر بە سەلیقەییەوە بەکار بهێندرێت و گەمەی پێبکرێت، ئاو دەمانەی گەمەکردن بە زمان غیابی دەبێت ئاوا ژانرێکی کرچ و کاڵ دەخرێتە بەر دیدی خوێنەر، گەمەکردن هەم هانی خوێنەر دەدات لە خوێندنەوە دانەبڕاوەت هەمیش چەژ لە دەقەکە دەبینێت ، نەک وەسبوون و بەزارکردن، ئاگادار خوێنەر مکوم بێت لە سەر تاوەکردنی ئاو ڕەمانە یان نوسینە ئاوا ڕەژانە لە چەند لاپەڕەیەکی پێنجەکانی یەک دەست تەناپەڕان کە دەیخوێنێتەوە.

لە لاپەڕە (٣٥) لە بەری ئاوەی بە پەرژینە ئاسن، دەڵێ(ئاسنی جیاکەرەوە) کە مەبەست لەو پەرژینە یاسنینەیە لە نێوان دوو هاوڕێی دژ بە یەکی ئەتەبانی ترومبێل، لە سەر دووبارە کردنەوەی وشە سووانەدنی بەردەوام دەبە و دەڵێ : ((وەک چۆن خالید لە هەمان گەڕاوی ئاشقی بە سەر چووی سەزیدا دەڕیا تاوەکو چۆنە ڕەژەک لەوەوبەر هەر لەم گەڕاوەدا بوو، تاوەکو بووە.....)) ل٦٥. لە دەڵێ و نیوەکدا سێ جار دەڵێ: ((وەک ، تاوەکو)) نامانووت درێژدادەی لەم لایەنەوە بکەین چونکە شیتاکردنی بە پەی ئاوەی ڕەمانەکە نزیکەی (٥٠٠) لاپەڕەیە بەیە لە زەربەی زمانەوانی و ڕێنووسەکیدا پەنا بە نمونەیەک یان چەند نمونەیەک دەبەین، تەماشا عەبدولباقی یوسف چۆن لە ڕەمان دەدوە: ((هەمیشە ڕەمان بە نووسەرەکەی دەڵێ: ئاوە تە نیت دەتەوی ببیت بە ڕەمانەووس، بەکو ئاوە منم دەمەوە ببیت بە ڕەمانەووس و پەتبگەیەنم، ئاوە من نیم هەر کەس بیەوێت بمنووسە و بمگەڕێتەوە، بەکو ئاوە منم دەتنووسەنم و دەتگەڕێنمەوە و پەشکەشت دەکەم))، کەواتە لەم دیدگاوە ئاوەمان بە ڕوون دەبێتەوە

کە نووسەر تەنها ئاوێنە بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان خوێنەر ئاشنا بکا لەو پەیامەی دەیەوێت بیگەیەنێت، ئەمە لە ڕووی ڕێزمانیشەوە هەست بە لاوازی و بەهێزی دەکرێت، نامازە لە ڕێنووسی کوردیدا کار (فعل) دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، کە تەنها نمونەیەک دەنین و گێگرەوەکەیشی دادەنین، لە لاپەڕە ٦٨ ی گۆشەگیر دەڵێ: ((سوزی لە چواردە ساڵیەوە چاوەڕێی پیاوێک بوو دڵرگاکانی بەختەوەری لە بکاتەوە، ئێستاش دوای جیابوونەوەی لە خالید، دوای چەند ساڵێک، بە تایبەت دوای ئەو بڕیارەیانەی ویسکی خواردنەوەیان کاتێک ڤێسنا پێکەوە لە گەڵ سوزی ، باسی گەشتی مەسیحی بۆ دەکرد))، نووسەر جگە لە کاری ڕێکخستنی وشەکاندا سەرکەوتوو نەبووە، لە هەمانکاتدا لەگەڵ بوونێکی لای خوێنەر دروست کردووە کە کامیان سوزی یان ڤێسنا باسی گەشتی مەسیح دەکەن، ئەمە دەڵێین دەبووا نووسەر وا دەستپێکی ئەم بەشەی بکردبا: ((لە چواردە ساڵیەوە سوزی لە چاوەنوارێی ئەو خەون و خەیاڵەی بوو کە هەموو کچە هیوای بە دەخوازێت، پیاوێک بێت و دڵرگاکانی بەختەوەری لێبکاتەوە، ئێستایش دوای چەند ساڵێک لە جیابوونەوەی لە خالید، بە تایبەت لە کاتێکدا کە لە گەڵ ڤێسنا بوو، دوای ئەو بڕیارەیانەیەی وێسکیان پێکەوە دەخواردەوە، باسی گەشتی مەسیحی بۆ دەکرد)) ئەمە لە کاتێک ئاگەر سوزی گەشتی مەسیح بگەڕێتەوە، بە پێچەوانەیشەوە ئاگەر ڤێسنا گەشتەکە بگەڕێتەوە ئەوا وا دەبوو : ((لە چواردە ساڵیەوە سوزی لە چاوەنوارێی ئەو خەون و خەیاڵەی بوو کە هەموو کچە هیوای بە دەخوازێت، پیاوێک بێت و دڵرگاکانی بەختەوەری لێبکاتەوە، ئێستایش دوای چەند ساڵێک لە جیابوونەوەی لە خالید، بە تایبەت لە کاتێکدا لە گەڵ ڤێسنا بوو، دوای ئەو بڕیارەیانەیەی وێسکیان پێکەوە دەخواردەوە، کە ڤێسنا باسی گەشتی مەسیحی بۆ دەکرد)). پەمان وایە بەم جۆرە خوێنەر باشتر دڵگاتە خاڵی تێگەیشتن. وا بزانم لە سەر زمان زۆر دواین و لێرەدا چەند نمونەیەکی ڕێنووس دەخەینا ڕوو کە زۆر بە زۆقی دیارن و ناکرێ نووسەر خۆی لەو هەڵە ڕێنووسیانە ببورێ و بە سەریاندا باز بدات و چاو بنوقێنێت، ئەم وشانە زۆر زۆقن دەبە هەر نووسەرێک لە نووسینەکانیدا فەرامۆشی نەکات ((ئەمەش ، ئەمەیش / ئەم کەسانەش ، ئەم کەسانەیش / لەوانەشە، لەوانەیشە / باخەسانەکەش ، باخەسانەکەیش / ئێستاش ، ئێستایش / خودەش ، خودایش / جیابوونەوەشیان ، جیابوونەوەیشیان/ ئەوەشی لە ڤێسنا نەشاردەوە، ئەویشی لە ڤێسنا نەشاردەوە/ دیکەش ، دیکەیش / لە پێینەوەشیدا، لە پێینەوەیشیدا / کزەڵەش ، کزەڵەیش / ئەوەندەش ، ئەوەندەیش /سەتەلایتەکەش ، سەتەلایتەکەیش)) بە داخەوە زۆر زۆر وشەي تریش لەم جۆرە هەبوون کە هەندێکیان زمانی ئاسایی قسەکردنێ، کە ئەمەیش وەک

نەتەوەیەک مافی ئەوە بە خەمان دەدەین کە زمانی نووسین و ئاخاوتنمان جیاواز بێت، ئەگەر نووسەر ئەم کارە نەکات، من نازانم ئەرکی نووسەر ئەو کاتە لە بواری زمانەوانیدا چی دەبێت.
بە داخەوە کێشەیەکی دیکەیش کە ئەم نووسەرەیشی گرتۆتەوە، پرسی (دوو واوە) من نازانم بۆچی نووسەرێک نەتوانێت خۆی لە قاڵبی ئایدیۆلۆژیا قورتار بکات و لە نووسینەکانی بیری لای ئەم پرسە بێت، دەنا جار و دووجار نییە دەیان جار ئەم حاڵەتە چەند بارە کراوەتەوە،لەرە ئەوانیش دەخەینەووو((مەیموون ، مەیمون / بچووک ، بچوک / ووس ، وس / ئەردووگا، ئەردوگا / نووح ، نوح / گرووپ ، گروپ / بڵەکوو ، بڵەکو/ لەبووردن ، لەبوردن / گووت ، گوت / کوون و کەلەبار ، کون و کەلەبار/ مووچە ، موچە .....)) بڵەای ئەمە هەندە نمونەیەکن، ڕەژ لە دوای ڕەژیش زمان و ڕێنووس گڵانکاری بە سەردا دە مرۆڤ بە تایبەت نووسەر دەبە لەم ڕووەوە ڕژد بێت. لە زەر شۆن ((بوو بوو)) بەکار هاتووە پەمان جوانە ئەم کردارەیش ببە و بنووسرە ((ببوو))، خوێنەر جیاوازیش لە کاتی خوێندنەوە بە هەردوو حاڵەتەکە دەکات.

درێژەی هەیە...

خوێندنەوەیەک بۆ بەرهەمە شیعری(ءەورەتی نیشتمان)ی موحسین شوانی... کاروان حەسەن سلێمان

(ءەورەتی نیشتمان) نوێترین بەرهەمی شیعری مامۆستا (موحسین شوانی)یە. کە لەساڵی (2022)دا چاپ و بڵاو بووەتەوە، لەچاپخانەی(چوارچرا) (500)دانەی لە چاپکراوە. لەدوو تووی (74) لاپەڕە، چاپی یەکەم، کورتەیەک لەژیانی شاعیر و بەرهەمەکانی تری شاعیر لەکۆتا لاپەڕەدا ئاماژەیان بە کراوە.
ئەم بەرهەمە لەدوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: لە (43)دەقی نیشتمانی پێکهاتووە.
بەشی دووەم: لە (21) دەق پێکهاتووە کە خواناسی و باسی خۆشەویستی دایک دەکەن.
هەوددەین لەسەر ئەم بەرهەمەدا شتێک بنووسین و بڵێین.
چاوی شاعیر وردتر و باشتر شتەکان دەبینێ لە مرۆڤی ئاسایی بۆیە ئەوەی شاعیر دەری دەبڕێ دەکرێ لای مرۆڤێکی ئاسایش هەبێ بەڵام ئەو مرۆڤە ئاسایییە بەهەندی وەرناگرێ یان ناتوانێ بیخاتە دووتوێی دەقێک و شیعرێکی لە دروست بکات.
بەواتایەکی تر شاعیر تاڵی و سوێری و ژەهراوی ژیان دەمژێ و لەدەقێکی شیعری بیانیان دەکات و بەرهەمێکی لە دروست دەکات. ئەمە جیاوازی نێوان شاعیر و مرۆڤێکی ئاساییە.
شیعر ڕەنگدانەوەی شتە هەڵچووەکانی ژووروەوەی شاعیرە، شاعیر بەچاوی دەڕوە ئەو ئێش و ئازار و مەینەتیانە دەبینێ لەژێگەی وشەوە دەیانکاتە دەق و شیعریان لە دروست دەکات، واتا شاعیر لەجیاتی ئەمەش دەتە گۆ و قسەدەکات و ئێش و ئازار و مەینەتییەکان دەخاتەڕوو.
لەرەوە دەچینە باغە ڕازاوەکەی (عەورەتی نیشتمان).
ئەم بەرهەمە لەدوو بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا شاعیر یاخییە، دەپەڕە، بەزارە، بەئومێدە ئەمانێ و دەیان ماکی تری نەو حەقیقەتی ژیانی ڕەژانەی ئەم هەرەمە وایان کردووە مامۆستا موحسین شوانی دەست بداتە قەڵەم و لەژێی وشە و ستۆوە دەقێک دروست بکات و شیعرێکی چڕبەخشی لە بەرهەم بێنێ. چڕ و ئێستاتیکا و بابەت ئەو ڕەگەزانەن کە شیعری باشیان لە بەرهەم دێت، ئەمەش وا دەکات کە خوێنەر چڕیان لەوەرگرێ و هەزمیان بکات.
شاعیر هەموو ئەو نائومێدی و بێهیوایی لە بەرپرس و کاربەدەستانی وڵات هەیەتی دەیانخاتە دووتوێی چەند ستۆیەک و دەقێکی شیعری جوانی لێپێکدێنێ. ئەوەتا لە شیعری(مارنج)دا دەڵێ:

گەر دەمتوانی وەک خۆ و کا
تەکەڵتان کەم
وەک قوڵە سوور
لە قالبی خشتتان بدەم
لە قولینچی دیواری ماڵە هەژارەک
هەموو ساڵێک لە پێنجی سێ
بە مارنجی کوردەواری
سواغتان بدەم .

شاعیر هەمیشە شتە پێنگخواردووەکانی ناخی دەردەبڕێ و ئەوەی

لەمڕۆی ئاسایی جیای دەکاتەوە ئەویە شاعیر ئەو شتانەی دەیبینە بە شیعر بەیانیان دەکات و خەنجەک و خوێنڕیش ئەو وشە و دەق و شیعرانە دەبینن بەیە شاعیر وردتر لە شتەکان دەڕوانێ. وشەی (جاش) بووەتە باس و خواسکی شاعیر لە شیعرەکدا و مامۆستا موحسین شوانی لەوەوە حەقیقەتی ئەو ڕۆژگارە تاڵ و تفتەی بەدەستی جاش، میللەت چەشتوویەتی بەڵام ئەستاش جاش ڕۆژ و پۆگە و قسەیان هەیە و دەستیان دەڕوات کەجگەی داخ و ئەسەفە! تەنانەت هەندکیان بەرپرسیشن شاعیر شیعرەکی بەناوی (جاش)ەوە داناوە و زۆر بەڕوونی و بە ئاشکرایی دەڵێ:

من دوێنێم بیرچەتەوە
کەسیش ناناسمەوە، نەخراپ نەباش
تەنها دەزانم هەردووڵا
هێشدار و چەکن و دەست بە تفەنگ و
هانکو چەغە لەبەربوون
پێیان دەگووتن (پێشمەرگە)
پێیان دەگووتن (جاش)
ئێستا هەردووک ئاوەتە بوون
لەنەو حەفتا و لەناو هەشتاش!

ئیدارەنەدانی باش و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن کاربەدەستان و هەندە بەرپرسی نابەرپرس و گەندەڵ، کە نەیانتوانیوە بباشی و بەچاکی خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن، بەزاری شاعیر و هەستانی بەرامبەر ئەو جۆرە کاربەدەستانە گەیشتووتە ئەوەی کە شیعرەکی لەدایک ببێ بەناوی (عەورەتی نیشتمان) کە ناوی بەرهەمکەش لەو شیعرەوە سەرچاوەی گرتووە.
نیشتمان جگەی ژیان و گوزەران وئازادی و کارکردنی تیا نەماوە هەکاریش بە ئەمە زۆرن، ئەوەتا شاعیر لە شیعری (هەڵم) هەندە لەو هەکارانە دەخاتەڕوو کە لەناو وشکاندا خەیان حەشار داوە، ئەو نیشتمانە جگەای ئازار و مەینەتییە و ژیان تێیدا ئیفلیج بووە و چی خەم و ئازار هەیە بەتە بەشی هاوڵاتیانی ئەم هەڵمە، شاعیر دەتە گۆ و دەڵێ:

بۆ لەڕ
ئیتر ئەڕ
نە هەناسەی عەشق و جوانی
نە گوڵ نەپەپولەی لێ
سەر هەڵگڕ
مەملەکەتی خەم و ئازار جێ بهێڵ

بەسەردانیش
هەرگیز مەگەڕێ ئەڕە
چونکە لەڕە
نە نەمامی خۆشەویستی لە شین دەبێت
نە بەرهەمی برایەتی لەدەوێت
نە پیاو لەڕە بوەڕە
نە ئافرەت لەڕە زەڕە !

لەشیعری (بەراورد)دا مامۆستا شوانی بەراوردێک لەنێوان خەباتی ئێستا و پێشتر دەکات و زۆر بەووردی ئەوە دەڵێ کە پێشان خەبات و سیاسەت باشتربوو کە لەپێناو نیشتمان و میللەت و ئازادی دا بوو بەڵام ئێستا حزب و بەرپرس و کاربەدەست هەر بۆ کورسی و دەسەڵات کاردەکەن و میللەتیان لەبیر نەماوە. ئەوەتا دەڵێ:
نیشتمان ئەوسا خۆشبوو
لە ڕق و ترسی دوژمن
لەسەر دیواری گەڕەک و قوتابخانە
دەماننووسی(بژی پێشمەرگە، بروخێ بەعسی)
بەڵام ئێستا
لەترس و ڕقی دەسەڵاتی کوردی
لەسەر دیواری ئاو دەسخانەکان دەنووسین:
(بەوخێ حزب و سەرکردە و کورسی)

لە شیعری (دەسەڵات)دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا تەمەن و جوانی و گەنجی دەیان جاری کورد تاڵ کراوە و ژەهری پێچەشتراوە، بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە گەنج بە لای خەی کێش بکات و بتوانێ لە ئێش و ئازاریان کەمکاتەوە و کێشە و ئاریشەکانیان چارەسەربکات و دەستی باوکایەتییان بەسەردا بێنێ و بیان خاتە ژێربالی خەی. ئەوەتا دەڵێ:
هەرچی جوانی و پاکی هەبوو لێتان سەندم
دونیایەک ناشیرینیتان بە جەهەشتم
شیرینی تەمەنم
پێشکێش کردن
ژەهری ڕۆژگارتان پێ چێشتم

نیشتمان لەلای شاعیر خۆشەویستە و ئەو خۆشەویستییەش وەک خۆشەویستی دایک وایە، بۆیە شاعیر شانازی بەوەوە دەکات و لە شیعری(نیشتمان)دا بە ڕوونی ئەوە دەڵێ کە وەک دایک خۆشەویستە و وەک ڕۆزگرتن لەباوکی ڕز لەنیشتمان دەگرێ و دەنووسێ:

ئ‌ی نیشتمان
ب‌ق‌د دایکم خ‌شم د‌و‌ی
ب‌ق‌د باوکم ‌‌نزت د‌گرم
ه‌تا ماوم
ل‌گل‌نی چاوی خ‌مدا
ه‌‌تد‌گرم
‌‌ژ‌ سد‌جار
ل‌ پ‌ناوت د‌ژیم، د‌مرم.

ل‌ شیعری(ک‌چ)دا ب‌ د‌ربینی ئاخ و ئ‌فی د‌یان گ‌نج و لاوی ئ‌م نیشتمان‌ پ‌ خ‌م و ئازار‌ د‌ت‌ گ‌، ک‌ ه‌زاران گ‌نج س‌ری خ‌یان ه‌‌گرتوو‌ و ‌‌وویان ل‌غ‌ریبی و دوور و‌اتی و ک‌س و کار کردوو‌ ک‌چی ل‌ د‌ریای ئیج‌ خنکاون و ل‌پ‌ناو خ‌شگوز‌رانی ژیان ‌‌وو‌ و م‌رگ ه‌نگاویان نا.
شاعیر ب‌ ئاسوود‌یی د‌روون و دامرکاند‌ن‌و‌ی گ‌ و تینی ناخی ق‌س‌د‌کات، ئ‌و ق‌س‌ ل‌گ‌‌ دار و ب‌رد ‌‌ووبار و د‌ریا ئاو و ئاگر و شاخ و چیا د‌کات و ئ‌مان‌ د‌د‌و‌ن‌ و گفتوگ‌یان ل‌گ‌‌ د‌کات. ئ‌م‌ش ل‌ شیعری (ئیج‌)دا ب‌‌‌ووونی دیار‌، ئ‌و د‌ریایی ه‌زاران گ‌نجی و‌اتی نقوم کرد و کرد‌نیی‌ خ‌راکی ماسی، شاعیر ب‌ ئارامی و و‌ک پ‌‌انو‌یک ل‌ ئیج‌ داوا د‌کات ک‌ ئارامب‌ و ن‌یخنکن‌ ئ‌و‌تا د‌‌‌:
ئیج‌
ب‌ه‌واشی ب‌س‌رتدا گوز‌ر د‌ک‌م
م‌مخنک‌ن‌
نیشتمانم ل‌د‌ستداو‌
ب‌د‌وای بست‌ خاکدا و‌‌م
ش‌پ‌‌ م‌د‌
ه‌ر ئ‌مجار‌ و نای‌م‌و‌
نام‌م ل‌ر‌
ناخت م‌ک‌ ب‌گ‌‌ستان
تو‌‌ م‌ب‌
ب‌ ئارامی
ببی‌ پردی پ‌‌ین‌و‌.
شاعیر ل‌ گ‌ور‌ بوون و ‌‌ژگاری ئ‌م‌‌ ب‌زار‌، د‌ی‌و‌ بگ‌‌‌ت‌و‌ مند‌ای و ل‌ه‌موو ئ‌و ماک و پیسی و در‌ و خ‌پ‌رستی و مونافیقی سیاسی‌ ب‌زارک‌ر‌ ک‌ ئ‌ستا تووشی هاتوو‌ پاک ببت‌و‌. ئ‌و‌تا ل‌ شیعری (گ‌‌ان‌و‌)دا د‌‌‌:

بمبەنەوە بە منداڵی
بڕائەتی ئەو سەردەمەم بدەنەوە
بمبەنەوە بە منداڵی
چەکی حیزب و
مونافیقی سیاسەتم لەکەنەوە
لە کەپیسی و درێی ڕۆژگاری
خەپڕستیم بکەنەوە
لەنەو بەندی ژینی ساختە و
مەدڕنی تەکنەلۆژیا ڕزگارم کەن
بمبەنەوە بەخەت و گڵی پاکی
کەڵانکانی گەنەک بمشەنەوە
لەهەموو گوناهکانی تەمەن پاکمکەنەوە.

بەداخەوە دوای زیاتر لە سی و پێنج ساڵ هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت حکوومەتی هەرێم نەیتوانیوە بباشی و بەکی ئاگاداری ژیانی کەس و کارەکانی ئەنفال بێت و ئاورێکی جددی و باشیان لێبداتەوە، شاعیر لە سەنگەری خەمخاری و نیشاندانی سۆز و خۆشەویستی بە خانەوادەی ئەنفالەکان لەشیعری (ڕووفات)دا ئەو بەرپرس و کاربەدەستانە ڕیسوا دەکات کە تا ئێستا کەس و کاری ئەنفالەکان ناناسن و ئاگاداری ژیانیان نین، مامۆستا شوانی بەزمانێکی سادە و ساکار لێیان دەتە گە و دەڵێ:
ئەم کاتژمێرە
ئەم جووتە پێڵاوە
بکەنە مەداڵیای ناپاکی
لە بەرکی جاش و ئەنفالچیەکان هەڵیواسن
یان بیکەنە هەمای ڕیسوایی
بیدەن لە ڕوخساری
ئەو بەرپرسانەی
کە خانەوادەی ئەنفال ناناسن.
لە هەردوو شیعرەی (کەچ) و (ئومێد)دا کە دوو شیعرەی دژبەیەکن لە واتادا شاعیر لە شیعری (کەچ)دا بەزار، نائومێد. بەڵام لەشیعری (ئومێد)دا حاڵەتەکە پێچەوانە دەبێتەوە ئەوەتا لە شیعری (کەچ)دا دەڵێ:
ئەی نیشتمان !
زووبر مەبە
بەناچاری بەجێت دەهێم
ڕەگەی مەرگی هەندەران و

سەختی غەریبی دەپەوم
کەچی لە شیعری (ئومەد) دا شاعیر پێشیمان دەبێتەوە بەو مانایەی خەی دەخاتەوە سەر دەخی بە ئاگایی و ئومەدێک لەدەدا بەدی دەکات و لە وشە و ستەکانی پێشووی دێتە وەبام و دەدە:
لەرە نارەم
ئەم هەوارە جێناهەم
کەی توانیتان تیشکی خەر و ەوونا کی مانگ
بشارنەوە
ئەوسا دەەم
بەەکەوتیش
سەر لەو خاکە پە گەندەە نادەمەوە.

کاروان حەسەن سلەمان – هەولێر

کلیلی دەستپێکی ژیان ووونکراوە… سامانی وێستا بەکر

پەروەردە یەکەم کلیلی دەستپێکی ژیان:
پەروەردە گەورەترین شەشی بەردەوامی مرۆڤایەتییە. لە مێژووی دووری کەمەگەی مرۆڤایەتییەوە تاکوو ئێستا، پەروەردە مەبەند و ناوەندی پێگەیاندنی مرۆڤکان بووە. لە شارستانییەتە دێرینەکانی بابلی و میسری و یۆنانی و ەمانی و فارسییا پەروەردە وەك چالاکییەکی گرنگ بوونی هەبووە.
فەلسەفەی پەروەردە هەوەدانە بە گەشەی تاک و کەمەگە، کارکردنە لەسەر بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستەی خەشبەخت بە کەمەگە.
پەروەردە پرسەیەکی دێرین و فرەهەندە، سیستەمێکی گشتگیر و فراوان و بەردەوام، کارێکی مەودا دوور و ئاەز و بەیکاچووە، دوورە لە هەر هەسەنگاندن و تەوانینێکی سادە و سەرپەیانە.
پەروەردە یەکەکە لە میکانیزمەکانی مانەوە، بەردەوامیی کەلتوور و زانیاری و شارستانییەت، لە ەگەی گواستنەوەی کەی فیکر و مەعریفە و کەلتوور بە نەوەی داهاتوو.
پەروەردە کلیلی دەستپێکی ژیان و بەردەوامیی گوزران و ژیاری

مرۆڤایەتییە و بەتە زانستەکی سەربەخۆش.
پەروەردە پرسیەکی تەندرۆژ و دەرینە، هاوتایە لەگەڵ بوونی مرۆڤ. لەسەرەتایا پەروەردە بەم شێوەی ئێستا نەبکخراو و نەکوپلك نەبووە، پرسیەکی نافەرمی بووە، بە شێویەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن خێزانەوە ئاراستە کراوە، لە ڕێگەی ئەزموون و لاسایکردنەوە بووە. خێزانیش ڕێگە و شێوازی تایبەتی خۆی لە پەروەردەکردنا جێبەجێ کردووە و بەپێی ئاستی تێگەشتن و دنیابینیی خۆی پەروەردەی منداڵی کردووە. ئامرازەکانی فێربوون بریتی بوون لە: نەریتەکان، سیستەمی بەهاکان، هونەرەکانی بەرهەمهێنان وەکوو ڕاوکردن، کشتوکاڵ، چنین و هتد.

کەمێگەو پەروەردەی نادروست:
کەمێگەی جیهانی سێیەم بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دوو جۆر پەروەردەی نادروست لەپاڵ پەروەردەی دروست و تەندروستا بوونی هەیە، لەڕیا تەنها تیشک ئەخەینە سەر دوو جۆرە نادروستەکەیان:

جۆرەکیان ئەوەیە خێزانەکان هەر لە منداڵیەوە بەهەڵکاری جیاواز دەستبەرداری پەروەردەی منداڵەکانیان ئەبن و ئەیانێرنە بازاڕی کار و پارەپەیاکردن، ئیتر منداڵ پەروەردەی شەقام و کەڵان و بازاڕ و گوزەر و سەرقەبرانەکان وەرگرێت.
لە مەرمنادانیشا ڕووە لە چایخانە و کافتریا و بلیاردخانە و نەرگەلە و لە پاتیشیا مادەهۆشبەرەکان و کاری نایاسای و سەرتاکانی قەبەین و ووردە دزی فێربن.
لە گۆڕەبوونیشا ڕووە لە قومارخانە و مەلها و یانەی شەوانە و کاری نایاسای و قاچاغ و گیرفانی بەینی میلەت و گەندەڵی و سیاسەت بە مەبەستی بازرگانی و دانانی حیزب بە خۆدەوەمەندکردن و داپۆشینی دزی و تاڵانی و قەرزە کەبەکان و تا کار ئێگاتە ئەوەی ئەبن بە مافیای شەوان و سیاسی باڵا بەهێز.

جۆری دووەمیان ئەوەیە کە خەزان بەبە لەپرسینەوە منداڵکانیان ڕەوانەی پەرستگاکان ئەکەن بە مەبەستی خواپەرستی بەبە ئەوەی بزانن لەوە چی ئەگوزەرە و باسی چیان بۆئەکرە.
لە هەنگاوی یەکەما مەشکیان ئەشنەوە و ڕایان ئەکەشن بە ئەو جۆرە لە باوەڕەی کە خەیان مەبەستیانە و هەر لەسەرەتاشەوە تەوی ڕق و جیاکاری لە مەشکیان بەرامبەر ئایین و خەڵکانی دەرەوەی بازنەی باوەڕەکەی خۆی تیا ئەچێنن.
لە مەرمنادانیشا بەتەواوەتی لە کەمێگەی دایانئەبن و بیری توندڕەوی و ئیرهاب لەژەر ناوی خواوەند و پەتوکە ئاسمانیەکان لە مەشکیانا

ئەچنن و ئەیانکەن بەجێلادی ناوماڵ بە ئازاردانی خەزان بەگشتی و خەشکەکانیان بەتایبەتی.
بەشکیان هانیان تا پەیوەندی بە ڕەکخراوە تیرۆرستیەکانەوە بکەن، سەرەنجام هەر لەسەرەتاکانی بەهاری تەمەنیانا جوانەمەرگ ئەکرێن و ناوی تیرۆرست بەباڵیان ئەبەست، مەری ئیرهابیش لەناوچوانیان ئێرەت و خەزانەکانیشیان سەرگەردان و دایک و باوکیان جەرگ سوتاوئەکەن.
کە گەورەش ئەبن بەشکیان بە خەڵ گەورەکردن و گیرفان پەکردن و بەباوکردنەوەی ئەو جۆرە لە باوەڕەی کە خەی بەوای پێیەتی ئەکرێن بە بانگخواز و لەژێر ناوی بەهەشت و حۆریا هانی گەنج و لاوەکان ئەیەن پەیوەندی بە حیزب و ڕەکخراوە ئیرهابیەکانەوە بکەن لەلایەک، لەلایەکیترشەوە لە هەوڵی ئەوێان دوژمن و داگیکەرانی وڵاتەکەت وەک فیریشتە و فریادڕەس پێبناسێنن، تەنها لەبەرئەوەی سەرکی دەوڵەتی داگیرکاریش هەڵگری هەمان بیروباوەڕەی ئاین و مەزهەب و دنیابینیە..
ئەو بەشەشیان کە ئەمێننەوە ڕایان ئەکەشنە ناو ڕەکخراو و حیزبەوە تا ئەیانکەن بەئەندام پەرلەمان و وەزیر سەرکردایەتی حیزب، ناشترین پەیامیشیان تەرکردنی حەزە سێکسیەکانی خەیانە لەژێر ناوی جێبەجێکردنی شەریعەیا، چوار ژن لەدەوری خەیان کەئەکەنەوە وەک ئەوەی ئەو کارە گرنگترین و تاکە ئەرکی سەرشانیانبە، بەکوردی و بەکورتی ئەو سونەت بەتامی فەرز جێبەجێئەکەن.

ئەرکی حکومەت:
بەداخەوە حکومەتێکیش هەیە کە ئەکرێ بە حکومەتی ژمارەکان ناوزەند بکرێ، تەنها و تەنها کاری ئەوان بووە بە ساغ کردنەوەی ژمارەکان و کەرتەکانیتریان لەبیرکردووە، بەتایبەتیش کەرتی پەروەردە.
لە فەرگەو خوێندگاکانی کوردستان جگە لەوەی زانستێکی کەوار هەیە بەڕام پەروەردە بووەنی نییە، ئاخر زانستی بە پەروەردە وەکو لاشەیەکی بە مەشک و چاو و چاق و دەستە.
ئەوە کاری حکومەتە کە هەر لە منایەوە خەشویستی نیشتمان و خاک و گەل لەدڵی فەرخواز و نەوەی سەردەما بوونێ، ئەبە حکومەت لەڕێی پەروەردەیەکی دروست و تەندروستەوە ئەوە لە مەشکی منانانا بچەسپێنێ کە مرۆڤ ئەبێتە هەڵگری ناسنامەی ئەو خاکەی لەسەری ئەژی، ئەبە لەسەرتاوە منانان تێگەیەنرێ کە هیچ شتێک لە خاک و نیشتمان و خەزانەکەت لەپێشتر نیە، ئەبە منانان فێرکرێ کە خەشیستی نیشتمان لەسەرو باوەڕداری و ئاینیشەوەیە، بگرە ئاینەکانیش جەخت لەسەر خەشویستی نیشتمان ئەکەنەوە.

کاری حکومەتە هەر لەسەرتاوە بچێتە ناو قوتابخانە، فەرگە، مزگەوت، کەنیسە و پەرستگاکانیترەوە و بەوانەی پەروەردەی دروست و تەندروست ئامادەی هەبێت و ڕێگەنەیا هەر کەسێک بەئارەزووی خۆی و بڕگوڕەی بیرو هزر و باوەڕی خۆی نەوەی پاشەڕۆژ دەرسدابات.
ئەوەتا لە بەئاگای و بە پلانی حکومەت و نەبوونی پەروەردەی دروست لە فەرگە جیاوازەکانا، ئێگەر نیوەی کەمەگەش نەبە بەنام بەشکی زۆری لایەنی کەم دووەد بووە لەوەی ئایا کوردستان پیرەزترە بە تاکی کورد یان مەکە؟
ئێگەر لەسەرتاوە وانەی پەروەردە بەهەند وەرگیرایە لای حکومەت و گرنگی پێبیرایە ئەوا نێک هیچ کەسە دووەد نەئەبوو کە بەڕە و وە بڕگومان خاکی کوردستان پیرەزترە لە مەکە بەڕکو بیرکردنەوەکان بەجۆرێک ئەبوو کە هەرگیز پرسیارێکی لەوجۆرە نەبیری کەسا ئەهات و نەئەشکرا.

پرسیاری نابەجێ:
پرسیارێکی تەلقینی لە کەسێکی بەناو باوەڕدار و بانگخوازەوە کە ئایا کوردستان پیرەزترە یان مەکە؟ تەنها نیشانەی ئەوەیە کە لەو وەاتەیا تەنها زانستێکی کرچ و کاڵ فێری فەرخوازان ئەکرە و هیچ گرنگی بە پەروەردە نایرە.
تەمەنی حکومەتی هەرێم ٣٠ ساڵە، ئەو کەسەی کە ئەو پرسیارە نەشازەی ئاستەی کەمەک ئامادەبوونی کەبوونەوێک کردووە، پەروەردەی لەخەزانێکی کورد و مامەستای کورد وەرگرتووە، نیوەی تەمەنی لەسایەی حکومەتی خەماڵیا بەسەربردووە، بەو واتایەی حکومەتی هەرێم لە ٣٠ ساڵی تەمەنیا سەرکەوتوو نەبووە بەهاکانی گەل و نەتەوە و نیشتمان بەدروستی بگەینتە ناو خەزان و فەرگەکان و لەوشەوە ڕەچیتە ناو کەمەگەوە.
باوەڕناکەم خەڵکی مەدینە مەکەی لاپیرەزتربە لە مەدینە، خەڵکی قودس، قوم، نەجەف، کەربەلاش بەهەمان شێوە. خەڵکی شارە عەرەبی و وەاتانی ئیسلامیش هەر شارو وەاتی خۆیان لە مەکە لاپیرەزترە، خۆ ئێگەر واش نەبووایە یەمەنییەکان بەردومانی ئەو وەاتیان نەئەکرد کە مەکە بەشکە لێی.
نزمی ئاستی پەروەردە گشتەتە ئەوەی کەسێک پرسیارێکی هەندە نەشاز ئاستە بکات کە ئەوەش لوتکەی خۆ بەکەمزانی و زەلیلی بیرو هەستی نەتەوایەتیە.

لەناو کوردا نەبەت بەوا ناکەم هیچ موسلمانێکیتر بوونی هەبە بەم جۆرە داوخابەت و نیشتمانی خۆی بە ناپیرەز تەماشا بکات.

مەکە پیرۆزە بۆ موسوڵمانان بەڵام خاکێک کە شاخی جودی و ئیبراهیمی باوکی پێغامهێنەرانی هەبێ چۆن ئەکرێ پیرۆزترین نەبێ لایەنە کەم بە تاکی کورد.
کەم کەس نکۆڵی لەوئەکات مەکە پیرۆزە بۆ موسوڵمان، بەڵام کەسیش بۆی نیە کوردستان بکەمتر تەماشاکات، لەکەتایشا
مرۆڤکان ئازادن بچن بۆ ئەو جێگەیەی لە نیشتمانەکەی خۆیان بۆپیرۆزتر ئەزانن خۆ کەس ڕێی لێناگرتوون.

سامانی وەستا بەکر
٢٠٢٢-٨-١٣ سوید-ستۆکهۆڵم

گفتوگۆ لەگەڵ فاتح بەهرامی سەبارەت بە سیستەمی پەرلەمانی... وەرگێڕانی: کاوە عومەر

پێگەی پەرلەمان لە سیستمی حکوومەتی دەخوازی ئەوەدا چییە؟ ئایا سەرۆک کۆماری یەکەمی ئەو وڵاتەیە یان سەرۆک وەزیران؟

وەرگێڕانی بە کوردی:کاوە عومەر

پەرلەمان لە سیستمی حکومەتی ئێمەدا جێگەی نییە. پەرلەمان تەنانەت باشترین جەریش وەک وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری ئامرازێک نییە بۆ ئەوەی خەڵک بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن. پشکی بەشداریی خەڵک لە سیستمێ پەرلەمانییەکاندا هەمان شتە کە چوار ساڵ جارێک یەک جار دەنگ بدەن. لەم چوار ساڵەدا، تا هەڵبژاردنی داهاتوو، دەنگدەر ناتوانێت نوێنەرەکانی بگۆڕێت، کەس پرسیاری لە ناکات و گوێی لە ناگرێت، هیچ هێزێکی لە پەسەندکردن و بەتکردنەوەی یاساکاندا نییە، ئەگەر هەر ناڕەزایەتییەکی هەبێت،دەستی بەهیچ شوێنێک ناگات. بەیە هێز و بەشداریی خەڵک لە حکومەتدا دیارە و پرسەی هەڵبژاردن تەنها ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەتی دەسەڵاتدارێتی و حکومەتە.
ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەم بەدەستهێنانی شەرعیەت بەچی پێویستە و تایبەتمەندییەکانی چین؟ یەکێک لە درۆ گەورەکانی

تیریسنان و وتەبژانی کۆمەڵگای سەرمایەداری پەیوەندی بە ئێو و پێگای حکومەتەوە هەیە. ئەو وێنەیەی کە لە حکومەت دەدرێت بەدەستەوە ئەویە کە حکومەت ئەرگانێکی جەوهەرییە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە گشتیەکان دەکات و دژیپارێزێت و سەربەخۆیە لە چینە کۆمەڵایەتییەکان و بەرژەوەندیەکانیان. لەسەر بنەمای ئەم وێنە درێنەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خەڵک لە هەڵبژاردنەکدا حکومەتی خوازراوی زۆرینەی کۆمەڵگا هەڵدەبژێرێت، و شەرعیەتی پێدەبەخشێت.
ڕاستیەکە ئەویە کە حکومەت نوێنەری چینی سەرمایەداری و ئامرازی کۆنترۆڵکردنی جەماوەری خەڵکی ژێر چەوسانەوە و دژگا سەرکوتگەرەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بەرژوازییە. پێش هەڵبژاردن و پەرلەمان، هێزە چەکدارەکانی بەرژوازی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار و حکومەت بوونیان هەیە و ئامادەن بۆ تەقەکردن. شانبەشانی ئەم هێزە چەکدارە یاسای تاوانکاری هەیە بۆ بەرگریکردن لە دەسەڵاتی ئەم چینە و بەرگریکردن لە وێنەی ئەو لە کۆمەڵگادا، هەروەها دادگا و زیندانەکانیشیان هەیە بۆ دەستبەرکردن و جێبەجێکردنی ئەمانە. ئێستا ئیتر هەڵبژاردن ئەویە کە یەکێک لە هەوتەکانی ناو ئەردوگای بەرژوازی بهێنرێت بۆ ئەوەی لە قەناغێکی دیاریکراودا کار بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیستەمە بکات. بۆیە سەرەڕای هات وهاواری بەرژوازی سەبارەت بۆ حکومەت، پەرلەمان و هەڵبژاردن ناتوانن سروشتی چینایەتی حکومەت بشارنەوە. لە هیچ کام لەو وڵاتانەی سیستمی پەرلەمانییان هەیە، خەڵک لە ڕێگای دەریچەی پەرلەمانەوە نەیتوانیوە بچوکترین کاریگەرییان لەسەر سیاسەت و کردەوەی حکومەتکان هەبێت.
جگە لەم خاڵە گشتییانە، لە ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا کە بەرژوازی شانازی بە دیموکراسییەکەیەوە دەکات، پەرلەمان دەخی باش نییە. خەڵک لەدەست دەسەڵاتی نەوان دوو سێ حیزب لەم وڵاتانەدا بێزار بووە و قەیرانی ئابوری و بێ توانای سەرمایەداری لە وەڵامدانەوەی کێشەکانی خەڵک قەیرانی بەرەو پەرلەمانکان بردووە.
سه باره ت به به شی دووه می پرسیاره که ، سه ره ك كۆمار و سه ره ك وه زیران به شێكن له سیستمی حكومه تی په رله مانی به رژوازیین، یه كێكیان یان هه ردووكیان له سه ره كی حكوومه تدان. به ڵام له و سیستمی حكومه تیه جۆره به ستی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری جه ره كه له حكومه تی شورایی. دابه شكردنی كار له حكومه تی شورایدا چیه و چۆن به رپرسیارێتییه كان له شوراكاندا دابه ش دەكرێت یان كێسكی وه ك سه ره ك وه زیران له سه رۆكیایه تی شورایی سه رتاسه ریدا هه یه یان نا،

ئەمانە هەموو ئەو پرسانەن کە خودی شوراکان بەیاری لەسەر دەدەن و کاروباری شوراکان دەبەت. هەندێک خاڵ کە دەتوانرێت لەمودوا وەک بنەمای گشتی بگوترێ بریتین لە:
١- مومارەسەی دەسەاتداریەتی لەسەر ئاستە لۆکاڵی و سەرتاسەریە جیاوازەکان لەلایەن خودی شوراکانی خۆیەوە ئەنجام دەدرێت، شوراکان هەم وەک یاسادانەر و هەم وەک جێبەجێکاری یاسا کاردەکەن. ٢- باڵاترین دەزگای حکومەتی وڵات بریتییە لە کۆنگرەی سەرتاسەری شوراکانی خۆیک. ٣- ئەو کەسانەی کە لەلایەن خۆیەوە وەک نوێنەری خەڵکان یان بە پلەو و پۆستێکی دیاریکراو لە شوراکاندا هەڵیانبژاردووە، هەرکاتێک دەنگدەران بیانەوێت دەتوانن لێکارەکانیان دووریان بخەنەوە. ٤- هەر کەسێک کە تەمەنی 16 ساڵ زیاتر بێت بە ئەندامی دەنگدەری شورای ناوچەکەی دادەنرێت و مافی خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ سەرجەم بەرپرسیارێتیەکانی شوراکانی خوارەوە و پۆستەکان یان نوێنەرایەتی لە ئەنجومەنی باڵا.
لەمانەوە ئاسانە تێبگەین کە تەنیا لەم سیستەمە دەسەاتداریەتیدایە کە بەکارهێنانی هاستەوخۆ و بەردەوامی ئیرادەی خەڵک و بەشداری خەڵک لە بابەتی حوکمڕانیدا دەبێتە پراکتیکی. بەرژوازی کە ناتوانێت بەرگری لە دیموکراسی نوێنەرایەتی خۆی بکات لە بەرامبەر سیستەمی شورادا، تووشی وەهم دەبێت و پێناچێ بە ئەوە دەبات کە سیستەمی شورایی ئاژاوە دروست دەکات و خەڵک ناتوانن هەژانە کەبنەوە و بەیار بدەن. لە وەڵامی ئەمانەدا تەنها دەبێ بڵێین کە پۆیستە چەک و دادگا و زیندان و ئۆشکەنجەدانەکانتان بپێچنەوە، کە پۆیستە بە پاراستنی سیستەمی ئێستا، و بە ماوەیەک ددان بە جۆرگی خۆتاندا بنێن، و ئەم ئامرازانە بەکارهێنن لە تاوان، و با خەڵک بە شوراکان وڵات بەڕێوە ببات، ئەنجامی "ئاژاوە" و بەیاری هەژانە ببینێ. سروشتییە بەرژوازی بە زمانێکی خۆش ئەم ئامۆژگارییە قبوڵ ناکات و دەبە بە شێوەیەکی کەمایەتیەوە لە سەر هێزی مرۆڤایەتی ئابمارێن.
بەڵام چ شتێک گەرەنتی ئەوە دەکات کە حکومەتی شورایی بە پێوەبمێنێتەوە و ڕووبەڕووی هەمان کێشەی حکومەتکانی دیکە نەبێتەوە؟ بەڵای من لەڕەدا دوو فاکتەری سەرەکی هەیە. یەکەم: لە لایەنی سیاسی و کەمایەتی ئەم حکومەتەوە ئەوە خەڵک خۆیانن کە هەم یاسا دەردەکەن و هەم جێبەجێی دەکەن. ڕوونە کە خەڵک یاسا و بەیار بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەرناکەن.
دیارە ئەو خەڵکەی کە دەسەاتیان بەدەستەوەگرتووە و ژیان و خۆشگوزەرانی خۆیان و منداڵەکانیان و هاوشێوەکانیان بە ئەوان گرنگن، ئامادە نین هەڵی خۆیان لەم حکومەتەدا لەدەست بدەن یان بە

هەر نرخێک بێت زیان بەم حکومەتە بگەیەنن .
خاڵی دووەم و زۆر گرنگ کە لە ئێستیدا بناغەی یەکەمیانی پڕۆژە بەستراوەتەوە، پەیوەندییە ئابوورییەکانە. ئەمە باسی حکومەتی کرێکاری دەکەین، واتە حکومەتێک کە تیایدا ئێچووسانەوەی مرۆڤ هەڵدەوەشێتەوە و لەم پەیوەندییەدا سیستمی سورایی دادە مەزرێت. بە واتایەکی تر کاری کرێ هەڵوەشاوەتەوە و خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەم نەماوە و هەموو زەوی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بوونەتە موڵکی بەکۆمەڵی کۆمەڵگا (نێک حکومەت). لەم جۆرە پەیوەندییانەدا کە هیچ ئیستغلالکردنێک نییە و کاتێک ئامانجی بەرهەمهێنان دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤە لەبری قازانج بێت، ئەوا بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بناغە کولتوورییەکانی کۆمەڵگا بە ئاراستەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئینسانی دەگۆڕن.
لە وەها دۆخێکدا کۆمەڵگا بە تەواوی توانایەوە تێدەکۆشێت بە پاراستن و لەسەرپێ مانەوەی ئەو پەیوەندیانەی کە بە یەکەمجار بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و ئازادی مرۆڤکان وەک ئامانجی خۆی دانێت و بە تووندی دەوەستێتەوە. دەبێت جەخت لەوە بکەموە کە ئەوەی ئەمڕۆ بەرژوەزی و وتەبێژکانی دەیکەن لە دژی کەمینیزم و دژی سیستەمی سورایی وەک بەشداری ئاستەوخۆی خراپ لە بابەتی حوکمڕانیدا تێنیا ناگریکردنە لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ لەسەر بنەمای نکۆلیکردنی لە بناغەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداریین.

٢٠٢٢\٨\١٤

ئانانکی کورت بە چیرکی (لوتبەرزی)... شەماڵ بارەوانی

لوتبەرزی/
چیرکێکی خاتوو(ئازا حەمساح)ی نووسەر و وەرگێڕکار.

نووسەر لەو چیرکەدا باس لە کچێک دەکات بەناوی (ئاشنا).

ئاشنا، پاڵەوان و کارەکتەری سەرەکی چیرۆکی (لوتبەرزی)یە.
ئەو کچۆکە گیردەی پەتای لووتبەرزی و خۆبەزلزانینی دەبێت و بەدەستەکانی خۆی قوڕ بە ژیانی خۆی دەگرێتەوە و ئەو لوتبەرزی و لەخۆبایییەی کە سەرتای هەموو ئەو کارەسات و ئافاتانەیە، دواتر بەسەری دێت و ژیانی لەدەکات بە ژار و قوزڵقورت و دەزخ.
بەو چەشنە، ئاشنا لوتبەزی و غروریەکەی و گوێ نەگرتنی لە هاوڕێ دەسزەکەی تووشی هەڵدێر و ماوەرانی دەکات.

لە (لوتبەرزی)دا
خاتوو ڕەزا، باس لە ئافاتێکی تری کەمەڵی نەرسالار و خەڵکی و عەشایەر بیر و باوەڕ دەکات،
کەمەڵێک کە لە ڕوانگەیەکی زۆر نزم و نامرۆڤانە و پیاوسالارانە لە ژن و کچ دەڕوانێت.

کەمەڵێک، هەشتا وەکو پلە دوو و سەبەر و کەپی و پاشکۆی پیاو سەیری ژن دەکات.

لوتبەرزی/
دەیوێت پەیمان بێت کە کەمەڵێکی پاتریارکی ناشارستانی، کەمەڵێک کاتێک ژن جیا دەبێتەوە بڕیار سەیری دەکەن، لە کاتێکدا پیاو هەڕەژی لە سێت دانێ جیابێتەوە عەیب و ننگیەکی تیا نییە، وەلی بە ژن بەسێ تا کۆتایی تەمەنی لەوەها کەمەڵێکی عەشایەر ونەرسالارادا پێی بگوترێت:گەر باشبوایت تەڵاق نەدەرایت و دووجار شوت نەدەکرد و تامردن لەمە و سەرکەنە بکرێت و وەکو خەجاڵەتیەک بە نەوچاوانی دابدرێتەوە و بکرێت بە لەکەکی عار و بۆتووبیەوە بکەندرێت.

لەوەها کەمەڵێکدا، کە ڕەگی خۆی لەسەر بنەماکانی پێیاوسالاری داکوتاوە،
کەمەڵێک، بە جێستە و فیزیکی لەسەردەمی مەدەرنەدا بژیت و غەرقی ناز و نیعەمەتەکانی جیهانی تازەگەزێتی بووبێت، وەلێ بە مینتاڵێنت و ئەقڵیەت و بیرکردنەوە، هەشتا سەدەکانی ناوەڕاستی تێنەپەڕاندبێت و گیردەی دەستی ئەقڵیەتی پیاوسالاری بووبێت و بە پیاو بڵێت مادام ژنەکێت کوێت بە ناخاتەوە، ژنیکی تری بەسەردا بێنە
:(دایکم کوێی نەبوو، هەمیشە بە چاوی وجاخ کوێر لێیان دەڕوانی، هەتا باوکم لەگەڵماندابوو بڕدەوام هانیان دەدا بە ئەوێ ژنی دووەم بێنێت، تاوەکو کوێی ببێت.).

نووسەر لە لوتبەرزی/دا

دیاردەیەکی پەیوەندیدارە بە:
- هەستان بە کارێکی نادروست، هەڵسوکەوتێکی ناشیرین، یان قسەیەکی ناشیرین بۆ کەسێک یان شتێک.
- بەکارهێنانی وشەیەکی ناشیرین بۆ وەسفکردنی کەسێک یان شتێک.
- بەکارهێنانی وشەیەکی ناشیرین بۆ وەسفکردنی کەسێک یان شتێک.

نموونەکانی لوتبەرزی/دا
- لە میانی چیرۆکی هاوسەرگیری کردنی(ئاشنا) لەگەڵ(ئەبوار)دا،
دیاردەیەکی پەسەند نەبوو، هەر پرسیارێک لەسەر لێکدانەوەی تێگەیشتن و خۆشەویستی و بەڵێنێکی پاک و دڕووست، لەسەر بنەمای یەکترقبووڵکردن و ڕاستگۆیانە نەبوو، ئەو بگوومان پرسیارێکی شکستخواردوو بە مانادەبوو.

هەر پرسیارێک لە پێناو ماڵ و سامان و پول بوو، چارەنووسێکی هەڵوەشاندنەوە و نەمان دەبوو،
هەمان شێوەی چیرۆکی هاوسەرگیری کردنی ئاشنا، لەگەڵ ئەبواردا.

لوتبەرزی/
دەتوانین بڵێین ژنناماڵیەکە، چیرۆکی ئازارەکانی ژنێکە و نووسەر لە میانیدا خەم و خەون و ناخۆشی و نەهامەتیەکانی ژنی نووسیوەتەوە.

لوتبەرزی/
چیرۆکێکی ٢٢ لاپەڕەییە. چیرۆکێکی بچووک بە قەبارە، وەلێ مەزن لە مانادا. چیرۆکێک هیچی کەمتر نییە لەو چیرۆک و ڕۆمانانەی نەوال سەعداوی و فەزیلە فاروق نووسیویانە، چیرۆکێک هەڵگری پەیامێکی جوان و مرۆڤانە و قوڵە.

لە لوتبەرزی/دا
چەند کەسایەتی و کارەکتەرێک هەن دەگەڵن،لەوانە:

ئاشنا/
پاڵەوانە شکستخواردووەکەی چیرۆکی لوتبەرزی.
ئەو کچەی کە خەی قوڵدەکات بەسەر خەیدا و بە هەی لوتبەرزیەکەوە تەواوی ژیانی خەی وێران دەکات.

سەران/
کارەکتەرێکی فێڵباز و فریوەر و نامرۆڤ، ئەو پیاوەی تەنها وەکو ئامرازی خۆ خاڵی کردنەوە و ئامێری سێکس لە ڕەگەزی مێ دەڕوانێت.

ئەو پیاوەی لەپاڵ لوتبەرزیەکەی، ئەمیش بەژدارە لە زیاتر خەستکردنی قوڵی ژیانی ئاشنا و ئاشا تووشی گەورەترین هەڵەی دەکات و وای لێدەکات ناپاکی لە پرسەی هاوسەرگیری بکات و بەڵێنی درۆینەی پێ بدات و دواتر لە هاوسەرەکەی جیای بکاتەوە و خۆیشی پشتی تێبکات و ئاشنا سەرگەردان و ماتوڵەران و بێ کەس بکات، لە دوورەوە ڕاتی و تاراوگەدا.

ڕەبوار/
ئەو کوڕەی خاوەنی کارەکتەرێکی ئارامنی و جوانێ و زۆر بە پاکی ئاشنای خۆشدەوێت. ئەو ئاشنایەی تەنها لە پێناو ماڵ و سامان شووی پێدەکات و پرسەی هاوسەرگیری پێک دێنێت، نێک سەز و خۆشویستی.
ماوەتەوە بڵێم:
دڵخۆشم بەوەی کاتێک دەبینم، خانمێکی کورد لە جیاتی ئەوەی پیاو بێت باس لە ژن بکات و چیرۆک و ڕۆمانی لەسەر بنووسێت، ئەو خۆی بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵساوە و خەم و موعانات و خوون و ئازارەکانی ژنی نووسیوەتەوە.
بەگوومان چیرۆکێک ژن، ژنی تێدا بنووسێتەوە زۆر جیاوازترە لەوەی پیاوێک دەیکات!

بە گشتی لوتبەرزی چیرۆکێکی کاریگەر و جوان و بەهێزە، چی لە ڕووی زمان و تەکنیک، چی لە ڕووی سەرد و گێڕانەوە و نووسەر بەزمانێکی تابڵێیت ئەدەبی و پاراو جوان و دڵڕەمێند نووسیویەتی.
دڵنیام ئەو چیرۆکە یەک تەزیتر لق و شتی بۆی زیاد کردبوایە، ڕۆمانێکی یەجگار ناوازەی لێدەردەچوو.

قەڵەم بەدەستانی کورد و پێکەکە و چالاکی و هەردوو لایان... زاهیر باهیر

جێگای داخە کە زۆرێك لە قەڵەم بەدەستانی کورد بە ناوی دەسەزی بە پێکەکە و باکور و ڕۆژئاوای کوردستانەوە گەورەترین خزمەت بە دەوڵەتی تورکیا و لە سەرویانەوە ئاکەپە و ئەردۆگان دەکەن.

ئەمانیش وەکو میدیای دەوڵەتی تورکیا و میت بەڵام بە وتار و نوسین و بە مەبەستی جیاواز تەواوکەری سیاسەتی ئێستای ئاکەپەن. ئامانجی سەرەکی بەناوی بەرگریکردن لە کورد و باکور و باشوور دنیای شڵەژاندووە نەوان پەکەکە و تورکیا دەدەن، هانی هشتنی خەڵنی زیاتر و سوتانی جەرگی دایکان و باوکانی گەریلاکانی پەکەکە دەدەن، ئەمانە خەنجەر لە کا دەدەن ، بەنزین بەسەر ئاگری کەپەسەندووی چەند دەیەیك دەکەن کە چی تر تین و گەرمی گەکەی کارایی نەماوە و کاتی کوژاندنەوەیەتی و گەیین و بەکارهینانی ئەو وزە و تینە لە کە ناڵەکی دیکەی تەکەشانەوە: خەباتی جەماوەریانەی سەرانسەری تورکیا. ئەمانە خەریکی ئەو کارە قەزەوندەن، کاری هاندان و بەردەوامیدانی بە خونەشتن بە کوشتاری بە کەمەڵ ، بە وەرانکردنی خاك و نیشتمان و ژینگە کە لە لە کاتکدا زەربەی ئەم ئۆفەندیە قەڵەم بەدەستانە لە دەرەوەی کوردستان دەژین و لە تەڵ دەخەن و لە وشک دەنون . زەریان لەم وەاتانەدا بەردەك ناخەنە سەر بەردەك و وەکو تەڵاح لەیکەوتوون و جار بە جار بە دەستخەشی لەکردنیان و لایك و کەمنەنت و وتارکانیان پەستەکی قەبیح یا وتارکی بە ناوەرەك و بە بەگە بە بەردەوامیدانی شڵە دەنوسن کە گوایە بەگەی سەرەکی زگاری کوردە.
گەر بەڵاستی دەتانەوەت دەستی کورد بن، ڕاستگە بن، بە ویژدان بن با هەڵوەستتان هاریکاری و ڕەخنە بەت . پەکەکە و بزوتنەوەی ڕەژئاوا زیاتر لەوەی کە پەویستیان بە هاوپشتی و دەستخەشی هەبەت، پەویستیان بە ڕەخنەی جددییە، پەویستیان بە سەرەکەنە لەسەر سیاسەتی هەڵە و چالاکییەکانیانە کە تەنها کوشتن و بینی زیاتر دەهنیت نەك زگارکردنی بستەك زەوی.

لام وایە وەختی ئەوە هاتووە کە بوەستین لە لایکباران و دەستخەشی هەڵەشی هەسەدە لە کوژرانی چەند سەربازەکی لەشکری تورکیا کە زەر نزیکە کوردیش بن نەك تورك .

هاوکاتیس ئایە وەختی ئەوە نەهاتووە کە پەکەکە پەداچونەوەیەك بە سیاسەتکانی خەیدا بکات؟

دیارە ئەوەی کە من دەیەڵم پەشنیار نییە بە پەکەکە چونکە حیزب بە سەرکردە و بە بنکردەوە هەرگیز خەیان بە هەڵە نازانن و و بە قسەی کەسیش ناکەن. ئەم تەواوانینەش دەگەڵتەوە بە ئەوەی هەمیشە سەرکردەکان و ڕابەرانی حیزب خەیان لە هەموو کەس بە باشتر و بەتواناتر و زیرەکتر و ئاوەزدارتر دەبینن. کاری ئەوان کەنترەکردنی ئەندامان و کەرتکاریی نەوانی هاووەاتیان و ململانێی

دەستەکان و کورسییەکان.

ئەوەی کە دەیبینم دڕبەینی سەرنج و هەوەستت و خوێندنەوەیەکە. پەکەکە بە بارودۆخێکی ئێکجار سەختدا تێدەپەڕیت کە هیچ حیزبێکی کوردستانیی و عێراقیی لەو بارودۆخە مەترسیدار و نادیارەی ئایندەدا ناژین.* پەکەکە لە قەیرانێکدایە کە تەنها و تەنها مەگەر هەبژاردنی حوزەیرانی ساڵی ئایندە بە گۆڕانی ئاکەپە ڕزگاری بکات ئەویش بە دەستپێکردنەوەی وتووێژ. بە گومان ئەمش هەکاری زۆری هەیە بەڵام هەکاری هەرە سەرەکی لەو قەیرانەی کە پەکەکە تێیدا دەژی و شکستی تەواوێش بە ڕەژئاوا دەهێنێت هەر وەکو چۆن بە هەدەپەی هێنا من لە دوو خاڵە سەرەکیدا کەی دەکەموە. ئەو دوو خاڵەش :

یەکەم: پەکەکە هیچ جارە پەداچوونەوەیەك بە سیاسەتەکانی خێیدا ناکات.
بەوانە لە تەموزی2015 وە پەکەکە هەزار کەسی زیاتر لەکوژراوە، کوردستانی باکور وێران بووە، تورکیاش بە پاساوی بوونی پەکەکە لە باشووردا ناوچەیەکی تەواوی وێرانکردووە ژیان و سروشتی لە هەزاران دانیشتوی بناری قەندیل سەندتەوە، لەو لاشەوە هەرکەسێکی بوێت بە بە ترس و بەو پێی ئازادییەوە دەیکوژێت. هاوکاتیش ئەم حکوومەتە ساڵی نەوانی پەکەکە و ڕژێمی تورکیا نەك هەر کێشەی کوردی باکوری بستەك نەبردەتە پێشەوە بەڵکو ئەوەندە زەرەری لێداوە کە هەگیزا و هەرگیز نایانەوێ جگای خێیان.
لەمانەش سەیرتر ئەو دیمانە و قسە بە سەرو بەرانەی سەرکردەکانی پەکەکە وپێیدە، ڕەژئاوا دەیکەن جگای تێامانە کە کەسەك 40 بە 50 ساڵ لە حیزب و بزوتنەوەیەك بیت کەچی قسە لە هەوادا بکات!!! لەمانەش خراپتر کەسەك نییە لەناو پەکەکەدا چالەنجیان بکات؟ چەپڵەدەرەکانی دەرەوەی پەکەکەش هەر دەستخێشی دەکەن و هانی شەڕ دەدەن بە ئەوەی خێیان لەسەفەر و گێشتی تورکیا و کێینی کاەای تورکی و تورکیا و سەیرکردنی دراما توڕەهاتەکانی تورکیا دوور بگرن!!
پرسیارەکە ئەوەیە ئایە وەختی ئەوە نەهاتووە کە پەکەکە تەنها بە دەقەیەك بیر لەوە بکاتەوە کە بەم شێوە چیێان بەچی کردووە؟ خراپی مامەڵەیەك دەکات، ڕەدەڵ و بەدەڵەك دەکات، دوکانەك دادەنێت، کە پاش ماوەیەکی کەم کە دەزانێت زەرەری لەدەکات ئیتر بیر لە چارەسەرێکی دیکە دەکاتەوە.

دووەم: ئەم ڕووداوە جەرگبڕانەی کە یەك بە دوای یەکدا لە ماوەی

ئەم چەند ساڵەدا هاوپەیمان داوە و هاوبەندەکانی لە هەڵگری درێژکراوە هاوبەندات یاخود لە هەڵگری تیرۆرکردنەوە. لە هەموو ئەم هاوپەیمانەتیدا پەکەکە پێنجە بە پارتی و دژگری سێخوڕی پارتی ئەدکۆشێت بە گومان هەنگاو بشکێنێ کاری هاوبەشی نەوانی دژگری سێخوڕیی پارتی و میتی تورکیا بێت. بەم دکرێت لە کاری تیرۆرکردنی درێنکاند ، دوو خاڵ هەڵچاو بکرێت:
یەکەم: کوشتارکەران پێشوەخت پلانی بە کراوە ئاوە نییە کەسێک پەیوەندی بە بشی سەربازیی تورکییەوە کردبێت یا بە میت ئابگەیەنێت . بەڵکو ئاگادارکردنەوەکە زۆر وردکاری تێدایە تەنانەت میت یاخود بەرپرسانی درێنکان پێشوەخت تاوەی پلانکانیان پێدەدرێت و دژانن : کەی ئەم سەیارەیە دەردەچێت، چەندکەسی تێدایە، لە کوێ دەوستن ، مەنزڵگەیان کوێ و کوێیە.
گەر ئامانە نەبێت چۆن درێنکی تورکی دەتوانێت سەیارەیەک لە هەی کلار بکاتە ئامانج. گەر وا نەبێت چۆن دوو کەس لە ئەزمە لەناو دەیەها کەسدا دکوژرێت؟ گەر پلانی پێشوەخت نەبێت چۆن لە دەروازەی موسڵدا درێن تەعین دەبێت و هەڵدکوتێتە سەر سەیارەیەک؟ گەر وا نەبێت چۆن مام زکی و دیار غەریب دەبنە قوربانی بە درێن یا ئامرازکی دیکە؟ گەر پلانکە زانراو نەبێت چۆن 3 لە ژنانی شەرڤانان کە یەکەکیا جگری سەرکی مەزوم کەبانییە هەر ئاوا بە ئاسانی دکوژرێن؟ چۆن ژنکی دیکەی خاوەن ئەزموون و مێژوی تکۆشان لە کەمپکی خەکانی هێژاوادا لە عەربەتدا نک شوینانی ژێر دەسەاتی پارتی دکوژرێت؟ چۆن هەر لەم مانگدا ئەو قوربانیانە دەدرێت بە تایبەت کەسی وکو هێزان جاوید؟ کە هەسو کەوتی ئەم هەڤاڵە و جگرکەی مەزوم کەبانی و کوشتنی مام زکی و دیار غەریب و ئەوانی تریان.. کە جۆی ئەمان زێر دیاریکرا و نهێنی بووە و لە دانیشتنکی تایبەتیدا باس کراوە و بیاری لەسەر دراوە. بە داخەوم کە کاتک دەەم لە ئایندەدا زیری تریشی بە دوادێت.
ئەوانەی کە دەمێننەوە فرماندەکانی قەندیلن نک لە بەر ئەوەی کە سەر بە دەوەتی تورکیان بەڵکو لەبەر ئەوەی کە مانەویان پێویستە بە بەردەوامیدان بە جنگ ، جنگکی ماکاولکەر، شەکی نیشتمان وێرانکەر، جنگکی بە مایە و بە دسکەوت کە 3 کوردستانی بە خێوە کاولکردووە .

دووەم: ئامانجی تیرۆرکردنکان هەڵبژاردەیە و قوربانییەکان یەکیی یەکین و کوردانی هێژاوا و باکور و هێژهەاتن، نک کوردی باشوور. باشە چۆن دکرێت کە یەککی وکو زکی چەلەبی، هەگای پێبدرێت نزیکی ساڵک لە حیواردا بێت لەگڵ میتی تورکیدا؟!!. ئەمە جگای

سەرنج و تێبینی وردی دیاری ئەم کابرایە ئەوندە ساویلکە بوو کە باوەڕی نەبوو کە دەیکوژن، یاخود بەو پێوندییەی کە هەیبوو لە خشتەیان بردووە کە بە خەم بێت ناکوژرێت. زۆکی دەبوایە هەر لەیەکەم حیوارەوە ژمارەکەی بگەیایە و ئیحتیاتی وەرگرتایە. ئەمە نازانین چی وتراوە و چی نەوتراوە، بەڵام بەاوکردنەوەی ئەو حیوارە بە من زۆر قسە هەڵدەگرێت و زۆر وردەکاری دەردەخا. تکایە وا مەزانن کە من زۆکی تاوانبار دەکەم بە هەبوونی پێوندیی لەگەڵ میینت-دا.

ئایا ئەی قەڵەم بەدەستانی کورد ، ئەی پیاوان و ژنانی هەڵهەڵەکەشی جەنگ و دەستخۆشی لەکەری پەکەکە ئەی ئەندامانی ئیزەکانی خوارەوەی پەکەکە و پێیدە هەرگیز ئەو پرسیارەتان لە خۆتان کردووە کە بۆچی دەوڵەتی تورکیا ئەجەلان بەرنادات؟
دەوڵەتی تورکیا نایەوێت ئەجەلان بەربدات لەبەر ئەوەی کە دەزانێت ئەجەلان زۆر دەمەکە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە شەڕی چەکداریی لە قازانجی کورد نییە و دەبێت بە هەر نرخێك بێت بوەستێت. دەزانێت گەر ئەجەلان بەر ببەست ئیتە شەر وشەکەران دەوەستێنێت ، نەک هەر ئەوەش زۆرەك لە سەرانی پەکەکەش وەدەر دەنێت و نزیکیشە کە دادگاییان بکات .
دەسەڵاتدارانی تورکیا دەزانن بوونی بزوتنەوەی چەکداریی پەکەکە گەورەترین سوودیان پێدەگەیەنێت، هەکاری سەرکی مانەویانە، هاندەرکی باش و بیانوویەکی چاکە بە وەرانکردنی تەواوی کوردستانی باکور ، هەکارکی گرنگە لە ووندانی مانگرتنی گشتی و خۆپیشاندان و پرتەستی زۆر گەورە لە تورکیا، چونکە میدیا و پاگەندەی تورکیا توانوێتی کە هاووەاتیانی ئاسایی تورکیا بگەیێنن ئەو قەناعەتەی دووژمنی سەرکی ئەوان " تیرۆریزم و تیرۆریستانە " کە هێرشە لە کیانی گەلی تورك و دەوڵەتکەیان دەکەن .
وەستانی ئەم شەڕە هەتا زووتر بێت سوودمەندترە ، ئاگربەستی یەکلایەنانە بە هەمیشە، باشترین خزمەتکە کە پەکەکە بیکات بە خەی و مانەوەی و بە میللەتی کورد و بە چینی کرێکاران و هەژارانی تورکیاش. کاتی ئەو هاتوە کە دەستبەرداری چەك ببن دەبێت ئەو تێبگەن کە ئەزموونکان و ووداوکان و گەانی بارودۆخەکە بزوتنەوەی چەکداری و چەکبازیی تۆداوەتە زبڵدانی مێژووەو.

زاهیر باهیر
14/08/2022

..……

*لە 31/12/2017 ئەم وتارەی کە لەم لینکەدا هاتووە بە هەردوو زمانەکە، کوردی و ئینگلیزی، لەسەر پەکەکەم بەاوکردەتەوە. تکایە گەر خوازیاری بیبینی کلیکی لەسەر بکە.

https://zaherbaher.com/2018/01/10/%d9%be%db%95%da%a9%db%95%da*%a9%db%95-%d8%a8%db%95%d8%b1%db%95%d9%88-%da%a9%d9%88%db%8e-/%d9%85%d9%84-%d8%af%db%95%d9%86%db%8e%d8%9f

Zaherbaher.com

ئەی ژن لەبەیت و باوی فۆلکلۆری کوردی دا… رەسەن بەسکێینی

بەدوای دەست بەسەراگرتنی کۆشکی سەرەکەمار (گوتابایا راجابکسا) لەلایەن خەڵکەوە و هەاتنی ناوبراو بە دورگەی ماڵدیف وە نیشاندانی ئەم دیمەنانە لە ناو کۆشک و شوێنکانی حەوانەوەی سەرۆک و نیشاندانی جۆرها سەیارەی گرانبەها کە نرخەکانیان دەگاتە دیان ملیۆن دۆلار، ئیتر دەسەاتداری بەرژوازی ئەو وەاتە لەوە گەیشت کە رەگایەکیان لەبەردەمدا نەماوە بەئەوەی پشت بە پەرەگرتنی ناڕەزایەتیەکان و توندبوونەوەی قەیرانی سیاسی سەرەنجام سەرکەشانی بە شەشکەی جەماوەری کە تەختی دەسەاتی بەرژوازی لە ریشە هەکەنێت، دەستیان دایە مانەری سیاسی و بە قوربانیکردنی سەرەکەمار، ویستیان تۆیی خەڵك دابمرکێننەوەو دەخەکە کۆنترۆڵ بکەن. ئەوەبوو دوای هەاتنی سەرەکەمار، سەرۆک وەزیرانیان وەك جگرەوە دیاریکرد، بەام خەڵکی ئەمەی قبوڵ نەکرد و سەرەنجام سەرۆک وەزیران و بەدوایدا وەزیری دارایش ناچاربوون دەست لەکاربکێشنەوە!

بەرژوازی دەسەاتدار و بەیارەتی بەرژوازی دەرەکی و بەپەی ئەزمونەك کە لە شەش و خرشانە جەماوەریکانەوە بەدەستیان هەناوە، بەئەوەی دەسەات لەدەست بەرژوازیدا بەمنیتەوەو نەکەوێتە دەست خەڵکی کرێکار و کەمدرامەت، سیناریۆیەکی دیکەیان خستۆتە ئەویش ئەوەبوو کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە بانگەوازی ئەوەبکەن کە

سەرکەمار لەناو نوێنەرانی حزبەکاندا هەبژێردرێت. بە ئەمەبەستە چەند کەسیان دیاریکرد و لە کۆتاییدا لەناو پەرلەمانەوە (رانیل ویکریمیسینگ) وەکو سەرکۆزیران هەبژێردرا.

لەوانگەی بەرژوازیەوە ئەمانە هەموویان لەناو خزانی بژوازیدان و هەرکامیان هەبژێرێت، مانەوەی دەسەڵاتی بەرژوازی مسۆگەر دەکات. سەرباری ناڕازایەتی خەڵک بەرامبەر بەم تەرحە، بەڵام دواجار (رانیل) وەکو سەرۆك وەزیران هەبژێردرا کە چەندین دەورە لە لەدەسەڵاتدا بووە و بەشداربووە لە هەموو نەهامەتیەکانی خەڵکدا.

بەدوایدا لەژێرناوی بەشداری هەموو هێزولایەنەکان بە باشکردنی باری ئابووری وەك و پاراستنی ئاسایش، هێزەکانی خۆیان لە سەرباز و پۆلیس هێنایەوە مەیدان و کەوتنە پاشکۆی بە خێپیشاندەران و ناڕازایەتیکان و دەستگیرکردنی هەسوڵاوان و بەمەیشەوە نەوستان، دەستیان کردە هەرشکردنە سەر ماڵان و نوسینگەکانی ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەت چەپەکان و رابەران و هەسوڵاوانیان و تادەی قەدەغەکردنی هەسوڵانی لایەنە چەپەکان و هەوڵدان بە قەدەغەکردنی چالاکیەکانیان. بەتایبەت کە لەدەوڕەی ناڕازایەتیەکاندا هەندە لایەنی چەپ بە چەند دروشمی وەکو؛ هەموو دەسەڵاتێك بە شوراکان، بەڵێ بە پێکهێنانی شوراکانی گەڵەك و هەروەها هەموو کۆنەپەرستان دەبەت دادگایی بکرێن، ڕەنی کاریگەریان هەبوو.

ئەوەی لە سریلانکا ڕوویدا دووبارەبوونەوەی ناڕازایەتیە جەماوەریەکانی عێراق و لوبنان و پێشتریش وەتانی باکوری ئەفریقایە، لەوەی توانیان دەسەڵات ناچاربکەن بە ئاوگۆ لە شێوازی حکومەتدا، بەڵام نەگەیشتە گەڵانکاری لە خەسڵەتی حکومەت و دەسەڵاتدا. لە سریلانکا هەروەکو ئەو وەتانە ڕوخسارەکانی سەرەوەی دەسەڵاتیان گەڵەی، بەڵام جەوهەری ئەوانیان نەگەڵەی! هیچیان دەستیان نەبرد بە ئاوگۆی ریشەیی و دامەزراندنی دەسەڵاتداڕەتی جەماوەری. هەکاری سەرەکی ئەم کەمبودەش بەتایبەت نەبوونی هوشیاری سیاسی چینایەتی و ڕەکخراوبوونە کە مەرجی ئاساسی سەرکەوتنی ئەو بزوتنەوانەیە لەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی کەمەگادا. هەبەت نزیکەی ١٠٥ ساڵ لەمەوبەر کرێکاران و جەماوەری بەشمەینەتی ڕوسیا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەو ئەزمونەیان بەدەست هێنا کە خەبات و ناڕازایەتیەکانیان دژی ستەم و نایەکسانی بەسەرکەوتن بگات، ئەویش ڕەك دابینبوونی ئەو دوومەرجە بوو، کە لەلایەکەوە چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکەش خاوەنی هادیەك لە هوشیاری سیاسی چینایەتی و سۆشیالیستی بوون و لەلایەکی دیکەوە

خاوەنی ئاستێك لە یەکخراوبوونی سیاسی و جەماوەری بوون کە شوراکان و هەروەها حزبی بەلشفیی بوو بە هابەری لینین.

کێواتە بۆچی ناڕازایەتیەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش لەپێناو باشترکردنی ژیان و گوزەران و کەتاییهێنان بە چەوساندنەوەو نایەکسانی سەرمایەداری، چەندبارە توشی شکست نەبنەوە، پێویستی بە هوشیاری و رێکخراوبوون هەیە، پێویستی بەوەیە کە جەماوەری زەحمەتکێش و چینی کرێکار لەژێر سایەی سیاسەتی هەزو حزبە بەرژوایییەکان کە لەژێرناوی ئۆپۆزیسیۆندا خەیان بەخواستەکانی ئێوانەوە هەڵدەواسن، دەربازبێن و هوشیاربن بە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خەیان و لە دەوری سیاسەتی هایدیکایی کۆمۆنیستی خەیان رێکخراو بکەن لەناو شورا و سەندیکاو نەقابەکانی خەیاندا و لەدەوری حزبی پێشەوی کۆمۆنیستی بە بەدیهێنانی خواستەکانیان و گەیانکاری لە ژیان و گوزەرانیان و ژێرەوژوورکردنی سەرجەم دەسەڵاتی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆسیالیستیێ لە شوراکانی خەیاندا، کە کەتایی بەهەموو نەهامەتیەکانی کۆمەڵگا دێنێت.

۹/۸/۲۰۲۲

چەند خاڵێکی سادە لە وەڵام بە هاوڕێ ساماندا… عوسمان حاجی مارف

بەینی من و هاوڕێ سامان کەریم پرسیار و وەڵام نییە بە سەلماندنی هاستودروستی جیاوازی بیروبۆچونەکانمان لەسەر هەقیانەتی حزبیەت و کۆمۆنیزمی کرێکاریی، بەڵکو جیاوازی فکری و سیاسیە، کە هەریەکەمان ئاماژەیەکی گرتووە. سامان پێشیمانە لە سەرجەم هابردووی زیاتر لە سی ساڵ خەباتی کۆمۆنستی و پێکهاتنی سەرجەم حزبە کۆمۆنیستیەکانی ئیران و عێراق و سەرجەمیان بە هەڵە دەزانێ، منیش بەردوامم لە ڕیزی هاوڕیانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاریدا.
بەڵام پێناچێت نە سامان بتوانێ هەقیقەتی بۆچونەکانی خۆی بە من

بسەلمێنێت و نە وەڵامی من بە پرسیارەکانی سامان ئەو قانع بکات.

سامان زەر لەسەر ئەوە دەشتوە، کە گوایە پێم گوتووە "مادام ٣٠ ساڵ بە هەڵە دوای دەبازێک کەوتوی، ئیتر نابێت و بێت نییە پێشیمان بیتەوە لەو هەڵەیە و هەر بەردەوام بە." بەڵاستی ئەم بەڵادا بردنی باسکەیە، ئەمەش جۆرێکە لە شێوازی ناهونەری سامان لە گەینی ئاماژەیەک، کە کردومو لە بارەی ئاوگەڵک، کە بەسەر بیروباوەڕیدا هاتووە. من ووون و ڕاشکاوانە گوتوم ئازادی و مافی خۆت هەر کاتێک پێشیمان دەبیتەوە. بەگومان هەرکەس لە هەرکاتێکدا بەو باوەڕە گەیشت، کە هەڵگایەکی هەڵەی گرتووە، باشترە پێشیمان بیتەوە، هیچ قسەیەک لەسەر ئەم نییە. لە لایەکی ترەوە باسکەی بردوەتە سەر باریکی ئیحساساتی و مەسەلەی تەمەن و "بڕە بمرە"، کە زەر جێگای داخە! هیوادارم ئیختلافی نێوانمان هەرچەند بێت، هەرگیز گومان لەوە نەکەیت، کە لە قوڵایی دڵەوە ئارەزوی تەمەنێکی درێژ و تەندروستت بۆ دەکەم. ئەم مەسەلەی تەمەن یەک واقعیەتە و پێویست بە هەراسان بوون ناکات. ئەمە تایبەتمەندی هاوەی سامان نییە، بەڵکو شمولی هەموو ئەم جیلەی کەمۆنیستەکان دەکات لە عیراق و ئیران کە لە هەفتاکان و هەشتاکانەوە دەستمان بەکار کردووە. بەڵام مەبەستەکەی من سادە و ڕوشنە و پێویست بە شێواندن ناکات؛ نە باسی مەرگ و ژیان و نە باسی مافی پێشیمان بوونەوە و نە ڕەوابوونی پێشیمانییە، کاتێک کەسێک هەست بکات هەڵگایەکی هەڵەی گرتووە، هیچ ڕەبتەکیان بە باسکەی منەوە نەبووە نییە. من دەڵێم ئەگەر کەسێک لە ناکاو بەهەشی خەیدا هاتوە، کە زیاتر لە سی ساڵ وەک ڕابەرێک بە هەڵە و هەڵەدا چووە و فریوی دەبازێکی هەڵەی خواردوە، تازە ئیتر ناڵێت بە "ڕابەر" و هیچ دوور نییە دە ساڵی تر لە دەبازی ئەمەشی پێشیمان نەبێتەوە. بە دەنیایەوە هەڵسەنگاندن و کەبەندی هەڵسوڕان بە مانای ڕەخنەگرتن لە لایەنە لاوازەکان و دەستگرتن بە لایەنە بەهێزەکان و ئەزمونەکانی خەباتەوە، خۆی لە خۆیدا نەک کۆشەی نییە و بەڵکو پێویستە. بەڵام فریوخواردن و لە ناکاو پێشیمانی لە تەکەای خەبات و دەبازی زیاتر لە سی ساڵ، کە بەگومان مافی بە ئەملاو ئەولای هەموو کەسەکە، بەڵام بەداخەوە دەڵێم کارساتە. تە زیاتر لە سی ساڵ خەباتی سیاسی و نەزەری و عەمەلی و حزبایەتی و جەماوەری و بەرامبەرکەی لەگەڵ ئەحزاب و بزووتنەوە بورژوازیە جەراوجەرەکان و بەرگری پێگیرانە لە کەمۆنیزم لە جەرگەی شکستی بلۆکی شەرق و هەراوهوریای مەرگی کەمۆنیزم و… بە کاملی فەرامۆش کردووە.

دەربارەی باسکردنی چەند جارەتان لەسەر دانیشتن لەگەڵ "گروپی موهتەدی"، لەو بارەوە سکرتاریەتی حزب هەوڵیدا کۆنگرەیەکی هاوبەش و ئاشکاوی ئاگەیاندووە و بانگهێشتەوە و جەختی لەوە کردووە، کە ئیمە هەر لە سەرەتاوە ئامانگیاندووە، کە ئامادەی هیچ جۆرە کاریکی هاوبەش نیین و نابوینە لەگەڵ ئەو هێزە ناسیۆنالیستانە. بە عەمەلیش هەنگاومان لەوە گرتووە، کە لەگەڵ ئەوان کۆمیتەی هاوبەش بە یەکێی ئایار دروست بێت و بە پەیداگری ئەمە کۆمیتەکە لە هەڵسوڕاوانی کریکاری و کۆمۆنیست پێکهات نێک لە حزب و لایەنەکان و هەر ئەو کۆمیتەیەش بەرنامەی یەکێی ئایاری بڵاوە برد. دوای ئاگەیاندنەکەش کەسانێک وەکو ئەوەی هەوڵیدا نەدیبە بە تەشهیر کردن بە حزب هەر قسەکانی خۆیان دووپات دەکەنەوە. ئەمە ئیتر بە ئەمە ڕاتوانە یەک مانای هەیە: ئەویش ئەویە ئەو کەسانە لە ژیانی سیاسیدا جێگای متمانەی سیاسیمان نابن، چونکە متمانەیان بە هەوڵیدانەوەکەی ئەمە نیە، گەر سامان ئەو هەوڵیدانەوەیەی دیووە و دیسانەوە وەکو ئەوەی هەوڵیدانەوەکەی نەدیبێت قسە دەکات، دیارە سامانیش لای ئەمە دەچێتە ڕیزی هەمان بە متمانەی سیاسیەوە. سەبارەت بە مارشی یەکێی ئایاریش ئەوەی چەندە کۆمۆنیستی و کرێکاری بووە، هەر کەس پەوانەیەکی سیاسی خۆی هەیە. کۆمۆنستی بوون بەشبەش نیە و بە هەڵەش نیە. بە گشتی یەکێیەکە لە پەسەند و هەڵوێکی واقعی و مۆژویدا تەفسیری لەسەر دەکرێت. هەروەها بە سەرکەوتن و شکست و هەڵەکانی پێناسەی ناکۆمۆنستی و ناکرێکاری بوونی بە ناکرێت. یەکێی ئایاریش لەبەر ئەوەی یەکێی ئایارە، هەر کەس و لایەنێک ئازادە بێتە ناو مارشەکەیەوە، هەرچەن تە ساڵانە دەچێتە ناو مارشی یەکێی ئایارەوە لە فینلاند، کە هەموو جۆرێکی تێدایە. یەکێی ئایاری ئەمسایی سڵەمانی وەکو ئەمری واقع، مەرکی هیچ حزبێکی پێوە نەبوو، بەڵام ئەمەش تیایدا بەشدار بووین.

سەبارەت بە هەوداوی ١٤/٧/٢٠٠٠ وەک دووبارەکردنەوەی هەمان تیرەی هاوڕیان شابور و قابیل بوو… بە لەدان لە نفوزی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی لە هەولێر، کە بە شێوازێکی تر و لە کاتێکی تردا یەکێتی نیشتمانی پیادەی کرد بە دانی گورزێکی گەورە لە نفوزی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، ئەمە هەکاری سەرکی ئەوە بوو، کە یەکێتی هەمیشە و هەرجارەی بە بەهانەیەک پلانی هێرشی بەسەر حزب هەبووە. پێش و پاش ١٤/٧/٢٠٠٠ نمونەی تر هەن، کە گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چونەتە ئێران و یەکێتی هیچ پەرچەکردارێکی نێک نەنواندووە، بەڵکو لە ژێرەوە کۆمەکیشی کردوون. هەنگاوە لەوە نیگەران بن، کە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

چونەتەوە ئیران، ئەگەر یەکیتی حەساسیەتیکی بووبە بەمە، کە حەتمەن هەیبوو. هەر لەبەر ئەوەیە کەمەنیزمی کریکاری بوو. بەڵام ئەوە ئاشکرایە یەکەتی لە بنەڕەتدا بە بەرگرتن لە لەق نەبوونی دەسەڵاتی لە بەرانبەر ناڕەزایەتی جەماوەریدا دەبوایە زەبەیەکی کوشندە لە کەمەنیزم و ئازادیخوازی بدات، جا بە هەر پاساوێک بێت. ئەگەر ئەم هەکارە بنەڕەتیە نەبوایە، دەکرا لەسەر پاساو و بەهانەکانی یەکیتی گفتوگۆ بکرایە، کە ئامادەبوین تەنانەت سازشیش بکەین و کردیشمان، بەڵام ئەمە لەوکاتەی لەگەڵ نەوشیروان بە سازش گەیشتین بە هەکەوتنی تەواو، هەر ئەوکات لەوەوە دەستوری دا دەست لە هاوەیانمان بوشنن. مەگەر خەت نازانی دوای سازش و هەکەوتن لەگەڵ نەوشیروان، کاتیک لە ماڵەکەی هاتینە دەرەوە، تەنانەت دەستەڕیان لە ئەمەش کرد؟! وەکو خەت باست کردوە، یەکیتی لە هەشتاکانەوە لە بیری لەدان لە کەمەنیزمدایە. سەردەمیک کەمەنیستەکانی بە تەمەتی عیراقچەتی بە مستەحەقی مەرگ دەزانی. لە کاتی شوراکانی ١٩٩١دا دیسان یەکیتی تا لەواری لەدان چووە پێش، بەڵام بە شکستی هاپڕین مەوزوعیەتی نەما. لە ١٩٩١وە بەردەوام نیازی لەدان لە ئەمەی هەبوە، چەندین جار گەمارۆی بارەگای هادیەیی داوە، هەر جارەك بە بەهانەیەک، بەڵام هەمووکات بە یەک مەبەست بووە، ئەویش لەدان و پاشکەشە پێکردن بووە بە کەمەنیزم. گەر ئەمە نابینی و بە دوای لەکدانەوەیکی تەوەیت، باشترە بڕۆم خەری لە ببینیت. بەڵام ئەوە بزانە بتەوێت و نەتەوێت لیکدانەوەکەت ماهیەتی دژی کەمەنیستی یەکیتی پەردەپۆش دەکات و پاساوەکی تر بە هەرشەکەی دەهەنتەوە.

بەڵام پرسیارەکەت دەربارەی ئەوەی، کە مەکتەبی سیاسی حککع بەیاری دابێت لەسەر ناردنەوەی ئەو واحیدە بە ئیران سەیرە!، چونکە پەیوستە لای خەشت ڕوون بێت، کە هیچ کات ئەمە لە مەکتەبی سیاسی حککع هیچ بەیارەکمان لەسەر هیچ کارەکی ڕوو بە ئەران نەبووە و نەداوە. بەیار لەسەر جەولەی ئەران کار و بەیاری حزبەکی تر بووە، هەرچەند هاوپەیمانمان بێت، بەڵام ئەرگانی هابەری و بەیاردەری خەی هەیە کە (مەکتەبی سیاسی حزبی کەمەنیستی کریکاری ئیرانە). ئایا ئەم هاستیە سادەیە ڕەشن نییە؟!

ئەم گەڕانە لە نەزەرەی هاوەڵ سامان و کەسانەکی تر لەسەر چەنیەتی پێکهەنانی حزبی کەمەنیستی تازە نییە. هەبەتە ئەمە دەرگایەکی فراوانە بە باس و جەدل، بەڵام ئەم باسە لەو شوێنەوە دەست پێ ناکات، کە ئەزمونی کارەکانی حزبی کەمەنیستیی کرێکاریی بخرێتە ژێر پرسیارەوە و حوکمی "ناکرێکاریی و نا کەمەنسیتی" بەسەردا بدریت.

ڕەخنەگرتن لە کەمتەرخەمی کرێکاری بقۆ نییە، بەڵام لەڕووی دەست پێ ناکات و نابێ بخرێتە ناو چوارچێوەی نەفرەتی ئیدەی ئەو کەسانەی جەرگبڕی تر بیر لە پێکهێنانی حزب دەکەنەوە، بەڵکو پێویستە نیشانمان بدەیت ئەو حزبەی لە نیاز و نەخشە و فکری تۆدایە، چۆن پێکدێت و پێکهاتەکانی بەرجەستە کەیتەوە. کەسانێک پێیان وایە، کە حەتمەن دەبێت پرۆلیتاریا خۆی حزبی خۆی دروست بکات، ئەمە جێگای باسە، بەڵام لایەنگرانی دەبێ ڕوونی بکەنەوە، کە ئەمە چۆن و کەی دەبێت؟ هەروەها ڕوونی بکەنەوە، کە کریکاری و کەمەنیستی بوونی خۆیان، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە پڕۆلیتاریاوە نییە، لە چیدایە؟ پێویستە ئەزمونی پراکتیکی پێکهێنانی ئەو جۆرە لە حزب بەرجەستە و عەمەلی بکرێتەوە، بە هەمان شێوەش بە باسکردن لەسەر حزب و دەسکەوتەکانی ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە تەنها لە ئاستێکی سەتحی و بەچونێکی سنوردارادا دێت و دەچێت، بەڵام لە ئەنجامدا ئەوەی دەیبینین تەنها بە هەڵشکردنە سەر لینین و کەمەنیزمی کرێکاری و مەنسور حکمەتدا خۆی دەنوێنێت، نەک هەڵشنکرنەوە و گرتنەبەری ڕێڕەوکانیان، هەروەها گوتومە دەمکە کەسانی تر پێکهێنانی ئەو جۆرە لە حزبیان داوەتە دەست قەدەری خۆیاتی ئەو سوشیالیزمەی خۆیان پێدا هەڵواسیوە، هەر بۆیە تەواوی پرسیار و باسکانیان لەپرسینەوەیە لە دروستی و نادروستی کار و هەڵسوڕانی حزب. پێوانە کردن بە حزب لە زهنی خەتدا بە کەمەنستی یا نا کەمەنستی، بە کرێکاری یا نا کرێکاری، باسێکی بە ئاکامە. مەیدانی ئاوێزان بوون بە هەڵسوڕان و خەباتی کرێکاریەوە زۆر فروانە بە ئەوەی کرێکاری بوون و کەمەنست بوونی خەت لە بڕانبەر کەسانی تردا بسەلمێنیت، بەڵام ئەوە ڕەشنە، کە لە "هاوچەرخ" بوونەوە دەست پێناکات و سەریش ناگرێت.

ئاماژەم بەوە داوە، کە سامان و دوو هاورێکەی نیان گوتوە مەنسورحکمت "مارکسیێکی هاوچەرخە"، بەڵام سامان باز بەسەر ئەو بۆشدا دەدات، کە دەڵێم سێیەکە لەوەدایە ئەوان خۆیان بە "هاوچەرخ" ناو دەبەن، واتە گەر ئەوانەی بە هەڵە "مارکسیزمی هاوچەرخ"یان بە مەنسور حکمەت بکارهێنابێت، واتە ئەمەی سامان و هاورێکانی لایەنێکی کەمیدی ئەو هەڵەیەیە، کە بە خۆیان دەڵێن 'هاوچەرخ"، ئەمەش دەچێتە ناو بابی تەنگەیشتن لە پەیوەندی نێوان تیۆری و پراکتیکەوە.

هاوێی سامان لە بارەی شێوەی ئۆفغانستان و موسڵمانە ڕەخنەکەی خۆی ڕوون نەکردوەتەوە، بەڵام بە کورتی هەڵوەستەی ئەمە لە هەردوو

شۆڕشدا جێگای شانازیە. ئەم سەرئەنجام دژی هەردوو شەڕکە
ڕاوەستاین و بە تایبەت لە شێوەی موسڵمانداجدلی توندمان لەگەڵ
هەموو ئاو لایەن و کەسانە کرد، کە بە هەر پاساویک لایەنگری شەیان
کرد یان بە پێزەتیف هەڵیانسەنگاند. بەڵام وەستانەوەی ئیمە دژی
ئاو شەڕانە لەبەر ئاوە نەبووە، کە مخالەفی بین ئاگەر مسڵمان
لەدان لە تاڵیبان و داعش و تەفروتونا کردنیان بێت، بەڵکو لەو
ڕوانگەیەوە بووە، کە بە تایبەت لە شێوەی موسڵمانداە لە ژێر ناوی "جەنگ
دژی تیرۆر" و داعش و لە ڕاستیدا بە تەسفیە حیساباتی نێوان
جەمسەرە جیهانیەکان، شارەکیان بەسەر دووە ملیۆن هاوڵاتی مەدەنیدا
خاپور کرد. ئاگەر هاوڵی سامان قسیەکی هەیە لەسەر هەڵوێست و
سیاسەتی کەمەنیزمی کریکاری، بە تایبەت لەسەر شێوەی ئەفغانستان،
دەبێت زەحمەت بکەشت بڕخنە لە (دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر) بگریت.
چونکە بە نقورچ گرتن و پرسیاری نالەژیکی وەڵامی ئاوە مسڵمانە
نادرۆتاوە.
دەربارەی ڕیفراندەم، بەڕێ بە شانازیەوە ئەم بە تووندی لە پشتی
ڕاوەستاین وەکو ڕێگاچارەیەک بە کێشەی کورد. بەگومان حەلی ئەم
کێشەیە، نەک خودی ڕیفراندەم، کەمەکی دەکرد بە شەفافیەتی خەباتی
چینایەتی لە کوردستان و زەمینەشی خۆش ئەکرد بە نەمانی نەفرەتی
قەومی و دوبارەکی نێوان کرێکاری کورد و عەرەب. بەڵام بە
گەڵکەمەی دەوڵەتان و دەسەڵاتی ناوەندی مسڵمانی سەربەخۆیی و
بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆی کوردستان لەم برگەیدا بە زەبری چەک
شکست درا. مسڵمانی کورد وەکو ئەنجامی دەیان ساڵ ستەم و سەرکوت و
کەمەکوژی بووە بە گرێیەکی سەرەتانی. ڕیفراندەم بەدەر لەوەی کە
بانگەوازی بە کردەوە، گونجاوترین ڕێگاچارە و ماڤێکی بە ئەملاو
ئەولای خەلکی کوردستانە. ئەم وەڵامی منە بە هاوڕێ سامان، بەڵام
لەڕەدا پرسیارەکی سەرەکی کە ڕووبەڕووی ئاوە, ئاوەیە کە ئاخۆ
سەرکوتی ڕیفراندەم و خواستی سەربەخۆیی چ قازانجیکی هەبووە بە
پڕۆلیتاریا، کە تای دگەرم و دەخۆش کردوە؟ سەرکوتی ڕیفراندەم بە
زەبری چەک و میلیشیا و گەڵکەمەی دەوڵەتان هیچ بڕگەیەک لەسەر
نادروستی ڕیفراندەم بە چارەسەری کێشەی کورد بە دەستاوە نادات،
بەڵکو تەنها حەقانیەتی ئاوە دووپات دەکاتاوە، کە خەلکی کوردستان
لە بەرپاکردنی ڕیفراندەم و بریاردان لەسەر جیابوونەوە لەسەر حەق
بوون.
١١/٨/٢٠٢٢

خۆشەویستی بۆ نیشتیمان پیرۆزی بۆ ئاین.. م/ جبار عبدالڵا عزیز

ئاین و نیشتیمان دوو بابەتی گرنگ و بایخدارن لەنێو کۆمەڵگادا، هەموو ئێو نەتەوانەی ئیستا لە جیهان هەن هەریەکەو بەجیا خاوەنی نیشتیمانێکن، هەرکەڵەدایک دەبین نیشتیمانێک هەیە ئێمە لەباوەشی خۆی دەگرێت، کاتێک گەورە دەبین قۆناغی منداڵی تێدەپەڕنین ئێو کات هەست دەکەین خاوەنی پێناسەی تایبەت بەخۆمانین، هەر لەو کاتەوە هەستی نەتەوەی لامان دروست دەبێت، دواتر بەهۆی کەلتور و ئێو داب و نەریتانەی کە هەمانە ئاشنا دەبین بە ئاینی خۆمان، ئێو ئاینەی لە باب و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەگەر بگەڕێتی باسی ئێو دوو بابەتە بکەین، هەردوکیان دەگەڕێنەوە سەر بیرو باوەڕی مرۆڤ، جۆرێکی جیاواز لە باوەڕداری لە مرۆڤەکان بەدی دەکرێت، هەندێک لە مرۆڤەکان هەستی نەتەوەی و نیشتیمانیان بەهێزترە وەک لە پەرستراوە ئاینیەکان، هەندێکی تر ئاین بە نیشتیمان و نەتەوە وەسف دەکەن، چەند ڕۆژێک بەر لە ئیستا شۆکی میدیایی لەنێوان هاوڵاتیان و زانایان و ئەدیب و نوسەرەکان دروست بوو گوایە مەککە پیرۆزترین شوێنی دونیایە، جیهانی ئیسلام ئێو ڕاستیە دەزانێت کە مەککە پیرۆزترین شوێنی دونیایە، بەڵام دەبێ ئێوەش لەبیر نەکەین کە خودای گەورە دەفەرموێت" لەپێناو خاک و نیشتیمانی خۆت شەهید بکەیت دژی داگیرکەران بکوژرێیت پلەی شەهیدبوونت پێ دەبخشرێت، ئەی ئێوە مانای پیرۆزی نیشتیمان ناگەیەنێت، بەڵام ئێمە دەتوانین بەدوو وشەی جیاواز ئاین و نیشتیمان لەیەکتری جیابکەینەوە و بڵێین خۆشەویستی بۆ نیشتیمان پیرۆزی بۆ ئاین، ئێوانەی تەنها لەسەر ئاین قسە دەکەن ئینتیمای نیشتیمانیان لاوازە، ئێو بیرکردنەوەیە ئەگەر چەندیش ڕاست بێت نابێتە احترافێکی کۆمەڵایەتی، چونکە کۆمەڵگا بیری باشتری لایە ئێستەمە بیرکەی کەسێک بکاتە ڕەگاینکی ڕاستەقینە بۆ خۆی، ئێو دوو بابەتە لە ئیستادا بەسیاسی کراوە حزبە ئیسلامیەکان شیعاری ئاینی دەڵێنەوە احتڕاف بە حزبە علمانیەکان ناکەن، علمانیەکان بەعەکسەوە بیردەکەنەوە هەرچەندە علمانیەکان ئاینیش وەک پەگەیەکی گرنگ بەکاری دەهێنن، ئێوەی فەوزای دروست کرد ناوهێنانی کوردستان بوو لە پاش وشەی مەککە پیرۆزترە، تەنها بە

دژایەتی هندە کەس و لایەن ئەو بڕاوردی کرد، باشتر وابوو بڕاوردی کردبا بەهەموو جیهان، ئەو کات بەشوازیکی تر لێکدانەوەی بۆ دەکرا، ئەوەی لەسەر هاوکاتیانی کوردستان پێویستە لێبڕامبڕ ئەو لێدوانە سارد نەبنەوە لە ئینتیمای نیشتیمانی و پیرۆزیکانی ئاین.

نەفرەت لە سەلمان ڕوشدی!... شەماڵ بارەوانی

بیرمە فڕۆ بووم و لە حوجرە و قوتابخانەی ئیسلامی بووم، گۆڤارێک هەبوو وابزانم ناوی (خەڵک)بوو کاکە مەریوان هەڵەبجەیی دەریدەکرد، دواتر ئەوەی من ئاگاداربم گۆڤارەکە بەهەی بەهاوکردنەوەی ئایەتە شەیتانیەکان ڕاگیرا و قەدەغەکرا.

من بەرلەوەی کتێبەکەی سەلمان ڕوشدی(ئایەتە شەیتانیەکان) هەمووی پەکەوە بخوێنمەوە، من لەو گۆڤارە یەک دوو بەشکم خوێندەوە. کاتێک ئەو دوو بەشەم خوێندەوە، مەراقم کرد زیاتر و هەمووی بخوێنمەوە. پەشووتوور کە هەشتا فەریکە فەقێیەکی جاهیل و فەندەمنتالست بووم، ڤەڵکی زەرم لێبڕامبڕ سەلمان ڕوشدی هەبوو. بەهەی ئەوەی پەشووتوور لە کتێبێکی قەرزاوی شتێکم خوێندبووەوە سەبارەت بە فەتواکەی خومەینی، کە خوێنی سەلمان ڕەشدی لەسەر ئایەتە شەیتانیەکان حەڵاڵ دەکات.

جا بەئەوەی ئەوکات من بە ئەوەی جارێ یەک دەی ئەو کتێبە بخوێنمەوە و بزانم مەسەلە چییە، ئاواتم بوو خەم یان کەسکیتر ڕەژەک دابەت و سەلمان ڕوشدی بکەژەت و کاتێک ناوی سەلمان ڕوشدیم هێندە خراپ بیست لە ژەر لێوەوە دەمگووت: نەفرەت لەسەلمان ڕوشدی.

دواتر کاتێک جیهان بینیم سەبارەت بە زەر چەمک کرایەوە و تووشی گەڵانی بیر و باوەڕبووم و لە غەیبووبەی فیکری هەشیاربووموە و لە تونێلی تەگەیشتنەکی تەسک و داخراو تەتالیتاردا هاتمەدەر، بە دەکی زەر فراوان و مەشکەکی زەر کراوە و دیدەکی جیاواز زەر باڵاو لیبەڵانە(ئایەتە شەیتانیەکان)م، بەpdf هەمووی خوێندەوە و بە

فەقێی تریشم نارد بیخوێنتەوە و ئەوکات ئیتر لە جیاتی نەفرەت و ڕق، ئاواتە خوازبووم هێژک بێت لە نزیکەوە سەلمان ڕەشدی ببینم و بە دیداری شادبم.

ئاوایە ئایدیزم، مرۆڤی فەندەمێنتالیست و ڕادیکاڵ، هەڕگری تەوانینێکی زۆر سەقەت و خاوەنی مشکێکی ژاراوی و ئەقڵێکی داخراوە و دوو بست ئەوەتری لوتی تەوانینی خۆی نابینێت و هەموو تێگەیشتنێکی دەرەوەی بازنەی ئیدیۆژیا و بیر و باوەڕەکەی خۆی بە تەدەکاتەوە و کوفرانە و بەماوییانە و مێگەڵ ئاسا شوێن ئەقیدەیەکی دیاری کراو دەکەوێت، بە ئەوەی بیخاتە ژێر نەشتەری هەڕەخنە و بە فلتەری زانستیدا ببات و لە بەتەی ئەقڵ هەڵیسەنگێنێت.

بەیە هەرکاتێک کەسێک، هەڕەخنە بگرێت و قسە لەسەر بیر و باوەڕەکەی بکات، مرۆڤی فەندەمێنتالیست بەی بلووت نێک جوێنی وەدەدات و سوکایەتی پەدەکات، بەکو سەری کەسەکە گەشە و گەش دەبێت.

کەمێی کوردی ئێستا هێک لەو قەناغە مەترسیناکدایە و تاکەکانی لە سەشیاڵ میدیا زەربەی داعشانە بیردەکەنەوە و جوێن بە جیاوازیەکان دەدەن و سوکایەتی و بە هەزی بەهەر شتێک دەکەن، لەگەڵ میزاجی داعشیانەیان نەگونجێت.

لە نیویەرک تیرەرستێک بە چەقۆ هێرشی کردە سەر سەلمان ڕەشدی، بە ستان و هەزاران کەمێنتی دەستخۆشیم بینی، کە بە ئەو تیرەرستە نووسراوبوو هەندێک نووسیبوویان خەزیا سەری لە لاشەی جیاکردبایەوە. هەبەت بە ئەوەی یەکیان ئایەتۆشیتانیەکانیان خوێندبێتەوەو بزانن سەلمان ڕوشدی چی گووتووە و مەسەلە چییە!

کەمێنتی وا مەزەلەم بینی تەر بە دیاریەوە داما قاقا. چەندین کەس نووسیبویان نازانین ئەو کافرە کێیە، بەڵام مادام قسەی بە ئیسلام گووتووە حەقی تێپاندن و سەربڕین و گوخواردنە هاهاها.
من پێش دوو هێژە تەنها لەسەر نووسینێکی هێخنەییم سەبارەت بە هزری داعشگەرێتی و ئیسلامی سیاسی، کە لە کەمەڵێک هێژنامە و ماڵپەڕی لە نموونەی هێژنامەی(هێگەی کوردستان) هەریەک لە ماڵپەڕەکانی(دەنگەکان، ڕوانگە و هێخنە، دابڕان، قەندیل24، وتاری کورد)ـ بەاوبووەوە. تەنها لە پەیجی(ڕوانگە و هێخنە)ـ زیاتر لە پێنجسەد کەمێنتی بە هەزی و جوێن و سوکایەتیم بەهات، تەنانەت کەسی وا هەبوو نووسیبووی: ئەو هێژە هەر دێت و حوکمی دینی دەگەڕێتەوە و سەرت دەبڕین هەی کافر.

تیاندابوو مامستایە و خەڵکی شارەکەی خۆم و لەگەڵ من لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کتێب ئێندام بووم، لە کۆمەنت لەگەڵ عەوام و داعشە دەمشەڵکانی سەشیاڵ میدیا جوێنی پێدابووم. مامستا وا داماوبێت، ئەی مەگەڵ و نەخوێندەوارەکە دەبێ حاڵی چۆن بێت؟!

بە گومان من ناترسم ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی لە ژێر کاریگەری سەلەفیگەراو ئیسلامی سیاسی خەریکە بەرەو داعشیەت دەروات و بەرەو ئاقارێکی تونددەیی زۆر مەترسیناک هەنگاو دەنێت و داعش هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەو وڵاتە خەریکە دەتەنێت و کەسیش خەمی لە ناخوات و خەی لە ناکات بە خاوەن!

دووبارەی دەکەمەوە، کە من هەرگیز ناترسم لە هەڕەشەکانیان و بگوومان وەکو فەرەج فەدە وتەنی:(هەموو شتەك باجی خەی هەیە، دیموکراتیەت باجی خەی هەیە، عەلمانیەت باجی خەی هەیە، شارستانیەت باجی خەی هەیە، مافەکانی مرۆڤ باجی خەی هەیە، هەموو باجی خەی هەیە و دونیای شارستانی بە ئەمانە هەمووی بە خوێنی هەڵەکانی خەی باجیداوە، تاگەیشتوون بەوەی پێگەیشتوون، دەریایەگەلەك خوێنیان لە پێناویدا ڕشتووە و بەسەر جەستەی هەزاران قوربانیدا ڕەشتوون تاگەیشتوون بەم ڕۆژە.).

دوێنی فەرەج فەدە و نەجیب مەحفوز، ئەمڕۆ سەلمان ڕەشدی و کەو کەی تر، بەدنیاییەوە گەر لە کوردستان زوو فریا نەکەوین و سنوورێک بە ئیسلامی سیاسی و سەلەفیگەراکان و ئەو فیکرە داعشیە دانەندرێت، کە لە هەزار ڕەنگ و لەژێر سەتان ناو مەدەل خەی نمایش دەکات و شەو ڕۆژ خەریکی بە داعشکردنی کۆمەڵە، زوو، یان درەنگ، ئەمڕۆ، یان بەیانی ڕەنگ بێت من و ئەویتر، یان هەموان باجەکەی زۆر بەقورسی دەدەین.

ئینجا دەبێ هەموان باش ئەو حەقیقەتە بزانن کە فەندەمێنتالیستەکان هەڵگری فیکرەکی نەخۆش و تەتالیتارن.
ئەوان لە کۆ دەسەڵاتیان بوو، حیجر لەسەر داهێنان دادەنێن و ڕەگری لە کرانەوەی کۆمەڵە دەکەن، فیکری ئازاد و ئیجتیهادی عەقڵ لەبار دەبەن، ،شەمەندەفەری پێشکەوتن بە دواوە دەگەڕێننەوە و دەبنە کەسپ و تەگەرە لەبەردەم خواست و ئازادیەکانی تاك و، جیاوازیەکان و فرە ڕەنگی و پلەڕایەتی ئایینی، سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسەنەوە و داری پەکەوتەیان دەبڕێتەوە و دەنگە جیاوازەکان دەخنکێنن و پانتایەك بە ئەویترو کونجێك بە هەناسەی ئازادی ناهێنەوە.

ئەوان باوەڕیان بە فرەیی و ئازادی و دیالێک و ئەقڵانیەت نییە. جگە لە زمانی شمشێر، هیچ زمانێکر نازانن.

بە جۆن و بە ڕەزی و سوکایەتی و چەق هەرش دەکەنە سەر زمانی ڕەخنە و ئەقڵی زانستی و بیری ئازاد و ئازادی تاکەکان و هەرچی شتێک بەنی ڕەشنگیری و تازگەری لە بەت.
ئەوان دووژمنکەی سەرسەختی شارستانیەت و کەمەڵکەی مەدەنی و کراوەن.


داعشگیان، مادام بانگەشەی یەقین دەکەیت و ڕەهاگەرایی بە خێک دەفرەشیتەوە و مانەپێی حەقیقەتکان دەکەیت، زەر عەیبە لە گوومان دەترسیت و بە چەق گەروو زمانی ڕەخنەدەبەیت و دژایەتی ئەقڵ دەکەیت!

هەبەت وەام دانەوەی نووسین و ڕەخنە و وشە، بە جۆن و چەق و بە ڕەزی، خێ لە خەیدا ئۆپێی بە مەڵی و نیشانەی لاوازی و داوخان و کۆتنی ئەتەکەت و ئەخلاقی ئۆوکەسانە دەگەیەنەت و بەداخەوە ئۆوە ئاماژەیەکی زەر ترسناکیشە و ئۆومان پێدەڵێت گەر خاوەنانی ئۆو جەرە لەبیرکردنەوە تەسک و ئاسەداخراوە دەسەڵاتیان هەبە، ئۆوە تەراتێن بە ئازادیەوە دەکەن و دادگایەکی پشکنینەی ویژدان و سوتاندنی کتەبەکان هەمان شێوەی دادگاکانی کلێساکانی سەدەتاریکەکانی ناوەڕاست دروست دەکەن و کتەب و شیعر و نووسینی ئازادی خوازان و چەپ و سکەلارەکان هەمووی دەخەنە لیستی نووسینە قەدەخەکراوەکان و خەشیان گەردان بڕەنە ئاسا دەسوتێندرێن و وشەکانیان لە سەدارە دەدەن و ئازادی تیرڕدەکەن و زمانی ڕەخنە دەبەن و بەچوونی جیاواز سانسەر دەکەن و دەنگی هەموو نووسەرەکانی دەرەوەی سنووورەکانی مەنتەقەنت و بازنەی ئایدەلۆژیاکەی خۆیان دەخنکێنن و هەزار ساە دەمانگەڕێننەوە بە دووای و نەو تاریکایی سەدەکانی ناوین!

ئاخر مرۆڤی ژیر و ئازادی خواز و شارستانی و مەدەنی، وەامی وشە بە وشە و نووسین بە نووسین و شانە بەشانە و فیکر بەفیکر دەداتەوە، نەک بە گولە و چەق و تیرەر و جۆن و سوکایەتی و بە ڕەزی و تەشیر و هەچون و ەق و هەڕەشە و نەفرەت.

کتێبێک لە بارەی شیعری (پاکانەی) موزەفەر نەواب بڵاوەکراوەتەوە

وا بڵیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا، کتێبکی دیکەی سەدیق سەعید ڕواندزی، بە ناوی (شاعیر دەمرێت شیعر نا) چاپ و بڵاوبکرێتەوە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، خوێندنەوەیەکی درێژە بۆ دەقی شیعری پاکانەی شاعیری ئازادیخواز موزەفەر نەواب. تیایدا نووسەر باس لە پاکانە و دۆخی مرۆڤی پاکانە کردوو، پاکانە و لێکەوتەکانی لە کولتووری کۆمەڵایەتییانەی ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگەی شاعیریش دەکات. ئەمە وەڵای قسەکردن لە سەر لایەنە شاراوەکانی دەقەکە وەك نا ئامادەیی باوك لە دووتوێی شیعرەکە و بۆ دەنگی کوڕەکە و ڕۆدبوونی دایك و خوشکەکە لە سەر پاکانەنەکردنی کوڕەکەیان. شایەنی ئاماژەکردنە، کتێبەکەش پێشکەش بە دڵشاد مەریوانی شەهید کراوە، کە وەرگێڕی شیعرەکەیە.



سوودەکانی میوزیک بۆ منداڵان.. ڕەزا شوان

لە ئێستادا وشەی (میوزیک) و (موزیک) لە نووسین و لە میدیا و لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستاندا بەکاردەهێنرێن، زۆر بە کەمی وشەی مەسیقا بەکاردێت. لە زمانی ئینگلیزی و زۆربەی زمانەکانی تری جیهانیشدا بە زۆری وشەی میوزیک بەکاردەهێنن. وشەی میوزیک لە بنەڕەتدا وشەیەکی ڕەسەنی یۆنانی کۆنە. وشەی (موسیقی)ی عەرەبیش هەر لە (میوزیک) وەرگیراوە. وشەی میوزیک لە وشەی (میوز)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بەلای گریکییەکانەوە خوێندی هونەر بووە. گریکییەکان، بە هەموو هونەرەکان و زانیارییەکان وشەی (میوزیک) یان بەکار دەهێنا. دەستپێکردنی میژووی میوزیکی مۆدێرن بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.

میوزیک بریتییە لە جۆرێک لە جۆرەکانی هونەر. بەوە پێناسە دەکرا، کە هونەرێکە گرنگی بە دانان و دابەشکردنی ئاوازەکان و شێوازی وتنی گۆرانییەکان و بە تێرپەی هەڵپەڕکێکان دەدات. میوزیک زانیارییەکیشە کە شێواز و پێرنسیپەکانی ئاوازەکان دەخوێنێت، لە ڕووی هەماهەنگی و جیاوازییەوە. دەوترێش میوزیک زمانێکی جیهانییە، زمانێکی جیاواز، زمانێکە لە نێوان مەشک و دەهەکان دایە. جوانترین و ناسکترین واتای لەخۆگرتووە.

میوزیک زمانێکە، لە زمانەکانی جوانی، لەگەڵ زمانە جوانەکانی کەدا، پێکەوە جیهانی منداڵان پێکدەهێنن. زمانێکە لە خزمەتی منداڵان دایە، هەموو لایەنەکانی گەشەکردنی منداڵان: کۆمەڵایەتی، سۆزداری، هزری، داهێنان، کەسایەتی، جوڵەیی دەگرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا، چێژ و شارەزایی پێویست بە منداڵان دەبەخشێت.

میوزیک زمانی شیعر و گۆرانییە، میوزیک شیعرێکی دەنگدارە، ڕۆح و گیانێکی نەمری بە بەر شیعردا دەکات، تێکەڵاوی یەکتری بوونە. شیعر و میوزیک و گۆرانی گیانێکن لە سێ جەستەدان، سیانەیەکن ئاوێتەی یەکتری بوونە و لە یەکتری دانابڕێن.

هەریەکەیان بە ئەوڕی ترەوە بەندن. هەماهەنگی لە بنیاتنانی کەسایەتیدا دەکەن. پێکەوە بەشداری لە بنیاتنانی ڕۆشنبیری و شارستانێتیدا دەکەن. وەکوو چۆن جووتە وشەی (دەهۆ

و زۆنا)، (گۆرانی و هەپەکێ) بە زۆری پێکەوە دێن، هەروەها بە زۆری (شیعر و ئاواز)، (شیعر و میوزیک) یش پێکەوە دێن.
ئەگەرچی گۆڕان لە میوزیک، تا ئەمڕۆش نەبۆتە کولتوور و بە نەریت و بە خوویەکی دڕاگرتووی رۆژانەی تاکی کورد.
گەر هەشمان بۆت کەمن. بەڵام گەلی کوردمان زۆر لە کۆنەوە، لە ئاهەنگ و بۆنە خۆشەکان و شایی و زەماوەندا، بە ئامرازێک یا زیاتری میوزیکی لەگەڵ گۆرانی و هەپەکدا، گوزارشتمان لە خۆشی و شادیمان کردووە. تا ئەمڕۆش بلوور و شمشاڵ یا نای دوو ئامیری پیویستی شوانانی کوردن. بگومان هەموومان حەز لە فڕبوون یا گۆڕانێ میوزیک دەکەین. ئەوەی حەزی لێنەکات کەسێکی دە مردووە. میوزیکیش تەنیا بۆ چێژ و خۆشی وەرگرتن نییە، بەکو بووە بە پێویستییەکی گرنگمان، کاریگەری لە رۆشنبیریماندا هەیە. تا رادەیەکی زۆر تەکە بە لایەنەکانی ژیانی رۆژانەمان بووە.
(شکسپیر) دەڵێت:" میوزیک خۆراکی رۆحمانە".
(ئەفلاتوون) دەڵێت:"میوزیک و وەرزش، دوو زانستن.. هەردووکیان بۆ مرۆڤ پێویستن".
(نیشتە) دەڵێت:"گەر ویستت بیار لەسەر ئاستی گەلێک بدیت. گۆ لە میوزیکیان بگرە".
(کۆنفۆشیۆس) دەڵێت:"میوزیک ئاوێنەی شارستانی گەلانە".
(لانس) یش دەڵێت:"فێری خەکی بکەن چۆن گۆ لە میوزیک بگرن.. ئەوسا پێویستیمان بە بەندیخانە نابێت".
(کۆنجریف) دەڵێت:"میوزیک دەتوانێت دڵندەکان رابهێنێت و.. بەردیش نەرم بکات".
مامۆستا (حەمە کەریم هەورامی) لە بەرگی دووەم لە کتێبی (ئەدەبی منداڵانی کورد) نووسیوێتی، دەڵێت:"لە وتاێکی رۆنگینی شاخاوی پێ لە گۆ و گۆزار و ئاو و رووبار و باخ و دارستانی وەک کوردستان، بارگایەکی رازاوە بووە بۆ نیشتەنی مۆسیقا، بۆیە نەکراوە مۆسیقای تیایدا خامۆش بکرێ و هەموو دڕەکانی لێ بگیرێ و گۆی شیعری شاعیرانی لێ کەن بکرێ، هەردەم دڕفەتی بۆ ڕخسابێت هەناسەی خۆی داوە و هێز نەبووە بەری بگرێ، هەناسەی پێ گۆاوی شیعر تەنیا مۆسیقایە".
دەشڵێت:"ئەمڕۆ مۆسیقا وا تێکەڵاو بە ژیانی کۆمەڵانی خەک بووە هەموو رووبەکی چالاکی مرۆڤی گرتووەتەوە، هیچ کارێک بەبێ مۆسیقا ئەنجام نادرێت. لە بواری ئەدەب و هونەر و روناکبیریەوە، بووەتە سەنگی مەحەکی ڕسەنی و ناڕسەنی یا

بەهەز و بۆ هەزی جۆرەکانی ئەدەب و هونەر و هەستیاری مرۆڤی مەزن".
دایکان و باوکان بە شێوەیەکی زۆرەکی میوزیک بەکاردەهێنن، لە ڕێی گۆرانی سووک و لایلایە و گوزارشت کردن لە سۆزداری و لە خۆشەویستیی ناخیان، کەرپەکانیان ژیردەکەنەوە و دەیانکەنە خەوەکی خۆش. پێویستە لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵانەوە، گوێی منداڵەکانیان بە گۆرانی ناسک و بە لایلایەی شیرین و بە میوزیکی هێمن پاراوبکەن. تا لەو تەمەنە بچووکییەدا هەگری گۆرانی و میلۆدی و میوزیک ببن.
میوزیک ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری لە پەروەردەکردن و لە ڕۆشنبیریکردنی منداڵاندا هەیە. لەو کاتەوە کە منداڵان لەناو منداڵدانی دایکیاندا دروست دەبن. لە زۆر شوێنی جیهاندا، زۆر دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەیە، لە پەروەردەکردنی کورپەلەی ناو سکی دایکاندا، پشت بە بەکارهێنانی میوزیک دەبەستن. بە نموونە، شارەوانی ڕۆما لە ئیتاڵیا، ساڵانە چەند جارێک لە سەنتەری ڕۆما و لە باخچە گشتییەکانیدا، ئاهەنگی میوزیک و گۆرانی و دانس بۆ ژنانی دووگیان سازدەکەن. بە ئامانجی باشبوون و ئاسایی بوونی میزاج و خۆشی و شادی بەخشین بە کەرپەلەکانی ناو سکی ئەو ژنە دووگیانانە.
تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی کاریگەریی میوزیک، ئەوەیان سەلماندووە، کە منداڵانی میوزیکژەن یا گوێگرانی میوزیک، هەست بە ئارامی و بە خۆشی و بە خاوبوونەوە گیانیان دەکەن. میوزیک یارمەتی ڕێکخستنی سۆزداریان دەدات.
لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەش دەکەن، کە ئەو منداڵانەی گوێ لەو پارچە میوزیکانە دەگرن کە حەزیان لێیان هەیە و پێیان سەرسامن، پاڵ بە مۆشکیانەوە دەنێن بۆ دەردانی مادەیەکی کیمیاوی کە پێی دەڵێن (دوبامین) کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر میزاجی منداڵە میوزیکژەنەکان یا گوێگرەکانی میوزیک هەیە.
لەو لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە ساڵی (٢٠١٦) دا، لە لایەن پەیمانگای مۆشک و داهێنانی سەر بە (زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا) لە ئەمریکا ئەنجامی دا، بە تاقیکردنەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە میوزیک لە قۆناغی بەرایی منداڵیدا، دەتوانێت گەشەکردنی مۆشکی منداڵان خێراتر بکات. بە تایبەتیش لە بواری فۆربوون و وەرگرتنی زمان و شارەزایی لە خوێندنەوەدا.
میوزیک بە شێوەیەی گشتی و تەکڵا، لە منداڵییەوە لە زۆر لە

بواڕکاندا کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی منداڵان هەیە. هەگربووون بە میوزیک لە تەمەنێکی بچووکی منداڵیدا، کارتێکردنی لە هێنانەدی ژیانێکی باشدا هەیە. ڕۆژی ئەم کارتێکردنەش لە هەموو منداڵاندا وەک یەک نییە، لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازیی هەیە.

زاناکان بە تاقیکردنەوە، ئەوەشیان بۆ دەرکەوت، کە میوزیک یارمەتی گەشەکردنی ڕووەک و ئاژەڵانیش دەدات. بۆ نموونە: گەر میوزیک بۆ مانگایەکی دۆشینی بژێرەت شیری زیاتر دەدات. هەموشمان ئەو کلیپە میوزیکییەی هونەرمەندی شمشاڵژەنی گەورە و بەناوبانگی کوردمان، خوالێخۆشبوو مامە (قالە مەڵە) مان بینیوە، کە لەو کاتەی مامەڵ قالە مەڵە شمشاڵ دەژەنێت، مەڵەکان لە دەوریدا وەستاون و خاوبوونەتەوە، بە هەمنی گوێ لە ئاوازی شمشاڵژەنینی مامە قالەی شوانیان دەگرن.

سوودەکانی میوزیک بۆ منداڵان

زۆرن ئەو سوود و ئامانجانەی کە لە سایەی ژەنین و گوێگرتن لە میوزیک دەنەدی. بە کورتی ئەمانە بەشکن لە سوودە دەروونی و جەستەیی و ئاکادیمییەکانی میوزیک:

١ـ میوزیک گۆشە بە هەست و نەستی منداڵان دەکات، توانای تێبینی و سەرنج وردیان و ڕەکخستنی سۆزداریی لۆژیکییان زیاتر دەکات. هەر لە میانەی میوزیکەوە، توانایەکی زیاتری گوێگرتن و فێربوون و وەرگرتنیان دەبێت. هەمیشەش میوزیک بە بەشی تەوەری کرداری فێربوونی منداڵان دادەنرێت. کرداری فێربوونی بابەتەکانی زانیاری و خوێندنی قوتابخانەش ئاسانتر دەکات.

٢ـ میوزیک گەشە بە بەهرەکانی منداڵان دەکات، زاخاوی هۆش و هەستیان دەدات و توانای داهێنان و ئافراندنیان زیاتر دەبێت.

٣ـ میوزیک هەمنی و ئارامی و ئاسوودەییەکی زۆر دەخاتە دڵی منداڵان. هەست و چێژی خۆشی و کامەرانی و بەختەوەری بە دەروونییان دەبەخشێت و ژیانیان لا شیرینتر و گوشادتر دەکات. ئارەزووی گوێگرتن و وتنی گۆرانی لە دەروونیاندا دەوەنێت. لە سروشتی گشتیدا هەمیشە لە دەخێکی گونجاو و هاوسەنگیدا دەبن.

٤ـ میوزیک ڕێکی گرنگ و کاریگەری لە پەروەردەکردنی دروست و لە بنیاتنانی کەسایەتی هاوسەنگی منداڵاندا هەیە. میوزیک هەمیشەش هێواو و گەشبینی دەخاتە دەروونی منداڵانەوە. یارمەتییان دەدات بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ژیانێکی خۆشتر و

بۆ داهاتوویەکی لەبارتر و گەشتر.
٥ـ بە هۆی گۆرانی و میلۆدی و میوزیکەوە، دەتوانین گوزارشت و دربڕینی ئەدەبی، لە منداڵان کاراتر و بەهێزتر بکەین. هانیان بدەین بەبێ ترس و شەرم، گوزارشت لە هەست و نەست و سۆزداریان بکەن و خۆیان دەربخەن، چیان لە ناخ و باریان دایە هەڵیان بڕژێن. میوزیک بژێنن و گۆرانی بڵێن و هەڵپەڕن.
٦ـ میوزیک هونەرێکی گرنگە بۆ بە کۆمەڵایەتی بوونی منداڵان. کار بۆ ئەوە دەکات، کە پەیوەندییەکی بەهێزی هاوڕێتی بخاتە نێوان منداڵانی هاوحەزی میوزیکەوە.
بە تایبەتیش ئەو منداڵانەی کە پێکەوە لە کۆرسێکی میوزیکیدان، یا لە تیپێکی میوزیک و گۆرانی دان، پێویستیان بە هاوڕێتی و هاوکاری و یارمەتی و هەماهەنگی یەکتری هەیە. چونکە کارێکی بە کۆمەڵ ئەنجام دەدەن. بەبێ یارمەتی یەکتری نایەتەدی.
٧ـ تا ئێستا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەربارەی کاریگەری میوزیک لەسەر مێشکی مرۆڤ بە گشتی و مێشکی منداڵان بە تایبەتی کراوە. زاناکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، ئەو منداڵانەی کە هونەری ژێنینی ئامێرێکی میوزیکن یان گۆرانێکی باشی میوزیکن، لە رووی ئاکادیمی و خوێندنەوە، نمرەکانیان لە وانەکانی خوێندندا بەرزترن لە نمرەکانی ئەو قوتابییانەی گۆ لە میوزیک ناگرن و هونەری میوزیک نین.
لێکۆڵینەوە تازەکانیش، ئاماژە بەوە دەکەن کە میوزیک تێکڕای زیرەکی منداڵان بەرزتر دەکاتەوە. میوزیک دەلاقەیەکیش بۆ داهێنان و ئافراندن دەکاتەوە.
٨ـ میوزیک یارمەتی گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی منداڵان دەدات. منداڵان لە ڕێی میوزیکەوە، بەڵکی زیاتری وشە و زاراوە و رستە و هێما فێردەبن. تەنانەت کۆمەڵک وشە و رستە و ناوی ئامێرە میوزیکییەکان، بە زمانی ئینگلیزی فێردەبن.
٩ـ میوزیک گۆیەکانی منداڵان لەسەر گۆگرتنی باش رادەهێنت، تا شارەزای هەموو دەنگە جیاوازەکان ببن. ئەو کەسانەی گۆقوغان و گۆیەکی میوزیکییان هەیە، زۆتر وشە و رستەکانی زمان وەردەگرن.
هونەرمەندی گۆرانیبێژی مەزنی کوردمان (هەمەر دزەیی) جارێکیان لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا وتی: لە فەرەنسا بەشداریم لە کۆرسێکی زماندا کرد، هەر لە یەکەم ڕۆژدا، مامۆستاکە چیی بوتایە یەکسەر وەرمدەگرت. بۆیە مامۆستاکە سەرسام بوو و لێمی پرسی: تۆ هونەرمەندێکی گورانیبێژی؟ وتم: بەڵێ. بە چیا دەزانی کە من گۆرانیبێژم؟ وتی: تۆ گۆیەکی میوزیکت

هەیە، یەکسەر قسەکانم وەردەگریت.
١٠ـ میوزیک و میلادی و گۆرانی و هەڕپەکێ، شەرم و ترسی منداڵان ناهێڵن، ئازایەتی ئەدەبی و متمانە و باوەڕ بە خۆبوونێکی زیاتریشیان پێدەبەخشن. تا بە راشکاوی گۆزارشت لە هەست و نەست و لە خۆشەویستی و لە سۆزداریان بکەن.
١١ـ میوزیک یارمەتی چالاکییەکانی مۆشکی منداڵان و پێشکەوتنی هەموو تواناجۆرییەکانی منداڵان دەدات.
١٢ـ بەشێکی زۆر لە پزیشکان و لە دەروونناسانی منداڵان، بە هەندێ گرفت و نەخۆشی سایکۆلۆژیی منداڵان، بە چارەسەرکردنیان پەنا بە میوزیک دەبەن. وەکوو: دڵتەنگی، خەمۆکی، دووڵی، بێزاری، ترس، نیگەرانی، شەرم،... هتد.
١٣ـ پەرەپێدانی خۆشەویستی و ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ئاخاوتنی سفت و بێ گرێ و سادە و دوورکەوتنەوە لە زمانی زبر و بەکارهێنانی شێوەی ڕەق و تەقی ڕووشکێن.
١٤ـ منداڵان لە ڕێی میوزیکەوە، هەست بە جوانی دەکەن و ڕۆشتیان لە خەوش و خار پاک دەکەنەوە.
(بتهۆڤن) دەڵێت:"میوزیک جوانییەکی بێستراوە.. ئەقەیەکیشە ڕۆح و هەست پێکەوە دەبەستێت".
١٥ـ میوزیک ڕێکی گەورەشی لە ڕۆشنبیریکردنی منداڵاندا هەیە. هانی منداڵانی میوزیکژەن یا گۆگرانی میوزیک دەدات، بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە ئاسانانەی کە دەربارەی میلادی و میوزیک و گۆرانی نووسراون. تا شارەزاییەکی زیاتریان لە بارەی میوزیک و میوزیکژەنە ناسراوە کوردییەکان و جیهانییەکان هەبێت. شارەزاییان لە شێوازی میوزیک و لە ڕۆشنبیریی میوزیکی و لە ئامێرە هەمەجۆرەکانی میوزیک و لە داب و نەریتی گەلانی جیاواز هەبێت. بە ڕووی ڕۆشنبیریی و میوزیک و هونەری گەلان و جیهاندا بکرێنەوە.
١٦ـ میوزیک پەیوەندیی خۆزانیش بەهێز دەکات، ڕێز و سۆز و خۆشەویستی نێوان دایکان و باوکان و منداڵەکانیان بەهێزتر و شیرینتر دەکات. چونکە منداڵان لە ڕێی میوزیکەوە، فێری سۆز و خۆشەویستی و ڕێز و یاسا دەبن.
١٧ـ ئەو هەست و نەست و چێژ و خۆشییە زۆرەی، کە میوزیک لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە بە منداڵانی بچووکی دەبەخشێت، لە هۆش و دەروونیاندا دەوڵەن و بە درێژایی ژیانیان، هەگری میوزیک و میلادی و گۆرانی دەبن و ناتوانن پشت لە میوزیک و گۆرانی بکەن. میوزیک واش لە منداڵان دەکات، لە ڕووی هەزری و کەمەایەتی و سۆزداریەوە، ئامادەی ژیانێکی خۆشتر و

داهاتوویەکی باشتربن.
زۆرن ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی چوار یا پێنج ساڵاندا، فێری میوزیک ژێنین بوون، بوون بە کەڵە میوزیکژێنی جیهانی. لەوانەش میوزیکژێن (مۆزارت).
دایکان و باوکان و مامۆستایان و میوزیکژێنان و گۆرانیبێژان و ڕێکخراوکانی خۆمخۆری منداڵان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی چالاکییەکانی قوتابخانەکانی کوردستان.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سوودانەی سەرەوە و زیاتریش لەو سوودانە. میوزیک لە گەشەکردن و ئامادەکردنی منداڵان بۆ داهاتوویەکی دڵخواز و شیاوتر. پێویستە پلانی تۆکمە و بەرنامەی تەسەلتان بۆ منداڵەکانتان هەبێت بۆ فێربوونی میوزیک و گۆگرتن لە میوزیک. چونکە پەروەردەی میوزیکی منداڵان زۆر گرنگ و بەسوودە. لە زۆر کار و ڕەفتاری نەخوازراو و لە خووی ناشیرین، منداڵەکانتان دوورەخاتەوە.
لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، بایەخێکی زۆر بە پەروەردەی میوزیکی دەدرێن، لە زۆربەی ماڵەکاندا، پیانۆیەک هەیە، یا ئامێرێکی میوزیکی هەیە، گەورە و منداڵان لە کاتی پڕژاندا تاوێک پیانۆ لێدەدەن. لە قوتابخانەکانیشدا منداڵانی ئارەزوومەندی میوزیک، لە لایەن مامۆستای پسپۆری میوزیکەوە، بە پێی ئارەزوو و هەڵبژاردنی قوتابییەکان، فێری ژێنینی ئامێرێکی میوزیکیان دەکەن. لە هەر شار و گەڕەک و گوندیکدا، بە دەیان تیپی میوزیکی هەیە. بە خۆایی لە سەنتەرەکاندا ئاهەنگی میوزیکی سازدەن.

لە کوردستانیشدا، بابەتی میوزیک وەکوو وانەیەکی سەربەخۆ و خراوتە پڕۆگرامەکانی قوتابخانەی بنەڕەتییەوە. زۆر سوپاسی مامۆستا (زارا ئەحمەد جاف) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ـ لە ڕانیە دەکەم. بەڕێزیان خشتەی دابەشکردنی وانەکانی بۆ ناردم. بە پێی خشتەکان، بە پێی دەوامی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و خوێندن بە زمانە جیاوازەکان، لە قوتابخانەکانی کوردستان، جیاوازی لە دابەشکردنی ژمارەی وانەکانی میوزیکدا هەیە. لە پێلی (١،٢،٣) دا، هەفتەی (٢) وانە میوزیک هەیە، لە هەندێ قوتابخانەی تردا هەفتەی (١) وانەی میوزیکیان هەیە، لە خشتەکانی ئەم قوتابخانانەدا ناوی وانەی (سروود) یان تێدا نییە. لە خشتەی هەفتانەی هەندێ لە قوتابخانەکانیشدا، ناوی میوزیکی تێدا نییە و وانەی (سروود) هەیە، کە بە هەمان ڕۆژەی وانەی میوزیک، وانەی سروود دابەشکراوە. لە خشتەی

هەفتانەی دابەشکردنی وانەکانی خوێندنی هەندە قوتابخانەکانیشدا، ناوی وانەی (سروود) و ناوی (میوزیک) ی تێدا نییە. لەوانەیە لە چوارچێوەی وانەی (هونەر) یا (پەروەردەی هونەری) دا بێت. بەڵام وانەی (پەروەردەی هونەی) بە زۆری چالاکییەکانی وانەکەشان دەگرتەوە.

من وام پێ جوان و دروستە، کە هەردوو وشەکە (سروود) و (میوزیک) بخرێنە پاڵ یەکتری و ببن بە وانەی (سروود و میوزیک). مامۆستای پسپۆر و کارامە و شارەزای میوزیک، لەڕێ دەرچوانی پەیمانگای هونەرێ جوانەکان، بەشی میوزیک. بێ وتنەوەی ئەم وانەیەێ تەرخان بکرێن. نەشکرێت بە وانەیەکی لاوەکی، پێویستێ گرنگی پێبدرێن.
دەستخۆشییەکی زۆریش لەو لایەن و مامۆستا میوزیکژانە دەسزانەمان دەکەم، کە لە پشووکانی هاوینانداا، کارس و خولی تایبەت بێ فێرکردنی میوزیک بێ منداڵانی کوردمان دەکەنەوە. خزمەتی پیرۆز و ناوازەیان، شایەنی ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینە.

ڕزا شوان
نەرویج: ١١/ ئاب / ٢٠٢٢

14- سیکۆلاریزم و چەند سەرنجێك ... شەماڵ بارەوانی

بەشی چواردەهەم/

هەبەت دەوڵەتێکێ هاوچەرخ و تەدەکشێت تاوەکو شەریعەت جێ بەجێ بکات و بیسپێنێت، ئەمەش هیچ لەگەڵ بنەماکانی هاووڵاتی بوون و پێتەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی تاك و، تەڵەرانس(لێبوردەیی)، و پلورالیزم(فرەیی)، نایتەوێ دژی مرۆڤ بوون و پێچەوانەی ڕاحی پەکەوێ ژیان و ئاویتری جیاواز و قبوڵکردنی ئاوانیتر و پێنسیپەکانی دیموکراسی و سیکۆلاریزمێ بێ مانا ڕاستقینەکەی.

لە دەوڵەتی سیوکراتی دا، حاکمیەت تەنها بە خوداوەندە، هەر شتێک ڕوو بدات، هەر پێشهاتێکی تازە و داهێنانێکی تازە، لە دایک بێت، دەبێت بە شەرع و ئەحکامەکانی ئایین و فەتوای پیاوانی ئایینی بگەڕێنەوە. لە دەوڵەتی سیوکراتیدا شتێک نییە بە ناوی دیموکراسیەت و بەچونی خەڵک و ئەکەڵوتنی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی مەدەنی.

لە دەوڵەتی سیوکراتیدا شەرع و ئەحکامەکانی ئایین و قسە و فەتوای پیاوانی ئایینی(کە هەمیشە خەیان وەکو دەم ڕاستی ئایین و وتەبێژی ئاسمان و سەبەر و نوێنەری خوداوەند) دەبینن، چی ئەوان بڵێن، ئەوە کەتا بەیارە.
حەڵاڵ، یان حەرام، تەواو، ئیتر کەس بۆی نییە دەمی بکاتەوە و دەنگ هەڵببڕێت و پێتیستەی بکات و ناڕازایەتی دەبڕێت. گەرنا مەرکی بە دینی و دژایەتی کردنی خوداوەند و بە گەزی کردن بە ئایین و مەری کافربوون بە تەواوەیەوە دەنرێت و خوێنی حەڵاڵ دەکرێت.

لە دەوڵەتی سیوکراتی و ئایینیدا مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێت. دەوڵەتی سیوکراتی دەوڵەتێکی پۆلیسی سەرکوتکاری تۆتالیتاری بە ئاگایە بەرامبەر بە مافە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ و پەوەرەکانی هاووڵاتی بوون و پرەنسیپەکانی مرۆڤ بوون.

دەوڵەتی سیوکراتی دەوڵەتێکە هەرگیز لەگەڵ پرەنسیپەکانی تەلەرەنس و فرەیی یەکناگرێتەوە. دەوڵەتێکە ڕەگەز بە جیاوازی بیرکردنەوە و دیدەنیگای جودا نادات و هەموو ڕەنگەکان لە بۆتەی تاقەڕەنگەکدا(ڕەنگی ئاینیی زاڵ و مەزهەبی دەسەڵاتدار)دەتوێنێتەوە و جگە لە ڕەنگی ئایینی زاڵ و دەسەڵاتدار و لە ناو ئایینەکەیش ئەو ئیدیۆلۆژیا و مەزهەبی تەیدا کراوە بە تاقە ڕاستی و باشترین مەزهەب و کەتا تەفسیر و بیار، هەموو ڕەنگەکانی تر و دیدو مەزهەب و ئایینەکانی تر، پەراوێز دەخرێن و دەسدرێنەوە.

هەموو دەنگە جیاواز و ئازادەکانی تر دەخنکێندرێن و کپ دەکرێنەوە. بەو چەشنە هەموو شتێك دەبێت لە سایە و لە ژێر کۆنتڕۆڵ و هەژموونی دەوڵەتە سیوکراتیەکەدا دەبێت و هەر ئازادیەك، پچەوانەی دەکترینی فەرمی دەوڵەت و دەگم و ئیدیۆلۆژیا و پەوەرە مەزهەبی و ئایینیەکان بێت، ئەوە دەوڵەتی سیوکراتی دەستی تەواردەدات و قەدەغەی دەکات و ڕەگری لێدەکات و دنیایەك بت و پەرژین و تابووی لە بەردەمدا قوت دەکاتەوە، بە پاساوی حەرامێتی و لادان لە ئایینی فەرمی و ستا ئەوەندەی خەڵك و داب و نەریتی گشتی و ئەخلاقی کۆمەڵ،

بە کفر و هەرتەقە و زەندیك و بێباکایی و بە بەوایی و فیسق و فجار لە قەدەمی دەدات و هەموان ناچار دەکات تەنها ئاوڕ بکەن کە دینی دەوڵەت داوای دەکات و دەیسپێنێت و دەیکات بە عەقیدەی فەرمی وڵات و دەستوری دەوڵەت.
بەو شێوەیە چیتر لە دەوڵەتی سیوکراتیدا، مانایەك بە ئازادیەکانی تاك پێشڵ دەکرێت و ژێر پێ دەخرێت.

هەوەستی جەلال تاڵەبانی و نوشیروان مستەفا لەسەر هەکاری جینۆسایدی بارزانییەکان!... عەلی مەحمود محەمەد

لەسەر هەکاری تاوانی کەمەکۆژی بارزانیەکان, هەندەك لە سەرکردەکانی ی ن ك هەوەستی خۆیان دەربیوە, ئاوانەی من بزانم بەڕێز تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا, وەك دوو کەسی یەکەمی ینك لەناو ئاوانەدان, هەموو لەگەڵ ئاوەدان پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری ئەپەراسیۆنی حاجی ئۆمەران واتا فەجری دووی کردووە, و ئۆمێش بە هەکاری جینۆسایدکردنی بارزانیەکان دەزانن.

مام جەلال: بارزانییەکان دووجار خائینن!
هەڤاڵ کۆستانی لە پەرتووکی ئاو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەموان بوو دەنووسێت" لە گۆڤاری الطلیعة العربیة ژمارە 52ی مانگی ئابی 1984, مام جەلال وتوێتی:" سەدام حەکەمە و دوژمن نییە", بارزانییەکان دووجار خائینن, جارێکیان لەبەر ئاوەی دژی کوردی ئێران شۆڕ دەکەن, جارێکی کەش لەبەر ئاوەی پێش پاسدارانی ئێرانی دەکەون و دژ بە سوپای عێراقی شۆڕ دەکەن" ل 350-351 .
مام جەلال: سەبارەت بەوەی بارزانیەکان, وەامدەداتەوە دەڵێت: ئێمن نەمگوتووە بارزانیەکان, گووتوومە کوانی بارزانی- ل 351 – ئاو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەموان بوو – هەڤاڵ کۆستانی -سلەمانی

2017- چاپخانەی کار.
مام جەلال پێش پاسدارکەوتن و شڵە کردن لە گۆڕ سوپای عێراق بە خیانەت دەزانێت, دوای خۆی جووڵەی پارتی دایەوە و لەو جارە خیانەتە هەموویانی ڕەت دا, پارتی و حسك فەجری دوویان کرد, ئەو فەجری دە, پارتی فەتحی 3 و 8 ی کرد, ئەو نەسری 4 و 5 و 7, کەربەلاو بیت الموقەدەس و فەتحیش بخرێ سەریان.
لە کاتێك تاڵەبانی ئەم قسانە دەکات, دواتر خۆی بە زەدەوە هەمووی دووبارە دەکاتەوە, پارتی بە تەزی بەرپەیا ناگات, پارتی ئاگر لەسەر سنوور شڵەی هاوبەشی کرد, ئەو 150 کیلەمەتر لە قوڵای عێراق و پاسداری بردە بن کەرکووك.

نەوشیروان مستەفا و ئەپەراسیۆنی فەجری دوو
بەڵێز نەوشیروان مستەفا, کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئەو سەردەمەی ی ن ك, لە پەرتووکی پێنجەکان یەکتری ئەشکێنن لە دیوی ناوەوەی هەواوەکانی کوردستانی عێراق (1979-1983), دەربارەی ئەم کارەساتە و هەکارەکانی نوسیوویە:
" گیرانی بارزانییەکان ئەوکاتەی ناوچەی حاجی هەمەران بوو بوو بە مەیدانی گەرمی جەنگی عێراق – ئێران بنەماڵەی بارزانی و سەرانی پدك بە ئاشکرا هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی ئێران ئەکرد دژی جەیشی عێراقی. کەکردنەوەی دەنگ و باسی عێراق و هێزەکانی و, چاوساغی و ئەبەری هێزەکانی ئێران و , هەنان و بردنی دەدەوانی تەپخانەی ئێران ئەمە بەشکی کەمی ئەو هاوکارییە ئاشکرایە بو. لە هەرشەکانیش دا ئەوان وەکو هێزی یارمەتیدەر و خزیککەر و لەدانی پشتەوە بەشدار ئەبوون ((پێنجەکان یەکتری ئەشکێنن, لە دیوی ناوەوەی هەواوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983 ل321, نەوشیروان مستەفا)), کەچی ئەمان دواتر خۆیان بوونە هەرش بەر نزك خزیککەر.
بەڵێزی بەردەوام دەبێت لەسەر بەچونەکەی و دەنووسێت:" بەشدار بونی بنەماڵەی بارزانی و هێزەکانیان لە هەرشەکانی ناوچەی حاجی هەمەران دا, لە لای صەدام جگە لەوەی بە خیانەتی نیشتمانی دا ئەنرا, بە خۆیشی بە خیانەت و دەسبەین و فێڵ لەکردن ئەژمارد".
لەبەدا نەوشیروان مستەفا تەئکید دەکاتەوە لەوەی پارتی بەشداری شڵەی حاجی هەمەرانی کردووەو ئەو هاوکارییەی پارتی لەگەڵ ئێران لای بەڵێزی خیانەت بووە, پاداشتی خیانەتکارانیش لای دەسەڵاتکی فاشی دیارە چییە؟, کەچی دوایی خۆی هەمان تەرز بە زیاتریشەوە دووبارە دەکاتەوەو داهێنانی تێدا دەکات؟.
نەوشیروان مستەفای کەچکردوو درێژەی پێداو دەنووسێت: بارزانی یەکان لە عێراق مابونەوە لە ئەردوگای بەحرکەو قوشتەپەدا

کەرانەوە. زۆری پیاوەکانیان بووبوون بە چەك هەڵگری جێشی شۆعبی و بە دەسزی ئۆرگەکانی خێان بەجێ ئەهێنا ((پێنجەکان یەکتری ئەشکێنن, لە دیوی ناوەوەی هێداوەکانی کوردستانی عۆراق 1979-1983 ل322 , نەوشیروان مستەفا)).
مێژوو نووس جەماڵ نەبەز دەڵێت" نەوشیروان مستەفا جگە لەوەی ئۆرانی بە دەست لە قەڵەم دابوو, هاوکارییە سۆربازییەکانی ئۆران و کارێ هاوبەشەکانی لە گەڵ ئەو وڵاتەدا بە کارەکی باش و دروست لە قەڵەم دەدا – جەماڵ نەبەز -ئێستەو پاشۆڕژی ل 98 , کەمەکوژی کورد لە جەنگی ئۆران – عۆراقدا... ل 194".

ڕوایەتیدان بە کەمەکوژی

لە ڕاستیدا لەوکاتە ژمارەیەکی زۆری هاوواڵتیانی کوردستان تەکەڵ بە هێزە چەکداری و حیزبیەکانی بەعس ببوون, نەك تەنها بارزانیەکان, وەڵای ئەوەی جێشی شۆعبی بوونەکەی ئەو بارزانییە سفیل و سادەو ساکارە نەخوێندەوارانە ئۆگەر ڕاستیش بێت؟؟, کە لە ڕابردوودا قوربانی و بەرداشی هەموو جوڵانەوەیەکی چەکداری بووبێ لە کوردستان, بە ئەندازەی پێیامەکانی هەندەك لە سۆرانی ئەو کاتی ینك شۆرەزاری نەبووەو نییە کە لەهەمان ڕۆژگاردا لە ساڵانی 83-1984, بە هەزاران قوتابی کوڕِ و کچی مانگرتووی زانکۆی سەلاحەدین دایان کە دەست بەرداری خوێندنەکەیان ببێون, لە بەر ئەوەی ئامادەیی لەبەرکردنی بەرگی جێشی شۆعبیان نەبووون, کەچی پارتەکەی ئەوسای کەچکردوو بەنز نەوشیروان مستەفا کە لەو کاتەدا بە خۆشی دووەم کەسایەتی بوو تیایدا, داوای لەبەرکردنی بەرگی جێش شۆعبیان لەو خوێندکارە مانگرتووانە دەکرد یاخود نۆرمیان دەنواند لە بەرامبەری, لە ترسی ئەوەی نەوك گفتوگۆکەیان لە گەڵ ژمەدا هەبوشَتەوە, لەوکاتەی کە چەند مانگێك بوو لە بیابانەکانی سەماوە لە سوتگەی جهەنمی ئەو گۆرمایە بە کەمەکوژی بارزانییەکان گولە باران کرابوون.
سزادانی سۆرجەم عەشیرەتێك لە بەرامبەر کردەوەی پارتەکی سیاسی, کە سۆرکردایەتیەکەی بە دەست ئەو بنەماڵەیەوە بووە, ئەمە بە خۆی سزادانێکی فاشیستانەیە, بارزانیەکان ئەم خەسڵەتە پارێزگارە داخراوەی کوردەواری, کە بە تونەدی بە سۆرکردایەتی خەڵکەوە گرێدراون, لەوشەوە بە پارتییەوە, چونکە لە لوتکەدا سۆرکردایەتی پارتی و خەڵکی بەرزانی یەك دەگرنەوە.
لە کاتکدا ئەو خەڵکەی کەمەکوژی کران, بە خێان لەو چرکە ساتە و لەحزە مێژوییەدا سفیل بوون و هیچ پێوەندییەکی سیاسی و

لەکخستنیان بۆ پارتەوە نەبووە, بگرە بەشکیان بە پێچوانەی بڕژەوەندییان کاریان دەکرد, بۆیە سەپرتکردنی ئەو کەمەکوژییە زۆق بەهەر بەهانەیەك بێت بۆخۆی تاوانو شریکە بەش بوونە تیایدا.

نازم دەباخیش قسەی هەیە

نازم دەباغ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران, تەئکید لە بەشداری پارتی لە ئۆپراسیۆنی فەجری دووی ناوچەی حاجی ئۆمەران دەکاتەوە و دەڵێت: ئێستا لە هەرێمی کوردستان پارتی پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموان پتەوترە. مالی مەلا مستەفا هەشت هەزار کەسیان ئەنفال کرا، لەسەر هاوکاریکردنی کۆماری ئیسلامی لەناوچەی حاجی هەمەران.

..... ئەگەر بێتە سەر ئەوەی هاوکارییەکان بۆچاوی یەکدا بدەینەوە، پەموایە کوردیش کەمی نەکردووە، یەکەك لەوانە خانەوادەی "مالی مەلا مستەفا" هەشت هەزار کەسیان ئەنفال کرا، لەسەر هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆماری ئیسلامی لەناوچەی حاجی هەمەران لەشکانی ئێران دژ بە عێراق.

https://www.facebook.com/296224834209968/posts/1045522879280156/
https://www.awene.com/detail?article=42774

لێرەدا لەبەر ئەوەی پێویستی سیاسی هەبوو بۆ ئێم بۆ چاو دانەوێ, راستییەکە وتراو کەسیش نییووت وا نییە.

بۆ ئەزموون وەرنەگرترا؟؟

ئەوەی شایانی باسە وەك ای پارتی کە ئەزموونی فەجری دوویان چەندین جار دووبارە کردەوە, ی ن ك یش نك ئەزموونی لەم تاوانو شونەوارە مەرگ هێنەرکانی وەرنەگرت, کە سەرانی سەپرتی سزادانکەی خۆکە سڤیلکەیان کردووە بەهەی هەیەك سەرکردەکان پارتی کردیان لە هاوسەنگێری لە گەڵ ئێرانییەکان دژ بە سوپای عێراق, بگرە دوای سێ ساڵ بۆخۆیان بوونە سوارچاکی هەمان تەرز لە چالاکی هاوبەش لەگەڵ ئێرانیەکان, ناسراوترینیان ئۆپراسیۆنەکانی کەرکووك و هەڵەبجەن, کەی گشتی نزیك 20 کاری سەربازی هاوبەش لەو ماوەیدا بەناو فەتح و فەجرو کەربەلاو نەسرو ... ئەنجامدرا, کە زرینەی هەرش بوو بە سەر پەژە ئابوورییەکان, بە لەدانی نەوتی کەرکوك لە 11 ی ئۆکتۆبەری 1986, کە بە 11 ی سێپتمبەر پێشتر ناوم

بردووە دەستی پێکرد.
ئەم تەرزە جەنگە هاوبەشانەی پاسدار-پێشمەرگە لەناو خاکی باشووری کوردستان, ئاکامەکان و کاردانەوەکانی بەعسی فاشی دەکەوێتە ئەستۆی هەر یەک لە "جەلال تاڵەبانی, مەسعود بارزانی, ئیدریس بارزانی, نەوشیروان مستەفا, ڕەسوڵ مامەند, حەمەی حاجی مەحمود, مەلا عوسمان عەبدولعەزیز, مەلا عەلی, ئەدهەم بارزانی و شێخ محەمەد خالید" بەیار دەری سەرکی بوون تیایاندا, پێویستە دان بە ڕاستییەکاندا بنێن و بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ.
ئەگەر بەشداری پارتی لە شەڕی حاجی ئەمەران تاوانێك بێت, ئەوا ئێپڕاسیۆنە هاوبەشەکانی دیکە کە ینك و پدك و حسك و بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبوواڵای کوردیان لە 5 ساڵی دواتردا, پاش تاقیکردنەوەی کاردانەوەی بەعس بەرامبەر ئێپڕاسیۆنی فەجری دوو لە حاجی ئەمەران, چەندین بار تاوانە, چونکە لە حاجی ئەمەران کاردانەوەی بەعس زانرا, هەموو ئێپڕاسیۆنەکان یاریکردن بوون بە چارنووسی خەڵکەوە, پەند لەو کاردانەوە دەندانەی بەعس وەرنەگرترا, بە هەمان ڕێگادا بە بە گورگان خواردن دانی کورددا ڕێشتن.

تورکیا دەوڵەت سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی زیندوو بکاتەوە؟... م/ جبار عبدالله عزیز

پاش ڕوخانی ئۆتۆمی بەعسی فاشیزم، فەراغێکی سیاسی دروست بوو لە عێراق، ئەو فەراغە سیاسیە وای کرد تورکیا و ئێران هەوڵ بگرن لەناوچەکە، بەهەمان ئەو سیاسەتەی لەسەدەکانی ڕابردووی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی کەلە ناوچەکە باڵادەست بوون، بۆیە تورکیا هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو ناوچانە دەدات کە سەردەمێک لەژێر ڕکێفی دەوڵەتی عوسمانی بوون، چونکە تورکیا پاشکۆی دەوڵەتی عوسمانیە، ئیستاش بەزاندنی خاکی عێراق یەکێکە لە هەوڵەکانی تورکیا، هەژانە

بەهۆبوونی چەکدارانی (پەکەکە) لەناوچەکە، بەردومانی ناوچە سنوریەکان دێکات، زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و ماددی گەیاندۆتە هاوڵاتیان و گوند نشینان بۆتایبەتی، سەرەڕای بەزاندنی سنورەکان و مانوەیان بە هەتایی و دامەزراندنی نوقتەی سەربازی لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیداری لە چاوەڕوان دێکرێت، بۆشکی لادێکان ئیستا چۆڵ کراون لەترسی جموجۆڵ سەربازیەکانی تورکیا، بۆچی شەڕی پەکەکەو تورکیا کۆتە سەر خاکی عێراق؟ ئایا تورکیا و پەکەکە دەستن یان دوژمن؟ بۆچی تورکیا لەخاکی عێراق شەڕی پەکەکە دێکات؟ چەندین پرسیار و ئاوبۆچونی جیاواز هەن لەسەر ئەو ئامانجانەی نەوان تورکیا و پەکەکە، لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ نیە تاکو ئیستا بسەلمێنێ ئامانجی تورکیا لەناوبردنی پەکەکە بێت لەناوچەکەدا، دوو هێکاری سەرەکی ئەو دەخیان دروست کردووە، (یەکەمیان) بۆشکی هاوڵاتیان و لاینە سیاسیەکان پەکەکە بە هێکاری سەرهەڵدانی کێشەکان دەزانن، (دووەمیان) بەپێچەوانەوە لێکدانەوەی بە دێکەن و دەڵێن تورکیا بە داگیرکردن هاتووە نێک بە لەناوبردنی چەکدارانی پەکەکە، ئاماژەی دووەم تا ڕادەیەک جێگای تێوانینە کە دەڵێ تورکیا بە داگیرکردن هاتووە نێک بە لەناوبردنی پەکەکە، ئەگەر تورکیا بە داگیرکردن نەهاتووە، چ پێویست دێکات خاکی عێراق پاک بکاتەوە لە چەکدارانی پەکەکە، خۆی دەتوانێت سنورەکانی لەگەڵ عێراق قایم بکات تا چەکدارانی پەکەکە لەخاکی عێراق دزە نەکەن بە ناو تورکیا، ئیتر ئەوە لەسەر عێراق دەمێنێتەوە چۆن ڕووبەڕووی ئەو چەکدارانە دەبێتەوە، ئامانجی یەکەمی تورکیا گەیانەوەی شاری موسڵ بە ژێر کۆنفی خۆی، تورکیا ڕێڕەوی شەڕی گەیی لە قەندیل و برادەست بە سنورەکانی ئەو شارە کە بەموکی دەوڵەتی عوسمانی دەزانێت، هەرەمی کوردستان زەرەرمەندی یەکەمی ئەو شەڕ و جەنگەی نەوان تورکیا و پەکەکەیە، پێویستە حکومەتی عێراق سنورێک بە ئەو دوو هێزە دابنێت،چیتر نەبنە هێکاری ماوەرانی هاوڵاتیان و پشێلکردنی سەروەریەکان.

ناجەنگیری ڕووشی جیهان ، و نا خڕسکی خەپیشاندانی کانی عێراق... ن/ موتەلیب سەعید عومەر

لەهەموو وڵاتانی دونیا دژ ناڕەزایی و ناڕازیبوون هەوڵەکە بە چاکسازی و گۆڕینی ئەو شێوازە نادروستە لە حکومەتانی کۆئیدارەی وڵات بەڵام دەبات ، بەدرێژی کێشانی ئەو بارودۆخە نەخوازراوە باری ژیانی خەڵک و داواکارییەکانو کەرقی ناڕەزاییەکانیش تادێت بەرزتر دەبێتەوە، زۆرینەی ناڕەزاییەکانیش دژ بە ئەنجام و نائومێدی خەڵکە بگوڕێگرتنی داواکارییەکان و پڕشڵکردنی مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان .

لەدونیای سەردەمی خراپی گۆڕانکارییەکان لەجیهاندا سەرباری ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی ئێراق و وڵاتانی دەوروبەر لەنمونەی دەسوەردانی ئێران لە هاوکاری کردنی گروپ و هێزەکخراوە ئیسلامیەکان دژ بە ئیسرائیل دروستبوونی پشێوی لەناوخۆی وڵاتی سوریا بە ماوەی زیاتر لە دەساڵ ، هەرشو شاڵاوەکانی تورکیا بە سەر باشووری کوردستان و هێڕشەکانی ئێران بە سەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان و گرتنەوەی بەندەوکان بەمەبەستی سیاسی و پاساوی جیاواز دروست بوونی کاریگەریی قێرانی ئاو ، سەرهەڵدانی جەنگی ئۆکرانیا و ڕووسیا وەک دووەمین بەرچاو لەجیهاندا بەرفراوانی جەنگەکە بەپشتگیری و کۆمەکی ئەمریکا و ئەوروپا هاوکات پەداگیریی و تووندگیری دووەمین ڕووسیا لەهەمبەر پشتگیریەکانی ئەمریکا دژ بەڕووسیا ، لایەکی تر جەنگی ساردی نێوان چین و ئەمریکا سەرباری هەرشەکانی ئەم دواییە نێوان ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس ئەم ڕووداوانە وایکردوە جیهان بارودۆخێکی ئاڵۆز و نائارام بخەیاڵەوە ببینێت .

لەم نێوەندەدا ناڕەزاییەکانی شەقامی عەرەب بەتایبەتی باڵی شیعی موقتەدا سەدر کەوتەکی بەهێزی ئایینی ، شیعی ناو گۆڕەپانی سیاسی ئێراق وەای لێ و پەگەی موقتەدا سەدر لەبەری سوپای مەهدی هێزمونک و هێڕشکی ئەپەزسیۆنی هەیە دژ بە چەند لایەنێک لە حکومەتی ئێستای عێراق ئەم دەنگو هێزمونە ناڕەزاییە نک ئێستا بەکو لەساڵانی ڕابووردوو شدا هێوەست و دەنگی ناڕەزایی هەبووە بەرامبەر سیاسەتو ستراتیجی حکومەت و لایەنکانی تری دەسەڵات بەشیعەو سونەوە .

لەردا بەگرنگی دەزانم سەرنج بدەینە گوتار و دروشمی خەپیشاندەرانی شەقامی بەغداد لە دەربەینی سکاڵاو داواکاریەکان لە ڕووی ناعەدالەتی و گەینەی ئەم حکومەتە بە بەدیلێکی تر حکومەتێک کە خاوەنی سەروەری خۆی بێت و لەژێر کاریگەری وڵاتانی دەوروبەردا نەبێت حکومەتێک هەقوڵاوی هەستو بیرو موعاناتکانی خەڵک بێت ، بەڵام لەابووردوودا زیاتر داواکاریەکان بۆ چاکسازی گەینەی ئەو شەوازە بۆ نەهەشتنی گەندەڵی و نایەکسانی ، دابینکردنی هەلی کارو خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە بوو کەئەمیان مافی هەموو کەمەگەیە بەڵام ئەم ناڕەزایانەی شەقام لەناو بەغداد لەڕووی ئاکارەوە جیاواز و ڕەهەندێکی ناشارستانی پەوە دیارە لەهەڵکوتانە سەر دامەزراوە باڵاکانی حکومەت لەهەمانکاتدا ڕەهەندێکی دەروونی نائومێدانەی شەقامی ئێراق و تاکی عەرەبە بە چارەسەر نەکردنو نەبوونی چاکسازی بە دەسەاتدارانی ئێراق بگشتی سەرباری زاڵبوونی هەژموونو بیری تاکەوانەی هەوادارانی موقتەدا سەر بە سەرکردەکەیان وەک کارەزمایەک و فریاد ڕەسێک لەی دەوانن هەوادارەکانی پەیان وایە تەنیا کارەز ماو کەسایەتییەکە بە گەین و چارەسەرکردنی ئەم مەڵبەندە لەدەسەاتو بەدیهەنانی داد پەروەری و سەربەخۆیی تەنیا ڕابەرکەیانە ئەمەش پەویستی بەشەرەف و لەکدانەوەی زانستی هەیە نەک دەربەینی هەستو سۆزی دەروونی ، عاتفی بەیە ئام وایە کاریگەر بوون بەکەسایەتیەک دادو فریادی هیچ کەمەک نادات لەبەرئەوە کەشە وگرفتی وڵاتێک لەو زیاترە بەلایەنێک چارەسەر بکرێ ، لەرەوە ئام وایە ئەم خەپیشاندانو ناڕەزایانە خەسک نین دەنگی ناڕەزایەکان ناتوانن گەانکاری بەدەست بێنن بۆ پێچەوانەوە گەینەی سیستم بۆ سیستمێکی دامەزراوەیی نیشتمانی کە یەکسانی و ئارامی و داد پەروەری بۆ هاوڵاتیانی عەراق بێنێتە دی چارەسەری بنەڕەتی کەشەکانی خەڵکی ئێراق خەباتێکی دوورو درێژی دەوێ دوور لە دیدگاو بیری زاڵی ئایینی و مەزهەبی ،وخەڵکی .

هەوەسبازترین عاشقی دنیا…

قەسیدەی: ستیڤان شەمزینی

کەوتووم ژێر داروپەردووی تاریکی
رووناکییەک دەبینم، نوورێکی سپی
شەوقی ژنێک
لە ژووری تەنهایی زومەتدا
هەموو شەوێک بە خەونێک ئاوس دەبم
خەون بە ژنێکی سەرسامکەرەوە دەبینم
ئەم بە قووڵی سەرنجی دەدەم
سبەی دەکەوم فیردەوسی باوشییەوە
ئەم لەسەر دیواری کنیسەیەک دەنووسم
شەوقی ژنێک بەس لە جیاتی تیشکی خۆر
رووناکی ژنێک بەس لە بری تریفەی مانگ
سبەی ئەو فریشتانەی خوێنی جنێکە
بە لەشیاندا دەگەڕێت
پەل بەستم دەکەن، رامدەکشن بە دەزخ
لەوێ لەسەر دەرگای دەزخ
بە بەرچاوی دەزخنشینانەوە دەنووسم
گەرمی ژنێکە
ئەم ئاگرە بەسەداری خۆش کردووە
ئەمە هەست بە شتبوونی خۆم دەکەم
بە سەمینەوە داوای سێکس
لە ژنێک دەکەم
ئەو وێک نەیزەکێک دەم چاە دەکات
سبەی ڕۆژنامەکانی دەداریی
هەواڵی مەرگی من دەکەنە ماناشت
ئەمە بیر لە درکاندنی
رازێکی کۆن دەکەموە
هەست بە تەریقبوونەوە دەکەم
بە بیانووی شیعرێکەوە
داوای ماچ لە ژنێک دەکەم
ئەو جەنگ لە دژم رادەگەیەنێت
بە شمشێری نەریت
دەماری خوماربوونم دەبڕێت
بە گەڵای شەرم خۆی دادەپۆشێت
سبەی بە بریندکی ساڕێژنەبووەوە

ڕەگەی خەم بڕەو عەدەم دەبەم
زەر نابات
لە ژێر دارتووی زەی فڕامێشیدا دەمرم
کەمێک داە لە لاشەکەم تەر دەخەن
ئەمە خەم دەدەمە دەست دە
عەقە دەخەمە
زیندانی حەزە هەچووکانمەوە
بە سەرخەشی
داوای ڕووتبوونەوە لە ژنێک دەکەم
وەک ڕووتبوونەوەی ناو فیلمەکانی پێنە
ئەو هەزار بیانووی تاڵی هەناوە
وەک پیاوێک وێنای کردم
لە هەوەس زیاتر هیچ ترم نییە
لەوانەیە سبەی
بیر لە نووسینی شیعرێک بکەمەوە
تێیدا بە خەم بمم
ئەی هەوەسبازترین عاشقی دنیا
شوێنێک نەماوە بە خە حەشاردانت
ئەم خەجاڵەتییەت ببە ناو گەوە
ئەمە خەونێکی درە هەدە بەستم
بە زمانێک لەنەوان مغازەلە و گوناهباریدا
بە ژنێکی گیردەی عەشقی خەمم دەم
ئەمشەو لە خەونمدا
لە شارێکی قەرەباغ
بەەام لە کوچەیەکی چەپەکدا
لە ڕەژێکی ڕووناک
بەەام لە شوێنێکی تاریکدا
لە وەرزێکی سارد
بەەام لە ژوانێکی گەرمدا
تە لەگەە من بوویت
وەک دەی خەم
قەپچەی کراسەکەتم کردەوە
مەمکەکانت ئەوەندە ناسک بوون
نەموەرا لەویان بخەمە سەر
نەکا وەک شەکر
بەسەر لەوی تامدا بتوێنەوە
ئەو ترسی لەدەنیشەت و

دڵکەوتە لەرزین
وەسوەسەی ئەوە بە مەشکیدا دێت
دوا پەنجەرەی قسەکردنم لە دابخات
سبەی من دەچمە بەر ئاوێنەی هەقیقەت
دەمم چەند قورسە بەدرێشەوە راستی بڵێی
بەیار دەدەم
پێش ئەوەی خوێنکی تر هەڵبەستم
چاوەکانم دەربهێنم تا خوون نەبینم
هەرچەند حاشا ناکەم لەو خوێنانەی
تێیدا لە باوەشی ئەو ژنەدا پادشا بووم
ئەگەرچی ئێستا
لەسەر عەرشی تەنهایی دانیشتووم
هێشتاش بە دەستکی لەرزکەوە دەنووسم
ئەی ژنەکە
تا مردن کوشتەی تەم

26-11-2018
کەن – بیلەفێلد

"فەرید ئیلهامی" لە فیلمەکانی "تەنبوور" و "هەنیاوانانی چیا پیرەزەکان" مەژووی تەنبوور دگۆڕێت

مەنسوور جیهانی ـ

لە بەگەفیلمەکانی "تەنبوور" و "هەنیاوانانی چیا پیرەزەکان"دا لە دەرهێنانی "فەرید ئیلهامی" دوای 15 ساڵ وێنەگرتن، توێژینەوە و لەکۆینەوە، مەژووی ئامێری هەسەنی کوردی تەنبوور دەخوێنێتەوە.

“فەرید ئیلهامی” بە سازکردنی بەرگی فیلمی “هەنیاوانانی چیا پیرەزەکان” کە سەبارەت بە مێژووی ئامێری مۆسیقای کوردی تەنبوور لە ئایینی یارسان و کاکەییەکانە و هەروەها لە بەرگی فیلمی “تەنبوور” (تەمیرە) کە سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی تەنبوورە؛ 15 ساڵ وەنەگرتن، تەوژینەوە و لێکۆڵینەوەی مۆسیقایی و مەیدانی ئەنجامداوە و ئێم بەرهەمانەی لە 5 پارێزگای ئێران، هەرێمی کوردستان و هەروەها وڵاتانی تورکیا، ئەڵمانیا و سوید وەنەگرتووە.

“فەرید ئیلهامی” گەرانیبێژ، ئاوازدانەر، تەوژەر و ژەنیاری ئامێری تەنبوور، ئێستاکە لە شاری سلێمانی پێتەختی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە؛ ماڵی تەنبووری “ئێیاز”ی دامەزراندووە و ئەمجارە لە چوارچێوەی دەرهێنەر و تەوژەری مۆسیقایی، بەرگی فیلمەکانی “تەنبوور” و “هەنیاوانانی چیا پیرەزەکان”ی سەبارەت بە مێژووی ئامێری ڕۆسەنی کوردی تەنبووری سازکردووە.

ئێم بەرهەمانە بە جۆرێک ئینسکلۆپیدیای ئامێری کوردی تەنبوور دەتە ئژمار و بەش گەلێک لە ژیانی مامۆستایان و کەسام خوانانی ئێم ئامێرە باستانی و ڕەسەنە وەنەگیراوە کە بەداخەوە ئێستاکە لە ژیاندا نەماون. چونکە بوونەی داخ و کەسەرەوە، لە ماوەی ئێم ساڵانەی دوایيدا، تەواوی مامۆستایانی بەوەنە و شایستەی مەقامەکانی تەنبوور لێم دنیایە کۆچیان کردووە و “فەرید ئیلهامی” بە بەرگکردن و تەمارکردن لە مێژووی مۆسیقا، لە هەموو کەسام خوانانی بوارە جۆراوجۆرەکانی تەنبوور، لە بەرهەمهێنانی ئێم دوو بەرگ فیلمە کۆکی ئەوتە و پەیابخی وەرگرتووە.

بە زانیاریی زیاتر:
https://instagram.com/farid_elhami_official?igshid=YmMyMTA2M2Y=

ئاگەیاندنی گشتیی بەرگ فیلمەکانی “تەنبوور” و “هەنیاوانانی چیا پیرەزەکان”.











کێبڕکێی سیاسی و نووسەرکانی؟... زانا ئاراز

ئەمە لە خاکێک لەدایک بوون دژین کە پارچە پارچە کراوە، سەرەای ئەوەش سیاسیکانی نووسەرکانی لەهەر پارچەیەک بەدرژایی ئەو کاتانە پەرتەوازەن هەروەها هیچ ووتاێکی تر سیاسیکانیشی نیە هەندی ئەوانە باس لەوە بکەن کە پەیوستە پەند لە مێژوو وەربگرین کەچی مێژووی دووبارەیە بەڵام بەشەوەی تر .

خەی ئەو سیاسیانە و نووسەرەکانیان کاتی ڕۆژانە هەموو خەریکی بەرهەمهێنانی بیری پەرتەوازەیی و دووبەرەکین لەگەڵ ئەو بیرانەی کە بەرژەوەندی تایبەت لەسەری بنیانتناوە.

بە نموونە هەر یەکێیان بەرگری لە هەموو شتێکی لایەنی خەی دەکات بە ڕەش و سپی یان لەی بەدەنگ دەبەت و چاوپێشی دەکات بەڵام هەر ئەو جۆرە سیاسیانەو نووسەرەکانی کە لە شوێنەکان لەگەڵ یەکێری کەدبنەوە ئاوا نین ، بەڵکو بەرهەمهێنەری ئەو بیرانەن کە بەرژەوەندی گشتی لەدەکەوێتەوە لەگەڵ باسی یەکگرتوویی دەکەن ؟! بەڵام کە لەوە تەواو دەبن و دەنەوە لای شوێنی خەیان ئەوانە هەر وەکو ئابردوو هەمان کار دەکەن .

ئەوەش ئەگەر نموونەیەکی لەسەر بهێنینەوە
کاتێک ئەوانە ڕۆژانە خەریکی ملمانێی سیاسین هەر یەکێیان بە بەرژەوەندی بەری خەی خەی ماندوو دەکات نێک بە گشتی، بەڵام کە لە شوێنێک (شوێنکی ئەکادیمی، کەنگرە…) هەمویان یان هەندێکیان لە نووسەرەکانیان یان سیاسیەکانیان یان هەردووجۆری سیاسی و نووسەرەکانیان کەدەکاتەوە بەشەوێک قسە دەکەن وەکو پێشتر نیە ئەمەش نێک جارێک یان دووجار بەڵکو زۆرجار هەر ئاوا بوونە ، دەشکرێت بڵێین ئەوان هەڵەن یان وا دەزانن دەبە وابن هەڵەن لەوەی بە پێی شوێن قسە دەکەن نێک بەقەناعەتەوە هەروەها وا دەزانن ئەوەی ئەوان ڕۆژانە دەیکەن هەمان ئەو شتەیە کە لەوە باسی دەکەن هەندێکیشیان حەز بە پەرتەوازەیی ناکەن بەس چونکە کەمینە یان شتێکی تر خەی ئادەستی واقیع دەکات بەڵام نابە وابەت دەبە قسەی خەی وەک خەی هەبەت.
2022 8 10

گلێیی کوردبوون لە تاێیبانێکانی کوردستان مەکەن!…

شەماڵ بارەوانی

هیچ پەویست ناکات گلەیی کورد بوون لە بابایەکی ئیسلامی سیاسی و تاڵیبانەکانی کوردستان بکەیت و بڵێیت چۆن بوەری وا دژکەیت کفر و بە هەزی بە پیرەزی خاکی کوردستان بکەیت و بڵێیت:خاکی عەرەب و سعودیە لە کوردستان پیرەزترە؟!

ئەوانە مەعدەنیان دیارە کەچین و لە کوە ئاو دەکرێت بە ئاشی ئیدەلەجیاکەیان.
ئەوان لەمەژە و بە ئاشکرا جاشی عرووبەن و خزمەتی ئەجەندای نەیارانی کورد دەکەن و شانازی بە وەکالەت بە پەژڕی تەعریب و هزری فەندەمەنتالیستی دەکەن.

ئەوان بە خەمی خاك و دەوڵەتی کوردی و لە پەناو کوردستانی گەورە و بە کوردایەتی دروست نەبوون هەرگیز.

لەمەژە هەستی نەتەوایەتی بە بیدعە و بیری ناسیۆنالیستی بە دەستی ئیمپەریالیزم و دەسیسەی جولەکە و پیلانی غەربی کافر دادەنەن بە پارچەپارچەکردنی خاکی ئیسلام و پەرتکردنی یەکەیزی برایانی عەرەب و ئەفغانی و شیشانی و خەلیجی و تورکی و پاکستانی موسەمان.

کاکە گیان لە عەقیدە و بیر و باوەڕی ئیسلامی سیاسیدا شتێک نییە بە ناوی کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی و ئەوان باوەڕیان بە چەمکی(ئوممەی ئیسلامی هەیە).

بۆیە هەرگیز چاوەڕێ مەکە ئەمیر و ئەمیندار و ئابڕۆکانی ئیسلامی سیاسی و دڕۆشکانیان بڵێن و ببن بە پاڵەوانی هەستی ناسیۆنالیستی، ببن بە خانی و جەلادەت بەدرخان و قازی و، واعیز و مەلا و دکتۆر عەبدولواحیدەکانیان ببن بە نەتەوەپەروەری تەمام عەیار و، چیتر دەستبەرداری سوکایەتیکردن و بە گەزیکردن بن بە کوردایەتی و خاك و چەمکی پێکەوە ژیان و فرەیی و یەکترقبوڵ کردن و زەردەشتیەکان و ئەزدی و مەسیحی و جوو و بە دین و هەموو جیاوازیەکان.
هەرگیز، لەخەیاڵیش چاوەڕێی وەها شتێک مەکە.

ئەزیزم من لەوتاریتریشدا گووتووومە و لێرەش دەیڵمەوە: ئەوان بە کوردایەتی دروست نەبوون، بەڵکوو بە زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی و گەنانی دەوڵەتێکی سیوکراتی و جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی

شەریعەت و بە ئایینکردنی تەواوی سەکتەرەکانی ژیان درووست کراون.

گەر ئێستا لە ژێر دیفاکتۆ و ئەمری واقیعدا، جار و بار، لەرە و لەوە باس لە کورد بوون و دەوڵەتی کوردی دەکەن، دەنیابە ئەوە هەمووی تاکتیک و فێڵ و ناچارییە. بە هووکێش دەوڵەتی کوردیشیان بوێت و سەتجار پشگیری سەربەخۆیی و یەفراندەمیش بکەن، درێی دەکەن و دەوڵەتکیان دەوە موتوربەی دگمەکانی سەید قوب و بیری ئیخوانچیەتی و ئیدئۆلۆجیای حەسەن بەنا بێت و حوکمی مەزهەبی و فیقهی ئیسلامی و ئەجێندای ئیسلامی سیاسی تێدا بادەست و یاسا و سەروەربێت بێت.

خۆ بینیمان کاتێک کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان لەساڵی٢٠١٣ پرۆژە دەستوورەکی شارستانی و مەدەنیان نووسی و دانیان بە یەکسانی جێندەری و ژنبوون دانا، وەکو مرۆڤ و یەکسان بە پیاو، نەک هاوشێوەی ئیسلامی سیاسی وەکو بوکێنی ئارەزوو و ئامێری جنس و کەنیزە و چوار ژن بە پیاوەک و نیوە میرات و بەکەم ئەقڵ و نامرۆڤانە و لە هەوانگێیەکی زێر نزم و نەرسالارانە سێیری ژن بکەن! ، چۆن لەرە یەکگرتووی ئیسلامی و عەلی قەرەداغی ئیخوانی قەتەری زیندیان کرد و هاواری ئیدئۆلۆژیایانە و مەزهەبیانە و پاتریارکیانە و فەندەمێنتالیستانیان لە بەرزبووێیە و بەیاننامەیان لە دژ دەرکردن و پێتێستە و سەرکەنیان کردن و ئەو پرۆژە دەستوریان بە دژایەتی کردنی خودا و ئایین یەکسان و پێناسەکرد!.

ئەزیزم ئەوێیە حەقیقەتەکە، ئەوان بیر و هۆشیان لای تاڵیبان و چاویان پە فرمێسکە بە جەوهەر دەدایقی تیرەرستی شیشانی و دێیان بە حەماسی تیرەرست و حەرەکەی جیهادی فێستین و ئیخوانی میسر لەدەات و ئاواتیان ئازادبوون فێستینی ئومەی عەرەبیە و سەریان لە کێشی ئیخوان و گیرفان و قنیان لە باوەشی کەماری سەدارە و ئاخوندەکانی ئێرانە.

من بە ماوەی چەندین ساڵ لەناو حزبەکی ئیسلامی بووم و ئەندامیان بووم و وانەی ئوسرە و دەرسی تەنزیمی حزبم لایان خوێند و بە دگم و ئیدئۆلۆجیای ئیسلامی سیاسی تێقینیاندام، ڕۆژێک باسی شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای دەرسمی و سمکۆی شکاک و کوردایەتی و دەوڵەتی کوردیان بە نەکردم، لە بەرامبەردا مەشکیان کاسکردم بە ناوی حەسەن بەناو سەید قوتب و سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی و ئەبو ئەعلای مەودودی و فلانی ئەفغانی و فیساری پاکستانی و کەی میسری و ئەویتری سودانی و کاتێک باسی کەمال ئەتاتورك و تەرانیەکانیان بە دەکردین،

بەیەک وشە و یەک دەم باسی ئەو هەموو ستەم و زوڵم و فریوی دەرهەق بە کورد و قەدەغەکردنی زمانی کورد و کپکردنەوەی شۆشی شێخ سەعیدی پیران(١٩٢٥) و ئاگری داغ(کەماری ئارارات) (١٩٢٧-١٩٣٢) و سەرکوتکردنی ئاپۆینی یەکەمی کەچگیری(١٩٢٠-١٩٢١) و ئاپۆینی دووەمی کەچگیری(دەرسم) (١٩٣٦-١٩٣٨) و جوڵانەوەی پلومەر (١٩٣٠)و جوڵانەوەی کەچ ئوشاغی(١٩٢٦) و کەمەکوژی و جینسایدی دەرسمیان نەدەکرد، بەڵکو تەنها باسی ئەوەیان بە دەکردین کە ئەتاتورک کەسێکی بێ دین بوو و خەلافەتی ئیسلامی هەڵوەشاندەوە و لیباس و جبە و عەمامەی عەرەبی مەناکان و بانگی بە زمانی عەرەبی قەدەغەکرد و دژایەتیکی زۆری ئاینی کرد و هەر لەو سەنگەیشەوە، ڕقیان لە ئەتاتورک دەبوویەوە، نەک لەبەر ئەوەی دژایەتی کورد و کوردستانی کرد و کەمالیەکان چەن لە ڕۆگای تیرۆری دەوڵەتەوە کوردستان و کوردیان خەڵتانی خوێن کرد.

بەیەک دنیابە، کامیان لە هەمووی زیاتر خۆی لا مەدەنیترە(وەک ئەوەی هەندێکیان وا خۆیان ناوزەددەکەن) لە هەمووی داعشترە، بەڵام کاتێک حوکم بکەوێتە دەستیان و دەخەکە لە بەرژەوەندی ئەواندابێت و هەز و دەرفەتیان هەبێت.
بەڵێ تەنها دوو ڕۆژ بەسیەتی بە بە داعشکردنی کەمەڵ و سپاندنی شەریعەت و جێ بەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەت، کە ئیسلامی سیاسی حوکم بکەوێتە دەستیان.

مەرەف لەنەوان زانیاری و زانیندا؟... زانا ڕاق

خۆی ئەکرێت بپرسین زانیاری چیە ؟بۆچی دەوترێت زانیاری؟ ئەی زانین چییە؟ بۆچی دەوترێت زانین؟

زانیاری ئەو بیرکەیەیان هەر شتێکی تری هاوشێوەی ئەوانەو لەوانە نزیکە کە هی مرۆڤێک نەبێ بیبیستێت ئەوا زانیاریە.
ئەوجا زانیاری جۆرا و جۆر هەن :
هەیە هی هەواڵیە ، هەشە هی تەڵەفزیۆن دروست کردنە، هەشە هی

کارەبا دروست کردنە …

دووەمیش زانین ئەو شتانە کە زانستی تێدا دروست دەکەی ، یان بەشێوەی تر واتە تە زانای لە هەر بوارێک تە ئەو شتانە دادەهێنی نوێن ، دواتر بەهای بەردەوامی پێرە بەوە دەدەی، یان بەشێوەی تر ئەوەی تە دەیزانی ئەوە زانستە هێروەها ئەوەی مرۆڤی تریش دەزانە زانستە بەڵام هی تە بە ئەو زانیاریە هی ئەویش بە تە و هەموو کەسانی تر زانیاریە .

ئەوەی لە کۆمەڵگای ئەمە و تێژەڵاتی هەیە زانیاریە نەک زانین ناشکرێت بەڵین هەمووی تێژەڵاتی زانیاریە بەڵکو دەکرێت بەڵین بەشێوەیەکی گشتی ئاوایە ئاوا دیارە ، بەهەمان شێوە دەکرێت بوترێت بە تێژئاوایەکانیش زانیاریە بەڵام جیاوازی تێژەڵاتی و تێژئاوایی ئەوەیە ئەوان زانایان هەیە تێژەڵاتی نیەتی .

بە نموونە تێژەڵاتی زانستەکانی فیزیا و کیمیا و زیندەوارزانی بەهەمان شێوەش ئەمە بنەڕەتی دروستکردنی ئەوانەمان نیە، وەکو زانستێک، نەک زانیاریەک؟! بەڵکو ئەوان هەیانە .
بە نموونە
یاریبازی ئەدەبی تایبەت بەخۆمان نیە، یان زانست تایبەت بەخۆمان، یان سینەما و دراما و هەموو بوارێکی تر ؟خۆی ئەوە گرنگە زانستی بنەڕەتی بوارەکان بزانین .

دەکرێت بەڵین جیاوازی نێوان زانین و زانیاری
ئەوەیە :
یەکێکیان پێشتدێخات ئەوەی تر چێقبەستووت دەکات ، یەکێک زیان لێدەدات یەکێک سودت پێدەگەیەنێت ، یەکێک ئامانجێ یەکێک ئامرازێ ، هێروەها ئەمە کاتێک زانین دەزانین زاناکان دروست دەبوون پێیدا دەبوون بەهای کارکردن و دروستکردنی زاناکان و فێیلەسوفان و بیرمەندان و نووسەران وهەموو بوارەکانی تر بەڵام زانیاری هەموومان وەک یەک دەبووین، ئەمش هێروەکو بیرکردنەوەیەکی تێژانیە، یانی نووسەرەکان هەموویان پێکدێچن هێروەها هەموو بوارەکانی تر ،ئەوانە وادەزانن کاریان ئاوایە، بە بڕۆ پێشچوونیش لەو هەموو بوارانە پێویستمانە بەداهێنانە داهێنانیش پێویستی بەجیاوازبوون و داهێنان و پڕپێدانە .

تێبینی ئەو بابەتەم شێوەک لێشێوکان ساڵی ڕابردوو لە ئێکاونتم باسم کردبوو

2022 8 9

ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی... نووسینی: عەتا قەرەداخی

سەرەتا:

ڕەنگە یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی قسەکردن لەسەر شیعری کلاسیکی کوردی ئەوە بێت کە زۆرێك لە سەرچاوەکانی ئەم ڕستبازە شیعریە بە تایبەتی لە ئاستی زمانو هونەرەکانی شیعردا پەیوەست بن بە هەمان سەرچاوەکانی شیعری دراوسێکانی کوردەوە بە تایبەتی شیعری عەرەبیو فارسی. هەبەت ئەوەش هۆکاری بابەتی خۆیی هەیە کە لە پێش هەموویانەوە ئەوەیە کە سەرچاوەی ڕۆشنبیری کوردی لە ڕابردوودا بە پلەی یەکەم عەرەبیو فارسی بووە، دیارە ڕۆشنبیری تورکیش لە پلەی دووەمدا دێت ئەویش بە کاریگەری ئەوەی کە یەکەم کوردو هەریەکە لەم سێ نەتەوە جیاوازە هاوئایینن. خاڵی دووەم کە ئەویش بایەخی خۆیی هەیە ئەوەیە کە کورد بۆ ماوەی دوورو درێژی لە لایەن دەسەڵاتی ئیداریو سیاسی ئەو نەتەوانەوە بەتەواوەتی ئەندازەی ئەوە دەتوانین بڵێین کێشەی کراوەتو بەو پێیەش کەلتوورەکەشی لەلایەن کەلتووری ئەو نەتەوانەوە کە باڵادەستتر بوون لە کورد کاڵتری کراوە. هەروەك تا قۆناغێکی درەنگیش نووسین بە کوردی دەرنەکەوتووەو، کورد بە زمانی عەرەبی یان فارسی یان تورکی نووسیووێتی. ئەوە ئاشکرایە کە زمان وەکو ئامرازی دەربڕین یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی هەر دەقێکی ئەدەبی. بە گوێرەی ڕوانین بۆ شیعری کلاسیك کە وەکو ئەدەبی چینی ئەرستۆکرات سەیر دەکرێت، بێگومان دەبێ زمانەکەیشی لەو ئاستەدا بێت. یەکێك لە کێشەکانی شیعری کلاسیکی پەیوەندی بە زمانی نووسینەوە هەیە کە زمانێکی تێکەڵاوە لە زاراوەی عەرەبیو فارسی تورکی. ڕەنگە یەکێك لە هۆکارە دیارەکانی ئەو هەموو وشەو زاراوە عەرەبیو فارسیو تورکییە لە دەقی کلاسیکی کوردیدا سەرباری باڵادەستبوونی کەلتووری ئەو نەتەوانە بە

هەموو رەگەزەکانییەوە بەسەر کەلتووری کوردیدا، لاوازی چینی ئەرستۆکراتی کوردی بوو بۆت کە لە ئاستێکدا نەبووە زمانی تایبەت بە خۆی هەبێتو بەو پێیەش ئەدەبی کلاسیکی کوردی گوزارشتی راستەقینە بوو بێت بە زمانی ئەو چینە. زۆرجار ئەوەمان بەربای گوێ دەکەوێت کە ڕۆشنبیرە نەریتیەکانی ئێمە هەموو بایەخو گەوهەری شیعری کلاسیکی کوردی دەگێڕنەوە بۆ ئەو زمانەی کە پێی نووسراوە گوایە زمانێکی بەرزە بەڕام لە راستیدا وانیە چونکە ئەو زمانە پێە لە وشەی بێگانەو مەرجیش نییە وشە بێگانەکان لە سیاقە کوردییەکەدا هەمان ئەو مانایە ببەخشن کە لە زمانە ئەسڵیەکەی خۆیاندا هەیانە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە سیاقی ڕۆزمانیش زۆرجار کوردی نییە هەرچەندە شیعر مەرج نییە پەیڕەوی ڕۆزمان بکات. بۆگومان ئەو ئاڵۆزییەی زمان هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی خوێندەواری کورد نەتوانێت لە شیعری کلاسیکی کوردی تێبگاتو لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە لە نۆوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەوە وەکو خاڵێکی گەشو پێزەتیفی شیعری کلاسیکی کوردی سەیر بکرێت واتە مادەم خەڵك ناتوانێت لەم جۆرە شیعرە تێبگات، یان تەنانەت ناتوانێت بە راستی بیخوێنێتەوە مانای وایە ئەوە شیعرێکی بەرزو نایابە.
بەهەرحاڵ ئێمە دەزانین سامانی شیعری کلاسیکی کوردی سامانێکی تا ئەندازەیەك دەوڵەمەندە بەڕام ئایا سەرچاوەی ئەسڵی شیعری کلاسیکی کوردی عەقڵو خەیاڵی کوردییە یان دەشێ وای بۆبچین خەیاڵو عەقڵی کەلتووریەکانی تر لە پشتی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە شیعرەوەیە لە مێژووی شیعری کوردیدا؟ بۆگومان ئەگەر لەسەر دوو ئاست سەیر بکەین ئەوا راستەخۆ وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەستگیر دەبێت. یەکەم لە ئاستی زمانی دەقە کلاسیکیەکان خۆیاندا کە تێکەاوێکن لە کوردیو وشەی عەرەبیو فارسی. دووەم وەکو ئاشکرایە کێشەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بۆجگە لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە بە زاری گۆرانی نووسراون کە بە کێشی پەنجەن کە ئەویش کێشی فۆلکلۆری کوردییەو ئەویش هەمان کێشی گاتاکانی ئایینی زەردەشتیە، ئەویتری بە کێشەکانی خەلیلی کۆی ئەحمەدی فەراهیدی نووسراوە یان بە کێشی مەسنەوی فارسی نووسراوە کە هیچیان کوردی نیین. دیارە مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوە نییە کە بەڕین مادەم شیعری کلاسیکی کوردی بەو زمانەو بەو کێشانە نووسراوە هیچ بەهایەکی نەتەوەیی یان ئەدەبی نەتەوەی نییە. نەخێر بەکو مەبەستمان ئەوەیە کە بەڕین داخۆ چەند پۆ بایەختر دەبوو ئەگەر شیعری کلاسیکی کوردی بە کێشی تایبەتی کوردیو بە زمانی کوردی کە مەبەستمان زمانی ستانداردە یان ئەرستۆکراتی کوردییە بنووسرایە، نەك بە زمانی تێکەاو لە عەرەبیو فارسیو تورکیو سەرباری ئەوەش بە زاری ناوچەیی بۆ نموونە لە

کاتێکدا کە ئەحمەدی خانیو مەلای جزیری بە کرمانجی سەرو نووسیوویانە، نالیو سالمو کوردیو مەحوی.. بە زاری کرمانجی خواروو نووسیوویانەو بەسارانیو مەولەویو شاعیرانی تری هەورامی بە زاری گۆرانی نووسیوویانە کە ئەوەش زیاتر خاسێتی ناوچەیی بوونی بە شیعری کلاسیکی کوردی بەخشیووەو ئەوەش وایکردووە کە شیعری کلاسیکی کوردی وەکو ئەدەبی ناوچەیی لە مۆزووی ئەدەبی کوردیدا بمێنێتەوەو لەسەر ئاستی جوگرافیای نەتەوە تا مۆزوویەکی درەنگیش ئەو ئامادەبوونەی نەبێت. ئەوەش وایکردووە کە سەرچاوەکانی شعیری کلاسیکی کوردیش جۆرێك لە ناوچەگەریان پێوە دیار بێت بێ نموونە ئەوەندەی شیعرەکانی نالیو سالم پەیوەستن بە میرنشینی بابانو سنووری قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینەوە ئەوەندە پەیوەست نین بە هەموو جوگرافیای کوردەوە، هەروەك بەرهەمەکانی مەلای جزیریو ئەحمەدی خانی پەیوەستن بە جوگرافیای بادینانەوە لەبری جوگرافیای کوردستان.

بە هەرحاڵ ئەمەی لەسەرەوە باسکرا بەشێکە لەو کێشانەی کە دەبێ کاتێ باسی سەرچاوەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەکەین یان کاتێ باسی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی شیعری هەر شاعیرێك دەکەین یان لە بارەی بنەماکانی گوتاری شیعری هەر شاعیرێکی کلاسیکی کوردەوە دەدوێین دەبێ ئاگاداری ئەو کێسپو بەربەستو کێشانە بین نەك بەشێوەیەکی گشتگرو بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکان بە یەك شێوەو بە یەك ئاراستە باسی سەرچاوەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بکەین. رەنگە ئەگەر بواری توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە نێوەندی رێشنبیری کوردیدا بێ ئەمەو پێشو بواری توێژینەوەی بەنێوێکداچوونی دڕ (Intretextuality) لە ئێستادا دەوڵەمەند بوایە زۆر پەیوەندی ئاشکرای نێوان شیعری کلاسیکی کوردیو فارسی یان کوردیو عەرەبی پەردەی لەسەر هەڵبگیرایەو مەودای کاریگەری شیعری کلاسیکی ئەوان لەسەر شیعری کلاسیکی کوردی دەربکەوتایە.

دیارە ئەوەش مایەی پرسیارە کە لە نێوەندی رێشنبیری ئێمەدا تاکو ئێستاش زانیاری گشتی سەبارەت بە کلاسیك زانیاریەکی سەرپێیە. لە راستیدا زاراوەی کلاسیك لەسەردەمی گریکدا مەبەست لەو بەرهەمانە بووە کە بێ چینی سەرەوە دەنووسران. لەسەردەمی رۆماندا مەبەست لە زاراوەی کلاسیك ئاماژەکردن بوو بێ ئەو نووسەرو داهێنەرانەی کە خاسێتو نەریتو عەقڵی چینی سەرەوەی کۆمەڵگەیان هەڵگرتبوو واتە چینی ئەرستۆکرات. بەڵام لە سەدەکانی ناوەنددا ئەم زاراوەیە مانای نووسەرێکی لە خۆدەگرت کە لە پاڵدا خوێندبێتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی پڵگەی کۆمەڵایەتیو پێوەستبوونی چینایەتی. لەسەردەمی رێنیسانسدا

تەنها ئەو بەرهەمە مەزنانە بە کلاسیك دادەنران کە لەسەردەمی گریکو رۆماندا بەرهەم هاتبوون کە بەرهەمی پێبایەخی چینی یەکەم بوون. هەروەك لە روانینی هیومانیستانەوە ئەو بۆچوونە جێگیر بوو کە نووسەری کلاسیك ئەو نووسەرەیە کە گەیشتۆتە ئاستی تەواو(کەمال) لە هەموو رووبەکەوە. هەروەك لەو سەردەمەدا زاراوەی کلاسیك لە سێ روانگەوە دەبینرێت یان بە پێی سێ پێودانگ شوناسی کلاسیکی بوون وەردەگرێت کە بریتین لە:پەیوەستبوون بە چینی یەکەمەوە یان نایابیوون، دڕین ، نموونەیی(J.A. Cuddon, a dictionary of literary Terms. P.122) . کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە زاراوەی کلاسیك پەیوەندی بە گریکو رۆمانو ئەو ئەدەبەوە هەیە کە لە سەردەمەکەشی پێوە دیار بوو بێت. بەڵام بە گشتی لای زۆرینەی خوێنەرانی دواتر کلاسیك وەکو رەگەزێکی ئاڕاستەی ئەدەبی سەیرکراوەو ئەو خاسێتەی کە گوایە ئەم ئەدەبە بۆ چینی بەرزیان ئەرستۆکراتەکان نووسراوە تاکو ئێستاش ئامادەبوونی هەیە لەو روانگەیەوە کە گوایە تێگەیشتنی ئەم ئەدەبە گرانەو ئاڕاستەو خەڵکی ئاسایی ناتوانێت لێی تێبگات. هەر بۆیە ئەو بۆچوونە بەردەوام دەگوترێتەوە کە دەڵێت: کلاسیك ئەو کتێبانەن کە هەمیشە گومان لێ دەبێت کە خەڵك لە بارەیانەوە دەڵێن: جارێکی تر دەیخوێنمەوە، هەرگیز ناڵێن: دەیخوێنمەوە(Italo Calvino The Uses of Litrature p.125) . ئەمەش جۆرێك لە ناراستی تێدایە چونکە ئەو بۆچوونە لای خوێنەر جێگیر بووەو بەشەرمی دەزانێت بڵێت من ئەو کتێبە یان ئەو بەرهەمە کلاسیکەم نەخوێندووەتەوە. لە راستیشدا ئەمە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە گوایە ئەدەبی کلاسیك ئەدەبی چینی بااڵیەو ئەو خوێنەرەی نەیخوێندبێتەوە مانای وایە لەو چینە کەمەاڵیەتیە نییە یان ئاستی ڕۆشنبیریو عەقڵی لەو ئاستەدا نییە کە لەو ئەدەبە تێبگات. بەهەرحاڵ ئەو بۆچوونە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا لە ئەدەبی گەلاندا جێگیرە کە ئەدەبی کلاسیك بایەخی خۆیی هەیەو خوێنەری سەردەم ناتوانێت باش لێی تێبگات، ئەمە سەرباری ئەو بۆچوونە جێگیرەی کە پێی وایە ئەدەبی کلاسیك لە ئاستکی بااڵی داهێناندایەو تەنانەت لوتکەی داهێنانی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بریتیە لە ئەدەبی کلاسیکی ئەو نەتەوەیە. ئەم بۆچوونەش بە ئاسانی ناگڕێت بە تایبەتی لە نێوەندی ڕۆشنبیر کوردیدا هەکەشی ئەوەیە

بەراورد بە ئەدەبی کلاسیك قۆناغەکانی داوتری ئەدەب بە تایبەتی شیعر بە بۆچوونی زۆرك لە خوێنەرانی نەریتی لاوازن چ لە رووی ئاستی داهێنانەوە چ لە ئاستی جیهانبینی ئەدەبیو تەنانەت لە رووی ئامادەبوونی کەسێتو نوخبەی خەریك بوو بە ئەدەبیشەوە ئەم تۆمەتانینە زۆربەی کات پشتگیری لێدەکرێت یان هەر هیچ نەبێت رەت ناکرێتەوە. بەهەرحاڵ ئەمە لێرەوە دەگەیینەوە بۆ باسکردنی ئەو سەرچاوانەی کە دەقی مەحویان بە گشتی لەسەر بنیادنراوە.

لە سەرەتاشەوە پێمباشە ئەو پرسیارە بەرز بکەینەوە: ئایا ئەو رەگەزانەی کە شیعری مەحویان بەرهەم هێناوە تا چ ئاستێك بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی ماناو دەلالاتدا؟ ئایا مەحوی بۆچی ئەو رەگەزانەی بەکارهێناوە؟ ئایا زمان وەکو رەگەزی یەکەمی بەرهەمهێنانی دەق لە ئەزموونی شیعری مەحویدا توانیوێتی ئەرکی هەگرتنی ماناو دەلالات ببینێت؟ ئایا ئەتمۆسفێری گشتی شیعری مەحوی چۆن لەگەڵ رەگەزەکانی تری بنیادنانی دەقدا کاردەکات بۆ بەرهەمهێنانی شیعریەتو لەوشەوە بۆ رەخساندنی زەمینەی دروستکردنو بەرزکردنەوەی پرسیار؟
دیارە ئەوە ئاشکرایە کە بەرهەمی شیعری مەحوی وەکو سەرجەمی شیعری کلاسیك رەگەزەکانی شیعری کلاسیکو تەکنیکەکانی شیعری کلاسیکی تێدایە. ئەمە سەرباری ئەو بنەما سەرەکیانەی کە شیعر وەکو دەقی هونەری دەبێ هەیبێت. دەقی شیعری مەحوی دەقێکی دەوڵەمەندە بە وێنەی شیعریو میتافۆرو پارادۆکسو بەکارهێنانی هێما ئەمە سەرباری هونەرەکانی تری نووسینی شیعر لە جۆری کێشو سەرواو رەگەزی گۆرانەوەو دایەلێکو مۆنۆلۆگو... بەڵام دیارە ئەم رەگەزانە خاسێتی گشتی دەقی شیعرینو ناشێت تەسەوری بەرهەمهێنانی دەقێکی زیندووی شیعریی بکەین بەبێ بوونی زۆرینەی ئەم رەگەزانە. بەڵام ئایا ئەو سەرچاوانەی کە جیهانبینی شیعری مەحوی پێکدەهێنن و شووناس بە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دەبەخشن چین؟

یەکەم: یەکێك لە سەرچاوە سەرەکیەکانی شیعری مەحوی ئایەتەکانی قورئانە یان بە شێوەیەکی تر بڵێین مەحوی لە زۆرێك لە دەقەکانیدا هەوێیداوە دەقی قورئانی یان ماناو مەبەستی ئایەتێکی قورئان بکات بە بنەما بۆ ئەوەی مەبەستی شیعری خۆیی پێ بەهێز بکاتو لە هەمان کاتیشدا رەهەندێکی قوڵی فیکری ئایینی بە دەقەکەی ببەخشێتو لە هەمان کاتیشدا گەوهەری ئەو دەقە ئایینیە لە پێناوی بەرهەمهێنانی جیهانبینی شیعری خۆیدا بەکار بهێنێت. رەنگە ئەو پرسیارەشمان لە لا دروست ببێت ئایا مەحوی بە درێژایی ئەزموونی شیعر نووسینی خۆی بۆ

جیاوازی واتە لەو کاتەوە کە دەستی کردووە بە شیعر نووسین تا ئەو کاتەی دوا شیعری نووسیووە، گەڕاوەتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە ئایەتەکانی قورئان یان لە قۆناغێکی دیاری کراوی ژیانو ئەزموونی شیعری خۆیدا بەوجۆرە کاری کردووە؟ بەهەرحاڵ نەبوونی مۆژووی نووسینی دەقە شیعرییەکان لای ئەم شاعیرە وەکو زۆربەی شاعیرانی تری کلاسیکی ئێمە رێگرە لە دڵنیاوەی وەڵامی ئەم پرسیارەدا.

مەحوی لە شیعری (کە ئەمری فەرمو) دا دەڵێت:

کە ئەمری فەرمو ئەو شاهە بە (اقرأ)،

ئەگەر فەرمانی قەتڵە کۆ دەڵێ نەخێر.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی (اقرا کتابك، کفی بنفسك الیوم علیك حسیبا). کە وەکو لە پەراوێزی دیوانی مەحوی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیسو کاکە حەمەی کۆیدا هاتووە مەبەست لەم دێڕەو ئایەتەکە ئەوەیە کە خوا لە رۆژی دوایدا نامەی کرداری هەر کەسە دەداتە دەستی ئەو کەسە خێرو فەرمانی پێدەکات کە نامەی کرداری خۆی بخوێنێتەوە تا بزانێت لە دنیادا چی کردووە. بۆگومان مەحویش بەو مەبەستە ئیحای ئەو ئایەتەی هێناوەتە نێو ئەم دێڕەی شیعرەکەیەوە کە مەبەستی ئەوەیە بڵێت هەموو کەسێك پاداشت یان سزای ئەوە وەردەگرێت کە لە ژیانیدا دەیکات، ئەو بۆچوونەش بەرجەستە دەکات کە هیچ کەس ناتوانێت لە لێپرسینەوەی رۆژی دوایی رزگاری ببێت بۆیە باشتر وایە هەمووان بە جۆرێك کارو رەفتار بکەن کە کاتێ خودا نامەی کرداری خۆیانیان دەداتە دەست تا بیخوێننەوە، سەربەرزانە لەبەرامبەر خودای خۆیاندا رابووەستنو بێ ترس لە چارەنووسیان نامەی کرداری خۆیان بخوێننەوە. لە پشتی ئەم لێکدانەوەیەشەوە ئەو بۆچوونە باوەستەی مەحوی راوەستاوە کە پێی وایە لەبەر ئەوەی ئەم دنیا کورت تەمەنەو دەبڕتەوە، مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە کە دەستبەرداری ئەم دنیایە دەبێتو خۆی تەرخان دەکات لە پێناوی ئەو دنیادا.

هەر لە هەمان شیعردا مەحوی دەڵێت:

بە یادی قامەتی ماوم بە پێوە،

علی ما مثلها موسی توکأ.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەم ئایاتە: و ما بیمینك یا موسی؟ قال هی عصای اتوکوا علیها و اهش بها علی غنمی و لی مارب اخری). واتە خوا لە حەزرەتی موسای پرسی ئەوە چییە بە دەستی راستتەوە؟ ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی ئەوە عەساکەمە خۆم دەدەم بەسەریداو مەڕەکانمی پێ لێدەخۆمو مەبەستی تریشم پێی هەیە(پەراوێزی دیوانی مەحوی ل.41). لە ئاستی بینراوی ئەم دێڕەدا مەحوی باسی ئەوە دەکات کە بیرەوەری یادکردنەوەی بەژنو باڵای یار ئەوی بە پێوە راگرتووە واتە ئەوەی

هۆزی بە پۆوە راوەستانی پێبەخشیووە تەنیا یادەوەری بەژنو باڵای یارە. بەڵام لە ئاستی قوڵتردا مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ ئەگەر ئومێدو هیوایەکی نەبێت لە ژیاندا ئەوە ناتوانێت لەسەر پێی خۆی رابووەستێتو درێژە بە ژیانی بدات. هەروەك وەرگرتنی ماناو دەقی ئەم ئایاتە لە قورئان لە ئاستی یەکەمدا ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە حەزرەتی موسی توانیوێتی لەگەڵ خودا گفتوگۆ بکاتو لە وەڵامەکەشیدا باسی ئەوە دەکات کە عەساکەی ئامرازێکە بە دەستیەوە بۆ خۆاگرتنو بۆ جێبەجێ کردنی گەلێك کاری تریش. ئەمە جگە لەوەی کە عەساکەی موسا عەسایەکی سیحری بووەو سەرباری پێغەمبەرایەتی بەشێك لە کاریزمای موسا لە عەساکەیدا بووە کە گوایە عەسایەکی سیحری بووەو هۆزی چاودێری کردن یان ریعایەتکردنی رەعیەتی پێبەخشیووە. بە هەمان شێوە بەژنو باڵای یاریش بۆ مەحوی هەمان ماناو کاریگەری عەساکەی موسای هەیە ئەگەر مەحوی لەگەڵ یاردا بەیەك بگەن. کەواتە لێرەوە جۆرێك لە ئاوات خواستنی مەحوی هەیە بۆ ئەوەی هەمان ئەو پێگەو دەسەڵاتەی موسای هەبووایەو هەرچۆن موسا بە عەساکەی زۆر کاری جێبەجێ کردووە ئەمیش هۆزێکی لەوجۆرە نهێنی هەبووایە بۆ ئەوەی خواستو ویستەکانی خۆیی پێ جێبەجێ بکردایە. لە هەمان کاتیشدا مەحوی لە ئاستێکی نەدرکێندراودا خۆی بەراورد دەکات بە موساو پێی وایە یارەکەی هاوشێوەی عەساکەی موسایەو لەو ئاستەدایە کە هەموو هۆزێك بە مەحوی بسپێرێت. ئەمەش لە رووبەکی تریەوە بەهادانی مەحوییە بەو یار هەر لێرەوە سەرباری عیشقی خودایانەی مەحوی کە عیشقێکی خاوێنە زیاتر شووناسی جۆرێکی تایبەت لە عیشق لە لای مەحوی دەردەکەوێت کە بینینی هۆزوو توانای خودایانەیە لە بوونی یاردا.

مەحوی لە شعیری (رووبی دی)دا دەڵێت:
رووبی دی، لەو رۆژەوە، گەر رۆژە سەر گەردانە رۆژ.
گەییە ئێوارە، وەکو من ئیشی قۆڵ پێوانە رۆژ.
دیارە مەحوی لێرەدا یار دەدوێنێو لە هەمان کاتدا رووخساری جوانی یاریش بە رۆژ دەشووبهێنێت. باسی ئەوەش دەکات لەو کاتەوە رۆژ رووی گەشی یاری بینیووە سەرگەردان بووەو دێتو دەچێت ئەویش یان لەبەر ئەوەیە کە رۆژ هەستی کردووە کە روخساری یار لە رووی گەشی ئەو جوانترە یان لەبەر ئەوەیە رۆژ ئەوەندە بە رووخساری جوانی یار سەرسام بووە ئارامی لەبەر بڕاوە. کاتێ رۆژ دەگاتە ئێوارە دیارە دەبێ ئاوا بێت ئەوەش بۆ رۆژ شتێکی ناخۆشەو مایەی بێزاریو خەمو نیگەرانییە بۆیە دەکەوێتە قۆڵ پێوان. ئەم دۆخە ئاماژەیە بۆ ئایەتی: حتی اذا بلغ مغرب الشمس وجدها تغرب فی عین حمئه) واتە

که ئەسکەندەری جووت شاخ گەیشتە شوێنی ئاوابوونی خۆر، بینی خۆر لە ناو کانییەکی قوڕە رەشەدا ون دەبێ پەراوێز ل.137). پێشتر ئەسکەندەر کە دەیوویست بزانێت خۆر لە ئێوارەندا چی لێ دێتو بۆ کوێ دەچێت، بە دوای ئەو ئارەزووەی خۆیدا چوو تا بە چاوی خۆی بینی خۆر لە نێو کانیەکی قوڕە رەشەدا نقووم دەبێتو ئیتر تاریکی شەو دادێت. بەڵام کاتێ خۆر کە بە ناچاریو بێ ویستو ئارەزووی خۆی ئاوا دەبێت، قوڕ دەپۆشێت چونکە لە بینینی رووخساری جوانی یارەکەی ئەم بێبەش دەبێت، کە دەشێ لەرەدا جۆرێك لە جێ گڕکێ هەبێتو مەبەست لەو خۆرەی کە قوڕ دەپۆشێت ئەمی شاعیر خۆی بێت. بەڵام کاتێ خۆر ئاوا دەبێت بە پێی بۆچوونەکەی ئەسکەندەر دەکەوێتە ناو کانییەکی قوڕە رەشەوە، ئەمەیان تەنیا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت مادەم لە دوای رووناکی رۆژ شەوی تاریك دێت، مانای وایە سەرچاوەی رووناکی نوقمی نێو رەشایی دەبێتو ئەو تاریکیەی شەویش رەنگدانەوەی ئەو کانییە کە بریتییە لە قوڕە رەشە کە خۆری تێدەکەوێت. بەگومان ئەمە نموونەیەکی کەمە لەو دێڕە شیعرانەی مەحوی کە سەرچاوەکەیان ئایاتی قورئانە.

دووەم: سەرچاوەیەکی تری دەقەکانی مەحوی فەرموودەکانی پێغەمبەرە کە ئەوەش بە مەبەستی جۆراو جۆر لە پێناوی بەرهەمهێنانی جیهانبینی شیعریدا بەکار هێناون. لە شیعری (دەپرسی، لاپەڕەی 55) دا مەحوی دەڵێت: دڵە عەرشی خودا (مەحوی)، خەجاڵەت بە لەبەر غەفڵەت.

کە بۆتە بوتکەدەی بێ بەرهەمەن یا دەیری بێ راهیب.

مەبەست لەم دێڕە ئەوەیە کە دڵی مرۆڤی خاوەن ئیمان عەرشی خودایە، ئەوە مایەی شەرمەزاریە کە مرۆڤ هێندە بێئاگا بێت کە دڵی ببێت بە بتخانەی بەرهەمەن، یان کڵێسای بێ راهیب. کە مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە دڵ وەکو بتخانەو کڵێسای چۆڵی لێ بێت. لە پشتی ئەم دێڕەوە ئەو مانایە بەرهەم دێت کە کاتی مرۆڤی خاوەن بێوا لایەنی کەمتەرخەمی دەگرێت لەگەڵ ڕێشتنی کاتدا دڵی کە دەبێ هەمیشە جێگای سۆزو بەزەییو ئیشراقی خودایی بێتو بە نووری خودا رووناك بێتەوە، وەکو بتخانەو کڵێسای لێدێت. لە راستیشدا ئەوە کارێکی نابەجێو هەڵوەستێکی نادروستە بێ مرۆڤێك کە خۆی بە بێوادار بزانێت کەچی دڵی ببێتە بتخانەو کڵێسا، هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان بتخانەو کڵێسادا بەڵام مەحوی لە ڕوانگەی پەیوەستبوونی خۆی بە ئیسلامو وەکو ئیسلامێکی خۆپارێزیش چونکە لە نەستدا جگە لە ئیسلام هەموو ئەوانی تر بە لادەر دەزانێت بۆیە ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان کڵێسا کە شوێنی پەرستیاریو جێگای لێوە ڕابەرایەتی کردنی

ئایینێکی ئاسمانییە لەگەڵ بتخانەدا کە شوێنی دانانی ئەو هاوبەشو هاتایانەیە کە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ خودا دادەنرێن. سەرچاوەی ئەم دۆکتۆرە بریتییە لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر کە دەڵێت: قلب المؤمن عرش الرحمن). واتە دڵی بڕوادار عەرشی خودایە. بڕگومان ئەوە جێگای رەخنەیەکی گەورەیە کە رێگا بدرێت عەرشی خودا ببێت بە بتخانە یان کۆسا. دیارە وشەی کۆسا ئەوەشمان بۆ روون دەکاتەوە کە مەبەست لە بڕوادار لەم فەرموودەیەدا تەنیا مسوڵمانە، ئەگینا ئەهلی کۆساش بڕوادرو خواپەرستن.

لە شیعری (ئەو عیشوە بازە)دا لاپەڕەی 133، مەحوی دەڵێت:
بازڕی بۆ بە کەم مەگرە ئاهی بۆ کەسان.
بەم سروە بایە عەرشی خودا دێتە ئیهتیزاز.

مانای ئاشکرای ئەم دۆکۆمێنتە ئەوەیە کە نابێت ئاهو هەناسەی ستەم لێکراوان بە کەم بزانرێت هەرچەندە ستەمکار زۆر بەهێزیش بێت، چونکە ئەو هەناسەو ئاهە دەشێ عەرشی پەروەردگار بلەرزێنێتە لەرزین کە ئەمیش دەشێ لەبەر هۆزەکەی بێت یان لەبەر ئەوناهەقیو ستەمەی کە لەوان دەکرێت عەرشی خودا بێتە لەرزین. لە ئاستی قوڵتردا ئەم دێرە ئەو مانایە بەرهەم دێنێت کە ستەم لە هەر کۆیەك بکرێت کارێکی نادروستو ناڕەوایەو دەشێ ستم لێکراو تا ئەندازەیەك دان بە خۆیدا بگرێتو سەرئەنجام هەوڵدەدات ئەو ستەمە لەسەر خۆی لابێبات. هەروەك ئەوی ستەم لێکراو بە رووی ئەوی ستەمکار یان دەسەڵاتدا رادەپەڕێت، کە دەشێ لەو راپەڕینەدا عەرشی ئەوی ستەمکار بلەرزێنێت کە لێرەدا دەشێ ئەوی ستەمکار بە مانای دەسەڵات بەکار هاتبێتو لە بارێکی وەهاشدا خودا هۆمای دەسەڵاتەو دەشێ ئەو بڕچوونەش لە ئاستێکی تردا ئەوەمان بۆ بەرهەم بهێنێت کە هەموو دەسەڵاتێك هۆمای ستەمکاریو سەرکوتکردنو چەوساندنەوەو ماف خواردنی ئەوانی تر بێتو لەبارێکی وەهاشدا لەرزاندنی عەرشی خودا لەرزاندنی سیستەمو هەرەمی ئەو دەسەڵاتە بێت کە ستەم دەکات.
ئەم دۆشە ئیحای لەو فەرموودەیەی پێغەمبەرەوە وەرگرتووە کە دەڵێت: عرش الرحمان یهتز لبکائ المظلومین) واتە عەرشی خودا لەبەر گریانی ستەم لێکراوان دێتە لەرزە.
لە شیعری (کەلامێکە) لە لاپەڕەی 167دا مەحوی دەڵێت:
کەلامێکە لە حیکمەت کەیلو جامیع.
عەتاکەر هەر یەکە، هەر ئەوشە مانیع.

مەبەست لەم دۆشە ئەوەیە کە ئەوەی توانای بەخشینی هەیە هەر خودایە، هەر خۆیشی دەتوانێت ئەوەی کە بەخشیوێتی بیبڕێت. هەروەك

ئەوەش دەگەیەنێت ئەوەی کە خودا دەیبەخشی کەس ناتوانێت بەوجۆرە بیبەخشێت. ئەم دۆخە مەبەستی نیشاندانی دەسەڵاتی رەهای خودایەو ئەوەش بەرجەستە دەکات کە جگە لە دەسەڵاتی خودا هەموو دەسەڵاتێکی تر پووچو بێمانایە، هەموو بەخشینێکیش بێجگە لەوەی کە ئەو دەیبەخشێت هیچ مانایەکی نییە. ئەم دۆخە ئاماژەیە بێ ئەو فەرموودەی پێغەمبەر کە دەڵێت: لا مانع لما اعتیت، ولا معنی لما منعت) واتە کەس ناتوانێت ئەوە ببڕێت کە خودا داویەتیو کەسیش ناتوانێت ئەوە بدات کە خودا بیۆیتی. واتە هیچ کەس ناتوانێت دەورو کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیاری خودا نە بە باشو نە بە خراپ. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە مرۆڤ بوویەکی قەدەریەو چی لە چارەنووسرابێت دەبێت رووبدات. ئەمەش لە راستیدا گەوهەری تێواننینی مەحوییە بێ مرۆڤ کە هەمیشە وەکو بوویەکی بێ دەسەڵاتو لاواز پێشکەشی دەکاتو هەموو ئیرادەیەکی لێدەسەنێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیاری دەکات لەو خراپەو هەڵانەی کە دەیکات، یان لەو کەمتەرخەمیانەی لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینیەکانیدا دەیکات. کەواتە لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە مەحوی بێ بە هێزکردنی تێواننینی خێی بەرامبەر بە مرۆڤو تواناو دەسەڵاتی لەم گەردوونەدا پەنا دەبات بێ هێنانەوەی فەرموودەیەکی پێغەمبەر تا بە پشتی ئەو بیسەلمێنێت مرۆڤ جگە لە بوویەکی بێدەسەڵات هیچی تر نییە لەم گەردوونەدا.

مەحوی لە شیعری (چ خاکێ) لاپەرەِی 187ی دیوانەکەیدا دەڵێت:
دەزانی جیفەیە دنیا، دە حەیفە،
وەکو سەگ ئەم شەو شەڕە لەسەر لاك.

واتە مادەم دەزانن کە دنیا وەکو لاکی گیاندارێکی مردارەوە بوو وایە، ئێتر بۆچی دەبێ وەکو سەگ لەسەر ئەو لاکە مردارەوە بووە شەڕ بکەن. ئەمەش لەو فەرموودەیەی پێغەمبەرەوە هاتووە کە دەڵێت: الدنیا جیفه و طالبها کلاب)، واتە دنیا لاکە تێپیوەو ئەوانەشی کە دەیانەوێ هەموو شتێ بکەن لە پێناوی ئەم دنیایەدا وەکو سەگی سەر لاکە تێپیون(پەراوێزی دیوان،ل. 187). بێگومان سەرباری ئەو مانا ئاشکرایەی کە ئەم دۆخە هەیەتی لە هەمان کاتدا ئەوەش دەگەیەنێت کە مەحوی مەبەستی ئەوەیە کە ئەم دنیایە هیچ بایەخو گرنگییەکی نییەو هەر بە تەواوەتی لە لاکی ئاژەڵی مردارەوە بوو یان تێپیو دەچێت کە ئاژەڵی مردارەوە بوو دەشێ بگەن بکات، کەواتە دنیا نەك هەر شتێکی کەم بەهایە بەکو بگەنیشی کردووە. مرۆڤیش بە گشتی چاویان بڕیووەتە ئەم دنیا بێبەهایەو هەریەکە لە لایەکەوە پەلاماری دەدەنو

هەرچی شەو ئاژاوەو ناکۆکیشیان هەیە لەسەر ئەم دنیایەیە واتە لەسەر شتێکی بێبەها هەرچەن سەگ لەسەر لاکی ئاژەڵو زیندەوەری مردارەوە بوو بەشەڕ دێن بەهەرحاڵ دەشێ ئاژەڵی تێپیو یان مردارەوەبوو بێ سەگ بەهایەکی هەبێت ژونکە دەیخوات بەڵام دنیا دەشێ بێ مرۆڤ ئەو بەهایەشی نەبێت. ئەمەش دیسان بەرجەستەی تێڕوانینی مەحوی دەکات بێ مرۆڤو دنیا کە ئەوەی لەم گەردوونەدا کەم بەهابێت دنیاو ژیانەو هیچیان بایەخێکی ئەوتۆیان نییە لە روانگەی دەرخستنی گەوهەرو ماهیەتی ئەو مرۆڤەی کە توانیووێتی لەسە پێی خۆی رابووەستێت.

بۆگومان سەرچاوەکانی تری شیعری مەحوی رووداوە مێژوویەکانو ئەفسانەو چیرۆکو بەسەرهاتەکانی مێژووی کورد یان مێژووی ئیسلامو جیهانین. رەنگە پرسیارێکی تریش خۆی بسەپێنێت ئەویش ئەوەیە ئایا شیعری مەحوی لە کوێی تەسەوفدایە؟ بە تایبەتی لێرەو لەوێش لە نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا ئەوە دەبیسترێت کە مەحوی وەکو شاعیرێکی متەسەوف ناودەبرێت. بەڵام دیسان جێگای خۆیەتی ئەو پرسیارەش بەرزبکەینەوە ئایا کامیان باڵادەستترن لە شیعری مەحویدا دیدو جیهانبینی تەسەوف یان پوچگەرایی و بێهودەیی؟

یەکێك لەو رووداوە مێژوویانەی کە خەسڵەتی ئەفسانەشی وەرگرتووە لە شیعری مەحویدا رووداوی بانگەشە کردنی (انا الحق) ی مەنسووری حەلاجو لە ئاکامی ئەوەشدا لە ناوبردنێتی. ئەم رووداوە لە گەڵك شیعری مەحویدا بووەتە مۆتیڤو سەرچاوەو بە هەمان مەبەست یان بە مەبەستی نزیك لەیەکتر بەکارهاتووە. لە شیعری (بە جێ نایێ.ل.8). مەحوی دەڵێت:

هەتا حەق ناصیرە، هەر حەقمە مەنزوور.
وەکو مەنسور ئەگەر بمکەن بە دارا).

لە شیعری (تێگەیو، ل.16)دا دەڵێت:

با حەقیشی بێ، لە بێ مەنسور انا الحق نیە.
شێتییە مەجنون ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا.

لە شیعری (بومە خاکی،ل.33)دا دەڵێت:

قاتی پیاوە، لەسەر ئەم ئەرزە. دەبینی مەنسور.
بەسەری دارەوە. (دالنون)ە لە بن زیندانا.

لە شیعری (دەپرسی،ل.53)دا دەڵێت:

لە حەق بێژی بوە بەحری انا الحق هەر قەسیدێکم،
لە باتیی جائیزە، واجب گەڵا قەتڵم بکەن واجیب.

لە شیعری (لە ئولکەی، ل.119)دا مەحوی دەڵێت:

خۆشی فەرموو چ مەجنونو چ مەنسور،
بەشی عاشق درا هەر بەردو هەر دار.

لە شیعری (موحەققەق،ل.127) دا دەڵێت:
موحەققەق هەر کەسێ مەسلەکیە حەققو حەققییە مەنسور.
سولوکی چونە سەر دارە، تەریقەی پیریە مەنسور.
لە شیعری (چیبکەم،ل. 147)دا دەڵێت:
حەق بژێی یەك گوناهیە مەنسورو حەقمە من،
ئەم قەتعە گەر نیشانی نەدەم (مەحویا) بە کەس.
بۆجگە لەم نموونانە چەندین دێڕی تریش لە بەرهەمەکانی مەحویدا هەن کە بە ئاشکرا یان لە شێوەی ئاماژەدا سەرچاوەکەیان رووداوی مێژووی بانگەشەکردنەکەی مەنسووری حەلاجە بۆ (انا الحق)و لە داردانیشی لەسەر ئەو بانگەورازە.
ئایا ئەوەی مەحوی دەیەوێت لە رێگای چەندین جار بەکارهێنانی رووداوی بانگەشەکەی مەنسووری حەلاجو لە داردانی لەسەر ئەو بانگەوازەیە بیڵێت چییە؟ لە کاتێکدا کە ئەو بانگەوازە بانگەوازی خۆ بە حەق زانین بوو، حەقیش وەها لێکدراوەتەوە کە مەبەست خودایەو ئەمەش لە روانینی نەیارەکانی مەنسووڕەوە ئەوەی گەیاندووە کە ئەو بانگەوازی خوایەتی کردووە. دیارە هەر بەوەش تاوانباریان کردوو سەرئەنجام لە ناوبرا. ئایا مەحوی لە راستیدا لایەنگری بانگەشەو هەڵوێستەکەی مەنسووڕە یان دژیەتی؟ ئگەر لایەنگری ئەو هەڵوێستە بێت ئایا ئەوە لەگەڵ هەڵوێستی خۆپارێزانەی ئەودا تا چ ئاستێك دەگونجێت؟ کەواتە بۆچی مەحوی بەو ئەندازە بەربڵاوە لە دەقەکانیدا باسی حەق بژێی خۆی دەکاتو لەو بوارەشدا خۆی وەکو هاوشێوەی مەنسوور نیشان دەدات؟
لە راستیدا نموونەی حەلاج نموونەیەکی دەگمەنە لە مێژووی ئیسلامدا بە گشتی. بە گوێرەی مەحوی یان هەر شاعیرێکی تری بڕوادارێ وەکو مەحوی بانگەشە کردن بۆ هەڵوێستێکی لەو جۆرە تەنیا لە سنووری بانگەشەدا دەمێنێتەوە کە ئەویش بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن لە دەرەوەی دەسەڵاتی خودا و تەنانەت لە دەرەوەی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی شتێکی تر ببینن. رەنگە هۆکاری خۆ هاوشێوەکردن بە مەنسووری حەلاج تەنیا بۆ راگرتنی باری هاوسەنگی سایکۆلۆجی بێت کە نزیکیو توانەوەیان لە نێو ئایینی ئیسلامو لە بڕوابوونی رەها بە دەسەڵاتی ئیسلامیو تەنانەت بڕوابوون بەوەی کە خەلافەتی ئیسلامی درێژکراوەی دەسەڵاتی پێغەمبەرو پەیامەکەیەتی بە تەواوی رێگر بێت لەوەی کە مەحوی یان هەرکەسێکی تری وەکو ئەو بوێری ئەوەی هەبێت کە هەڵوێستێکی وەکو ئەوی حەلاج وەربگرێت، هەر بۆیە بە ئامرازکردنی حەلاج لای مەحوی جگە لە هیواخواستنی مەحوی بۆ ئەوەی بیتوانیایە وەکو حەلاج بێت شتێکی زیاتر نییەو لە راستیشدا مەحوی هەموو ئەوانەی تریش کە بەو جۆرە دەڕوانن تاکە حەقێك کە هەبێت حەقی

بوونو دەسەڵاتی رەهای خودایە بێیە بە بڕچوونی من جگە لەو پەیامەو دەسەڵاتەکەی زیاتر شتێکی تر بە حەق نازانو هیچ دوو دڵیو گومانێکیشیان لە رەوایو عەدالەتی ئەو دەسەڵاتە رەهایەش نییە، هەر لێرەوەیە هەوڵستی زۆرێك لەو شاعیرنەی کە بە شاعیری شیعری تەسەوف دادەنرێن دەکەوێتە بەردەم گومانەوە چونکە سۆفیزم بریتیە لە جۆرێك لە ئۆپۆزسیۆن بوون بێ ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی هەموو ئۆپۆزسیۆن بوونێکیش لە ئاستی قوڵدا جۆرێك لە پاڵنەری دوو دڵیو گومان بەرامبەر گەوهەرو ماهیەتی دەسەڵاتو رەفتارو جوڵەی دەسەڵات لەسەر زەمینەی واقیع دەیجوڵێنێت.

دەشێ مەحوی لە هەندێ دەسەڵاتی سەردەمەکەی خۆی بێزاربوو بێتو ئاراستەی بانگەشەکانی بێ خۆهاوشێوەکردن لەگەڵ مەنسووردا لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتەدا بووبێت. هەرچۆن بڕچوونی لەوجۆرەش هەیە کە بانگەشەکەی مەنسوور بەرامبەر بە دەسەڵاتی خەلافەت بوو بێت نەك بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام، واتە لەو روانگەیەوە حەق بە مانای دەسەڵات دێتو مەنسوور لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی بەلاوە ناعادیلو ناجۆر بووە کەواتە ئەو دەسەڵاتە کە دەسەلاتی خەلافەت بووە ئەم بە حەقی نەزانیووە، لەبەر ئەوە دەشێ ئەوە وەها لێکبدرێتەوە کە رەتکردنەوەکەی مەنسوور رەتکردنەوەی ئیسلام یان خودا نییە بەڵکو رەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتەیە کە خۆی بە نوێنەرو درێژکراوەی دەسەڵاتی خوداو ئیسلام دەزانێت. بەهەمان شێوە دەشێ مەحویش دەسەڵاتی سەردەمەکەی خۆی بە ناحەق بزانێتو لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتەدا خۆی بە بەرزترین نموونەی حەق بزانێت. بەڵام ئەوەی کە بنەمای خۆ هاوشێوەکردنی مەحوی لەم روانگەیەوە بە مەنسوور لاواز دەکات ئەوەیە کە مەحوی سەرباری ئەوەی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بووە بەڵام پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانیدا خراپ نەبووە تا بگاتە ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە بە ناحەق بزانێتو لای خۆیەوە بانگەوازی جۆرێکی تر لە حەق بکات.
لە لایەکی ترەوە مەحوی چەندین ئەفسانەی دڵداری وەکو لەیلاو مەجنونو شیرینو فەرهادیشی کردووەتە سەرچاوەی شیعری خۆیو بە مەبەستی ڕاستگۆییو قوربانیدان لە عیشقدا بەکاری هێناون. لەوەشدا مەبەستی بووە کە ئەوە نیشان بدات مرۆڤی ڕاستەقینە بە بێ عیشقو خۆشەویستی ناژیو عاشقی ڕاستەقینەش ئەو کەسەیە بە هەموو شتێ تەنانەت بە ژیانیشی قوربانی دەدات لە پێناوی خۆشەویستیدا. هەروەك مەحوی پێی وایە عیشق هەڵکارێکە بێ بەردەوامبوونی مرۆڤ لە ژیانداو هەڵکارێکیشە بێ ئەوەی مرۆڤ فڕی دانبەخۆدا گرتنو ئازارو زەحمەت بکاتو، عیشق هەڵکارێکیشە بێ پاکژکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤو بێ ئەوەی گیانی

خۆنەویستیو خۆبەخت کردن لە پێناوی ئەوی تردا لە بوونی مرۆڤدا پەرە پێبدات.
مەحوی لە شیعری (دەوری هەر، ل.27)دا دەڵێت:
وەسیەتی مەجنونە: هەر کەس دەردی دنیا عارە بێ
خۆ بکا وەك من بە دەردی عیشقی یارێ موبتەلا.
لە شیعری (پرسرا حاڵم،ل.143)دا دەڵێت:
کێ لە گوڵزاری نیشاتا گوڵبونی شیرینی ناشت
ئەو لە کۆساری غەما فەرهادی کردە لالەنژ.
لێرەدا بە ئاشکرا مەحوی باسی ئەوە دەکات شتێك نییە لە گەردووندا یەك ئاراستە یان یەك باری هەبێت، واتە ناشێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە عیشقو خۆشەویستی سەرچاوەی رەهای ئاسوودەییو خۆشی بن، نەخێر لە کاتێکدا رووبەکی عیشقو دڵداری خۆشیو ئاسودەییە، لەبەرامبەردا بە دەستهێنانی ئەو خۆشیو ئاسودەییە دەبێتە سەرچاوەی خەمو کۆشەو ئاستەنگ هەرچێن فەرهاد لە پێناوی گەیشتن بە سەرچاوەی ئەو خۆشیو ئاسوودەییەدا کە عیشقو خۆشەویستیە گیانی دەبەخشێت کە دەشێ خوێنی رژاوی ئەو ببێتە سەرچاوەی شین بووندو گەشەکردنی نوێ. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە هەرچێن عیشقو خۆشەویستی قوربانیدانی دەوێت بەهەمان شێوە نوێبوونەوەو شینبوونی نوێ پێویستی بە قوربانی دان هەیە. عیشقیش لە هەردوو بارەکەدا جێرکە لە قوربانی دانو خۆبەخت کردن چ عیشقی رەگەزی بەرامبەر بێت چ عیشقی سرووشتو جوانیو ژیانو زیندەگانی بێت.

بۆگومانی سەرباری ئاماژەکردن بێ ئەفسانەی خۆشەویستی وەکو مەجنونو لەیلاو شیرینو فەرهاد، مەسەلەی عیشقو دڵداریو رەگەزی بەرامبەر لە ژێر ناوی یار یان خۆشەویستدا رووبەرێکی هێجگار فراوانی لە شیعری مەحویدا داگیر کردووە. دیارە عیشقیش لە ئەزموونی شیعری مەحویدا زیاتر عیشقێکی یەك لایەنەیەو ئەوی کە ئەم ناوی دەبات بەیار لە ئەمی عاشق بێئاگایە، یان ئاوێ لە ئەمی عاشق ناداتەوە. ئەمەش ئەوەمان بێ ئاشکرا دەکات کە پێناچێت عیشقو دڵداری لەلای شاعیر لەسەر زەمینەی واقیع بوونێکی بەوجۆرەی هەبوو بێت کە لە دەقەکانیدا باسی دەکات، ئەمەش یان ئەوەیە کە مەحوی لە خەیاڵدا عاشق بووەو ئەو رووبەرە فراوانەی عیشقو دڵداری لە شیعری ئەودا داگیری کردووە بریتیە لە بەرهەمی خەیاڵ یان دەتوانین بڵێین ئەوەی مەحوی دروستی کردووە یێتێپیای عیشقو دڵداریە یان جێرکە لە عیشقی خودایی کە ئەویش بە بێ رەگەزی بەرامبەر بریتیە لە عیشقێکی بێگەردی رۆحی و تەنیا لە سنووری بێگەردی رۆحدا باسی لێوەدەکرێتو بوونی هەیە کە ئەویش عیشقی خوداییە. بە ئاشکرا دیارە لەو مۆژووەی

که مەحوی تێدا ژیاوە عیشقو دڵداری بەو شێوەیەی کە مەحوی لە دەقەکانیدا باسی دەکات مەگەر تەنیا لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا بوونی هەبوو بێت ئەگینا لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵگەکەی مەحوی ناشێت تەسەوری بوونی پەیوەندییەکی بەوجۆرە بێ سنوورو بەهێزو کراوە لە کۆمەڵگەکەی مەحویدا بکرێت کە ڕووبەرێکی هێندە فراوانی گرتبێتەوە ئەگەر هاوشێوەش نەبێت ئەوا بە جۆرێك نزیك بێت لەو ڕووبەرە فراوانەی عیشقو دڵداری کە لە دەقەکانی مەحویدا دەبینرێت.

هەروەك لەو بابەتانەی کە لەسەر بەرهەمی مەحوی نووسراون مەحوی وەکو شاعیرێکی سۆفی باسکراوەو بەو پێیەش پێداگری ئەوە کراوە کە زۆرێك لە شیعری مەحوی تەسەوفە. ئەوەشی کە وایکردووە شیعری مەحوی بە شیعری سۆفی دابنرێت ئەوەیە کە مەسەلەی بانگەشە کردن بێ وازهێنان لەم دنیاو خۆتەرخان کردن لە پێناوی بەدەستهێنانی ئەو دنیادا ڕووبەرێکی فراوانی لە شیعری مەحویدا داگیر کردووە، هەروەك هەیەکی تریش بێ ئەوەی کە شیعری مەحوی بە تەسەوف دابنرێت ئەوەیە کە مەحوی خۆی سەربە ڕێبازی نەقشبەندی بووەو لە نێو دەقەکانیشیدا چەند جارێك ناوی مەولانا خالیدی نەقشبەندی تازەکەرەوەی ئەو ڕێبازەو ناوی شاهی نەقشبەند هاتووە کە دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندییە. دیارە نکۆی ئەوە ناکرێت کە بەشێك لە خاسیەتەکانی تەسەوف لە شیعری مەحویدا هەیە بەڵام ڕەنگە هەروا ئاسان نەبێت کە شیعری ئەم شاعیرە لە پاڵێن کردندا بە شیعری تەسەوف دابنرێت چونکە زۆرێك لەو خاسیەتانەی کە لە شیعری مەحویدا باسکراوەستەو بووەتە هۆی ئەوەی بە شیعری تەسەوف ناوببرێت، خاسیەتەکانی پوچگەرایی و بێهودەیی کە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا باسکراوەستە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە خاسیەتەکانی پوچگەرایی و بێهودەیی لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەی ئێمەدا تەنیا لە سنووری دەربڕینی ئاسایدا ماونەتەوەو نەتوانراوە بە ماناو دەلالاتی فەلسەفی و مەعریفی ئەو ئاراستە فیکرییە بارگاوی بکرێن. بەڵام بەهەرحاڵ خاسیەتەکانی پوچگەرایی و بێهودەیی شانبەشانی هەندێ ئاماژەی تەسەوف دەری دەخەن کە ئەم ئاراستە فیکریانەو ئەم تێڕوانینانە بێ زیان و مرۆڤو بوونی مرۆڤ لە گەردووندا بوونەتە ڕەگەزی کاریگەری بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی. مەحوی دەڵێت:

تا سەر نەبێتە گڵ، دە لە دنیا دە تێ شەقێ
هەر ئەم شەقە بە کارە کەوا هەدرێ لە هیچ

لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بە ڕوانینی مەحوی دنیاو ژیان هیچ بەهایەکیان نییەو مرۆڤ هەڵە دەکات کاتێ ئەوەندە بە تووندی باوەش بکات بە ژیانو بە دنیادا، چونکە درەنگ یان زوو مرۆڤ دەبێتە هیچو

کەلەسەریشی دەبێتە تۆپ کە دیارە تۆپیش بە شەق لێی هەڵدەدرێت. مەحوی داوای ئەوە دەکات تا مرۆڤ بەو ئەندازەیە بایەخ بە شتەکان بدات کە سەری ببێتە تۆپ، باشتر وایە خۆی دنیاو ژیان بکات تۆپو بەر شەقیان بدات. هەر بە بۆچوونی ئەم مادەم دنیاو ژیانیش هیچ بەهایەکیان نییەو مرۆڤیش هێندە پێیانەوە سەرقاڵە، تاکە رەتکردنەوەیەك کە لە ژیاندا مانایەکی هەبێت رەتکردنەوەی دنیاو ژیانە. ئەمەش لە ناوەڕۆکدا بریتیە لە گەوهەری ئاراستەی پوچگەرایی و بێهودەیی. بەڵام ئایا لە راستیدا ئەم ئاراستە بیرکردنەوەیە توانیوێتی ببێتە جیهانبینی باڵادەست لە ئەزموونی شیعری مەحویدا یان نا؟ بۆگومان شیعری مەحوی چەندین شێوازی بیرکردنەوەو روانینی جیاواز لە خۆیدا کۆدەکاتەوە بەڵام ناتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت کە یەکێك لەو بۆچوونانە بووبێتە بوونی باڵادەستو دیارو جیهانبینی شیعری مەحوی لەو چوارچێوەیەدا باس بکرێت. رەنگە هۆی ئەم مانەوەش لە ئاستی سادە یان رووکەشی ئاراستەی فیکریو فەلسەفی جۆراوجۆردا بگەڕێتەوە بۆ هەوڵستی خۆپارێزانەی مەحویو قوڵنەبوونەوە لە هیچ کام لەو بۆچوون و تێوانینە جۆراوجۆرانەدا.

سەرباری ئەو رەگەزو بنەمایانەی کە لە سەرەوە باسکران کە بوونەتە رەگەزی بەرهەم هێنانی شیعرو شیعریەت لە ئەزموونی شیعری مەحویدا، ئافرەتو سرووشتیش سەرباری ئەوەی کە ئەم دوو رەگەزە لە رەگەزە سەرەکیەکانی شیعری ڕۆمانسین بەڵام بوونەتە سەرچاوەی ئاشکرای دەقی مەحویو ئەمانیش رووبەرێکی تا ئەندازەیەك فراوانیان لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا داگیر کردووە، بە تایبەتی رەگەزی ئافرەت کە ئەویش لە لای مەحوی جێگەو بەهایەکی بەرزی هەیەو هەمیشەش شاعیر بەو جۆرە هەوڵست دەنوونێت کە ئەوی ئافرەت بە ئاسانی دڵی بێ ئەم ناکاتەوەو تەنانەت مەیلیشی نادات. ئەوەش وایکردووە ئاخاوتنی مەحوی لە دەقەکانیدا لەگەڵ ئەوی ئافرەت تەنیا یەك ئاراستە بێتو ئەوی ئافرەت جگە لە بوویەکی مەعنەوی یان بووەیەك لە وەهمدا هیچی تر نەبێت. ئەمەش وایکردووە لە دەقی شیعری مەحویدا ئامادەبوونی ئافرەت یان رەگەزی مێ تەنیا ئامادەبوونێکی وەسفیەو ئەو وەسفکردنەش تەنیا رووکەشی دەرەوە دەگرێتەوەو نەگەیشتۆتە ئاستی دواندنی پەیوەندی قوڵو مەودافراوانی نێوان نێرو مێ لە رووە مرۆییە مەودا فراوانەکەیەوە کە تیایدا پەیوەندییەکی هاوسەنگی نێوان دوو رەگەزی هاوتاو هاوشان ئامادەبوونیان هەبێت.

ڕۆمانی (گۆشەگیری) خوێندنەوەیەک لە بن تریفەی مانگ شەو و شێپڵە نەرمەکانی ژنە... 1... سەردار جاف

بەشی یەکەم ...

خوێنەر لە ئاست ئەم ڕۆمانەدا ناتوانێت بە سادەیی تێپەڕێت بە سەریدا و هیچ نەبێتەگۆ، هەڵبەت خوێنەر بە لای ئەمەوە بە سەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبن، خوێنەری پلە یەک ئەو ڕەخنەگر و وردبینانەیە کە پەی بە کون و کەلەبەری هەر دەقێک دەبەن و هەوڵستەی ئەرێنی و نەرێنی، جوان و ناشیرینی ، باشی و خراپی ، ڕەشی و سپێتی و ..... هتد لە سەر دەردەبڕن و لە ناخەوە و بە تاسوقەوێن کە ئەو دەقە خەیان بیان نوسیبا، تاوەکو لاسەنگییەکە هەمە چێشنەکانی بنبڕ بکەن و لە تڕپکی ئیستاتیکایی خەیدا با، بە جۆرێک خوێنەر ئاسایی و هەمەجێشنەکانیش لە پانتایی فرە ڕەهەندییەوە جۆڕی لەوڕبگرن، ئەمە یەژین خوێنەری دووەم، ئەو نوسەر و خودان قەڵەمە سەلیقەدارانەن کە وەک ڕەخنەگر بنکەنەی دەقەکان ناکەن و لە دوورەوداییەوە هەڵسەنگاندنی سەرپێی بە دەقی خوێنراو دەکەن، وەک ڕەخنەگر ناچنە قووڵایی دەقەوە، ئەم جۆرە خوێنەرە هەندیجار بە باکگراونی ئەبستولەژی خود دەخوێننەوە، تاوەکو بتوانن هەم دەقی ناوازە و داهێنەرانە بخوێنەوە هەمیش لە ڕووی زمانەوانییەوە هزر و نوسینیان دەوڵەمەند بکەن. هەندجاری دیکەیش کەک لەو دەستواژە فەرهەنگییە هەمەلایەنییە وەردەگرن و قاڵبوو دەبن و ئەوداڵ و لە سەراغی چەمک و بکارهێنانییەوە پێیەوداری تریقەتەکە دەبن. خوێنەری سەیمیش ئەو مرۆڤە خوێنەرانەن کە چێژ وەردەگرن لە بەسەرهات و ڕووداو و تەواوی ژانرە وروژێنەرەکان لەو دیدگایانە چیز وەردەگرن، لە ڕووی ئاخاوتنی کەمەڵایەتیشەوە لە کەڵ و کەبوونەوە گەرمەکاندا بە زمانی جوان و ڕەوانی دەدوێن هاوکات باکگراونکی ئەبستەلەژی بە خەیان دروست دەکەن، خوێنەری چاوەمیش ئەو بەرپرس و خەکە بورژوا و دەوڵەمەند نەخوێندەوارانەن کە پێیان شەرمە خاوەن ڤیلا و ناو

ماڵکی شاهانە بن و کتێبخانەیەکی بچوکیان نەبێت، ئەم جارە کەسانە ناوبانراو لە دەست بەتاڵیدا سەر دەکانە سەر ئەو کتێبە بەرگ رەنگاورەنگ و قەبانەی بە بەخشینی دیمەنێکی ئەستاتیکایی بورژوایانە بە ماڵە رازاوەکەی داوە…
دواتر بەرپرسێکی باڵای داعش دێت و دەڵێت: بۆیاری چیتان داوە؟

نوێنەری خەڵکی گوند: دەتوانین داوایی بەزەیی و بوردن بکەین؟

بەرپرس: ئەوە خەلیفە بۆیار دەدات

نوێنەر: لە قورئاندا هاتوە کە (زۆرکردن لە ئایندا نییە)

بەپرس: ئێمە خۆمان باشتر لە ئاینەکەمان دەگەین زیاتر لە ئێوە. چونکە خەڵکی گوندی حاتەمییە هەڵاتبوون لە سەڵاحەدین کەدا، داعش بە دەیان ئۆتۆمبیلی زرپێش گەمارۆی کێڵە دەدات، تا هەڵنەیەن. بە جۆرێک کەس بواری دەرچوونی نابێت.

لەم ڕۆژانەدا هێزەکانی هاوپەیمانان دەست دەکەن بە بۆردومانی ئاسمانیی دژ بە هێزەکانی داعش، بەڵام تازە درەنگە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکەی ئەوێ. هەرچەندە فەریدە دەڵێت: هێزەکانی پارتی کرێکاران هەوڵی بەهاناوەچوونی خەڵکی هەڵاتوویان دەدا. بەڵام دەتگوت، تەواوی جیهان ١٧٠٠ کەسی خەڵکی کێڵە یان فەرامۆش کردوە!

ڕوتاندنەوە و کۆمەکوژیی

فەریدە دەڵێت: دراماکە لە ١٥ی ئابی ٢٠١٤دا ڕوویدا، کە هەرگیز ناتوانم فەرامۆشی بکەم. دیارە لە سەربان دەخەوتن، دەڵێت: بەیانی ئەو ڕۆژە خۆمان بۆ خواردنی بەیانی ئامادە دەکرد لەسەربان، نزای بەیانیشمان دەکرد. دیقەتم دا کە سیانزە ئۆتۆمبیلی زرپێشی پیکابی پێ لە چەکدارەوە بەرەو گوند هاتن، تاسام و هاواری باوکم کرد: هاتن، هاتن، هاتن ئەوان تا بمانکوژن! دایکم دەستی براکەمی گرت و زۆر پەشۆکا. باوکم گوتی: بەێ داعشەکانن، هاتن سەروماڵمان ببەن، وەک بەسەر مەسیحییەکانی موسڵیاندا هێنان. ئیتر بانگەوازیان کرد کە لە سەعات دوانزەی نیوەڕێ سەرجەم خەڵک لە خوێندنگەی گوندەکە

کەبینەوە، هاوکات ڕایانگەیاند: هەرچییەکتان هەیە، لە پارە، زێ و زیو، مۆبایل و پاسپۆرت و کارتی بانک و بەڵگەنامەش بیهێنن! باوکم کە ئەمەی گوێ لێبوو گوتی: ئەها نەمگوت، ئەوان چەتەن، ڕێگرن، دزن، عەرەبەکانی ئەم دەوروبەرەش هاوکارییانن! پاشتر ڕوویکردە ئێمە و گوتی: گوێبگرن، وەک فەرم کردون، ئاین گرنگترین شتە لە ژیاندا. بیرتان نەچێت!
هەموو پارە و زێڕیان کۆکردەوە و چوون بۆ باڵەخانەی خوێندگەکە، کە لە دوو قات پێکهاتبوو. ئەوان مۆزەکی گەورەیان دانابوو، دەبوو هەموو شتە گرانبەهاکانمان لەسەر دابنایە. پیاوانیان لە ژێرەوە کۆکردەوە، ژنان و کچان و منداڵیان ناردە قاتی سەرەوە. دوا دیمەنی باوکم کە بینیم بە خەمباری نیگایەکی کردم، دەستی لە دەستی هەردوو براکەم دیلان و سەرحەددا بوو. ئەو نیگایەم بۆ هەمیشە لە یادە. داعشەکان زۆر و بە چەکەوە بوون، سەرەتا لە خوارەوە، یەکەمجار بە عەرەبی و دواتر بە کوردی، پرسیاریان کرد، ئایا بۆیارتان چییە؟ هیچ کەس وەڵام نادانەوە، دواتر دەنە سەرەوە و هەمان پرسیار لە منداڵان و ژنانیش دەکەن، نوێنەری ئەنجومەن بەناوی هەمووان وەڵامی دانەوە: ئێمە بە پێچەوانەوە بۆیارمان داوە، کە ئاینی خۆمان نەگۆڕین. داعشەکان دەڵێت: کێ بێتە سەر ئیسلام، دەتوانێت منداڵی خۆی هەڵگرێ و بڕوات و ئازاد بێت. ئەوانی تر بمێننەوە، هەر کەس هەبێت دەیکوژین! دیارە ژنانیش هەمان وەڵامیان دانەوە. ئەوەندەی پێ نەچوو کە چەند لێرییەکی زلیان هێنا، پێیان کردن لە پیاو و گەنجەکان و بردیانن، بە دووری کیلۆمەترێک گوێمان لە دەنگی تەقەی زۆر بوو، لەگەڵ هەورێکی تەپوتۆزدا، دڵمان ترسا و تاساین، تۆشی حاڵەتی هیستیری بووین، چەکدارەکانی لای ئێمە پێدەکەنین پێمان، کاتێ پرسیارمان کرد، گوتیان: پیاوەکانی ئێوە سەگن، دەبێت بکوژرێن! ژنان کەوتنە هاوار و قیژاندن، بە چەپێک لە خۆیان دەدا، ڕۆژی حەشر بوو. من توشی شۆک بووم، دایکم گوتی: ئەمە لە چارەمان نوسراوە کە بمانکوژن، فەریدە دەستەڵاتمان نییە!

جیاکردنەوەی کچەکان

فەریدە و کچانی تری هاوتەمەنی لە نێوان ١٢ تا ٢٥ و بەسەرەوەش لە دایک و منداڵەکان جیا دەکرێنەوە و بەزۆر سواری پاسیان دەکەن. ئەو دەڵێت: پێشتر لە هەواڵەکاندا گوێم لێ ببوو، کە کچانی ئێزدی دەفڕۆشن و دەیاندەن بە چەکدارەکانیان. بۆیە چاوەڕێی هەمان چارەنوسم بۆ خۆمان دەکرد. ئێمەیان بردە بەرەو موسڵ، دیمان ژمارەیەکی زۆرتر لە کچان کۆکراونەتەوە کە وەک ئێمە ئێزدین و

خەڵکی ناوچەی شەنگالن. ئەم کاتەک لە چەکدارەکیان دەپرسێت چیمان لێ دەکەن و بۆ لەمان ناگەڕین، پێی دەڵێت: ئێوە دەبنە هی ئێمە، کەسوکارتان کوژران! کچی دە ساڵەشمان بینی تەماندا، پێشتر بیستبووم کە یەکێک لە ژنەکانی پەیامبەر موحەمەد نێساڵ بووە. دە دوانزە ساڵەکان تاسا بوون، نەیاندەزانی چی بکەن و تێناگەیشتن چی ڕوویداوە! لەو شوێنەوە گوێیان لە دەنگی بەرزی تەلەفزیۆنی حکومەتی عێراق دەبێت، کە لە هەواڵەکاندا دەڵێت، سەدان هاوڵاتی خەڵکی کێچ لە لایەن داعشەوە دەستەڕژیان لێکراوە و کۆمەکوژ کراون! ئەمان بە گریانەوە دەکەونە پرسیار لە چەکدارە ڕەشپێشەکان، دواجار ڕاست و ڕەوان پێیان دەڵێن، کە بەڵێ کەسوکارتانمان کوشتوە، ئێوە لەمڕۆوە دەستکەوتی جەنگ و جیهادن بۆ ئێمە و دەبنە ژنی ئێمە، ئەوە مافی ئێمەیە و ئێوە هیچ مافی ڕەتکردنەوەتان نییە! ئەم کە هەر لە خەیاڵی باوک و دایک و براکانیدا دەبێت، نیگەران و دڵپ و خەمگین خەو و خۆراکی نامێنێت.

دواتر دەستە دەستە پیاوی داعش دێن و وەک هەبژاردنی ئاژەڵ سەیریان دەکەن و هەر یەکە و یەک یان دوان بۆ خۆیان دەبەن! سەریان هەژدەدەنەوە، چونە ژووبەندیان پێ کردبوون، جوانەکانیان هەڵدەبژێرن، دەڵێن، ئێوە بە پێی بڕیاری خەلیفە، بوکی ئێمەن!! ئێوە شەیتانپەرستن وشایەنی کوشتنن، بەپێی یاسای جەنگی ئێمە، ئێوە کێلە و کەنیزەکمانن! ئێوە گەر ببنە ئیسلام دەتوانن شو بە یەکێکمان بکەن و ببنە ژنی ئەو، گەرنا وەک کێلە لە بازاڕدا دەتانفرۆشین! بەم جۆرە ژمارەیەکی زۆر لە هێزکدا کۆدەکەنەوە و پێیان دەڵێن کە شایەتمان لە دوایانەوە بڵێنەوە، تا موسوڵمان ببن، کاتێک ئیمامەکە شادومان دەڵێتەوە بەدەنگی بەرز، هیچ یەک لە کچەکان بەدوایدا نایڵێتەوە، بەمە ئەوان دەهری دەبن. تەنانەت ئامادە نابن بە تاکتیک و بۆ پاراستنی ئابڕو و ژیانی خۆشیان بیڵێنەوە. پێیان دەڵێن دەتانەوێت موسوڵمان بکەن و بمانکەن بە ژنی بکوژانی برا و باوکانمان؟

بەرەو بازاڕی کێلەکان

دواتر هەموویان بە دوو پاس بەڕێدەخەن. بە سەفەرێکی درێژ دەیانبەن، کە ئەمان نازانن بەرەو کوێیە. لە سنوری سوریە دەپەڕنەوە و دەڵێن بەرەو دەشتاییەکانی سوریا تا دەگەنە پایتەختی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامیی، واتە شاری ڕەقە! هەموویان دەبەنە هێزکی گەورەوە کە هەشتا کچی ئێزیدی دەبن، وەک دەردەکەوێت ئەوێ بازاڕی فرۆشتنی کچە بەدیلگیراوەکانە بە شەڕکەرانی خۆیان، کە

بیکەن و بۆ هیچ مارەیی و نیکاحێک سەکسیان لەگەڵدا بکەن، چونکە حسابی کۆیلەیان بۆ دەکرێت بە پێی یاسای خۆیان و بە فەتوای خەلیفەکەیان! بە قژی درێژ و ڕیش و بەرگی هەشپەشیاندا دەزانن کە سەرجەم کۆیارەکان لە چەکدار و ئەندامانی داعش، کە لە هی وڵاتانی عەرەبی وەک فەلەستینی، تونسی، مەغریبی و هی تری ئیسلامی پێکهاتوون. دەزانرێت کە دەیانی تر لە ڕۆژانی تردا لێرە فڕۆشراون. هەندێکیان زیاتر لە یەک کچیان دەکڕی، یان بۆ دیاری دەیکەین، تا بماندا بە کەسێکی تر! ئیتر ڕیزیان دەکەن و پێل پێل کۆیارە ریشنەکان دێن، فەرمان دەکەن پەچەکانیان لابدەن، تا ڕوویان ببینن و جوانترینیان هەبژێرن و بکڕن. دەڵێت: سەیری دەموچاو و دەست و قاچیان دەکردین و مامەڵەیان دەکردین لەسەر ئەو نرخەی لەسەرمان دیاریکرابوو. دەیانپرسی کە ئایا بە دڵنیاییەوە ئێمە هێشتا کچین و شومان نەکردوە؟ ئایا هەموو عەرەبی دەزانن؟؟ دەستیان بە چەناگە و لێو و سەرماندا دەهێنا، سەیری دەم و دانەکانیان دەکردین، وەک ئەوەی لە مەیدانی ئاژەڵاندا بن و کەر و مانگا بکڕن! لەو کاتەدا لە شەرم و خەم و دڵەاوکێدا (ف)کەم بۆ هات و بورامەوە.

دۆزەخی سور

ئەو ڕۆژە نزیکەی ٥٠ کچ لەوانەی کڕێ فڕۆشران. سەیر ئەوە بوو ئەمان بە فڕۆ و بۆ هیچ شەرێک دەسگیرکرابوون، کەچی وەک دەسکەوتی جەنگ حسابکراون! دەیانگوت: مادام ئەوە موسوڵمان نین، ئەوە بەشەر نین، بۆیە هیچ مافێکتان نییە. دەمانگوت: ئێمە دەسگیراندارین و خاوەن مەردین، کەچی دەیانگوت ئەوان کوژراون و ئەوە هی ئێمەن. ئەم کە نەخۆشیی پەرکەمی هەیە، هەمیشە لەگەڵ کچێکی هاوڕێی کە ناوی ئەڤینە و خەڵکی کۆچوە پێکەوە دەبن. کەسێک لەوێ پەیدا دەبێت هاوخەمیان دەبێت، ئەمان لێی دەپاڕێنەوە کە ئەو بیانکڕێت، بەڵام دەڵێت ناتوانم. فەریدە دەڵێت: هەمیشە بە هەمان بەرگی خۆمان و خۆشمان ناشت، تا ناشرین و پیس و پڕخۆ دیاربین و نەفرۆشرێین. من چونکە دەرمانەکانم پێ نەبوو جاروبار فێ کەم بۆ دەهات. پێشیان دەگوتین، هەر کەس هەوڵی هەڵاتن بدات، یەکسەر تەقەی لێ دەکەین! بۆ یەکەم جار ئەڤین هەوڵی هەڵاتنیاندا، سەرکەوتو نابن. کۆیاری سوری، عێراقی و سعودیە دەهاتن، ڕۆژانە لێمان دەکڕدرا. جوێنی ناشرینی، وەک قەحبە، سێزانی، پیس، بگەن…هتد یان پێ دەدەن. کاتێک پیاوێکی لیبی بەناوی ئەبو ئەفرام ئەڤینی هاورێی ئەم دەکڕێت، ئەڤین لێی دەپاڕێتەوە کە فەریدە خوشکی ئەوە و چونکە نەخۆشە، دەبێت لەگەڵ ئەودا بێت، بۆیە تکای لێ دەکات ئەویش بکڕێت.

لیبییەکە و هاوڕیەکی عێراقی بەناوی ئەلیاس ئەمان دەبەن، فەریدە دەڵێت حەزم دەکرد بزانم نرخمان چەندە، پێیان نەدەگوتین. دواتر دیار بوو چەند سەد دۆلارێک بوو!

دواتر ئەم داعشە ماوەیەک لای دەبێت و دەیفرۆشتە هی تر و …هتد. چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتن دەدەن لەگەڵ ئەڤیندا، یان بە تەنها، هەروەها چەند جارێک هەوڵی هەڵاتنیش دەدەن سەرکەوتوو نابن. ئەوەی سەیرە ئەم داعشانە، یەکێکیشیان ئەمیرە، یەک بەدوای یەکدا دەبنە خاوەنی ئەم کچانە، کە وەک ژنی خۆیان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، بێ هیچ نیکاح و مارەکردنێکی شەرعیش!! هەق بەخۆیان دەدەن، کە لێیان بدەن، بیانچەوسێننەوە، زیندانییان بکەن! فەریدە جارێکیان دەماری دەستی دەبڕێت، خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕوات تا لە هۆش خۆی دەچێت، جارێکی تر خۆی بە گوریسێک هەڵدەواسێت، پێش مردنی فریای دەکەون! مرۆڤ کە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەوانە دەخوێنێتەوە، قەز لە ئیسلامی سیاسی دەکاتەوە، قەز لە جیهادییەکان و دروشمەکانیان دەکاتەوە. دواتر کەسێک بە ناوی ئەبو ئارام دەیانکڕێت دەیانبات بەرەو شاری دێزەزور لە ماڵێکدا زیندانیان دەکات، تەنها بۆ سێکس کردن دێتەوە لایان!
فەریدە دەڵێت، کاتێک یەکەمجار و بەزۆر دەسدرێژیم کرایە سەر، قەزم لەخۆم دەکردەوە، بیرم دەکردەوە گەر باوک و براکانم پێم بزانن چی دەکەن! لەگەڵ ئەڤیندا شەرممان لەیەک دەکرد سەیری چاوی یەکتر بکەین. هەوڵم دەدا هەمیشە ناشرین و چڵکن دەربکەوم تا زوو تەماعم تێنەکەن. دواتر لەگەڵ ئەڤیندا لێکیان جیا دەکەنەوە. هەوڵی هەڵاتنی تر دەدات، هەموو جار بە قامچی و دار ئەشکەنجە دەدرێت تا هادەی بێهۆش بوون. کورت و پوخت دەڵێت ئەمە وەک ئاژەڵ سەیر دەکراین لایان!
دوای زیندانییەکی زۆر ئەمیرێک دەینێرێت بۆ کەمپی سەربازیی لەو ناوچەیە، لەوێ دەبینێ چەندان کچی کێلەی تری وەک ئەمی لێە و خەریکی پاککردنەوەی کابینەکانن کە شەکەرە جیهادییەکان تێیدا دەخەون، لەوێ بە ڕێکەوت جارێکی تر ئەڤینی هاورێی دەدۆزێتەوە، زۆر خۆشحاڵ دەبێت. ئەما هەر کچە و ماڵی یەک لەو شەکەرانەی داعشن، بۆ فەرمانی ئەوان ناتوانن هیچ بکەن. لە جێگایەک خاوەنەکەی زۆر بۆزاری دەکات فەریدە دەستە دەداتە تفەنگێکی لەوێ دانراوە و میلی لێ دەهێنێتەوە، چەند کەسێکی تر دێن و چەکەکەی لێ دەستێنن.
هەفتانە دوو جار بە زۆر وانەی ئاینی ئیسلامیان پێ دەڵێنەوە، بە زۆر ئایەتەکانیان پێ لەبەردەکەن و دەبێت بەشداری نوێژ بکەن! دەڵێت کاتێک دەمانگوت: لە قورئاندا هاتوە، کە زۆرکردن لە ئایندا

نییە، یان ئاینی خۆتان بۆ خۆتان و هی منیش بۆ خۆم، ئەوان دەیانگوت: ئەوە بۆ ئەهلی کیتابە وەک جوو و دیانەکان، بۆ ئێوەی شەیتانپەرست نییە! لە هەموو سەیرتر دەڵێت پیاوێک دوو کەسی بە رووداوی ئۆتۆمبیل شڵابوو، دادگایان بۆیاری دابوو دەبێت لەبری ئەو دوو موسوڵمانەی کوشتوتن، دوو کەسی تر بهێنیتە سەر ئاینی ئیسلام، بۆیە زۆر هەوڵی لەگەلمان دەدا، تا سزا نەدرێت!

هەڵاتن لە دۆزەخ

ئێستا بۆ سێ مانگێک زیاتر دەبێت لای ئەمانە، ڕۆژ بە ڕۆژ نائومێدتر و بێزارتر دەبێت بە جۆرێک دەڵێت، مردن خەڵات بوو بۆمان، دەستمان ناکەوت! ڕۆژێک لە کاتی پاککردنەوەی کابینەیەک مۆبایلێک دەدۆزێتەوە، بانگی ئەڤین دەکات، ئەمان گروپێکی حەوت هەشت کەسین، پێیان دەڵێت، تەگبیر دەکەن، تەنها کارتەکەی بەکار بهێنن تا پێیان نەزانرێت، لە گەنجینەکەش دەگەڕێن مۆبالێک دەدۆزنەوە، کارتەکەی تێدەکەن و تێڵ بۆ خاڵی ئەڤین دەکەن کە لە ئەمانیایە، بە حاڵ ژمارەکەیان بیر دێتەوە، ئەو پێیان دەڵێت هەرچۆنێکە هەوڵ بدەن هەبێن بۆ شوێنکی دەرەوەی سەربازگەکە و ژمارەی کەسکیان دەداتێ کە قاچاخچییە و کوردە لە سوریا دەڵێت ئەو دەربازتان دەکات.
کات ناوەڕاستی مانگی دوانزەی ٢٠١٤ یە فەریدە پلانی هەڵاتن دادەنێ، کەش هەور و بارانە، دووان لە کچەکان نایەن لەگەلیان، ئەمان بڕیار دەدەن، گەر بشکۆژرێن لە ڕێگای هەڵاتندا هەر بڕۆن، پێنج کەس ڕێک دەکەون و شەوێکی بارانماوی دەکەونە ڕێ، بە ناو قولەی پاسەوانی و سەگوەڕ و ترس و دڵەاوکدا بە زۆرترین خێرایی کە لە توانایاندایە ڕێگە دەبڕن دەگەنە دەرەوەی سەربازگەکە، بە تەنیشت ڕێگایەکی قیرتاوکراودا دەڕۆن، چەندان سەعات ڕێدەکەن، تابلۆیەک دەبینن نوسراوە (حەسەکە) ئیتر ئەو ئاراستەیە بەرنادەن، چونکە ئەو ناوچەیە زۆربەی بەدەست شەڤانانی کوردەوەیە. سەرما، برسێتی و ماندوێتی و بێخەوی بەستیان لێ دەبڕێت، قاچیان لە خوێندێت، کچێکی چواردە ساڵییان بە ناوی بەسمە، پەکی دەکەوێت و بەلادا دێت، ئەمان دەچنە ژێر باڵی، بەربەیان نزیکی ئاوەدانییەک دەبنەوە، لە دەرەوەی گوندەکە خانوی تاکو تەرای لێیە، دەچنە خانویەکی تەواونەکراوەوە و پشوێک دەدەن، دیقەتی ماڵێکی نزیکیان دەدەن، بڕیان دەردەکەوێت داعشی نین، دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر کە لە دەرگایان بدەن و داوای پەنایان لێبکەن یان نا، لە ناچاری و نەبوونی ڕێگایەکی تر دەچن و لەدەرگا دەدەن، بەو هیوایەی بیانشارنەوە و نان و ئاویان بدەنێ و خەبەریان لێ نەدەن.

ئەوان کە خەزانی عەرەبی گەورەن و کچی هاوتەمەنی ئەمانیشیان هەیە، سەرەتا پیاوەکە دووڵ دەبێت لە داڵدە دانیان و نازانێت چی بکات، چونکە دەترسێت داعش پێ بزانن و بیکوژن، بەڵام دواتر ئەمان دەستی ماچ دەکەن و دەڵێن هەرچۆنێکە چەند ڕۆژێک پەنامان بدەن، ژمارەی کەسوکارمان پێیە، چیتان دەوێت دەتانێدەنێ. ئیتر دەیانبەنە ژوورەوە، ژنی ماڵەکە زۆر میهرەبان و باش دەبێت لەگەڵیاندا، دەڵێت: ئەوە قارەمانن هەڵاتون، ئەوە کچی منن. برنج و گۆشتیان بۆ لێ دەنێت، ڕۆژیان لێ دەگرن و لە ژوورێکی پشتەوە دەیانشارنەوە، خۆیان دەشێن، تێل بۆ خاڵی ئەڤین دەکەن، و ژمارەی قاچاخچییەکەش دەدەنە خاوەن ماڵەکە کە ناوی ئەبو یوسفەڵ، پەیوەندی پێوە دەکات. فەریدە دەڵێت: دوای ئەو هەموو کارەسات و مەرگەساتە بۆنی ماڵم کردەوە، ئای کە بۆنی ماڵ خۆشە! بۆیەکەم جاریش دوای ئەو هەموو کاتە هەستم کرد من دیسان بوومەتەوە بە مرۆڤ و وەک مرۆڤ مامەڵەم لەگەڵد دەکرێت.

بەرەو ناوچەی ئازاد

دوای پێنج شەش ڕۆژێک مانەوە، قاچاخچییەکە موستەفا حەموو کە لە حەسەکەیە پیکابێکیان بۆ ڕێکدەخات لەوێ دەریان بکات. هەموو دەچنە دواوە کە سندوقی پلاستکیی تێدایە و لەوێ خۆیان دەشارنەوە، هەر پێنجیان دەکەونە ڕێ بەرەو ماڵی موستەفا حەموو لە حەسەکە بە قاچاخەڵدا، چەند سەعاتێک ئۆتۆمبیلەکە بە بیاباندا ڕێگە دەبڕێت چەند جارێک دەوەستێت و شۆفێرەکە بەرتیل دەدات بە خاڵەکانی پشکنینی داعش، فەریدە دەڵێت، لەوکاتانەدا هەناسەشمان لە خۆمان دەبڕیت! دەگەنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی کرێکاران و ئیتر ترسیان نامێنێت. لە مالی مستەفا پشوو دەدەن و بە ئۆتۆمبیلێکی تر دەیانگەرن بەرەو سنور، لەوبەرەوە هێزی پێشمەرگە هەیە و ڕێککەوتن لەگەڵ شەڤانان کراوە لەسەر هاتوچۆ و گواستنەوەی ڕزگاربووان. بەسەر ڕووباری فوراتدا دەگەنە ئەم بەر سنور، لەوێ کەسوکاریان لە پێشوازیاندان. فەریدە مامێکی بە ناوی عادیل چاوەڕوانییەتی. چونکە هێشتا ناوچەکانی خۆیان لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدان، بە تەکسی بەرەو چادرگەی پەنابەران نزیکی دهۆک بەڕێدەکەون. مامی دەڵێت: هیچ هەواڵکمان لە باوکت و دایکت و براکانی ترت نییە، تەنها سەرهەد لای ئێمەیە لە کەمپ. تۆ کچی منی و لای من دەبیت.
دەگەنە کەمپەکە، خەڵکەکە لە ڕەوشێکی نالەبار، سەرما و نەداری و بێحاڵیدان، فەریدە دەڵێت: سەرهەد کە شانزە ساڵێک بوو، سەیری ناوچەوانی ناکردم، خەڵکەکە نائاسایی سەیریان دەکردین! سەرهەد

شتێکی سامناکی بینیبوو، نەیدەویست پێم بڵێت. نەرای هاوڕێی فەریدەش دیار نییە و بە کێلەکراوە! خەڵکەکە هەندێکیان بەچاوی سەز سەیریان دەکەن، بەڵام رۆژێک ژنێکیان دەڵێت: کچە داماوەکانم، ئێوە عەیبدار کراون، ناتوانن هەرگیز شو بکەن! بەم جۆرە هەواش هەواش خۆشی ژگاربوونیان کەم دەبێتەوە، کاتێک دەبینێت خەڵک و کەسوکار بەجۆرێکی تر لێیان دەڕوانن. لەگەڵ کچە هاوەردەکانیدا دەردەدڵ بێ یەک دەکەن. لە پڕ ڕۆکخراوی وادی ئەمانی دێنە لایان و سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتییەکە ژنێکە بە ناوی ئەفراح ئامۆژگاری و ڕاوێژیان دەداتێ، تا ڕەوشی دەروونییان ئاسایی بێتەوە، دەڵێت لە پێشدا نەمان دەویست نهێنی بدرکێنین لایان، بەڵام دواتر گفتوگۆیان لەگەڵ کردین و بەوردی هەموو شتێکمان بۆ گێڕانەوە، ئەوە دەروونی ئاسوودە کردین لەوەڵی باری خەممان لایان دانا.
ئەوان هاوکاریان دەکەن، کە بەر ئەگەری نەخۆشی ئەندامی زاووزێ و هەروەها سکپڕیش بچن پشکنین ئەنجام بدەن. ئەوان کارێک دەکەن تا ڕادەیەک هەست بەئارامی بکەن، باوەڕیان بەخۆیان هەبێت، کە ئەوان قوربانین و چییان بەسەردا هاتوە خۆیان خەتابار نین، نابێت خۆیان ئازار بدەن، ئەفراح دەڵێت: ئێوە شەرەفتان نەدڕاندوە، بەپێچەوانەوە، ئێوە قارەمانن، بۆیە ئێوە دەگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆتان، دەبێت شانازی بەخۆتان بکەن نەک شەرم...هتد.
ڕۆژێک کەسێک کە برای نەرای کێنە هاوڕێی بەسەروشوێنی ئەمە بە هەڵەداوان مۆبایلێکی بۆ دێنێت، و دژەڵێت کە نەرا یەو دەڵێت نامەوێت لەگەڵ کەس قسە بکەم تەنها فەریدە نەبێت، تەنانەت دایک و براکانیشی، ئیتر قسەی لەگەڵدا دەکات ،کەهە ئێستا ئەو لە موسڵە و بە مۆبایلی خاوەنەکەی بە دزیەوە تێل دەکات. پێی دەڵێت منیش وەک تۆ چەندان کەس دەسدرۆژیان کردۆتە سەرم و ...هتد. ئەم ئامۆژگاری دەکات کە هەوڵی هەڵاتن بدات.

تروسکەی ئومێد

دوای چەند مانگێک و لە مانگی دووی ٢٠١٥ ڕۆکخراوێکی خێرخوازیی ئەمانی دێت و ناونوسی خەڵک دەکات بۆ وەرگرتنیان وەک پەنابەر لەو وڵاتە و ناردنیان بۆ ئەوێ. سەرەتا دوو دێ دەبێت لەبەر جەڵەشتنی براکەی، دوای هاندانی ئەوان، ئەم و ئەڤینیش ناونوسی خۆیان دەکەن. کارمەندەکە پێیان دەڵێت ئیوە شانسی باشتان هەیە و وەردەگیرێن.
جاروبار دەنگێ بۆدەبێتەوە و یەک و دووان کەسی تری هەڵاتوو دەگەڕێنەوە کەمپەکە، ڕۆژێک تەلەفونی بۆ دەکەن دەڵێن دایکت هەڵاتوە و لە خەستەخانەیە لە دهۆک، بەمە شاگەشە دەبێت، دەچن و

دەبینێت دایکی، کە ئەم خەریکە لەبەر لاوازی و خراپی تەندروستی نەیناسێتەوە لەگەڵ دوو برای بچوکەکانیدا شڤان و کەنیوەر لەوێن! خۆشترین هەواڵ دەبێت بۆی. دایکی دەیگێڕێتەوە، کە چۆن لێکیان جیاکردونەتەوە لە مناڵەکانیشیان، مەردمناڵەکانیان بردوە و هەوێیان داوە مەشکیان بشڕنەوە و ئاهەنانی چەکیان پێکردون ناردویانن بۆ بەرەی جەنگ! دەیگێڕێتەوە کە بە بەرچاوی سەرهەدەوە باوک و براکەی تریان کوشتوە! ئیتر ئەمانیش خەزانێکی نوێ پێکەوە دەنێن و کانتینەرێک وەردەگرن ژیانێکی کولەمەرگی دەژین،

کەناری ئارامیی

رۆژێکی مانگی پێنج ئەڤینی هاورێی دێت و مژدەی دەداتێ کە ئەمانیا قبوڵی کردون بیانبات و پەنابەرییان بداتێ. تەنها لەسەریانە پاسەپۆرت ئامادەبکەن، تکتیشیان بۆ ئامادە کراوە! هەواڵێکی خۆش دەبێت، بەڵام دوو دڵ دەبێت لەبەر دایکی و براکانی، دواجار ئەوان ئازی دەکەن بڕوات و دەڕۆن لە دواتردا ئەمەش هەوڵ دەدەین بڵین. سەرهەدیش دەڵێت ئەم هەلە لە کیس خێت مەدە، لەوێ دەشێ ژیانێکی نوێ دەستپێبکەیت. ئەم نازانێت ئایا تەنها لە خۆشەویستیدایە هانی دەدەن، یان بەشکیش لەبەر ئەوەیە کە دەستدرێژی کراوەتە سەر و دەیانەوێت دوور بکەوێتەوە. بەڵام دایکیشی هانی دەدات بڕوات.
دەڵێت: من ئاواتم بوو ببمە مامۆستای بیرکاری، دەبوو ئێستا لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوومایە، بەکو لەوێ خوێندنەکەم تەواو بکەم و ئاواتەکەم بێنمە دی! کاتێکیش کچێ ڕزگار دەکرێت دێمەوە و دەبمە مامۆستا لەوێ.
فەریدە لە ساڵی ٢٠١٥ وە لەگەڵ پۆلێکی تری هاوچارەنوسیدا لە ئەمانیان، دەڵێت: سەرەتا بردیانینە کلێستەرێک (وەک تەکیە و خانەقای ئاینی مەسیحییەکان) خزمەتکی زۆریان کردین. کچانی ئەوێ زۆر هاوکارم بوون. ئێرە ژیانێکی تڕە، دونیایەکی نوێیە، لێرە ئارام بوومەوە، ئاسایی بوومەوە، تۆر بۆ کەسوکارم گریام، کە پێشتر گریانیشم ناهات، کێستەکە هێند گەورە بوو، چوومەتەوە بەر خوێندن، بەڵام پۆلی پێنجەمی ئامادەییم دووبارە کردەوە، چاوەڕێم دایکم و براکانم بێن و شوقەیەک وەربگرین و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەین... دوا وتەی دەڵێت (من ڕزگارم بوو لێیان، تا بە ئەوان نیشان بدەم، کە من بەهێزترم لەوان).

هیوا ناسیح

سەرچاوەکان:

• Das Mädchen, das den IS besiegte: Meine Geschichte | Khalaf, Farida | ISBN: 9783404609413, Germany, 2016
• جینۆسایدی ئێزیدیەکان لە زاری شایەتحاڵەکانەوە … ئاردەڵان عەبدوڵا
http://www.komarixwaz.com/ku/index.php/2011-10-20-07-47-07/6877-2016-10-18-08-15-52
• هەڵسەنگاندنی کردەوەکانی داعش ، عومەر عەلی غەفور
https://dengekan.info/archives/7843

عێراق بەرەو داهاتوێکی نادیار… شوشان مستەفا

پەیامی ئەمڕۆی موقتەدا سەدر شەقامی هەژاند

موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر پەیامێکی لەبارەی دۆخی عێراق بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، ئەو خوازیاری خۆنەشتن نیە، بەڵام وتوێژیشیان ئەزمونکردوە و هیچ سودێکی نەبوە، بۆیە داوا دەکات ئەم خولەی پەرلەمان هەڵبوەشێنرێتەوە و هەڵبژاردنی
.پێشوەخت ئەنجام بدرت
موقتەدا سەدر ئەوارەی ئەمڕۆ
چوارشەممە لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا دواین هەوڵستی خۆی لەبارەی دۆخی سیاسی عێراق ڕاگەیاند و لەبەشێکی پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد، ئەوەی ئێستا لە عێراق ڕوودات ململانێ نیە لەسەر دەسەڵات و ململانێش نیە لە نێوان کەسایەتییەکان، بەڵکو ململانێیە لەپێناو چاکسازی و ڕەوتی سەدریش لەم پرسیە بەدەر نابێت، باوەیشی وایە چاکسازی بەبێ قوربانیدان نابێت.

باسی لەوەشکرد، هیچ سودێک لە وتوێژ و دانوستاندا نیە دوای ئەوەی گەلی قسەی خۆی کرد، بەجەرگ لە سیستەمێکی دیموکراسی ئاشتیخوازانەدا هیچ شوێنێک بۆ دەموچاوە کۆنەکان نیە، ڕەوتی سەدریش پشتیوانی لە ڕەوتی دیموکراسی دەکات بۆتایبەت کە شانش لە عێراق لەگەڵ دروستبونی ڕەوتی سەدر سەری هەڵداوە.

داوا دەکات خەپیشاندەران بەردەوام بن لە مانەوەیان لەسەر شەقام رەبەری رەوتی سەدر داوای هەڵبژاردنی پێشوەخت و بەردەوامی خەپیشاندانەکانی کرد و ئاوەشی خستەوە، داوا دەکات ئەم خولەی پەرلەمان هەڵبوەشێنرێتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرێت، هەروەها داواش دەکات خەپیشاندەران بەردەوام بن لە مانەوەیان لەسەر شەقام و مانگرتن، چونکە باوەڕی وایە گەل لە چینی دەسەڵاتدار بێزار بوە و دانوستانیش لەسەر بەردەوامی ئەو دەخە ڕەتدەکاتەوە.

سەرەکی هاوپەیمانی فەتحی بە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ڕەوتی سەدر راسپارد
ئاوەش لەکاتێکدایە دوای هەفتەیەکی پڕ لە گرژیی و هاتنەسەر شەقامی لایەنگرانی هەردولا دژی یەکتر، لەئێستادا لایەنەکانی پەکهاتەی شیعە هاوکێکانیان بە ئاماژەی گفتوگۆی سیاسی چەکردوەتەوە، لەو چوارچێوەیشدا ئەمڕۆ چوارچێوەی هەماهەنگی هادی عامری، سەرەکی هاوپەیمانی فەتحی بە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ڕەوتی سەدر راسپارد.

بەیەکەوە دەستبەکن بە گفتوگۆیەکی جددی و بونیادنەر بە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوانیان
1ی ئاب هادی عامری، سەرەکی هاوپەیمانی فەتح رایگەیاند، دەخی ئێستای عێراق ڕووبەڕووی مەترسی بوەتەوە وەک بەرەو ئاوە دەچێت کە لەکەنتڕۆڵ دەربچێت و تووندوتیژی پەرەبسەنێت، بۆیە بانگەواز ئاماژەی ڕەوتی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی دەکات بۆ ئاوەی بەیەکەوە دەستبەکن بە گفتوگۆیەکی جددی و بونیادنەر بە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوانیان.

شوشان مستەفا

خەشوبستییەکی بە کۆتایی... نزار

جاف

لە ژیانیدا دڵداری نەکرد! لەودیو یادەوەرییە ماندووەکەی کە بە ساڵانی ووشك و برنگی و بە ئازار و برینی جەراوجەر دەتلێتەوە ، هەرووك ئاوەی چیرەکی دڵداریەکی کە شووکردنەکی جرگبڕ کۆتایی پێ هێنابێت!
سەری بەرزکردەوە هەرووك ئاوەی لە پێ بیری کردبێتەوە کە مافی خۆیەتی شنەبایەکی دڵداری و خۆشەویستی لەم ژیانە پێ ناخۆشیبێدا بەرکەوێت، بەڵام هەمیشە رووبەڕووی دیواری واقیعە تاڵەکەی کە هەمیشە بە پێچەوانەی حەز و ئارەزوی، تیایدا حەشاردرابوو، ژیانەکی زەر سەیرە! چونکە زەر لەوانەی کە هەرگیز لە ژیانیاندا چاوەڕوانی یان خۆنیان بە ساتەکی دڵداریکردنەوە نەبینیوە، کەچی رووبەڕووی زیاتر لە چیرەکەکی دڵداری بوونەتەوە، کەچی خۆی کە هەمیشە خۆنی بە چیرەکی دڵداریکردنەکی ڕەمانسیەوە دەبینی کە واتا بە هەموو چاو تڕووکاندن و تڕپەی دە بەخشێت، بەڵام هیچی لەوبارەوە تووش نەبوو بەڵکو لە ویستگەی چاوەڕوانیەکی یەکجار تاڵدا مایەوە.
ئاوە ڕەژەی کە بینی بەتە خەزانی پیاوەك، ژیانە نوێیەکەی پەسەندکرد و هیچ نەبوو کە ڕەتی بشەژێنێت، بەڵام بابەتە هەرە گرنگەکە ئاوەبوو کە نایدەتوانی بیرەکەی خۆشەویستی دوای شووکردن پەسەندبکات، هەربۆیە ژیانی هاوسەری بۆ جەرەی کە داب و نەریت دەخوازێت بەڵکەرد بەڵام هەمیشە چاوکانی بە ئاسەی خۆشەویستی و دڵداریەوە وبیرکردنەوە و خۆیاڵی مەستی خۆنە شیرینەکانی، هەڵواسرابوون.
زەر کات لە ساتەکانی تەنیایدا و دوای ئاوەی کە ئاهی بیابانی ووشکی نامۆیی لە دڵی ماندووی بە با دەدا و، لە کانیەکانی بە ئاگابوونی خۆی دەگەڕانەوە بە ڕابردوو و فەرهادەکی بە خۆی دەخولقاند کە نەك چیای بیستون بەڵکو هەموو چیاکانی کوردستان بە کوناودەر دەکرد.
خۆنی بۆ ساتە هەستیارانەوە دەبینی کە فەرهادەکەی لە نزارەکدا بە گوێیدا دەچرپێنێت: تەم خەش ئاوەت ڕووناکی هەموو ژیانم! بەڵام بۆەش شێڵی هەست و سەزی پە ڕانگیرا و دەیهێنایە بەر چاوی چەن فەرهادەکەی پەنجەکانی بەناو قژیدا بە ئاسپایی دەهێنێت و دەبات و بەنی قژ و لەش و هەناسەکانی دەکات و دەڵێت، من هیچ عەتر و بەنکم ناوێت جگە لەم بەنە.
بەڵام...تەمەن بە هەنگاوە قورسەکانی شەلای و دەیشەڵێت جگە لە خۆن و خەیاڵ و ئەندێشە و جیهانی دوور لە واقیعی پووچ و تاڵی هیچی تری

نەبینی و نابینەت.
رۆژێك، سەری بەندکردەوە بە ئاسمان و ووتی: خوایە گیان، بۆچی لەم جیهانە بە پایان و سنوورەتدا، هیچ چیرۆکێکی خۆشەویستیت بە نسیبم نەکرد؟ ئایا بەختی سیاچارەم یاخود دەم بەت کە لەوانەیە لە دڵی هەموو ئافرەتانی تر بچووك بەت؟ یان نهێنییەك لە بەسەرهاتی مندا هەبەت؟
ئای خوای میهرەبانی من، جوبران خەلیل جوبران وتوویەتی:"نابینیت خوا لە دڵی ئاشقاندایە، بۆکو بۆی ئاشقان لە دڵی خواداں" دەپەم بۆ نهێنی ئەم خۆشەویستییەی کە دڵی میهرەبانی تە بکات بە لانکەی، چی بەت؟ بریا تامەکم لە خۆشەویستی بچژیایە، خۆزگە لە دڵەپەك خۆشەویستیدا بتوامایەو، خۆزگە لە ساتەکی خۆشەویستیدا ببوومایە خۆیاکی وەك لە دەوروبەری دە و مەشکی پیاوەك کە تەنها شەیدای و شەت خۆشەویستی من بووایە!
ئای ژیانی تاڵ، ژیانی پڕ ئازار و تەنیاییم، خۆزگە جارەکی تر لە سەرەتاوە ژیانم بەسەردەبرد و لە پڕچ و پەناکانتدا روبەڕووی خۆشەویستی دەبوومەوە، خۆشەویستیەك کە ژیانی هاوسەری تونای لەناوبردنی نەبەت، خۆشەویستیەك کە بەسەر هەموو شتەکدا زاڵ بەت. خۆشەویستیەك کە بمکاتە تەنها ئافرەتەك لە بیر و دە وەشك و دەرون و ویژدانی خۆشەویستەکەم و بیکاتە دوا پیاو لە چاوانمدا، ئەمەی ئەو خۆشەویستییەی کە دیخوازم و تەنها بە خۆشەویستییەکی لەمجۆرە دەمەوەت ژیانم دووبارە بەتەوە.
لە لووتکەی هەژانی هەست و سۆزمدا بە گەڕانەوە زەمەن، هەست بە جۆرە نیگەرانییەك دەکەم کە جۆرە ترسەك خێی تەوە دەئاگەنەت، ترسەك کە هەو نهێنییەکەی نازانم، بەتایبەتی کە پرسیار دە بە مەشکمدا: ئایا پیاوەك لەئارادا دەبەت کە دەقاودەق وەك من بیربکاتەوە؟ ئایا پیاوەك لە دنیایەدا هەیە کە چاوی خێی بپارێزەت لە تەماشاکردنی هەموو ئافرەتانی جیهان و تەنها خولیای دە و خۆشەویستی من بەت؟ من وەك خەم ئامادەم کە خۆشەویستەکەم والەبکەم کە ببەتە یەکەم و دوا پیاو لە مژوودا و سینەم بکەمە گەردوونەك کە هەموو خەر ومانگ و ئەستێرەکانی تیا بدرەوشێتەوە و شەو و رۆژ بە هەموو جۆرە ووشە و جوڵە و نهێنییەکانی خۆشەویستی لایەلایی بکەم، ئایا پیاوەك هەیە کە گونجاوبەت لەگەڵ جیهانی خۆشەویستیمدا؟

تێبینی: ئەم ووتارەم بە یەکەم جار بە زمانی عەرەبی لە سایتی ئیلاف بڵاوکردەوە و بە باشم زانی بە زمانی کردی وەریبگەڕم چونکە لام زۆر گرنگە مەبەستەکەی بپەکەت!
https://elaph.com/Web/AsdaElaph/2009/8/470054.html

چاو خشاندنکی سەرپەی بە پیرەهەدا... نەوزاد بەندی

(پیرە هەڵە) دیوانێکی شیعریی هاوڕێی شاعیر نەوشیروان ئازادە لە دوو توێی 316 لاپەڕەی مام ناوەنددا و ..بە چاپ و دیزاینێکی جوان ، خەی خستە ناو کتێبخانەی کوردییەوە ..

نەوشیروان زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە لە بواری شیکاریی نەخشیەکاندا ، خزمەت بە مرۆڤکان ئەکات ، لە پاڵ ئەوەیشدا شاعیرێکی دیار و ناشنەبیرکی بەوفا و حەقبەژ و ..کەسێکی کەمایەتیشە ..

واتا کاتێ کە لە تاقیگەدا ئەیبینی ، بەوا ناکەیت پانتاییەکی ژیانی ئەم پیاوە شیعر و تابلۆی ویژدانیی داگیری کردووە .. کە تەماشای شیعرەکانی ئەکەیت ، بەوا ناکەیت ئەم پیاوە ساڵەهای ساڵ شیکاری خوێنی بە نەخشەکان کردبێ و ئێشکی گرتبێ و تا بەیانی بواریان نەدابێ چاولێک بنێ ..

کە نەوشیروانی کەمایەتی و قسە خۆشیش ئەبینی ، بەوا ناکەی ئەم پیاوە ، بەجگە لە بەسەرکردنەوەی هاوڕێ و خزم و دۆستانی ، بە شتێکی تریش سەرقاڵ بوو بێ ..

دیوانی (پیرە هەڵە) پێش ئەوەی بیخوێنیتەوە ، کەمێک گریمانەت لە لا دروست ئەکەن ، چونکە هەڵەکان کە پیر ئەبن ، هەندێکیان خۆیان ئەکوژن ، چونکە هەیبەتیان نامێنێ و دڵنوکیان کول ئەبێ یان ئێشکێ و ناتوانن ئاو بکەن ..ئەویش وایان لە ئەکا خۆیان بکوژن چونکە ژیانی سەرشۆڕیی ئەت ئەکەنەوە ..

ئەم دیوانە بڕچی ناو نراوە پیرە هەڵە ؟ ئایا باس لە پیاوانێک ئەکات ..لە میللەتێک ئەکات ، کە مەرد بوون و ئێستا ئیتر لە پەل و پۆ کوتوون ؟ باس لە پیاوانێک ..لە میللەتێک ئەکات ، کە تەنها ناویان هەیە بووە ئەگینا نەیانتوانیوە هیچ هەڵەکارێکی هەڵە بەرجەستە بکەن و ..بە ناچاریی وەک پیرە هەڵەیەکی بە هەڵز و بە توانا و پڕاوەزخراو هەڵوەست ئەنوێنن ؟ پیرە هەڵە ، شاعیر

خەیاڵی کە سانایک وایزانیوە لە ووشاتی هەڵە و شڕاندایە و .. بەم پایزی تەمەنە هەشتا خوونکەی پاراستووە و .. هەشتا بەوای وایە کە ئەڕە مەملەکەتی سەرکەشی هەڵەکانە ؟

لە دوورەوە

وشکانی نەو چەوانت دەخوێنمەوە

دەزانم چی لە دەتایە ..

لە ئاسمانی خەیاڵت دا

کام باڵندە ،

لە پەرواز و ، بڕوودایە ……(ل 20)

وەک کەمەگایەکی داخراوی چەپەنراو ، هەموو عەشقەکان لە دوورەوەن ..هەموو خوونکان لە دوورەوەن .. هەموو ژوانەکان خەیاڵین و .. گریمانەن ..هەموومان سەرنجە دوور بە دوور و ..لەکدانەوە نهێنیەکانی خەمانمان بیر ئەکەوێتەوە …

کاتە لە پێش چاوم دەبی

خەم بە خاوەن تە دەزانم ..

وا دەزانم ئەم جیهانە

لانکەیەکە و …

دەی ساوام ئادەزنە …. (ل 22)

هەمان دەخی چەقبەستوو . . خاوەندارێتیی .. بەتاڵ بوونەوەی عەشق و جوانیی ..واتا نەبوونی دەگایەکی تر بەجگە لە کەینی مەیینەیەک و زیندانکردنی هەردووکتان لە زیندانەکدا کە بە دروشم و پیرەزیی بەیاخ کراوە ..

گەورەترین ئومێدی هەموو لاوەک ، ئەویە خاوەندارێتی یان ساڵانەی کچەک بکرێت بەناوییەوە ..ئیتر ئەوە وەک خاوەندارێتیی هەموو جیهان وایە ، لەلای ئەو .. کە لە ئاستیدا وا نییە .. ئەو دیوارە سەختانەی کردووە هەردوو دەگەز وابزانن تەنها گەیشتن بە دەگەزی بەرامبەر یەکسانە بە هەموو سەروەرییەکان ، بە هەموو گەردوون ..

کە لە ئاستیدا ئەوانە هەموو خەون و خەیالی کۆکبووی ساڵەهای ساڵن ، ئەگینا گەیشتن بە یەکتری ، ئەک وەک گەیشتنی ئاژانمانە بە ئاو ..نان .، هەر شتێکی تر ، کە زەر جار نەگەیشتن ، جوانتر و بەسوودترە .. بە واتایەکی تر ، ئەو خاوەندارێتییە خەیاڵییەی کە هیچ نییە ، یان ئاستێکی شتێکی زەر ئاسایی وسادەیە و ..لەمان کراوە بە هەموو گەردوون ..دەستی تەدا ماچ ئەکرە و شەی گەورەی تیرەکانی پە دەکوژنرێتەوە و ..ئاتونێکی زەری تەدا خەرج ئەکرە و …قەرزێکی زەریش ..زەر زەر ، بە ئەگەری ئاکردن و لەک جیا بوونەوە ..

لەم وون مەبە ، چونکە دووریت

دەبانێکە …

سینەی بزەم پە شەق دەکا

لەم وون مەبە چونکە دووریت

هەواڵێکە و لەسەر سەفحەی قوژنگی یاد

بەستوونی شادیم شەق ئەکا ……(ل 23)

دیسان لەرەدا مرۆڤ تاک ئاهەندەکان دەردەکەون .. ئەوانەی بە داوێک دەزووەوە بە ژیانەوە بەستراونەتەوە .. ئەوانەی بەدیلی تریان نییە .. نە بەدیلی عەشق ..نە بەدیلی حوکمڕان .. نە بەدیلی سەرکردە .. تەنانەت بەدیلی خواردنیان نیە و ئەبە هەمووان بە نەخشی چەوری و داخرانی بەرییەکانی دە بمرن …

تەواو .. وونبوونی ئەو ، خەنجەری دەبانە و..شەقار شەقاری ئەکا .. کونکردنی بەستوون و نائومێد بوونی فەرهاد و ئانج بەخەساربوونی ، دووبارە بوونەوە و حزووری لە هەموماندا هەیە .. ئەم نائومێدییە بە تامی ئومێد ، ئەم ئاشبینییە بە تامی گەشبینیی ، ئەم ددانپیانانە کە لە هەمان کات جەرەکە لە خەکوشتن ، لە هەموو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانماندا ، ئامادەیە .. واتا هەموو داستانێکی عەشقمان ، چەقۆ و جەنجەر و کوشتن و فرمێسکی دنیای تەدایە ..ئومێیش بە داخەوە ،دەرخەری ئەوەیە کە ئەمە پەش نەکەوتووین ..ئەمە هێشتا ئامادەین کەوی بەستوون کون بکەین بەام ناتوانین کەوی ئەو مەژووە هەڵدێە کون بکەین و ..لەوەی هەڵبەین بە دنیایەکی جوانتر …ئەوروپییەکان ئامێە و جولەتیان تێپەاند ..واتا

چیدی لاسایی ئەمیە ناکۆنەوە .. ماکبسیان خۆش ناوێ ، تۆنانێت بە شێت لێ قەڵەمی دەدەن .. دەزدەمونا وەک کار لێ بکردەمیدا ئاناکشە ، بیکوژێ .. تۆنانێت گاڵتەیان بە خۆ کوشتنەکەی ماکبس دێت …بەڵام ئەمە هەشتا حەز ئەکەین فەرهاد بین .. یان وەک وەلی ، شێت و دەوانە بین ..بە ئای من بەشەک لە هەکاری سەرهەڵگرتنی شاعیر و بیریارەکانمان ، بە ئەوە بووە وەک فەرهاد و وەلی و سیامەند نابن .. هیچ سەرسام نابووم کە شاعیرەکی خەمان نوسیبووی ، لەرە میترێیەک نییە تیایدا یەکتر ببینین ، کەواتە ئەم ددانپیانانە ، هیچ نەگەیەنن ، ئەوە ئەگەیەنن کە شاعیرەکانمان ئیانەوە لەناو میتردا خۆن ببینن نەک لەسەر کەوی بەستوون .. ئیانەوە لە فەکەخانە چاوەڕی یار بکەن ، نەک وەک وەلی ئاوارەی شاخ و چەوانیی بن ..ئەمەیش بە خەی هەنگاوەکە ، بەڵام هەنگاوەکی خەمگین .. خەمگین بۆ مانایەی میترە نیە و نایشبە ..بەڵام ببووایە ، ئەکرا یەکتر بینینی جوانتری تێدا بوو

Nawzad Bandy

ایە .. ئەو دەڵە پێە لە ڕەخنە لە دەسەڵاتێکی بەربەری و گەمژە و نەخوێندەوار ، کە ناتوانێ یان نازانێ تێبگا لەوەی شاعیرێک چی پێ خۆشە .. لاوێک خۆ بە چیەوە ئەبینێ .. نایەوێ تێبگا لەوەی کە میلەتێک لەو بەزارە ..کە نەیتوانیوە بچوکترین ئومێدی میللەتێک بهێنێتە دی ، بە جۆرێک هەکاری گواستنەوەی ژەر زەوی کە لە هەموو دنیادا هەیە ، ببێتە خۆن و خەیاڵ و شیعری شاعیرەکانمان .. ئەمە بۆ خەی حەیاچوونی دەسەاتەکە ، هەکاری گواستنەوەی مەدەرن ئەوێندە مەحاڵ بێ ، ببێ بە خەیاڵ و ئیلهام و جۆزوانی شاعیران ..لە جیهانێکی مەدەرندا کە تیایدا ووڵاتان خەریکی خۆئامادەکردنن بۆگەشت و مانەوە لە سەر مەریخ ..

تاوان نیە ئۆگەر ئەم

دارتەلی گشت شۆقامەکان

ببن بە داری خنکاندن

بە خونخەر و …….. (ل 59)

ئەم ئەوپەڕی بەزاریی شاعیرە لە سیستەمێکی حوکمڕانیی کە کارەکی کردووە شەرعیەت بدرێ بە کەمکۆزیی کاربەدەستان .. ئەمبەچوونی زەرینەی میللەتێکە کە شاعیر بە هەمنیی گوزارشتی لە کردووە .. وەک

دادوەرێک ، دەستوورێکی ئاستەقینە بۆ گەلێک ئەنوستووە ، تیایدا هەواسینی گەندەکاران و دوژمنانی گەل ، بۆ دارتەلەکاندا ، تاوان نییە ..

ئەمە بۆ ئەی من جوانترین یاسایە .. هەر خوێنخۆرێکی میللەتتان بینی ، بۆ نزیکترین دارتەلدا هەڵیواسن ، یەکەم وەک سزایەکی دادپەروەرانە و دووەمیش بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ ئەوانەی تر و نەوەرن بیر لە زوڵم و زۆر بکەنەوە ..

گیانی شەهید

کەترێکی ئاشتی خوازێ

کاتێ شادە

کە هاوڕێکەی

سەنگەرەکەی

جێ نەهێڵێ

بۆ ئافرەت و کەشکی تازە .....(ل 91)

لەسەردا شاعیر بەردەک ئەنێ بۆ تۆڕەبەی هەموو ئەوانەوە کە هاوڕێکانیان شەهید بوون و ..خەیشیان کەشک لە دوای کەشک و..ئافرەت لە دوای ئافرەت ئەگۆڕن و تاقیئەکەنەوە ..

پێیان ئەڵێ بەم غەریزە پەرستی و وەحشیگەریەتان ، هاوڕێ شەهیدەکانتان لەناو خاکدا خەم ئەخۆن ..

بۆچی خەم ئەخۆن ؟ بۆ ئەوەی ئەمان لە پەناوی نیشتمانەکدا شەهید بوون هەتا ئەوان خەریکی دزی و شەروانپیسیی بن لەسەری ..

من دەنگ بۆ هیچ

کەسێک نادەم

هیچ کاندیدێکم نییە ،

تا بیکەمە نوێنەری خەم ..

خەشوێستانم هەر ئەوەن

تەنیا کەسن

دەنگیان بەمە

بۆیان بسووتێم وەکو مۆم …(ل 141)

لێرەدا شاعیر لە بڕێی گۆڵدا ماوەتەوە و ..هەبازی خۆی دیاری دەکات ،کە هەبازی گۆڵە و ..ئەوان بە نوێنەری خۆی ئەزانێ ..

ئەمەیش خۆی لە خۆیدا ، هەوڵدانە بۆ فڕکردنی خۆک بۆ ئاوەی نیشتمانیی بن نۆک حیزبی و تیرۆگەر و کۆسپەرست و بنەماپەرست …کۆسان و تیرۆ و بنەماکان ئەمنێتەوە ..

لێرەدا وانەیەکی سادە و ساکار پێشکەش ئەکا ، بۆی کە گۆڵ بکرێتە چەقی بۆیار و دەنگ و هیوا و هەموو بەرنامەکان .. ئاوێش بانگەشەی یەکگرتن و ..سەینەوەی سنووره دەکاویەکانی حیزب و چینایەتی و حوکمی پشتا و پشت و کۆنەپەرستی وبەربەریەتێ ..

کاتێ هاتن

لێناو دڵی

نیشتمانا

هەماهنگرتن

لە دەکەزیی

شاوەزەنگ و

زەمهەریری

کاروانەکا

بوویندە تەتەر

لە باوەشی

گەرمی خەرا

هەماهنگرتن

دەتە بیرتان

بۆ داگرتنی

تیشکی خۆر

چۆن لاوکی سیامەند و

دڵی پاکی خۆجێ خانمان

کردە چێ گۆڕی سووری

بۆر یەختان

کەچی ئەو

بەباکانە

فڕێتان دا لە بەر پێتان

دەتە بیرتان

هابوردووتان ....(ل 178)

لەڕەدا شاعیر ئیەو خەڵکەکی چەکداری بە مروەت و ناکەس شەرمەزار بکا ، کە سەردەمی پارتیزانیی ، گەل پێناهاندە و دایک وباوک و داەدە و ئامەزی ئەوان بوو ،

کەچی کە گەیشتنە کورسی دەسەات ، هەموو ئەو هەوە و ماندووبوونی میللەتیان فەدایە ژەر پێیان ...لەڕەدا شاعیر گلەییەک ئەکا و..بە نائومەدییەو بەو بە مروەت و نامەردانە ئەە : دەتە بیرتان؟ ....لە کاتەکدا دەنیایشە کەسەک ئەو هەموو وەفا و ئەمەگی میللەت بخاتە ژەر پێی ، بەگومان لە یادی نییە .. لە یادیشی بە ، گاەتی پێ دە و هیچ نرخ و ەەزەکی بە دانانێت ..

بەەام لەڕەدا ئیتر بەدەسەاتیی شاعیر لەبەرامبەر دەسەاتەکی بەربەرییدا دەردەکەو و ..بەجگە لە سوکە گلەییەک هیچ چارەسەر وئەەتەراتیفەکی پێ نییە یان پێیەتی و دەری نابە .. لە کاتەکدا من بوومایە ، وام دەووت :

ئەی گەلی

هەلاکە بەزەن ..

بەعس ەوخەن ..

هەستنە سەرپە ..

ئەوەی بە میللەت ئەحەپە ،

پەتی کەن وەک بەکەس ووتی

فێی دەن ..بیخەنە ژێر پە ..

کەسە نیشتمانفرۆش بە ،

تەی هێدەن گەر ێژانەکیش

کاریزمای من و تەش بووبە..

چونکە جەی قبوەکردن و دانووستان نیە کەسانەک فیداکاریی میللەتیک فێدەنە ژێرپە و بەیشیان بچەتە سەر ..

کە تە دێی

بەهار ئەمرە

مانگ لە ئاسمان

پرشنگ لە خەر

بزەی سەر لەویش ئەتەرە … (ل184)

ئەویش ئەو پێی خۆشویستیە ، کە تەکێاوی هەموو وەرزەکان و سروشت بووە و ..دەستکاریییان ئەکا و ئەیانگێ ..

ئەویش وەک نزار القبانی ، لە شیعرەکیدا ئێ : (قولي احبك

كيتزيد وسامتي ..!)

واتا :

بێ خەشم ئەوەی

بە ئەوەی جوانتر بم ..

لەردا ئەو ئەبەتە بەیاردەری هەموو خەشی و ئاسوودەییەک و

تەنانەت □□□ی پزیشکی جوانکاریيش ئەگ□□□ت ..

لە ژێر چەپۆکی

پەستان □□شکا

نیوەی تەمەنم

□□یی بەهودە

بە نان بە ژیان

بە نیوەکەی دی

برای هاوخوێنیم

لە بەتە جەردە ..... (ل186)

بە □استی ئەم کورت و پوختترین ژیانناممیە بینیبەتم و خوێندبەتمەوە ،هەموو ئەوانەی هاوتەمەن و هاونەوەی شاعیرن ، بە خوێندنەوەی ئەو شیعرە ئاخێک هەئێکشن ، چونکە بە کورتی و بروسک ئاسا ، پێناسەی ژیانیان ئەکا ، نیوەی تەمەنیان بەگانیەکی میلیتاریستی خ□□کی گەمژە خەساری کرد و .. نیوەکەی تر هاونیشتمانییەکی چاوبرسی و هەرگیز تێرنەبووی نیشتمانفرۆش ، وێرانی کرد ..

بە□استی من زێر سوپاسی نەوشیروان ئازاد ئەکەم بە ئەم پێناسە جوانە و ..من وەک ناسنامە تەماشای ئەکەم ..حەق وایە هەموو لە دایکبووانی ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتای سەدەی □ابوردوو ئەم کورتە شیعرە کەبس بکەن و وەک ناسنامە بیخەنە گیرفانیان و .. لە بازگەکاندا نیشانی پۆلیسەکانی بدەن ..□استترین و کورت و پوختترین ناسنامەیە ..

ماوەتەوە بەم ئەم دیوانە شیعرییەی نەوشیروان ئازاد ، قسەی زێر زیاتر هەدەگرێ .. لەکدانەوە و برین و ئازار و خوێنی لەبار براوی نەوەیەکی □□شنبیری گەلەکەمانی هەگرتووە ، هەر کەپلە و دەکی چەندین لەکدانەوە و خوێندنەوە هەدەگرێ .. بە جۆرێک ئەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی تەماشا بکرێ ..

دواجار لە □ووی خابەندییەوە ، هەماکانی پرسیار و سەرسوڕمان و خاڵ و فاریزە و هەماکانی ترم لەنێوان و کەتایی دەکاندا نەبینی

، کە بۆای من بەشکی گرنگی نوسینە بۆ گشتی و شیعرە بۆ تایبەتیی ، هیوادارم لە بەرهەمکانی داهاتوویدا ، چاوی ئۆو دیاردەیە بکات و کاریان پێ بکات ..

سنەوزاد بۆندی ـــ ٣/٨/٢٠٢٢

یەگرتووی ئیسلامی و کۆمۆنی دادپەروەری داوای گۆاندنەوەی ئیعدام دەکەن لە کوردستان...

عەلی مەحمود محەمەد

کاتەك لە رۆکەوتی 19-8-2003 تیرۆریستان بارگای نێتەوە یەکگرتووەکانیان لە میوانخانەی قەنات لە شاری بەغدای پایتەختی عەراق تەقاندەوە, لە ئەنجامدا 22 کەس کوژرا, 15ی بیانی بوو, لە ناویان 3 کەسیان ئۆرانی و ئوردنی و میسری بوون, لە ناو کوژراوەکان نەردەی نێتەوە یەکگرتووەکان سیرجیۆ دی میلۆ هەبوو, کاتێك لە رۆکەوتی 3-7-2007 ویسترا بەیاری ئیعدام بەسەر تاوانباری تاوانەکە ئۆوراز عەبدالعەزیز مەحمود سەعید ناسراو بە باسم کوردی جەبەجێ بکرێت, کە ناوبراو هاوکاری ئۆبو مەسعەب زەرقاوی کردبوو لە نەخشە دانان بە ئۆو تاوانە, نێتەوە یەکگرتووەکان وەك پرنسیبەك کە دژ بە ئیعدام بوو, لە گەڵ جەبەجەکردنی ئۆو بەیارە نەبوو , داوای گۆینی سزاکەی کرد.
نابێت تاوانباران لە سزا رزگاریان ببێت, بەڵام سزادان بە ساندنەوەی ژیان ناکرێت, ئەمە لە گەڵ دادپەروەرین نەك تێکدەنەوە, ئیعدام سزای مەرگ بە بەیاری دادوەر وەك تونديترین سزا. لە کوردستان سزای لە سێدارەدان هەیە, بەڵام جەبەجەکردنی 15ساڵە راگیراوە لە روی کردارێیەوە, کە پێویستە وەك سزاش نەمێنێ, راگرتنەکەی هەنگاوێکی باش, وەلێ پێویستە هەوڵشتێوە, نزیك 410 کەس لە کوردستان سزای ئیعدامیان لە سەرە, بڕیکیان لەوانەن سەر بە رۆکەوتی ئیسلامین و بە یاسای تیرۆر سزادراون.

لە جیهان 109 ولات سزای ئیعدامی هەیە،شاندەوە, تەنها لە 55 وڵات جێبەجێ دەکرێت, رایگشتی جیهانی لە گەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری ئەم سزایەن, رۆژ بە رۆژ بەرەی نەیاری سزای ئیعدام لە جیهان لە گەشەکردنداید.

دوای ئەوەی بکوژی دکتەر هوشیار ئیسماعیل کە سزادراوی تیرۆر بە ئیعدام حوکم دراوە, لە چاکسازی گەوران خەلات کرا لە لایەن وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتییەوە بە ئامادە بوونی چەند کادیرێکی یەکگرتووی ئیسلامی, دەزی ئیعدام جارێکی دیکە بووەوە جێگای مشتومڕی دوو پارتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان, لە کاردانەوە بەرامبەر بە رووداوە هەردوو پارتەکە لە دوو بەیاننامەدا بە فەرمی داوای کاراکردنەوەی سزای لە سێدارەدانیان کردەوە لە کوردستان.

ئەنجومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا لە رێکەوتی 3/8/2022 بە پیت داوای جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان دەکات لە کوردستان کە دەڵێت: " بەداخەوە لە جیاتی بەجێگەیاندنی سزای لە سێدارەدان بە بکوژان ، خەڵات دەکرێن. بە ئەمە جگەی نیگەرانیە ، ئیدانەی ئەو کارە نایاسایی و سەرپێچیە دەکەین . ئەوەی کراوە لەم کەیسەدا ، لەجیاتی بکوژ لەسێدارە بدرێن ! خەڵاتی دەکرێن و لە ڕاگەیاندن شانازی پێوە دەکرێن ، ئەوە مایەی استفزاز و سوکایەتی کردنە بە بنەماڵە و زانا و قوتابی و هاوکارانی شەهید دکتەر هەشیار . بەداخەوە چەندان جار دەسەڵاتداران بەدەنگی جێبەجێکردنی سزای سێدارەدانیان دا بە بکوژانی دکتەر هەشیار بەڵام نەک جێبەجێیان نەکرد بەڵکو خەڵاتیان کرد .

بەیە داوا دەکەین داواکاری گشتی ئەو بڕیارە بە بڕیارگانی دادگا قبوڵ نەکرێن و دەسەڵاتداران چیتر سوکایەتی بە مافی ستەملێکراو و بڕیارگانی دادگا نەکەن" .

هاوکات فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگریی لە پەرلەمانی کوردستان لە رێکەوتی ٤ی ٨ی ٢٠٢٢ بەیاننامەیەکدا دەڵێن" داواکارین سەرکایەتی هەرێم و دامەزراوەی پێوەندیدار سزای لە سێدارەدان بەسەر ئەو تاوانبارەدا جێبەجێ بکرێن کە بکەری تاوانێکی چەپەڵ و مامستایەکی بڕیزو خزمەتکاری گەل و وڵاتی لە شاری هەولێر تیرۆر کرد، هەر ئەمەش لەگەڵ ڕووحی شریعەت و بنەمای عەدالەتدا گونجاوە.".

ئەم داواکاریانەی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگری داواکاری جێبەجێکردنی سزای سەر 410 ڕاگیراوی سزای ئیعدامە لە کوردستان, سەندنەوەی ژیانە لە 410 مرۆڤ, سەپاندنەوەی ڕشترین سزایە, کە رۆژ بە رۆژ لە جیهان ژمارەی ئەو وڵاتانەی جێبەجێی دەکرێن لە کەمبوونەوەدایە.

بەم داواکارییەی یەکگرتوو و کەسە هەنگاوێك بزوتنەوەی مافی مرۆڤ و خەبات بۆ نەهێشتنی سزای ئیعدامیان بردە دواوە, لە بیریان چووە لە وڵاتی دراوسێمان لە ئێران تەنها مانگی رابردوو 33 کەس ئیعدامکران, تیایاندا مرۆڤ گەلێك هەن چەلەگەیەکیشیان ئازار نەداوە .
داواکاری گشتیەوەی جێبەجێکردنی سزای ئیعدام لە کوردستان دژ بە مافەکانی مرۆڤ و داواکاری سزندنەوەی ژیانە لە مرۆڤ, بەم داوارییە هەردوو پارتی ناوبراو دەچنە لیستی ڕەشی پاراستنی مافی مرۆڤەوە.

قەدری خۆت بگــــرن!.. فازیـــل شـــۆ

(إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ اللَّـهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ)
صدق الله العظيم

لەو هەسارە بەسنوورە و لە ناو ئەو هەزاران هەزار پەکهاتە و توخم و گەردیلانەی دەووری ئەمیان داوە و لە گشیاندا دەژین، قەت هیچ توخم و پەکهاتەیەکی ماددی وەکو خۆ و خاک، دووانە و هاوتا و هاوسەنگی بوونی مرۆڤ نیین. دەکرێ بڵێن مرۆڤ و بوون یەکسانن یان هاوتەریبن بە خۆ و خاک. با بە تەواوەتی قوولکانی جیهانە ڕوحییانەکانەی پەیوەست بە (خۆ و مرۆڤ) هەڵ سەرقاڵتان نەکەم ــ کە چەندان کتێبکی مەزن و پیرۆز و قورسیان لەسەر نووسراوە. با لەوش گەشین کە زانست دەڵێ:" جەستەی مرۆڤ نزیکەی ٦٠٪ ئاوە و هایدرۆجین تەنها ١١٪ی ئەو بارستە ئاوە پەکدەهێنێت. هەرچەندە ئاو بە هەر ئەکسجینەک لە دوو ئەتەمی هایدرۆجین پەکدێت، بەڵام هایدرۆجین بارستەی زۆر کەمتری هەیە. دەتوانین بڵێین کە ٩٣%ی بارستەی ناو جەستەمان تەزی ئەستێرەیە."

تە وەرە، سەرنجێکی سەرپێی لەم خاڵانەدا بدە:
یەک: لەو ساتە وەختەی، مرۆڤ دێتە دونیا، تا گەشانەوەی بە باوەشی

خۆ، نەک هەر لەسەر ئەو خۆیە (خاکیە)، بەکو زەر کەم بە میللیمیش لەو خۆە دوورد کەوتەوە یان لەی جیا دەبتەوە. هەمیشە پێیکانمان، یان تەواوی جستەمان لەسەر ئەو خاکیە. ئەو کاتە هەست بە خۆشی ناو خۆە یان سەر خاک دەکیت، کە بە چوار پێنج سەعاتێک لە ئاسماندا، لە نەو فۆکیەکدا، دەفۆت. واتا ئەو ساتانەی قاچکانت لەسەر زەوی نیین. چەندە حەز بەوە دەکەی قاچە گەد و گەج و تەزیووکانت بخیتە سەر شتێک، نەرم و نیانی و تام و بۆن و بەرامەی لە خاك بچێ. هەست بە چ خۆشیەک دەکیت کە لە فۆکەدا دەبەزیت و قاچکانت دیسان زەوی ماچ دەکەنەوە. هەر ئەو کەسانەی چەند شەو و ڕۆژێک بەسەر دەریادا دەمینەنەوە، دەزانن، دوورکەوتنەوە لە خاک و خۆە چەند هەستکی ناخۆشە. سەرسوڕە و گۆڕخوولکە وتکچوون و هەناسە و کۆڕبوون بە شپۆە و دابەز و هەڵبەزی کەشتی و پاپۆڕکان، وات لەدەکەن دوعا دوعات بە ساتێک زووتر بگەیتەوە سەر زەویەکە ـــ من بەخۆم لە گەشتکی دەریایی پێنج شەش ڕۆژە، کە لە کەشتیەکە دابەزیم لە هەشخۆم چووم. قەت هیچ شتێک وەک خۆە نەرم و نیانی و خۆشی و ئارامیی بە مرۆڤ نابەخشی، چ ئەوکاتەی بەسەر زەویدا دەڕوا، چ ئەو کاتەی لەسەریدا ڕادەکشێ. تەنانەی جار هەیە ئامۆژگاری دکتەرکانە بە نەخۆشکانیان، کە لەسەر زەوی بنوون.

دوو: بە وردی دیقەتێک بدە لەو هەموو هەموو شتەی لە دەوروبەری تەدا هەیە. ناوی یەک تاکە شتم پێ بڵێ، سەرچاوەکەی یان کانگاکەی یان ڕگاکەی کە خۆە و خاک نەبێ، تەنانەت بەفر و باران و تەزرە و تەمومژ و شەونمی سەر گیاکانیش.

سێ: هیچ کەسێک ناتوانێ پتر لە چەند ڕۆژێک بژی، گەر دەست بە خۆە و بەرهەمکانی خۆە و خاک نەبات.

چوار: مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی زیرەک، توانای هەیە، هەزارەها داهێنان بکات و کەرەستە و شتومەکی (نەبوو) بهێنێتە، وجوود، بەڵام توانای دروستکردنی یەک گەردیلە خۆی نیە.

پێنج: سەرەڕای ئەو پێشکەتوونە مەزنانەی مرۆڤ، بە تایبەت لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا، کە بە چاوی خەمان دەیانبینین، تاوەکو ئێستا ئەمە، ناوی نیوی بونەوەرکانی سەر زەوی و بن زەوی و ناو ئاوەکان دەزانین. هەر بە نموونە، تاکو ئێستا نیوی مەش و مەشوولە و مەروولەی سەر ئەو زەویە، نەک ناویان نیە، بەشمان وەگیر نەبوون. جا لە نیو ئەو هەموو هەموو بوونەوەرە، مرۆڤ، تاکە بونەوەرە، کە

خۆڵ و خاک پیس دەکات. هیچ هیچ بونەوەرێک نییە، زەرەر و زیانی بە خاک و خۆڵ هەبێ، بە پێچەوانەوە، ئەوان ڕاگری هاوسەنگی تەندروستیی خاک و خۆڵن. میرووڵە نەبێ، یان قڵ بێ، ئەوەندە زیانی هەش، لەم هەسارەدا نامینێ.

تۆ دەزانی؛ بەگوێرەی توێژڕانی بانکی نەودەوڵەتی، جیهان لانیکەم، ڕۆژانە، ٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار تەن پاشماوەی پلاستیک و پاشماوەی تری ڕەق لە ڕۆژهکدا بەرهەم دەهێنێت، کە ١٠ هێندەی ئەو بڕە زیاترە لە سەدەیەک لەمەوبەر. ئەمریکا پاشای زبڕە، ساڵانە ٢٥٠ ملیۆن تەن زبڕ بەرهەم دەهێنێت کە پێشەنگی جیهانە- نزیکەی ٤.٤ پاوند زبڕ بە هەر کەسێک لە ڕۆژهکدا.

دەبێ، دوای سەد ساڵهکی دیکە، چەندان هەزار تەن ژەهرمان لەو خۆڵ و خاکە پیرەز و جوانە کردبێ؟
گەر باسی خەمان بکەین، لە لای ئێمە تەنها خاک و خۆڵی ناو (ماڵ)ی خەمان، (سەردوکان و کارگە)ی خەمان، (باخ و کەلگە و ڕەز و باغچە)ی خەمان ـــ تا ڕادەیەک، ئەوێش نازانستییانە و بە دەر لە ئایین و ڕەوشت و بەهاکانی مرۆڤەوە، بە هی خەمانیان دەزانین و دادەنێن. بەوانە دوکانەدارەکە، کە دوکانەکەی گەسکدا، خۆڵ و خاشاکە فریدەداتە بەر دوکانەکەی خێ. بۆچێ؟ چونکە ئەو هەر دوکانەکەی بە هی خێ دانەوە، ئێمە بە هەموو شوێنەکانی دیکەش ڕاستێ، بە ناو ئۆتۆمبیلەکانیشەوە.

خۆتا لە کوێیە؟
خۆتا لە هەموومانە، بەڵام بە نمرەی یەکەم، خۆتای سیستەمی پەروەردەی سەقەتی ئەو سەت ساڵەی عیراق و کوردستانە، کە نەیانتوانی (مامۆستای ژینگەدۆست و مرۆڤدۆست) بەرهەمبهێنن، تا بتوانن شاگرد و خوێندکارەکانیان هۆشیار و ڕۆشنبیر کەن. لەڕ خۆتای مامۆستا ناگرم ـــ ئەوان ڕێزیان سەرسەرم، پەروەردە سەقەتەکەی زانکەکان، ئەوانی بە سەقەتی بەرهەم هێناوە.

پیاوانی ئایینی، بە پلەی دووەم خۆتاباران، کە نەیانتوانیوە، تا ئێمساتە وەختێ، ناوەندێک و ڕێحی ئایینێ پیرەزکان، بە جوانی و بە تەواوی بگەنن. ـــ من بە خەم هەر کاتێک بە نیو دەرگای مزگەوتی گەورەی کەیە، تەپڵەی بەم، لە نزیک ئاودەستخانەکانی، لووتی خەم دەگرت. ئەدی بەرپرسەکان هەستیان بەوە نەدەکرد؟ بە بە (٥٠) ساڵ، نەیانتوانی خزمەتی ماڵی خوای خەیان بکەن؟
چیبکەین؟

هیچ مەکەن، تەنها قسەکانتان بکەنە کردار. سەیری سمبوورە و بزنە کێوی و ئاسک و چولەکە و قاز و مراوی بکەن، وەک ئەوان خزمەتی ژینگەی خۆتان بکەن.

کۆتا قسە. خاک و خۆڵ، دووانەی مرۆڤن، خۆ بە مردنیشمان ناتوانیین، دەستبەرداریان بین. ئەدی لە کوردەواری، جاران کە یەکێکیان بە خاک دەسپارد، دەیانگوت:"خۆزگەم بە خۆی، خاک و خۆڵی وراتی خۆی بە نسیب بوو، ئەوەش شوکری خوای پەدەوە!"

مرۆڤایەتیی ئەمە، نقوستانە، تا ئەو کاتەی قەدری خاک و خۆڵ دەزانین.

ئەی یار هەموو شتم لە دەستدا… قەسیدە: ستیڤان شەمزینی

لە پەناوی تەدا هەموو شتم لە دەستدا
ئەو بەیانییە ئارامانەی گەی کەترکی دەشاد
لە خەوی ناو پەخەفی دنیایی خەبەری دەکردمەوە
ئەو شەوانەی بە مەستی
بژەر دارتەلەکانی شاردا دەگەیشتم
لە ژەر هەنگاوەکانمدا
جگەلەیەکی بزەو سەاوی لە دەکردم
ئەو کتێبە نەخوێندراوانەی
لەسەر رەفی کتێبخانەکەم
شەشک لەناویاندا کەوتە لەواری هەورین
ئەو پیاسانەی لە باخەکانی عەقدا دەمکردن
ئشکەنجەی هەوری هەوسیان دەدا
بە ئەوەی هیچ نەبێت ببنە بارانکی مەغرور
ئەو ژاوەژاوە ئاژاوەچییانەی گیانیان پە کردبووم
لە بەهەشتی درەی بەهەشتەک لە تەنهایی
ئەو پاتە چرمە ئەستوورەی ببووە روپۆشی
ژانی ئەو هەژارییەی هەمیشە دەمشاردەوە

ئەو دەستکەشە گەرم و گوڕە لە هەقیقەت چنراوەی
دەمکردە پەنجە تەزیوەکانی دەبەنگییەوە
ئەو ئینجانە شپرزە و درزتێبوانەی
گوێی کاولبووونی دەرووونی تێدا روابوو
ئەو ژوورە گەورە و نەخشدارانەی ماڵەکەم
مەژووی پیاوەکی خەیاڵپڵاویان
لەسەر هەڵکەندرابوو
ئەو جگە نەرگزەژکراوانەی لە ئەزەلەوە
بە ژنەکی ڕەیشتوو ئامادە کرابوون
ئاه هەموو شتەکم لە دەستدا
بە خودی خەشمەوە
تەنها بە بەدەستهێنانی ئەو دڵە شکاتەی تە
کە شوێنەواری چەندین زامی دەرینە
لە پەناوی تێدا هەموو شتەکم لە دەستدا
ئەو گیرفانە پینەکراوانەی پێبوون لە ئومێد
لە هەر ئومێدەکیشدا هەزاران چڕە رسکابوون
ئەو شیعرانەی وەک سیگارەکی دەستم
بەدیار خەیاڵە فەدارەکانمەوە دەبووونە سوتوو
ئەو پەنجەرە ناسک و هەمیشە دەکراوانەی
پرشنگی خەریان وەک هەوا هەڵدەمژی
ئەو نەخشیەی مەترسیدار و تاقەنەرانەی
بە دەنکەک حەبی پەکەنین
هەواریان دەگواستەوە
ئەو سفرە لەو بەبزە و چاوبازانەی فریویان دەدام
بانگیان دەکردم بە خوانەکی وشک و بریەنگ
ئەو نزا ڕەنگاورەنگانەی بە لەزمە دەبارین
بەسەر ڕەژانی نغرەبوو بە هەستی ئاوارەیی
ئەو باڵندە جوانانەی نەو کەشکی ئەندێشە
هەمیشە رازەکانی فەینیان بە دەکردمەوە
نهێنی ئاسمانیان لەلا باس دەکردم
ئەو ئاگرە بەتینانەی نەو پوش و پڵاشی ئاوەز
کە هەمیشە دەبن بە ژەر تەفانی عاتیفەوە
ئەو پەنووسە مانگر و خە بگەورەزانەی
نەیدەویست دەڵێک موحیبەت یاداشت بکات
ئەو کەشتیە رزگارەکە خوێن تاڵانەی هەش
نەیاندەهێشت لە وەهمی خەمدا نقووم بم
ئەو درێ ئەسک سووک و وەفادارانەی

ڕێیان لە هەقیقەت دەگرت
دەستی بچێتە خوێنم
ئەو پەناوە ڕەق و تەقە دەاوانەی
پێیەکانیان لە دەکی دەشکان دەپاراستم
ئەو یادگارە کزەانەی بە تەنهایی
لەسەر دەفتەری خەمەک یادداشتم کردبوون
ئاە هەموو شتەکم لە دەستدا
بە خودی خەشمەوە
تەنها بە دزینی خەونی جاویدانیی تە
کە تێیدا پیاوەکی قەتیسماو راکشاوە
لە پەناوی تەدا هەموو شتەکم لە دەستدا
ئەو پەغەمبەرە مژدەبەخشە نورانیانەی
مزگێنی ڕاگرتنی نەزیفی گریان دەبەشنەوە
ئەو حەوزە بریقەدار و پە شپە و هوانەی
ماسی سەز تێیاندا دەکەوتە سەما
ئەو جیهانەی بە قوپ بەووومدا پەدەکەنی و
خەی خستبووە نەو کەژاوەی زەینەوە
ئەو جلوبەرگە ئاوریشمیی و ڕووخەشانەی
بە تەنافی چاوەوانییەوە
"با"ی نەگبەتی بردنی
ئەو جەنگە هەزار بارە و نەبەاوانەی
لە دژی تێیری گولی نیگەرانی بەرپام کردبوون
ئەو نامە لاکێشیانەی
دەمخستنە سندوقی سەرمەوە
هەتا ئێستاش
لە نەبەتی خوێندنەوەدا وەستاون
ئەو ماچە هەچووە ڕەنگ بەهاریانەی
بەدیار لەوکی ساردوسەوە دامرکانەوە
ئەو نەوەسە تاساو و خەفەتبارانەی
بەسەر دەریای غەمگینیدا سروودیان دەخوێند
ئەو خیاەە پەلکەزەینەییانەی منداڵی
لەگەە گەورەبووندا تووشی نەزەکی بوون
ئەو چیرەکە پە ڕووداو و هەیجانانەی
لە بن پەی واقیعدا ئەنجن ئەنجن بوون
ئەو کاستە ریش چەرمە هەتڕووشکاوانەی
زەمانیان لە ریخەەکانیاندا هەگرتبوو
ئەو کامەرا ڕەنگاوڕەنگە کپ و بەزارانەی

وێنەی نیشتمانیان لە کاتی ژاکاندا دەگرت
کراسی ڕەشی ئەو دایکە بەوژنانەی
میدالیای شەهیدەکانیان لە مل کردبوو
ئاە هەموو شتەکم لێ دەستدا
بێ خودی خەشمەوە
تەنها بە ئەوەی لانکی پەژارەی تێ رابژنم
لە ڕاەوی پەچاوپەچی ئەوینتدا ون ببم
لە پەناوی تەدا هەموو شتەکم لێ دەستدا
ئەو فریشتە نازدار و کەوا سپییانەی
لە لاپەیەکی ڕەشدا ناویان سپی کردمەوە
ئەو ڕەشبا غەزەبلەگرتووانەی
بەدەم هوتافکەشانەوە
ڕاپەچیان دەکردم بە بەرکانی شەە
پەش ئەوەی گوللەیەک بنەم بە دوژمنەوە
خەم بە پەتی پەشیمانییەوە هەەدەواسی
ئەو چەقە زمان درێژ و دەم زبر و تیژانەی
پیازی غوربەتم پێ قاش قاش دەکردن
ئەو شمشەرانەی ملی نیگاکانم دەپەەنن و
ناهەەن سەری بەدراوم
بێ بینینی حەوایەک ئاوە بداتەوە
ئەو گەەا لەش سەوزە تامەزرییانەی
لە شەەی خەزاندا یەک یەک دەەاندمن
ئەو چەمە فەنک و پێ عیشوە و مەکرانەی
بێ چنگەک تەزی حوزن بینایان تار کرا
ئەو پرسیارە سەرکەش و ئەقڕە نەگرتووانەی
نەگەیشتنە وەەام و بەگەنجی سەریان نایەوە
ئەو ئاسمانە شەفاف و شینباوانەی ژیان
هەوری مەرگەک بە ئەسپایی بەری گرتوون
ئەو وشانەی لە زاخاوی هەست هەەدەکەشران
لە مەژە چەرخەکی ناماقوە شەکی کردوون
ئەو خەمەی وەک پەرداخەکی پە لە ویسکی
لە دەستی قەدەر کەوتمە خوارەوە
تک تک رژام
کەسەک نەبوو کەم بکاتەوە
لە پەناوی تەدا هەموو شتەکم لە دەستدا
تەنیا بە ئەوەی بەر لە مردن
بە عەشقی تەوە

یەک دوو ڕۆژ بە ئاسودەگی بژیم
تەنیا یەک دوو ڕۆژ

زستانی 2018
بەهاری 2019
ستۆکهۆڵم – ڤەسبی

دەنگێک ..لە ژێر پێیانەوە بە نێو دڵان!... مەولود ئیبراهیم حەسەن

